
مێژووی زیندوو:
وتووێژ لە گەڵ کەسایەتی سیاسی غەنی بلوریان

# سەدەی کارەسات

برایم فەرشی





بە یادی
هەموو ئەو مرۆڤە بەرزانەی لە سەدەی بیست بۆ ئازادی نەتەوە و نیشتمان و پارێزگاریی لە زمان، فەرهەنگ و کەسایەتی خۆیان خەباتیان کرد، لە هەر شوێنێکی سەرزەمینی کوردستان و سەر گۆی زەوی، بە هەر چەشنێک و لە هەر ڕێگایەکەوە.


| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | سەدەی کارەسات |
| نووسەر | برایم فەرشی |
| تایپ، دیزاین | برایم فەرشی |
| چاپی یەکەم | بنکەی ژین سولەیمانی 2008 |
| چاپی دیژیتاڵی | دیسامبر ٢٠١٨ ئاڵمان |

**پێرست**

پێشەکی بۆ چاپی دووهەم
لە هیوای ئازدای یەوە هەتا زیندان و کۆچبەری
حەمە هەتیو و بلشویکەکان
کەڵبەش
قشوونی شوورەوی و ڕامالینی هێزی شارەبانی مەهاباد
عەزیزخانی کرمانج
ڕێکخراوی لاوانی کورد
کۆمەڵەی ژ.ك
دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک
گۆواری نیشتمان
سینەما سەیار و ئینگلیسییەکان
دانیشتنی ڕێکخراوی لاوان لە گەڵ کۆمەڵەی ژ.ک
سازمانی جەوانانی ک. ژ
چاپخانەی کوردستان و گۆواری نیشتمان
خۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵەی ژ.ک
قەرەنی ئاغای مامەش
سازمانی جەوانان
کاروتێکۆشانی ڕێکخراوی لاوانی کورد
زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات
چاپی گۆڤاری ڕێگا
بڵاوکردنەوەی ڕێگا و هێرشی روکنی ۲ی ئەرتەش بۆ گرتنی خەڵک لە شارەکانی سابڵاخ و بۆکان و میاندواو
دەستپێکردنەوەی کاری حیزبی دێموکرات
کۆمیتەی سابڵاخ یان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟
ساخکردنەوەی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ۱۳۲٦
ئەسناف و حیزبێ دێموکرات
سەرەک عەشیرەکان و حیزبی دێموکرات
"سارق موسەلەح" ، " قاچاخچی" و مەسەلەی نەتەوایەتی
شێوەی کار لە حیزبی دێموکراتدا
سێڵاو و حیزبی دێموکرات
حیزبی سادات لە مەهاباد
حیزبی دێموکرات وحەزرەتی عومەر
هەیئەتی مەسئولینی کوردستان ۱۳۲۹
میللی کردنی نەفت و خۆپیشاندان لە مەهاباد
حیزبی توودە و حیزبی دێموکرات ساڵی ۱۳۲۹
یەکی ئەیار ساڵی ۱۳۲۹ مەهاباد و چاپی تەمری حیزبی دێموکرات لە لایەن حیزبی توودەوە
بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی رۆژنامەکانی حیزبی توودە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە
جوڵانەوەی جوتیارانی ناوچەی بۆکان و خەباتی جەماوەری شاری بۆکان
حیزبی دێموکرات ساڵی ۱۳۳۱و رێفراندۆمی موسەدق
حیزبی دێموکرات لە شارەکانی دیکەی رۆژ هەڵاتی کوردستان
هاتنی عەبدولڕەحمان قاسملو کادری حیزبی توودە بۆ ناو حیزبی دێموکرات
دێموکراتەکانی قەدیمی و یەکەمین بەرپرسیارەتی رەسمی قاسملو لە حیزبی دێموکراتدا
هەڵبژاردن و فێڵ و تەڵەکەی هەڵبژاردن
هەڵبژاردن و حیزبی دێموکرات لە شارەکانی رۆژ هەڵاتی کوردستان
28ی گەلاوێژ و لە بەریەک بڵاوبوونەوەی حیزبی دێموکرات
ڕێپێوانی رۆژی یەکی ئەیار لە شاری مەهاباد و دروشمە سیاسیەکانی حیزبی دێموکرات
راونانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بەرنامەی کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب
پارتی دێموکرات و حیزبی دێموکرات
جەلال تاڵەبانی و غەنی بلوریان – پاییزی ساڵی ۱۳۳۲
دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکرات ساڵی ۱۳۳۲

داخستنی چاپخانە و راگرتنی رۆژنامەی کوردستان
کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات بە بەشداری سەدیق ئەنجیری، رەحمان قاسملو و ئەحمەد تەوفیق لە تاران
ڕووداوەکانی ناو حیزبی دێموکرات پاش کۆبوونەی تاران لە مەهاباد و باشوری کوردستان
ئەسعەد خودایاری، ساواکی مەهاباد وعەبڵای ئیسحاقی
سیاسەت و ئەسپ و گامێش و ساواکی مەهەباد
پەیامی نهێنی مەلا مستەفا و بۆمبی عەبڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تەوفیق)
کۆبوونەوەی رابەرایەتی حیزبی دێموکرات و ناکۆکی و کێشەکانی ناوخۆیی
هێرش بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات و دانیشتنی قاسملو لە گەڵ ساواک و حیزبی توودە
گرتنی عەزیز یۆسفی و سمایل قاسملو
هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات
دەرەجەدارەکانی سنە و ئوستوار رەجەبی
گێرانەوەی مێژوو و راستیەکان
مەهاباد و هەیئەتی داریوش فروهەر
گەڵاڵەی پێکهاتنی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار
کۆنفرانسی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
هەیئەتی بازرەسی حیزبی دێموکرات
ماڵی حیزبی توودە لە ناو حیزبی دێموکراتدا
گەڵاڵەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە
میعماری پەیرەوانی کۆنگرەی چوار، ئەندامێکی سادەی حیزبی دێموکرات بوو
پێوەندی نێوان پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی ئێران
پەیرەوانی کۆنگرەی چوار حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران
ئیتهام لێدان لە حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملو لە بڵاڤۆکی "پاسخ بە ضد انقلاب"دا
هاوکاری نیزامی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران
زەربەی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە جوڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات
پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات چ خزمەتێکیان بە جوڵانەوەی کوردستان کرد؟
هەڵوەشانەوەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و توانەوە لە حیزبی توودەدا

**پێشەکی بۆ چاپی دووهەم**

ساڵی ۱۹۹۷ کتێبێک لە ژێر ناوی "ئاڵەکۆک" بیرەوەرییەکانی غەنی بلوریان کە ناوی غەنی بلووریان و حامد گەوهەری بەسەرەوە بوو، لە شاری ستۆکهۆلم- سوئێد بڵاو کرایەوە. هەمان کتێب ساڵی ۱۳۷۹(۲۰۰۰) لە لایەن ناوەندێک بە ناوی"خدمات فرهنگی رسا" لە پایتەختی ئێران شاری تاران بە زمانی فارسی بڵاوکراوە. وەرگێڕی ئەم کتێبە کەسێک بوو بە ناوی " رضا خیری مطلق" کە لە شاری مەراغە لە دایک بووە و لە تەمەنی یەکساڵانەوە لە شاری مەهاباد ژیاوە، دواتر بۆتە کارمەندی ڕادیۆ تەلەویزیۆنی مەهاباد و پاش ڕووخانی ڕژێمی شا بۆتە بەرپرسی ئەو شوێنە و یەک لە پاسدارانی حکوومەتی ئیسلامی لە مەهاباد بووە و دوو لە براکانی وەک پاسدار لە کوردستان کوژراون. ئاغای خێری کۆمەڵێکی زۆر کتێبی کوردی تایبەت بە سیاسەت و مێژوو هەڵگێراوەتە سەر زمانی فارسی و لە گەڵ کەسانی وەک جەلال تاڵەبانی، مەسعوود بارزانی و عەبدوڵا ئۆجەلان و گەلێک کەسی دیکە بە ئاشکرا و نهێنی دیداری بووە. کتێبەکەی ڕەزا خیری بەر لەوەی چاپ و بڵاوبکرێتەوە بە شێوەی دەستنووس خراوەتە ئیختیاری زیندانیە سیاسییەکانی کورد لە زیندانەکان، لەوانە زیندانی سنە. ئەم کتێبە بوو بە سەرچاوە بۆ هەموو مێژوونووسانی فارس و نەفارس و سەرچاوەیەک بۆ چەواشەکردنی مێژوو و شێواندنی سیمای کورد و سیاسییەکان، لەوانە سیمای بلووریان خۆی و حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕاستی پشت پەردەی کتێبی "ئاڵەکۆک" و بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان چییە؟ نووسەری ئەم دێڕانە ئەندامی یەکیەتی خوێندکارانی کوردKSSE و یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ئاڵمانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ئاڵمان بوو. ئەو کات دوو یەکیەتی خوێندکاری لە ژێر هەمان ناو هەبوو، یەک ناوەندی بەرلین و دوو ناوەندی پراگ. لە ڕێبەندانی ساڵی ۱۹۸۸ یەکەمین فستیوالی "کۆماری کوردستان" لە زانستگای کۆڵن لە لایەن کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتی خوێندکارانی سەر بە پراگ بە بەشداری کۆمەڵێک پسپۆڕ و هونەرمەندانی ناودار بە ڕێوە چوو، هێندێک لەو کەسانە لە سوئێد و هێندێک لە شاری پراگەوە بانگ کرابوون. زیندەیاد غەنی بلووریان لە گەڵ بەرپرسانی یەکیەتی و هێندێک ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و زیندەیاد قادر دیلان بەشداری ئەم فستیواڵەیان کرد. هاوکات لە گەڵ ئەم فستیواڵە سمینار لە سەر کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو کە کەسانی وەک کەریم حیسامی سمینارگێڕ بوون. مامە غەنی لە فستیواڵەکەدا کورتە وتەیەکی پێشکەش کرد.

نووسەری ئەم دێڕانە ئەو دەم سەرقاڵی پرۆژەی" پێشینەی نمایش و شانۆ لە کوردستان" بوو. بە هۆی ئەوەی مامە غەنی یەکێک لە بەشداران لە شانۆنامەی "دایکی نیشتمان" بوو، داوام لێکرد لە گەڵی بدوێم. پاش بەڵێنێکی کە پێدام لە ڕۆژی ۱۹۸۹/۷/۲۱ لە شەقامی بەرلین ماڵی ژمارە ۱۰۱ لە شاری کۆڵن لە سەر دوو بابەت "شانۆی دایکی نیشتمان" و "میرمیرێن" گفتوگۆمان کرد. پاش کۆتایی ئەم گفتوگۆیە داوای درێژەی کارەکەم کرد و مامە غەنی قەبووڵی کرد و ماوەی یەک هەفتە هەر ڕۆژ چەند کاتژمێر بەیەکەوە دانیشتیین کە کۆی هەموو گفتوگۆکە لە شازدە کاسێتی ۹۰ و ٦٠ خولەک، تۆمار کرا.

دواتر کۆپی سەرجەم کاسێتەکان و لیستی هەموو بابەتەکان درا بە مامە غەنی و باسی شانۆنامەی دایک نیشتمان و میرمیرێن لە گۆواری "گزنگ" لە سوئێد بڵاو کراونەوە. دابەزاندنی سەرجەم کاسێتەکان بە هۆی کار و ژیان و کارەساتی ڕووداوی ماشێن لە باشووری کوردستان لە کاتی درووستکردنی قوتابخانە بۆ کوردستان و مانەوەی چەند مانگ لە نەخۆشخانە و دوو ساڵ دابڕان لە کار، وەدوا کەوت. ساڵی ۱۹۹۷ لە ناکاو ئاگادار کرام کە کتێبێک بە ناوی "ئاڵەکۆک" بە ناوی غەنی بلووریان بە هاوکاری کاک حامد گەوهەری بڵاو کراوەتەوە.

غەنی بلووریان لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاوەهای نووسیوە" هەروەها سپاسی هەواڵان .... برایم فەرشی... دەکەم کە بەشێک بە پێشکەش کردنی زانیاری و هێندێکیش بە هێنان و بردنی من بۆ شوێنی جیاواز هەلیان بۆ ڕەخساندم کەموکۆڕییەکانی ـئاڵەکۆک- چارەسەر بکەم".

برایم فەرشی هەواڵی شەخسی، سیاسی و حزبی مامە غەنی نەبوو، لە دانی زانیاریی و هاتوچۆی بەرێزیان هیچ دەورێکی نەگێڕا و ئاگاداری چاپی کتێبی "ئاڵەکۆک"یش نەبوو، چۆن کەمکوڕییەکانی ئاڵەکۆکی چارەسەر کردووە، ڕوون نییە! مامە غەنی ڕاشکاوانە باس ناکا کە دەوری برایم فەرشی چی بووە. بەڵام کاک حامید گەوهەری کۆدی مەتەڵەکە دەداتە دەست. ئەو لە پێشەکەی کتێبەکەدا ئاوای نووسیووە" مامە غەنی لە یەکەم هەنگاودا بیست و یەک شریتی نەوەد دەقیقەیی بۆ ناردم، کە هەر کامەیان لە کات و زەمانێکی جیاوازدا تۆمار کرابوون..."

سپاسی هەواڵ برایم فەرشی لە بەر" کاسێتی نەوەد دەقیقە" بوو، واتە مادەی سەرەکی کتێبی ئاڵەکۆک، کە بیرەوەری غەنی بلووریان نەبوو، بەڵکوو گفتوگۆی ئەو و نووسەری ئەو دێڕانە بوو.

گەوهەری و بلووریان نایدرکێنن، کاسێتەکان لە کێ وەرگیراوە. نەوارەکان هەر ئەوانە بوون کە مامە غەنی لە منی وەرگرتبوون. بڕیار بوو گوێیان بداتێ و من ئاگادار کاتەوە، کارێک کە هیچکات نەکرا. کە وایە ئەم وتەیەی مامە غەنی کە لە پێشەکی کتێبەکەدا نووسیوویەتی" بەتەما نەبووم ژیاننامەی سیاسی خۆم بنووسم" ڕاستە. مامە غەنی بیرەوەری ژیانی خۆی نەنووسیوەتەوە، ئەو و کاک حامد گەوهەری کاسێتی گفتوگۆی من و مامە غەنیان لە بەر دەست دا بووە و گەوهەری گووتەنی" من دوای پیادە کردنی شریتەکان و نووسینیان بە کامپیوێتر، ئەوانم بۆ مامە غەنی ناردەوە". "پیادەیان" کردوون و بەو جۆرەی دڵیان ویستوویە، ڕۆمانی "ئاڵەکۆک"یان لێ ساز کردووە.

پاش چاپی کتێبەکە بە تەلەفوون پێوەندیم لە گەڵ مامە غەنی گرت و یەکەم پرسیارم ئەوە بوو کە بۆچی لە کتێبەکەدا سپاسی منت کردووە؟ وڵامێکی پێویستی نەبوو. لە کۆتایی پێشەکی کتێبەکەدا غەنی بلووریان نووسیوویەتی" لە کۆتاییدا پێویستە بە خوێنەرانی بەڕیز ڕابگەیێنم کە کتێبی ئاڵەکۆک تەنیا ژیاننامەی سیاسی منە، کە بڵاو دەبێتەوە و جیا لەو ئەگەر نووسراوەیەکی تر بەناوی من بڵاو بکرێتەوە، جێگەی متمانە نیە."

مامە غەنی لەم گوتنەدا دەریخستووە، کە نووسراوەیەکی جیا لەوەی بەردەستی خوێنەران لە گۆڕێدا بووە، دەنا چ پێویست بوو حاشا لە بوونی شتێک بکرێ، کە دەیزانی هەیە؟ هەر لە ڕێگای گفتوگۆی تەلەفوونی لێم پرسی مەبەست لەو ڕستەیە چییە؟ ئێوە دەزانن کە ئەسڵی ئەو شتەی ئێوە لە کتێبی "ئاڵەکۆک"دا هێناوتانە لە لای من هەیە. وڵامەکەیان ئەوە بوو کە مەبەست کەسێکی دیکەیە. ئەو کەسەی کە ئەو نێوی هێنا هاوڕێیەکی خۆی لە حزبی توودە بە ناوی "ئەحمەدی" بوو، کەسێک لە ئەفسەرانی حزبی توودە. بە چاو خشاندن بە ناو کتێبی ئاڵەکۆک دەردەکەوێ، کە بابەتەکان لە ١٦ کاسێتی برایم فەڕشی دەرکێشراوە، نەک ئەو کەسەی ناوی هێندرا.

گفتوگۆی تەلەفوونی هەرکمان بە بەڵێنێکی مامە غەنی کۆتایی پێهات. مامە غەنی بەڵێنی دا لە نامیلکەیەکدا هەموو ڕاستییەکانی گفتوگۆی نێوانمان و کتێبی "ئاڵەکۆک" باس بکا، بەڵێنێک کە نەچووە سەر.

بە بەراوەردکردنی دوو کتێبی سەدەی کارەسات و ئاڵەکۆک لە گەڵ یەک گەلێک پرسیار بۆ خوێنەر پێک دێ، یەک لە پرسیارە گرنگەکان ئەوەیە کە ئایا نووسەری ئاڵەکۆک و غەنی بلووریانی کتێبی سەدەی کارەسات یەک کەسن یان دووان؟ ئایا ڕووداوەکان وەک یەک گێڕدراونەتەوە؟ ئایا زمانی گووتنی سەدەی کارەسات و زمانی نووسینی کتێبی ئاڵەکۆک هەرکیان زمانی یەک کەسە؟ ئایا تێگەیشتنی سیاسی دوو کتێبەکە هەر کیان هی یەک کەسە؟ ئەم پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دی بۆ خوێنەری هەر دوو کتێب ئاواڵە دەمێنێتەوە، هەر دوو کتێبەکە بۆ خوێنەر دەبێ ئەم پرسیارە بخوڵقێنێ کە ئەو مێژووەی کە بەوان دەفرۆشرێ، چەندی بە چەندە؟ چەندە خەبات بووە و چەندە مێژووی خەبات؟ دەبێ ئەوەش بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە کە نوخبەی سیاسی کورد، چەندە نوخبە و چەندە "ڕۆشنفکر" و چەندە کورد و کوردستانی بووە؟

بە دەستپێکی ساڵی ٢٠١٩، سی ساڵ لە گفتوگۆی مامە غەنی و من تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا کتێبی ئاڵەکۆک بە تایبەت بە زمانی فارسی لە لایەن دام و دەزگاکانی حکوومەتی ئیسلام و مێدیا و چاپەمەنی و مێژوونووس و هەڵخڵەتێنەرانی مێژووی کورد بەکار هێندراوە و ئینترنێت پڕ بووە لە نووسراوە لەو پێوەندییەدا. تا ئێستا هیچ دەزگایەکی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی ڕەدەی یەکی ئەو حزبە کە ناویان لە ناو کتێبی ئاڵەکۆکدا هاتووە و ڕاستەوخۆ تاوانبار کراون، نەهاتوونە گۆ و بەوەش ئیتهامەکان لە سەر خۆیان و حزبەکەیان دەسەلمێنن. مەبەستی گفتوگۆی من و غەنی بلووریان دەرخستنی ڕاستییەکانی مێژوو بوو، بەڵام ئەو ڕاستیانە لە کتێبی ئاڵەکۆکدا لە شێوەی گفتوگۆیەکی دوو لایەنەی پڕ لە کێشمە کێش هێندراوەتە سەر هەمان ڕێچکەی بیرەورییەکانی ڕابەران و بەرپرسانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ساڵی ٢٠٠٨ ئەم گفتوگۆیەی کە لە بەر دەستی خوێنەردایە لە لایەن بنکەی ژین لە شاری سولەیمانی بە ناوی "سەدەی کارەسات" چاپ کرا. لە کتێبی سەدەی کارەسات و گفتگۆی دوو لایەن، دەرفەت بۆ گۆڕان و گۆڕینی ناوەرۆک نەبوو، تەنانەت زمانی گفتوگۆکە وەک خۆی نووسراوەتەوە کە ئەوەش شێوەی ئاخافتنی کەسەکان و سەردەمەکە دەداتە دەست. لە هێندێک شوێنی گفتوگۆ نووسەری ئەم دێڕانە بێ بەزییانە جولاوتەوە و بۆتە هۆی پێکهێنانی حاڵەتێک کە فرمێسک چڕژاوەتە چاوەکانی مامە غەنی و بۆتە هۆی دەربڕینی ئەو هەستەی کە هەموو ژیانی ئازاری داوە، ئەو دەڵێ " ئەمن ناتوانم خۆم بفرۆشم" " ئەمن دوچاری ئیشتباهاتێکی عەمیقی تاریخی بووم"

ئەوەی جێگای بیرلێکردنەوەیە زۆربەی ئەو کتێبانەی کە بە ناوی بیرەوەری سیاسی لە لایەن کاربەدەستان و کادرەکانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاوکراونەتەوە، چەشنێک لە ''ئاڵەکۆک نووسین'' بوون و هەن و مەسڵەحەت پێشی بە درکاندنی ڕاستی ڕووداوەکان گرتووە. لەم گفتوگۆیەدا کێشەکان بە ئاشکرا باس کراون. وڵامەکان ڕەنگە بە دڵی کەسانێک بێت و بە دڵی کەسانێکی دیکە نەبێت!

مێژوو گێڕانەوەی یەک لایەن نییە و ڕاستییەکان لە لای چەند کەس و چەند لایەن کۆ نەبۆتەوە، باس کردنی هەمە لایەن هەم لە سەر ڕووداوەکان و هەم لە سەر دەورو ڕۆڵی کەسان و حزبەکان پێویستە، من لێرەدا سەرجەم باسەکانی ناو کتێبەکە جگە لە باسی شانۆنامەی دایکی نیشتمان و میرمیرێن بە شێوەی دیژیتاڵی بڵاو دەکەمەوە، مەبەست بڵاوکردنەوەی زانیاری لە مەڕ خەباتی کورد و ئاکتۆرەکانییەتی و پەرەپێدانی دیالۆگی زیاتر و جیددی و قووڵتر لە نێوان لێزان و پسپۆڕ و شارەزایان و خەڵک.

نووسینەوەی ئەو زمانە وەک خۆی، کە قسەی پێکراوە هاسان نەبوو، بەڵام گرنگە بزاندرێ کە قووڵایی تواندنەوەی زمان و فەرهەنگ و تێگەیشتنی مرۆڤی کورد تا کوێ بووە، بە تایبەت لای ئەوانەی مەبەستیان پارێزگاری لەو زمانە بووە.

برایم فەڕشی
دێسامبری ٢٠١٨ ئاڵمان

**لە هیوای ئازدای یەوە هەتا زیندان و کۆچبەری**

گفتوگۆ لە گەڵ غەنی بلوریان سرنج ڕاکێشە، ٦٠ ساڵ لە ژیانی ئەو ، لە زیندان و کۆچبەریدا تێپەڕ بووە. مامە غەنی ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی ١٩٢٤ ی زایینی لە شاری مەهاباد – رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە و ژیان و چارەنووسی لاپەرەیەکی تاڵی مێژووی تێکۆشەرانی ئەو سەردەمەی وڵاتەکەمان نیشان دەدا. هەروەک نووسەر و سیاسەتمەدار حەسەن قزڵجی و د. عەلی گەلاوێژ کە دوای سی ساڵ ئاوارەیی و ژیانی تاڵی نامۆیی ، گەڕانەوە کوردستان و لە زیندانی ئەوینی تاران لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێئەستێندرا.

مامە غەنیش دوای ٢٧ ساڵ زیندان، بەرەو کۆچبەری ڕاودنرێ. کەسانێکیش وەک عەبدولرەحمان زەبیحی، سەدیق ئەنجیری ئازەر، قادر شەریف، عەبدوڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، سولەیمان موعینی، عەولا موعینی، دوکتور قاسملو، دوکتور شەرفکەندی، و دەیان کەسی تر، هەر لە کۆچبەریدا بێ سەرو شوێن کران و کوژران. ئایا ئەمە ئەو چارەنووسەیە کە سیاسی و بیرمەندانی کورد خۆیان هەڵیانبژاردوە، یان بۆیان دیاری کراوە!؟ ئەوان تەنیا ڕۆڵەکانی مەڵبەندێکی بچوکی کوردستانن، ژمارەی کوژراوانی کورد لە سەدەی بیست بۆ کەس حیساب ناکرێ!

ئەمرۆ بە ملیۆن کورد و بە هەزاران سیاسی و بیرمەند و هونەرمەندی کورد لە کۆچبەریدا دەژین، هێندێک لەوانە کە پێشکسوەتانی ئەو میللەتە بوون، ئەمرۆ لە هەندەران لە بێدەنگی زەمان و مەکان و لە تەنیایی و دوور لە زێد و میللەتەکەیان، "دەژین". سارمەدینی سادق وەزیری، مامۆستا هاوار(لە کاتی نووسینی ئەم بابەتەدا هەواڵی مەرگی بڵاوبووە)، غەنی بلوریان و زۆر کەسی دی لە وانەن.

هەر کام لەو کەسانە چاک یان خراپ مێژوویەکی زیندوون، ئەو مێژووەی کە ئەوان دەیگێرنەوە لە کتێباندا نەهاتووە، ئەگەریش نەیگێڕنەوە ئەوە چووە و فەرامۆش کراوە، هەر وەک چۆن خۆیان فەرامۆش کراون. مێژووی ئێمەش مێژووی فەرامۆش کراوەکانە، هەرکام لە ئێمە بە دەستی خۆمان فرامۆشخانەمان بۆ خۆمان سازکردوە.

هەموو جیهان بگەرێین کتێبێک لە سەر ژیانی و بەسەرهاتەکانی یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان پەیدا ناکەین، تەنانەت زۆرێک لە مێژوونووسەکانمان نازانن قازی محەممەد کەی لە دایک بووە، لە هەمان کاتدا خوێندکارانی خویندنگاکان و زانستگاکانی وڵاتی ئێمە ژیان و بەسەرهاتی داگیرکەرانی وڵاتەکەیان بە دەرس دەخوێنن.

غەنی بلوریانیش لەو وڵاتەدا لە دایک بووە، کابرایەکی بێسەوادی بێ بروانامەی سیکل و دیپلۆم و لیسانس و دوکتورا، زانیاریی لە سەر میللەتەکەی داوەتێ و ژیانی سیاسی هەڵبژاردووە. بەو هیوایە ڕۆژێک لە رۆژان خۆی و خەڵک و وڵاتەکەی ئازاد بن. ئەو هیوا و ئاواتەی کە سەری دەیان سەردار و ڕێبەری کوردی بەرەو پەتی سێدارە کێشا، ئەو هیوایەی کە تەنیا لە یەک سەدەدا، سەدان کارەساتی لێ کەوتەوە کە دووانیان هەڵەبجە و ئەنفال بووە.

سەدەی بیست سەدەی کارەسات بوو بۆ میللەتی کورد لە هەمان کاتدا سەدەی خەبات و خۆراگری، غەنی بلوریان لە ١٦سەعات گفت وگۆی ڕووبەڕوو، باسی سەدەی کارەسات دەکات، باسی سەرهەڵدان و تێکشکانەکان. باسی ڕووداوە شیرین و تاڵەکان، باسی ڕووداوە فەرهەنگی و ئایینی و فکری و نەتەوایەتییەکان دەکات کە خۆی لە نزیکەوە شاهیدی بووە. گێرانەوە و پرسیار و وڵامەکان دەبنە هۆی ئەوەی دەیان ڕووداوی گرنگی فکری، سیاسی، فەرهەنگی کە لە هیچ شوێنێک باس نەکراون، ڕۆشنایی بخرێنە سەریان، وەک بلشویکەکانی مەهاباد، وەک ئایینی کەڵبەش، کە هەرکیان زادەی ناوچەی موکریان بوون. ڕووداوەکانی سیاسی سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک و پاشان، ڕووداوەکانی پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان، حزبی دیموکرات، شۆرشی باشوری کوردستان، ڕووداوە سیاسیەکانی پاش روخانی ڕژیمی پەهلەوی و ناکۆکیەکانی ناو کوردەکان و گەلێک باسی تر، بەرهەمی ئەم گفت وگۆیەن کە لە(١٩٨٩/٧/٢١ لە شاری کۆڵن – ماڵی ١٠١ شەقامی بەرلین) تۆمار کراوە. بەڵام سەیر ئەوەیە پرسیار و وڵامی پرسیارەکانی ١٧ ساڵ بەر لە ئێستا لە پرسیار و وڵامی پرسیارەکانی ئەمرۆ دەچن.
بلوریان تەنیا وڵامی پرسیارەکان ناداتەوە بەڵکوو خۆی و سیاسەتەکانیشی دەکەونە ژێر پرسیارو ڕەخنە وگازندە. ڕۆڵ و دەوری خاس و خراوی مامە غەنی و ڕابەرانی حیزبی دێموکرات و ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوێنی سەرەکی باسەکانن، ڕەنگە ئەو مێژووە بۆ کەسانێک جێگای شانازی بێ و بۆ کەسانێکی دی جیگای داخ و کەسەر و تێرامان و بیرکردنەوە.
ڕەنگە زۆر کەس لە گەڵ بیر و بۆچوونەکانی مامە غەنی و هەڵس و کەوتی سیاسی ئەو نەبن و گێرانەوەی ڕووداوەکان وەک مامە غەنی نەبینن و نەیان دیتبێت و نەیانبیستبێت، نووسەری ئەم کتێبە داوا لە هەموو ئەو کەسانەی کە بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ٦٠ ساڵی ڕابووردوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژیانی سیاسی و تەشیکلاتی و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکرات بوون، دەکات، هەڵەکانی ناو ئەو کتێبە ڕاست کەنەوە، بە تایبەت داوای جیدیم لەو کەسانەیە کە لەو

کتێبەدا ناویان دێت، کە بێدەنگ مەبن و ڕووداوەکانی مێژوویی ٦٠ ساڵی ڕابووردوی وڵاتەکامان ڕاستگۆیانە بگەیینە نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو، تا ئێمەش بتوانین مێژووی خۆمان ڕاستگۆیانە ببیستین.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە گفت وگۆیانە، ئەوەیە کە کەسی وڵامدەرەوە ناچار بە گێرانەوەیە، گێرانەوەی هەر ڕووداوێک، ڕووداوێکی دیکەی بە شوێنەوەیەوە و زۆر جار وڵامدانەوەی پرسیارێک دەکەوێتە دوای گێرانەوە چەند ڕووداو. هەر بۆیە کارەکە هاسان نییە و پەیتا پەیتا دەبێ یاداشت هەڵگیرێتەوە، کە منیش وام کردووە و لێم گەڕاوە مامە غەنی قسەکانی بکات، بەڵام پاش کۆتایی پێهاتنی هەر باسێک یان چەند باسێک دیسان گەڕوامەتەوە سەر بابەتەکەو پرسیارەکانم لە گەڵیدا باس کردووە و پاشان بابەتەکانم لە یەک گرێ داوتەوە بێ ئەوەی زیان بە باسەکە بگەینێت.

لە باسەکاندا چەند دەورەی سیاسی هەیە کە من ئەوانەم بە پێی مێژوو لە کتێبەکەدا هێناوە واتە لە بەرا ئەو ڕووداوانە دەخوێنەوە کە بەر لە کۆمەڵەی ژ.ک بووە، پاشان سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک، حیزبی دێموکرات، کۆماری کوردستان و پاشان هەتا ڕووخانی ڕژیمی شاهەنشاهی و دامەزراندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ڕووداوەکانی پاشان هەتا ساڵی ١٩٨٩.
به گوێرەی پێویست لە هێندێک شوێن لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوە دەبێنن، لە هێندێک جێگاش قسەکانی خۆم لە دوو[] کەوانی گۆشەداردا نیشان داوە. لە گفتوگۆکەدا دوو بەشی تایبەت بە شانۆی دایکی نیشتمان و میرمیرێن هەبوو کە لێرەدا نەهاتووە لە بەر ئەوەی من لە شوێنێکی تر لە پێوەندی لە گەڵ" شانۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"دا هێناومە و هێنانیشی لێرەدا لە گەڵ باسەکانی سەرجەم ئەم کتێبەدا نەدەگونجا.
زمانی کتێبەکە زمانی ئاخافتنی ڕۆژانەیە و هەر ئەو زمانەیە کە ساڵی ١٩٨٩ مام غەنی مەهابادی و ئەزی بۆکانی و ئێمەی موکریانی قسەمان پێکردووە، من هیچ دەستکاری زمانەکەم نەکردووە و هەر وەک خۆی نووسیومەتەوە، تەنیا لەو جێگایانە کە ڕستەکە تەواو نەبوبێت لە [] کەواندا ڕاست کراوتەوە. کە وایە خوێنەر لە ڕێگای زمانەکەشەوە پەی بە مێژووی بابەتەکە دەبا، ئەم شێوەیەم من لە چەند کتێبی دیکەشدا بەکار هێناوە و لام وایە کاری کەسێکی وەک منیش تەنیا گۆاستنەوەی قسەکانی مامە غەنیە نە ڕازاندنەوە، یان بە گوێرەی سیاسەتی ڕۆژ گۆڕینی.

ئەوەش کە لەم کتێبەدا دێت بیروبۆچوونی مامە غەنی بلوریانە کە لە وڵامی پرسیارەکاندا گوتوویەتی، هەرچیش بە ناوی برایم فەرشی یەوە هاتبێ ئەوە من واتە نووسەری ئەم دێرانە لێی بەرپرسیارم، نە کەس یان دەزگایەکی دیکە لە وانە ئەو دەزگایەی کە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

ڕۆژی سێزدەبەدەری ساڵی ٢٧٠٧
ئاڵمان – ئەیالەتی نوردراین وێستفالن- شاری کۆڵن ٢٠٠٧/٤/٢

**حەمە هەتیو و بلشویکەکان**

قەدیم شەخسییەتێک بە نێوی حەمە هەتیو هەبوو، کە عیدەیەکی لە دەوری خۆی خڕ کردبووە بە نێوی باڵشویکهای مەهاباد، کە ئەو بلشویکانە تەحتی تەئسیری ئەفسەرانی سوسیال دێموکراتی داخڵی ئەرتەشی رووس بوون، کە لە جەنگی ئەوەڵی جەهانیدا لە مەنتەقەی کوردستان لە گەڵ ئەرتەشی تورکیا شەڕیان دەکرد. لە مەنتەقەدا ئەوانە ئیرتباتیان لە گەل ئەو مەسەلەیە هەبوو. حەمە هەتیو ڕەئسی ئەو جەریانە بوو، دیار بوو ئەغڵەب عەناسووری زەحمەتکیش و لە عەینی حاڵ لۆتی و پۆتی مەهابادێ بوون. تفەنگێکی سازکە و دەمانچەیەکی سازکە و ئەو جورەشتانەیان هەبوو. قازی محەممەدیش وەختێ جەوان بووە ، تەحتی تەئسیری ئەو جەریانەی قەراری گرتووە، ئیرتباتی لە گەڵ ئەو جەریانەی هەبووە. یانی باڵشویکەکان. دوایە کە ئینقلابی ئوکتۆبر کراوە، لە رووسییەی قوشوونیان دەعوەت کردووە بگەڕێنەوە. ئەو حەمە هەتیو و ئەوانە لە مەهابادێ قیامی موسەلەحانەیان کردووە، قیامەکەشیان ٤٨ سەعات بەردەوام بووە. لە داخڵی شاریدا کە بە تەدریج عەقەب نشینیان کردووە و لە مەنتەقەی لە دەوروبەری ماڵی قازی محەمەدی کە ئێستا هەیە ئەغڵەب کوژراون. هەموو ئاخرین نەفەریان کوژراوە و دیارە ئاساری ئەلعان خانەوادەی باڵشویکەکان لە مەهابادێ لە ئەترافی چۆمی مەجید خانێ هەن. پێیان دەڵێن تایەفەی باڵشوویکان، ئەلعانیش نێویان هەیە و نازانن باڵشوویک چییە، وەلی بە نێو مەشهورن، نێویان هەیە.

**برایم فەرشی** مامە غەنی لە نێو قسەکانتاندا باسی حەمە هەتیو کرا، ئەو کاک حەمەیە کێ بوو،چییان دەکوت، بۆ نێوی بلشویکیان لە سەر خۆیان دانابوو.ئەوانە کێ بوون چییان دەکرد؟
**مامە غەنی** من ئەو قسەو باسەم لە بابم بیستووە، باسی حەمە هەتیو و ئەوانە. وەختێکی قشونی ڕووسییەی تزاری لە تورکییەی شەڕیان دەکرد، شەڕی بەینەلمەلەلی ئەوەڵ[١٩١٧/١٩١٤] هاتن بۆ مەنتەقەی مە، کوردستانیان گرتبوو. قشوونی ڕووس واریدی ئێران بوون لە مەنتەقەی مەهاباد و ئەوانە، ئەغلەب شەڕ بەینی تورکیەی عوسمانی و ڕووسان دەبوو. لە نێو ئەرتەشی ڕووسی تزاری دا ئەفسەرانی سوسیال دمکرات هەبوون، ئەفسەرانی حزبی سوسیال دمکراتی ڕووسی، لە نێو بەدەنەی ئەرتەشدا ئەو ئەفسەرانە لە مەناتقی موختەلف بیکار دانەدەنیشتن کاری تەبلێغی خۆیان دەکرد. لە مەهابادیش کە دەورێک مابوونەوە، لەوێ مەشغوڵی ئەو تەبلیغاتانە و ئەو کارانە بوون. قازی محەممەد لە ئیرتبات لە گەڵ ئەوانە تەفەکوری سوسیال دموکراسی ئەو دەمی وەرگرتبوو،شتێکی پێگەیشتبوو، بەعزە شتێکی پێ گەیشتبوو.

حەمە هەتیو لە گەڕەکی مە بوو، ماڵیان ڕووبەروی ماڵی عەبدوڵای ئیسحاقی بوو، لە گەڕەکی هەرمەنیان. مەشهورن بوون. ئەو حەمە هەتیوە لەقەبی هەتیو بوو، نێوی ئەسڵی نازانم چ بوو، حەمە بوو بەڵام ئایا بێ باب گەورو بووە، بە نێوی هەتیویان نێو ناوە، یا لەقەب و عینوانێک بووە، لە محەلەی ئێمە زۆر لەقب و عینوانان بە خەڵک دەدەن. ئەوەش خەڵک بەوی داوە، بە چ دەلیل نازانم. بەڵام ئەوە چێودار بووە، شوغڵی چێوداری هەبووە، حەیواناتی کڕیوە و هات وچۆی دێهاتی کردوە و حەوت هەشت دە بزنی کڕیوە هێناویەتی، فرۆشتویەتی لە بازاری و یا چەرچی بووە و نە چێودار.

چێودار مەعنایەکی دیکەی هەیە. تێعدادێکیش یەکێک لە ئەفرادی شاری بووە، کە تۆزێک قۆڵچۆماغیش بووە، وەکو گەردەن کلوفتی شار، بەڵام ئینسانێکی لۆتی مەنش بووە، ئینسانێکی هەڵکەوتوو بووە، ئینسانێکی زرینگ و هوشیار و هەڵکەوتوو بووە، با هەموو ئەوەی، کە بێسەواد بووە. تێعدادێکی لە خۆی هاڵاندووە، تەحتی تەئسیری ئەو ئەفسەرانەی سوسیال دێموکرات، نێوی خۆیان ناوە بڵشویک. دەبێ ئەو بڵشویکەیان لە بڵشویک و منشویک ، لە وێیان گرتبێ. شاید بۆخۆیان نەیانزانیبێ بڵشویک چییە ماهییەتەن. وەلی بابم کە لێم دەپرسی ئەوانە کە بڵشویک بوون چییان دەگوت.

دەیانگوت دەوڵەمەند نابێ بمێنێ، فەقیر دەبێ سەر کەوێ، شعارەکەیان ئەوەیە دەوڵەمەند نەمێنێ و فەقیر سەرکەوێ، ئەوە شعاریان بووە ئەو دەمی. پاش ئەوەی قشوونی تزاری دەکشێتەوە، لە ئینقلابی ئوکتۆبرێدا. لەنین دەعوت دەکات بگەڕێنەوە داخڵی ڕووسییەی، حەمە هەتیو و ئەوانە موردی حەملەی حکومەت قەرار دەگرن وچوون لە گەڵ ئەفسەرانی سوسیال دێموکرات هاتوون و چوون ڕەوابتیان هەبووە، فەعال بوون و شۆرەتیان پەیدا کردووە،زییدایەتیشیان لە گەڵ ئیمپراتوری عوسمانی بووە، ئەو بڵشویکانە.

وەکوو بابم نەقڵی دەکرد کە ئەوانە، دەگەڵ ئەفسەرانی تزاری ڕەوابتیان هەبوو حەتتا تفەنگیان هەبووە، پشتیوانی ئەوانە بوون. هەروەکوو **شێخی غەوساباتێ**، شێخی غەوساباتێ نێوەکەی دەقیق نییە ئێستا، شێخی غەوساباتێ یەکێک لەو عەناسورانە بووە کە مخالفی ئەرتەشی عوسمانی بووە، مخالفی شعاری حاجی بابەشێخی بووە، کە دوایە بوو بە ڕییسی حکومەتی میللی. مخالفی ئەو شعارەی حاجی بابە شێخ بووە کە کوتویەتی "چوون ڕووسەکان کافرن عوسمانییەکان موسڵمانن، دەبێ ئێمە پشتیوانی لەوان بکەین." ئەو شێخی غەوساباتێ مخالفەتی کردوە لە گەڵ ئەو شعارەی حاجی بابە شێخ و ئەو حەمە هەتیو وئەوانە پشتیوانیان لەو شێخەی کردووە. وە زیدیەتیان بووە لە گەڵ ئیمپراتوری عوسمانی. کە ئەوە بوو خەڵکەکە زیاتر وەشوین قسەی **حاجی بابەشێخی** کەوتن و لە گەڵ ئیمپراتوری عوسمانی تێکەڵاو بوون و کاک **فەتاحی قازی** پەرچەمداری هەواداری ئیمپراتوری عوسمانی بوو لە مەهابادێ. لە تایفەی قازییەکان بوو، لە نێو

عەشیرەتیشدا **قەرنی ئاغای مامەش** ئەوەی فەرمانداری مەهاباد بوو، هەواداری عوسمانییەکان بوو. گەرچی ئەفسەرانی ڕووس لە مەهابادێ نوتقیان کردبوو، قسەیان کردبوو بۆ خەڵک کوتبوویان ئێمە بیستوومانە ئیمپراتوری عوسمانی ئێوە تەحریک دەکات، ئێمە بیستوومانە بەعزێک عولەما و شیوخی ئەنگۆ تەبلیغ دەکات بەر زیبدی ئێمە، بەڵام ئەنگۆ ئەو کارەی مەکەن ، ئەنگۆ میللەتن دانیشتوون لێرە ئەمە دوو دەوڵەتین شەڕ دەکەین ئەمە هاتینە ئێرە ئێوە شتی خۆتان بە مە بفرۆشن ئەوان هاتنە ئێرە شتی خۆتانیان پێ بفرۆشن دەخالەت لە کاری ئێمەدا مەکەن. زەرەر دەکەن. بەڵام خەڵکەکە تەحتی تەئسیری عەواملی مەزهەبی و تەبلیغاتێکی کە بۆیان کرابوو، مەخسوسەن فتوای حاجی بابە شێخی کە ئەو دەمێ شێخێکی بوو و نفوزی هەبوو، دیارە عوسمانییەکانیش دیارە تەبلیغیان بۆ کردوون، عولەمای عوسمانیش هاتوون، دەنێویانەوە و تەبلیغیان بۆ کردوون، خەڵکەکەیان وەدوای خۆیان دابوو، لە گەڵ رووسان شەڕیان کرد و بەعزە هەتکی حورمەتیشیان بە کوشتەکان و لاشەی سەربازەکانی ڕووس کردبوو، قەسابێ یەکیان کردبوون.

پاش ئەوەی کە عوسمانی مەهابادی گرتەوە و ڕووسانیان شکست دا، و ئەو ئیهانەیان پێکردبوون و بەعزە جێگایەکیان بڕیبوون، دە گەڕانەوەیدا کە ئیمپراتوری عوسمانی شکستیان خوارد. ڕووسان هاتن مەهابادیان گرت، کوشتارێکی زۆریان لە مەهابادێ کرد. قتل و عامیان کرد. قتل و عامی مەهابادیان کرد، خەڵکێکی زۆریان کوشت. میرزا فەتاحیش کوژرا لەوێدا، بەڵام قەرنی ئاغا و ئەوان شکستیان خوراد و کشانەوە. خەڵکی مەهابادێ پەنایان برد بۆ کونسولگەرییەکانی کە ئەو دەمێ لە مەهابادێ پێیان دەکوتن شابەندەر، پەنایان برد بۆ ئەوێ یان بۆ مزگەوتەکان. بەڵام ڕووسەکان ئەوەی وە چنگیان کەوتن، خەڵکیان کوشت. بە ئینتقامی ئەو ئیهانەیەی کە بە سەربازەکانیان کرابو.

دوایە کە ڕووسیە ڕۆیشت و ئیمتراتوری عوسمانی پیروز بوو هاتەوە ئەو مەنتەقەیە، شێخی غەوساباتیان گرت و ئیعدامیان کرد. هەر لە دێیەکەی خۆی ترکەکان گرتیان ئیعدامیان کرد. بە خاتری هەواداری لە ڕووسییەی بە حەقیقەت هەواداری لە ڕووسییەی نەکردبوو، شێخی غەوساباتێ ، مخالفەتی کردبوو لە گەڵ ئەوەی ئەو شەڕە شەڕی دین نییە. شەڕی قودرەتە، شەڕی سەرزەمینە، شەڕی داگیرکردنی وڵاتی یەکترییە. بەشی بە مەسئەلەی مەزهەبییەوە نییە. بەنابەرئین هەر کەس لەو شەڕەیدا بکوژرێ شەهید نییە بەرخەلافی ئەوەی حاجی بابە شێخ دەڵێ. مخالفەتەکەی وی دەو ڕاستایەی دابوو. ئەوە بابی تەبعی حەمە هەتیو و ئەوانیش بوو. پشتیوانیان لە شێخی غەوساباتێ دەکرد.

**کەڵبەش**

لە مەرکەزی شێخێ غەساباتێ را، بەعدەها جەریانێکی مەزهەبی هاتە دەرێ وەکوو جەریانی کەڵبەش، بە نێوی مەزهەبی کەڵبەش، کە سەرچەشمەکەی لەو شێخی غەوساباتێ هاتووتە دەرێ، مەزهەبی کەڵبەش کە ئێستا لە مەنتەقەی سندووس و لاجانێ کوردستانی بەشی ئێمە هەیە، ئێستاش هەر هەیە، بەڵام زۆر بە کوندی حەرەکەت دەکا و بە کوندی عەمەل دەکات، بە عیللەتی موخالفەتهایەکی کە ئیسلامییەکان دەیکەن. مەلاکان دەیکەن و ئاغاکان حەتتا، بەعزە ئەشخاسێک کە کەڵبەش بووە، لە دێیەکەی خۆیان ڕایان نەگرتووە، دەریان کردووە.

کەڵبەش، ئێمە بە کەڵی نێوچاوان سپی دەڵێین کەڵی بەش، هەر کەڵێکی نێوچاوانی سپی بێ پێی دەڵێن بەش، گا بێ کەڵ بێ نێوچاوانی سپی بێ، پێی دەڵێن کەڵی بەش ئەو کەڵبەشەش نێوەکەی، بەو مەزهەبەوە بەستراوە. هەمزە ئاشەوانێک کە لە بالخچی بووە، لە دیی بالخچی کە قەدیم بالخچی دێی ئێمە بووە لە ساڵی ١٣١٤ بابم کری بە ١٤ هەزار تمەن، پولی نوقرە.

هەمزە ئاشەوان لە دێی مە بوو لەو باڵخچەیەی ئەوە سەردەمداری مەزهەبی کەڵبەش بووە، چوون بۆ خۆی کەڵەوان بووە یانی کەڵی ڕاگرتووە، بۆ شەڕ. ئەو دەمی شەڕە کەڵ بووە لە قەدیمی لە مەنتەقەی ئێمەدا، کەڵی ڕاگرتووە بۆ شەڕ مەخسوسەن کەڵەکانیشی هەموو نێوچاوان سپی بوون. بە ماڵە کەڵبەشان ، مەزهەبەکەشیان کە ئەو خەڵیفەی دینی کەڵبەشان بووە، مەزهەبەکەشیان بە نێوی مەزهەبی کەڵبەش نێو ناوە. لە بەر ئەوەی ئەو کەڵەوانە، **هەمزە ئاشەوان** کەڵەوان بوو کەڵی ڕاگرتووە بۆ شەڕە کەڵ، کەڵەکانی نێوچاوانیان سپی بووە، پێیان کووتەوە ماڵە کەڵبەش و چوون خەڵیفەی ئەو مەزهەبی کەڵبەشیش بووە، ئەو جەریانە مەزهەبییە بووە، پێیان کوتووە مەزهەبی کەڵبەش.

ئەوانەش کتێبی مەزهەبیان مەسنەوی مەولەوی بووە، و عەجایبە کە هەمزە ئاشەوان کە شەخسێکی بێ سەواد بوو، وەکوو ئەو موسڵمانانەی کە بێسەوادن بەڵام قورئان دەخوێنن فێر دەبن، حافزئەلقورئان یا ئەشخاسی دیکە کە قورئان دەخوێنن، نازانن بنووسن بخوێنەوە، ئەو هەمزو ئاشەوانەش زۆر عەجیب شیعرەکانی مەسنەوی بە مەعنا دەزانی دەیخوێندەوە، و ئەمن موحەسلی دەبیرستان بووم کە دەچووم بۆ بالخچی بانگی دەکردم و لە بیرمە لە ماڵێ، دەیگوت وەرە ئەو کتێبەی بخوێنەوە، بە ڕاستی شیعرەکانم کە دەخوێندەوە بەشی زۆری مەعنای شیعرەکانی تێنەدەگەیشتم ئەو مەعناکانی پێ دەگوتم و بۆی لێکدەدامەوە بێ سەوادیش بوو. ئەو مەزهەبی کەڵبەشە ئەو کتێبەیان هەبوو. یانی دەر حەقیقەت عارف بوون.

سوفی گەریی بوو، شکلێکی سوفی گەرییە، بەڵام نە سۆفی گەری عیرفانی ئیسلام، ئەوعێک تەسەوف کە شەراب لە نێو ئەوانەدا حەڵاڵە، لە ماڵە خۆیان شەرابی دادەنین، دەیخوێنەوە. نوێژ ناکەن مەگەر لە ترسی موسڵمانان نوێژ بکەن. بۆ حەفازەتی خۆیان رۆژوو بگرن بۆ حەفازەتی خۆیان گەرچی خۆیان بە رۆژوو و نوێژی موعتەقد نین. جەریانێکی فکری موعتەقدن کە هەموو شتێک لە باڵی ئینسان خۆیدایە. خوداش هەر ئینسان بۆخۆیەتی. شەیتانیش هەر لە نەفسی خۆیدایە. بە تەبیعەت عەلاقەمەند بوون. بە کاسبی عەلاقەمەند بوون. بە زەرعەت عەلاقەمەند بوون. یانی تەحتی تەئسیری جەریانێکی دینی زەردەشتی و عیرفانی ئیسلامی بوون. وەکوو یەزیدییەکان، بەڵام ئەو کەڵبەشانە لە گەڵ یەزیدییەکان فەرقیان زۆرترە، یەزیدی مومکێنە شەرابی بۆ حەرام بێ. بەڵام ئەوانە شەرابیان بۆ حەڵاڵە. ئەوە جەریانێکی مەزهەبی بوو کە لەوێ هاتە دەرێ.

ئەو حەمە هەتیو و ئەوانەش موتەئسیر بوون لەو جەریاناتە ئەووەڵییەی ئەو مەزهەبە، هەر خودی ئەو حەمە هەتیو و ئەوانە کە بە ناوی باڵشویک بوون، بەڵام چوون نەیانزانیبوو باڵشەویک چییە، تەحتی تەئسیری شێخی غەوساباتێ و ئە جەریانە مەزهەبییە بە نەزری من هاتووە پەرەی ساندووە گەیشتۆتە ئەو دەورەیەی کە ئێستا هەیە. ئێستاش فەعالییەت دەکەن و پەرە دەستێنێ.

ئەو مەزهەبی کەڵبەشە. بەشی زۆری ئەو کەڵبەشانە لە حەرەکەتی حزبی دمکراتی کوردستاندا ئەو دەورەویەی کە ئێمە بووین بەشی زۆریان لەوێدا شیرکەتیان هەبووە، یەکێک لە نامدارترینیان **ئەحمەدی ئاهەنگەری** یە، بابی خێزانی **کەریمی حیسامی**. ئەحمەدی ئاهەنگەری کە پارەکە وەفاتی کرد لە گەڵ من لە زینداںێ بوو. ئەوە یەکێک لە سەردەمدارانی مەزهەبی کەڵبەش لە سندووسێ بوو. جەریانی حەمە هەتیوی ئەوە بوو. پاشان کە حکومەتی تزاری، ئێرانی چۆڵ کرد، حکومەت هات هجوومی هێنا ئەوانە دەستگیر بکات، لە داخڵی شاریدا مقاومەتی موسەلەحانەیان کرد و کوچە بە کوچە کۆڵان بە کۆڵان. دوو رۆژ سێ رۆژ شەڕ ئیدامەی هەبوو. لە نێو شاریدا. بەڵام چوون هێزیان کەم بووە. زیاتر لە حەفتا هەشتا کەس نەبوون. ئەوانە هەموویان لە شاریدا کوژراون.

**برایم فەرشی**        ئەو جەریانە تاریخەکەی دەبێتە کەی؟

**مامە غەنی**        تاریخەکەی دەبێتە(١٢٩٧) ١٩١٧ ئینقلابی ئۆکتۆبر. حەرەکەتی موسەلەحانەکەیان پاش دەرچوونی ئینقلابی ئوکتۆبر بوو، کە کوژراون بەڵام خانەوادەی بلْشویکەکان لە مەهاباد هەر بوون. **حەسەن بلْشویک** دە مەهاباد ئاوگیری حەمامی **میرزا ڕەسول** بوو. ئەو مابوو لە تایفەی بلْشویکەکان بوو. کە لە ڕەفیقەکانی **حەمە هەتیو** بوو. بەڵام لە تایفەی خودی حەمە هەتیو کەس نەمابوو. بەڵام حەسەن بلْشویک مابوو، کە پیاوێکی گەڕاوە بوو. لە دەورووبەری چۆمی مەجیدخانیش ئێستا لەو دێهاتانە خانەوادەی بلْشویکەکان دەڵێن هەن ئەشخاسێک کە ماڵێ بلْشویکەکانیان پێ دەڵێن. لە دێهاتیشدا ئەوانە فەعالییەتیان هەبووە. کاریان کردووە.

# کۆمەڵەی
# ژیانەوەی کورد

**قشوونی شووڕەوی و ڕامالینی هێزی شارەبانی مەهاباد**

ساڵی ١٣٢٠ کە نیروی موتەفقین هاتن بۆ ئێران و قشوونی شووڕەوی گەیشتە مەهاباد، حکومەت نەما، ئەرتەش نەما ، پۆلیس نەما، فەرماندار و حکومەت بە تەواوی پایگای لە مەهابادا نەما، ئەڵبەتە ئەوانە هەمووی دواو بەدوای یەک تێکچوون. کە من لێردا بە گشتی باسی دەکەم، ئەرتەش چەک کرا، فەرماندار ڕۆیشت تەنیا ئیداراتی حکومەتی مانەوە، یەک لەوانە ئیدارەی شارەبانی بوو بە چەند پاسەبانەوە، کە پاسەبانەکان پێچی کوردیان لە سەر دەنا، بە بێ چەک دەهاتنە شاری و کڵاوی پاسەبانیان لە سەر نەدەنا، دەرکی شارەبانیان دادەخست و لە پشت دەرکەکەیەوە تفەنگچییان ڕادەگرت، بە بێ ئەوەی خەڵک بیانبێنێ کە تفەنگچی لە بەر درگا ڕاوەستاوە. حکومەت لە مەهاباد هێزی نەمابوو. ئەفسەرێکی شارەبانی سەگوردێک بوو بە ناوی **قوبادی** خەڵکی کرماشان، ئەویان ناردبوو بۆ مەهاباد چوون کورد بوو، بە کوردی قسەی دەکرد بۆ ئەوەی کە مووجودییەتی شارەبانییەکەی ڕابگرن، ئەویان ناردبوو کە شارەبانییەکەی ڕابگرێ. بۆ ئەوەی نیشانەیەک لەو حکومەتە نەمێنێ، شارەبانیش کەوتە بەر هێرشی خەڵک و پاسەبانەکان چەک کران.

**عەزیزخانی کرمانج**

لە مزگەوتی هەباس ئاغا، **عەزیزخانی کرمانج** کە بە قەوم و خێش دەگاتەوە تایەفەی قازی محەمەد و خانەدانی ئەوان، لە بەگزادەکانی ئەترافی بۆکان، سوخەنرانی کرد کە **حوسێنی فروهەریشی** لە گەڵ بوو، فروهەر مەهابادی بوو. باسی ئەو شارەبانی‌یەی کرد و بە نوتقەی حکومەتی چەپەڵی تارانی لە قەڵەم دا و کوتی بۆ دەبێ لە کوردستان ئێمە بێڵین بمێنێتەوە! خەڵکێکی زۆریش کۆبوونەوە ، منیش خۆم لەوێ لە نیو خەڵکەکەدا بووم وەک تەماشاچی. زۆر دژی حکومەت ، دژی ژاندارم، جنایەتێکی کە ژاندارم کردوویەتی لە کوردستان، جنایەتهایەکی کە پۆلیس کردوویەتی لە کوردستان، ئەوانەی باس دەکرد، خودی ئەوە هەستی ئیمەی دەبزواند، کە ئیمە خەت وەرگرین.
لەوێ ڕا حەرەکتەکە دەست پێکرا **عەزیزخان** و **حسێن فروهەر** کەوتنە پێش خەڵکەکە، ئێمەش بە دووایانداچووین، لە بەر دەرکی شارەبانی تەقە کراو و دیار بوو بەرگری دەکەن، بەڵام تەنها یەک کەس تەقەی کرد ئەویش پاسەبانێکی مەهابادی بوو، ئەوانی دی هیچیان بەرگریان نەکرد. تەنیا ئەو لە سەربانی ڕا تەقەی لە خەڵک کرد کە نیوی **عەبدوڵلا**[1] بوو، لە خەڵکەکە یەک کەس بە دەستی ئەو پاسەبانە کوژرا کە ئەویش هەر نێوی **عەبدوڵا**[2] بوو. دوای ئەوە شارەبانی بە دەستی خەڵک گیرا و ٦نەفەر پاسەبانی غەیرە کورد کوژران. ئەوانە کەسانێک بوون کە لە زەمانی ڕەزاشا خەڵکیان ئازار دابوو. نێفەکی خەڵکیان بڕیبوو، بە زۆر سەر کڵاوی پەهلەویان لە سەری خەڵک نابوو. من وەکوو جەوانێک ئەو ڕووداوانە و گوتنەکانی کاک **حەمەدەمین، کاک مینە، ئەحمەدی زێنەبێ**[3]، و قسەکانی **عەزیزخانی کرمانج**، بۆ من بوون بە مایەی بیرکردنەوە.

**ڕێکخراوی لاوانی کورد**

شەخسێک ئەڵبەتە نێوی نەهێنین باشە، ئەفسەرێکی شوورەوی بە ناوی **جەعفەرۆف** کە لەو ئەفسەرانەی کوردی شوورەوی بوو، ئەغڵەب دەهات بۆ مەهاباد، تیمی واڵیباڵی ئەفسەرانی جەوانی دێنا بۆ موسابقەی واڵیباڵ لە دەبیرستان. لەو تەریقەیەوە دەیویست کاری خۆی بکات، جگە لەوە میقدارێکی ڕۆژنامەی ڕێیا تازە ی کوردەکانی شوورەوی دەگەڵ خۆی دێنا و دە نێو ئێمەدا پەخشی دەکرد، ڕۆژنامەکە بە پیتی لاتینی دەنووسرا، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو لاتینە رووسییە بخوێنینەوە، ئەلف و بێی رووسییەکەی فێر بین. داوامان لە ئەرمەنییەک کە بەرپرسی چرابەرقی مەهابادێ بوو، تکامان لێ کرد بێ لە دەبیرستان ئێوارانە بە قەرا ٦،٥ ڕۆژان کۆمەکمان پێ بکا ئەلف و بێکەی فێر بین. ئەو هات و یاریدەی داین و فێری ئەلف و بێی کوردی رووسی لاتینی بووین و ڕۆژنامەکەمان دەخوێندەوە. دە ڕۆژنامەکاندا باسی کۆمسۆمۆڵ

[1]- عەبدوڵا خانە خەمیر – سەرچاوە ئاڵەکۆک غەنی بلوریان
[2]- عەبدوڵای مینە خاڵندی – سەرچاوە ئاڵەکۆک غەنی بلوریان
[3]- ئەشخاسی واشمان هەبووە کە یەکێک لەوانە ئەو شەخسە بووە بە نێوی مینەی ئەحمەدی زێنەبێ، بە ناوبانگ بوو ئینسانێکی کوردێکی زۆر ساکار لە عەینی کاتدا بە قەولی خۆی سووتاو بوو، خۆی دەیکوت من لە کوردایەتیەدا سووتاوم.ئەوە زۆر زییدی رژیمی ئێران بوو زییدی ژاندارم بوو زییدی پۆلیس بوو زییدی حکومەت بوو بە شکڵی ساکاری خۆی چ حاڵی نەبوو لە سیاسەت بەڵام بە خاتری ئەوەی هەستی کوردایەتی هەبوو،زییدی ئەو رژیمە و ئەو حکومەتی بوو کە بە سەر مەنتەقەیدا حاکم بوو،ئەوە زۆرتر تەرفداری عێراقی ئەو دەمی بوو،بە خاتری چیش تەرفداری عێراقی ئەو دەمی بوو چوونکە لە مەرز و حدود کە هات و چۆی کردووە، ئیحساسی کردووە کە پۆلیس لەو دیوی کوردستان بە زبانی کوردی قسەیان لە گەڵ کردووە یا شێعری کوردیان بۆ خوێندۆتەوە لە حدود، زبانی کوردی ئازاد بووە،لەوێ رۆژنامەی کوردی و نەشریاتی کوردی ئازاد بووە. بە خاتری ئەوەی سەمپاتییەکی بە عێراق هەبوو، زییدی رژیمی ئێران بوو. هەموو جارێ ئەوەی بەحس دەکرد بۆ من و مەسەلەی سەربازی خۆی بۆ من باس دەکرد. کە چۆن سەرباز بووە،چۆنیان بە عینوانی کورد ئیهانەت پێ کردووە.عەجەمان و چۆن هەستی وەی تەحریک بووە بەر زییدی ئەوانە باسی ئەوانەی بۆ دەکردم و باسی ئەوانەی بۆ دەکردم لە عێراقەوە چ خەبەرهایەکی بە گوێی دەگەیشت لە سەر مەسەلەی کوردایەتی و وەکوو داستانێک وەکوو نەقڵێک حەکایەتێک شێخ مەحموود کێ بووە،چی کردووە لە عێراق حکومەتی دروست کردووە، قیامی کردووە، شێخ سەعید کێ بووە لە تورکیە، شێخ حەبدوڵقادر کێ بووە، دوکتور فوئاد کێ بووە،ئیحسان نووری پاشا کێ بووە،شێخ عوبیدیلا کێ بووە، ئەو ئینسانە ساکار و سادەیە ئەوانەی گوێ بیست بووە دەوبەر و ئەوبەری منێکی گەنجی کە ئەسڵەن دە خەتی نە مەسائیلی سیاسی نە مەسائیلی میللی بووم نە ئاگام لە تاریخی میللەتەکەم بوو، هیچ شتێکم نەدەزانی ئە ئەو ئینسانە ئەو شتانەی بۆ من باس دەکرد و ئەوە منی تەحتی تەئسیر قەرار دەدا، بە ئیستلاح هیدایەتی دەکردم بۆ خەتی فیکرێکی موشەخسی میللی بێ ئەوەی کە ئەو بزانێ یا بۆ ئەوەی من خۆم هەست بکەم،وەکوو داستانێک بۆ منی نەقڵ دەکرد ئەو شتانە. غەنی بلوریان

ڕێکخراوی لاوانی  حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی کرابوو، من لە ژێر کارتێکردنی ئەو ێکخراوە  بانگهێشتنی ڕەفیقەکانی خۆم لە دەبیرستان و دەرەوی دەبیرستان کرد بۆ ئەوەێ ئێمەش ڕێکخراوێکی لاوان پێک بهێنین و ناوی ڕێکخراوی لاوانی کوردی لێ بنێین.
بانگهێشتنەکەم  بە ئیمزای کۆمەڵێک لەو لاوانە گەیاند کە دەمناسین و لە گەڵیان ئاشنا بووم، ئیمزایەکی زۆرمان کۆ کردەوە، دەتوانم بڵێم ٢٠٠،٢٥٠ کەسێک ئیمزای کرد.  پاشان لازم بوو جێگایەکمان هەبێ بۆ کۆبوونەوە، ڕووبەڕووی شێروخورشیدی ئێستای مەهاباد، خانوبەرەیەک هەیە، ئێستا دەبێ دەستی لێدرابێ و وەک پێشوو نەمابێ کە هی **ساڵح زادەی** دەوا فرۆش بوو.
چووین داوامان لێکرد ئەو خانووە ، بە ئیجارە بدا بە ئێمە. حەسارێکی چکولەی هەبوو. دوو نهۆم بوو. نهۆمی سەرێ ساڵۆنێکی گەورە بوو، دەگەڵ وەتاخێکی چکۆلە لە تەنیشتی. ئەو خانوەومان لێ بەکرێ گرت بە 35تمەن. داوامان لە برادەران کرد کە هەر کەس هەر چەشنە کتێبێکی هەیە بیهێنێ بۆ ئەوێ کتێبخانەیەکی لێ دروست کەین. لە دەبیرستان تەختە ڕەشێکمان هێنا، پاشان من لە گەڵ چەند نەفەر لە ڕەفیقەکانی خۆم چووینە، بازار و قاوەخانەکان و داوامان لە قاوەچییەکان کرد، کۆمەکمان بکەن بۆ ڕێکخراوی لاوانی کورد. هەر قاوەخانەی نیمکەتێکیان دا پێمان وهێنامانەوە. بەڵام چونکە ئێمە پوڵمان نەبوو، پارەمان نەبوو، پوڵی گیرفانی کە بابمان دەیدایێ، کەم بوو، نەماندەتوانی شتی پێ بکڕین و ئیمکاناتی پێ بکڕین، فێری ئەوەش نەبووین حەقی ئەندامیەتی وەربگرین. لە ڕاستیدا یارمەتیمان لە دەرەوی خۆمان کۆ دەکردەوە، وەکوو کورسی و شت.
وێنەی  شێخ عەبدوڵقادار، شێخ سەعید وشێخ مەحمودمان وەچنگ کەوت و  هەڵمانواسی. پاشان وێنەی لەنین و ستالین و مارکسیشمان هەڵواسی، بێ ئەوەی لە مەسایلی ئیدئۆلۆژیک تێبگەین و حاڵی بین. ئێواران دەچووین لەوێ هەموو چەشنە کتێبمان دەخوێندەوە. ڕۆژانی هەینی دەچووینە باخی مکائیل، لەوێ کۆدەبووینەوە و  هەر کەس تفەنگی هەبایە لە گەڵ خۆی دەیهێنا، هەر کەس توانای ماڵی نەبایە بۆ کڕینی فیشەک، بە درێژایی هەفتە  پوڵمان   خڕ دەکردەوە  بۆ کڕینی فیشەک بۆ ئەوەی تیرئەندازی فێر بین. وردە وردە چووینە پێشێ هەتا ژمارەمان گەیشتە نزیک بە هەزارو هەشت سەد، هەزار و حەوسەد کەس. ئەندامانی ئەو سازمانە پاشان ڕۆژانی هەینی کە دەچووینە دەرەوە هەر کەس لە ماڵی خۆیەوە هەر خۆراکێکی دەهێنا دایدەنا، لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە چەند نەفەر بەرپرس دیاری کران بۆ وەرگرتنی خۆراکەکە. وەختی خواردنێش بە دوو سەف دادەنیشتین خۆراکەکە تەقسیم دەکرا، ئەوەی شتی پێدەهات دەیهێنا، ئەوەی نەدیدەتوانی توانای نەبوو نەیدەهێنا. پاشان سرودمان دەخوێندەوە ئەو سرودانەی کە فێر ببووین، ئەو سرودانە لە عێراقێرا هاتبوو بۆ ئێران. وەکو **خوایە وەتەن ئاوا کەی، چەندە جوان و شیرینە**. پاشان شاعێرەکمان هەبوو کە ئێستا بە داخەوە وەزعی تێکچووە ئەو دەمی گەنجێک بوو لە مەدرەسە بوو، جەوانێک بوو شاعیر بوو شێعری دەگوت بە ناوی **عوبەیدوڵا ئەیوبیان.** ئەو شێعری نیشتمانی دەگوت و دەخوێندەوە، ئێمە هەستمان دەجوڵاوە و بەعزێەک حەتتا دەگریان وەختێک ئەو شێعرەکانی دەخوێندەوە. ئێوارانەش تێکرا بە خیاباندا دەهاتینەوە، خەڵک لە چوارچرا کۆدەبوونەوە بە میتینگ و بە شکلی دەمۆنستراتسیۆن دەهاتین و دەرۆیشتین بەرەو مەیدانی ئازادی، چەند  فیشەکمان ڕادەگرت بۆ ئێوارانە کە بیتەقێنین، بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆمان ئەوە بوو، ئەوەی بتەقێنین زیاتر سرنجی خەڵک ڕاکێشین، خۆمان بە خەڵک بناسێنین، شعاریشمان بە خاتری سازمانی جەوانان دەدا و  دەعوەتمان دەکرد لە جەوانان بێن تێکەڵاو بن لە گەڵ ئەو سازمانی جەوانانە ، ئێمە  سازمانی جەوانانمان  بۆ رزگاری کوردستان دروست کردووە، ئەو کارانەمان دەکرد.

**کۆمەڵەی ژ.ك**

ساڵی ١٣٢٢ کۆمەڵەی ژ.ک. دەعوەتێکی لە ئێمە کرد کە بچین لە گەڵیان موزاکرە بکەین. کۆمەڵەی ژ.ک.وەکو کوتراوە لە ساڵانی ١٣١٨/١٣١٧لە مەهاباد تەشکیل بووە، بەڵام پۆلیسی ڕەزاشا هەستی بە جموجۆڵی میللی کردبوو.گەرچی جموجۆلی ک.ژ. زۆر وەسیع نەبوو و لە مەهاباد دەرنەچووبوو، بەڵام پۆلیس هەستی پێکردبوو. لە ساڵی ١٣١٧ وای هەست پێ کردبوو کە ئەو قاچاخچییانەی لە مەهاباد و دەوروبەر لە مەنتەقەی کوردستانی ئێران دەچن بۆ عێراق و دەگەڕێنەوە، ئەو هەست و ئیحساساتی نەتەوایەتیە، دێنن بۆ داخڵی کوردستانی ئێران.  **گۆواری گەلاوێژ** کە ئەو دەمی لە بەغدا دەردەچوو، هەر لە زەمانی ڕەزاشاوە، لە ڕێگای ئەو کەسانەوە دەگەیشتە داخڵی کوردستانی ئێران. من لەو دەمییەوە لە گەڵ گۆواری گەلاوێژ ئاشنا بووم.
پێش ئەوەی نیروی واریدی موتەفقین واریدی کوردستان بێ ، پۆلیسی ڕەزاخان بۆ ئەوەی پێش بە بڵاوکردنەوەی ئەو فیکر و بیر وباوەڕە نەتەوایەتیە  بگرێ، تەدارکی هێرشێکی بینی، هەر ئینسانێکی کە هەستی لێدەکرد  قاچاخچیە و هات وچۆی عێراق دەکات و لە ڕێگای هێنانی گۆواری گەلاوێژەوە بیرو باوەڕی نەتەوایەتی بڵاو دەکاتەوە،  هێرشی کرایە سەر. لە ناوچەی **میاندواو** و **مەهاباد** و دەورو بەر کۆمەڵێکیان گرت و لە کوردستان دووریان خستنەوە بۆ باشور و باکوری ئێران و شیراز و کرمانیان رەوانە کردن. لە نیو ئەوانەدا **حسێنی فروهەر** و **محەممەدی مەولوودی** ئەو دوو نەفەرە تەنها کەسانێک بوون کە لەو هێرشەدا دا دەستگیر کران کە دەستیان لە جەریاناتی کۆمەڵەی ژ.ک و هێنانی ئەو گۆوارە لە عێراقەوە بۆ داخڵی ئێران هەبوو.  ئەو دوو کەسە، کە ئەو دەمی **حسێنی زێرینگەریان** پێدەکوت دوایە شۆرەتی خۆی گۆڕی و کردیە **حسێنی فروهەر**، لە زیندانی برازجان لە گەڵ ئێمە بوو ١٥ساڵ حکوم درابوو، لەوێ مەسلول بوو دوایە هاتە دەرێ، **ئازاد بوو مرد!**

**دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک**

**حسێن فروهەر** یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بوو. **ڕەحیم لەشکری** کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ، **حەمەدەمین خاتەمی** کارمەندانی پایە بەرزی سەبتی ئەحواڵی مەهاباد، **ڕەحمانی کەیانی، قادر قادری، قادر مودەرسی** ئەو ئینسانانە بوون کە بنەمای کۆمەڵەی ژ.ک.یان دەمەزراند.
بەڵام ئەوانە هیچیان نەگیران تەنها کەسێک کە گیرا **حسێن فروهەر** بوو لە گەڵ **حەمەدی مەولوودی**. ئەودەم بازجویی بەو جورە بەو شکڵەی نەبوو تەحقیق بکەن بازجوویی بکەن شکەنجە بکەن، ئەسرار وەرگرن. حکومەت نەیدەویست دەنگەکە بەرز کاتەوە و پەخش بێتەوە کە ئەوانە لە سەر مەسەلەی میللی گیراون، بەڵکە بە نێوی قاچاخچی ئەوانەیان گرت. هەرچی قاچاخچی بوو خڕیان کردەوە، و ئەوەی تێدا بوو تێدا نەبوو و هات و چۆی عێراقی دەکرد، گیرا، بۆ ئەوەی ئەو هات و چۆیە ببڕن.
ساڵی ١٣٢٠ ئەوانە گەڕانەوە، هاتنەوە مەهاباد و لە ساڵی ١٣٢٠ەوە خەباتی کۆمەڵەی ژ.ک سەری گرتەوە، سەر لە نوێ بە جیدیتر دەستی پێ کردەوە. پاش ئەو هێرشە ئەوانەی نەگیرابوون و مابوونەوە جموجۆڵیان نەما و پاشەکشەیان کرد و کۆمەڵەی ژ. ک بێ چالاکی مایەوە. بەڵام ئەوانە بە عینوانی شەو نشینی حەفتەی جارێک شەوانە لەم ماڵ ئەو ماڵ لە دەوری یەک خڕ دەبوونەوە و کاری حزبایەتی تەنیا بۆ ئەوەی بوو، ئیرتباتیان بە یەکەوە نەپچڕێ.

**گۆواری نیشتمان**

ساڵی ١٣٢٠ دەستیان کرد بە دەرکردنی گۆواری نیشتمان کە لە **تەورێز** لە چاپخانەی تەبرێز، **عەبدولرەحمانی زەبیحی** چاپی دەکرد، مەقالاتیش خۆی دەینووسی و **مامۆستا هەژار** و **مامۆستا هێمن** شێعریان تێدا بڵاو دەکردەوە. قەڵەم بەدەستەتی تر کە بەشداری کردبێ، شایەد **سەید محەمەد حەمیدی** بووبێت کە دەزەمانی **قازی محەممەد** لە جمهوری **مەهابادا**دا بوو بە مودیری **ڕۆژنامەی کوردستان**. گۆواری **نیشتمان** پەخش دەبوو ئێمەش لە گۆواری **نیشتمان** ئیستفادەمان دەکرد و دەمان خوێندەوە.

**سینەما سەیار و ئینگلیسییەکان**

کە ڕێکخراوی لاوانی کوردمان دامەزراند و چالاک بووین و کارمان دەست پێکرد، ڕۆژێک ماشێنێکی ئینگلیسی هات سینەما سەیاری هێنابوو بۆ چوارچرای **مەهاباد**، لەوێ جەنگی بەینی **ئاڵمان** و **ئینگلستانیان** نیشان دەدا. کە ئێمە هاتینە دەرێ چووین، وەکوو وا تەبلیغ کرابووین ئەو ئەفکارەی کە هاتبوو دەمێشکمانەوە وامان هەست دەکرد، وامان هەست کردبوو، وامان بە گوێدا خوێندرابوو لەولا و ئەولا، مشەخەس{دیار} نییە ئینسانێکی مشەخەش تەبلیغی کردوین. لە جێگایان کە دادەنیشتین بەعزە کەسێک زیاتر ئێمە ئینگلیسی مان بە دوژمنی کورد دەناسی، چوونکو وا باس دەکرا کە ئینگلیس بوو کە تەقسیمی کوردستانیان کردووە. نەیانهێشت کورد ببێتە شت و بە حکومەت بگا. زۆرتر دژی ئینگلیسی ئیحساساتی ئێمە دژی ئینگلیسی زۆر شەدید{توند} بوو بەو بۆنەوە ئەوەش کە کوتیان ئینگلیسییە و هاتووە نمایش دەدا و ئەوانە معاونی کونسولی تەورێزن، ئێمە هاتین بە دژی ئەوانە دەمونستراسیۆنێکمان ساز کرد.

عەکسی ئیستالینمان هێنا و لە سەر ماشێنیمان داناو هاتین بە دەوری چوارچراکەدا گەڕاین و بە دەوری ئەو کابرایەدا. سینەماکەمان قەتع{بری} کردو پەردەکانمان دەدراند و پەردەی سینەمامان سەنگ باران کرد. خەبەریان بە **قازی محەممەد** دا کە جەریاناتێکی وا هەیە **قازی محەمەد** هات و نەسیحەتی ئێمەی کرد و کوتی ئەوە شەخسییەتێکی خارجییە و هاتوتە وڵاتی ئێمە، دەبێ ئێمە بەرخوردێکی عاقڵانە و نەجیبانە بکەین و نابێ ئەو جورە حەرەکەتانە بکەین و ئەو فیلمە دەدرێ، کێ پێ خۆشە تەماشای بکا و کێ پێ ناخۆشە تەماشای نەکا، بەرخوردی توند مەکەن. ئەمەی ئارام کردەوە بەڵام تەزاهوراتەکەمان کردبوو. کارەکەی خۆمان کردبوو. پاشان ئەو کابرایە چوو بوو لە لای مقاماتی شوورەوی شکایەتی کردبوو کە مەنتەقەی ئێوە شلوقە و عەناسورێک بە تەحریکاتی شوورەوی وای تەوجیە کردبوو،هاتوون ئەو کارەیان کردووە و ئیهانەیان بە مەئموری سیاسی ئینگلیسی کردووە. تعدادێک ئەفسەری ڕووس هاتن بۆ تەحقیقق{لێکۆڵینەوە} کردن. ئەڵبەتە من ئەوانە دەڵێم ئەوانە قابلی حەزفن. ئەوانە بۆ ئیتلاع. هاتن تەحقیقاتیان لە ئێمە کرد، کە ئەو کارە بۆ کردووتانە و ئەو ئاڵا سوورە چییە هەڵوداوە لە سەر چوارچرایە، ئێمەش ئاڵایەکی سوورمان لەوێ دابوو. بۆ ئەو سازمانی جەوانانەی دروستمان کردبوو، ئاڵایەکی سوورمان دابوو لە سەر بەردەکە و ئەو جێگایەی کە موجەسەمە دروست کرابوو لە چوارچرا.
کێ بە ئێوەی کوتوە ئەو ئاڵایە هەڵکەن و کێ بە ئێوەی کوتووە موزاحمی خەڵک بن؟ کێ بە ئێوەی کوتووە بچن تەزاهورات بکەن و کێ بە ئێوەی کوتووە عەکسی ئیستالین بێنن و ئەو ئاڵا سوورە هی ئێمەیە و بە ئێوە مەربوت نییە. منیش جوابم داوە ئەو ئاڵا سوورە ئاڵای شۆڕشی کوردە و هیچ مەربوت بە ئێوە نییە، چەکوچک و داسی ئێوەی پێوە نییە، ئەگەر چەکوچک و داسی ئێوەی پێوە بایە، ئێمە لێمان نەدەدا. ئەوە ئاڵای شۆڕشی خۆمانە. من بە زبانی ساکاری خۆم

دیفاعم کرد . منیان هێنا گرت و **حوسێن فروهەر** و **محەممەدی مەولوودی** و تعدادێکی دیکەشیان گرتن. بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە رەسیدەگیمان کرد و تەنبێمان کردن و فلانمان کردن. گوزارشێکی بدەنەوە بە مقاماتی خۆیان. هەشت ، نۆ، دە ڕۆژان ئەوانەیان لە قاوەخانەیەکی ڕۆژانە ڕادەگرت و شەوانە دەچوونەوە ماڵێ و ڕۆژانە دەهاتنەوە قاوەخانەکە. منیش سەرهەنگێکی ڕووس بوو برێک گوێی کێشام و کوتی تۆ دەبێ دەرس بخوێنێ و دەست لەو کارانە هەڵگرە و برۆ دەرس بخوێنە و ئەو ئالایەش بێنە خوارێ لەوێ.

ئەوان رۆیشتن و جوابمان نەداوە. ئالا ماوە لە سەر جێگای خۆی کە ئەوە بوو کۆمەڵەی ژ.ک دەعوەتی کردین، ئەو حەرەکەتەی ئێمە دەمان کرد ئەو سازمانەی ئێمە تەشکیلمان دابوو، عەتفی خەڵکیمان بۆ لای خۆمان ڕاکێشابوو، خەڵک وەک ئینسانێک کە کوردە و بۆ کوردایەتی حەول دەدا لە بازار و کوچە و جێگایان گەلێک بە حورمەت و بە محەبەتەوە بەرخوردیان لە گەڵ دەکردین خەڵک پێی خۆش بوو. بۆ ئەو کارانەی کە ئێمە دەمانکرد. چوون کوردایەتی تێدا بوو.سادە بە شکڵێکی زۆر سادە.

### دانیشتنی ڕێکخراوی لاوان لە گەڵ کۆمەڵەی ژ.ک

موزاکرەی ئێمە لە گەڵ ک.ژ لە ماڵی **حەمەدی مەولوودی** کرا . نوێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک، **سەدیق حەیدەری، دڵشادی رەسوڵی** و **زەبیحی** بوون. من و کوڕێکی تربە نێوی **عەزیز فەرهادی** نوێنەرانی سازمانی جەوانانی کورد بووین. پێشتر لە لایەن جەمعی خۆمانەوە لە نێو باخی هەڵبژێراین کە بچین قسە لە گەڵ ئەوانە بکەین. ئەوان مەسائیلیان مەترەح کرد کە ئێوە چیتان دەوێ، دەرخواستو{داوا} چییە؟ ئێمەش بە شکڵێکی ساکار کوتمان ئیمە خواستمان ئەوەیە کوردستانی ئازاد بکەین. کۆمەلەی ژ.ک یش ئەو دەمی شیعاری کوردستانی گەورەوی هەبوو، لە گەڵ **حزبی هیوا** لە عێراق پێوەندیان هەبوو. پێشتریش لە سنوور **زەبیحی** و ئەوان دانیشتنیان لە گەڵ **میرحاج** و ئەوانە هەبووە. ئیمە کوتمان خواستەکەمان ئەوەیە موبارزە دەکەین بۆ کوردستان و ئیتحادی شوورەویش بە دۆستی میللەتی کورد دەزانین و دژی ئیگلیسین و ئینگلیس دوژمنی میللەتی کوردە.

### سازمانی جەوانانی ک. ژ

ئەوانیش تەوزیحیان بۆ ئێمە دا کە ئەو خواستانەی کە ئێوە مەترەحی دەکەن عەینی خواستەکانی ئێمەیە، ئەمەش کۆمەڵەی ژ.ک .ین و خواستمان ئیستقلالی کوردستانی گەورەیە، کە لە گەڵ خواستی ئێنگۆ مونتەبیقە. دۆستمان وڵاتانی ئیشتراکی و دەوڵەتی ئیتحادی شوورەویە، ئێمەش بۆ ئەوە حەرەکەت دەکەین. پێمان وایە ئێمە جیا نەبینەوە لە یەکتری باشترە، ئێمە دەبێ پێکەوە موتەحید بین. ئێوە وەک سازمانی جەوانانی کۆمەڵەی ژ.ک. دەگەڵ ئێمە موتەحید بن، ئیـمەش کوتمان بۆخۆمان ڕازین بەڵام ئەمە{ئێمە} رەفیقمان هەیە، دەبێ بچین لە گەڵ ڕەفیقەکەکانمان قسە بکەین. ئەو مەسەلەیان پێ ڕابگەیێنین و ئێمە بۆخۆمان موافقین. ئەوە بوو هاتینەوە برادەرانمان لە باخی میکائیل کۆ کردەوە و جەریانەکەمان پێڕاگەیاندن کە مەسەلەیەکی ئاوا هەیە، کە بە زیندەباد و بە شادی و خۆشییەوە هەموو قەبوڵیان کرد کە ببین بە سازمانی جەوانانی کۆمەڵەی ژ.ک.

### چاپخانەی کوردستان و گۆواری نیشتمان

کۆمەڵەی ژ.ک. چاپخانەیەکی بچکۆلەیان هینابوو، لە ماڵی **یونەتان**، کابرایەکی ئاسوری دایانمەزراندبوو. کۆمەڵەی ژ.ک ئەو ماڵەیان بە ئیجارە گرتبوو. **یۆنەتان** ماڵی کۆچی کردبوو، چووبووە تەورێز، ماڵەکەی چۆڵ بوو. ماڵەکە دوو بەش بوو، لەو بەرو ئەوبەر. لە ناوەراستی دوو بەشەکە، حەسارێکی هەبوو.هەرتک ماڵییان ئیجارە کردبوو. چاپخانەیەکی چکۆلە بوو بە دەستی، بە دەست کاری دەکرد. لە سەرەوەی چاپخانە مەسئولی چاپخانەکەی **محەممەدی شاپەسەندی** بوو، کە ئێستا **محەممەدی شاپەسەندی** دەبێ لە **عێراق** بێ، چوون ساڵی ١٣٢٧کە من لە شوورەوی گەڕامەوە و ساڵی ٢٦و ٢٧ خەباتی حزبی دێموکراتمان دەست پێکردەوە، دە گەڵ من ڕۆیشتین بۆمەئموریەت بۆ دەرکردنی رۆژنامە و ئعلامیە. چووین بۆ عێراق کە لە پارتی دێموکراتی عێراق یارمەتی وەرگرین بۆ چاپی رۆژنامە و بەیانیە بۆ ئیعلام مەوجودیەتی حزبی دێموکرات.
محەممەدی شاپەسەندی، دە گەڵ من هات من گەڕامەوە بۆ کوردستانی ئێران بڵاوکراوەکانم هێناوە بڵاوم کردەوە، ئەو نەهاتەوە. **گۆواری ڕیگا** کە دەگەل **مامۆستا قزڵجی** ئامادەمان کردبوو، هێناوە. کە دوایە دەگەینەوە سەری. **محەممەدی شاپەسەندیی** مەسئولی ئەو چاپخانە دەستیە چکۆلەیە بوو کە لە ماڵی **یۆنەتان** داندرابوو، و حروفچنینش فێر ببوو، بردبوویان لە تەورێزێ فێری حروفچنین کرابوو. **محەممەد شاپەسەندی** دوایە لە **رۆژنامەی کوردستانی** سەردەمی کۆمار کاری دەکرد. **زەبیحی** ئەو گۆواری نیشتمانی کۆمەڵەی ژ.کافی چاپ دەکرد، کۆمەڵەی ژ.ک لە ئێمەش دەعوەتیان کرد کە دوو کەس لە جەوانەکان دیاری بکەین بۆ ئەوە لە چاپخانە کار بکەن و فێری حروفچینی و ئەوانە بین.

**خۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵەی ژ.ک**

ماوەیەک پاش چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆواری نیشتمان ، کۆمەڵەی ژ.ک هێدی هێدی خۆی ئاشکرا کرد. مقەڕی حزبیان دامەزراند، **قازی محەمەد** هات و چۆی ئەوێی دەکرد. ئاشکرا بوو کە ئەوێ مەقەڕی حزبە. **قازی محەمەد** لە ئێمەی دەعوەت کرد کە شوێنەکەی خۆمان بەرئەڵا بکەین و بگوێزینەوە ئەوبەری بیناکەی کۆمەڵەی ژ.ک . کە کۆمیتەی مەرکزی نیشتەجێ بوون.
ئێمە وەک ڕێکخراوی لاوان هاتین لەوێ دامەزراین. ئەو دەمی **میرحاج** و **مستەفا خۆشناو**یش هەر دە داخڵی حزبدا هەر لەوێ بوون. لە مقەڕی حزب وەتاغێکیان دابوونێ کە لەوێ دەژیان. کە ئێمە سوودمان لە بوونیان لەوێ وەردەگرت.
**مستەفا خۆشناو** ئەفسەرێکی میللی ناسیۆنالیستی کورد بوو، بەڵام **میرحاج** سەرەرای ئەوەی کوردایەتییەکی بە قووەتی هەبوو ئیتلاعاتی مارکسیستیشی هەبوو. لە بەعزە مەورادێکدا بەحسی بۆ دەکردین. من بە تەوسییەی **قازی محەمەدی** هەروەک کە کوتم پێش ئەوەی بچین لە کۆمەڵەی ژ.کافەوە، دەگەڵ ئەوان ڕابیتەم هەبوو. لە باخی **سەعی حەمە قایش** شەوانە دەچووم لەوێ بوون، مەخفی لەوێ دەژیان. دەچووم لەوێ هات و چۆم دەکردن. قسەیان بۆ دەکردم ئیستفادەم لێ دەکردن. کۆمەڵەی ژ.ک لە ڕاستیدا نێوی لە ناوچەکە بڵاو نەببووە ، بەڵام لە **مەهاباد** دەستی کردبوو بە حەرەکەت. کە ئەوە بوو، حاکمیەت لە تاران هەستی بەوە کردبوو.

**قەرەنی ئاغای مامەش**

**قەرەنیئاغای مامەش** کە یەکێک لە سەرانی عەشایری مامەش بوو هێنای بە عینوانی فەرمانداری مەهابادێ دیاریان کرد. مەبەست لە دیاری کردنی ئەو وەک فەرماندار ئەوە بوو، کە کەسی غەیرە کورد جورئەتی نەبوو، بێ لە **مەهاباد** بێتە فەرماندار، یا حەتتا ڕۆشنفکرێکی کورد بنێرن بێتە فەرماندار، لە بەر ئەوەی کەس قەبوڵی نەدەکرد. خەڵک ئازاد بوو، هەر کەس بۆخۆی ساحەب ئیختیاری خۆی بوو، تفەنگی هەبوو، لە بەر ئەوە فەرمانادارێکی ڕۆشنفکر نەیدەتوانی وەک نوێنەری حکومەتی ناوەندی لێی هەڵبکا. لازم بوو ڕەبیس عەشیرەتێک بێنن بیکەنە فەرماندار، کە هێزی چەکداری هەبێ و بتوانێ، جێگیر بێ و ئەرکی فەرمانداری ئەنجام بدا و دەستوراتی حکومەتی ناوەندی جێ بە جێ بکات و بوونی حکومەت ڕابگرێ و بیسەپێنێتەوە. **قەرنی ئاغای مامەش** هات بۆ **مەهاباد** و خۆی وەک فەرماندار ڕاگەیاند، ٣٠٠ چەکداری لە گەڵ بوو.
**قەرنی ئاغا** ناردبووی لە دوای بابم، بە کوڕەکەت بڵێ ئەو بەساتەی کە دروستی کردووە لەو شوێنە خڕ کاتەوە، ئەگەر خڕی نەکاتەوە، دەستور دەدەم پێی خڕ کەنەوە، دوایە بابم بانگی کردم کوتی ڕۆڵە، من لە گەڵ عەشیرەتی مامەش تەرەف دەکەی نە سوارم هەیە نە تفەنگم هەیە، نە هیچم هەیە ئەو شتەتت برۆ کۆکەوە، با تووشی کێشەی نەبین، ئێمە دەگەڵ ئەوانە ناتوانین تەرەف بین، عەشیرەتن و چەکداریان هەیە . منیش جەوان بووم و زۆریش نەدەرۆیشتمە ژێرباری ئەو جورە بریارانە. ئەو عەشیرەتی هەیە منیش سازمانی جەوانان و چەکدارم هەیە. ئەو دەمی ٣٠٠ تفەنگمان هەبوو.

ئەڵبەتە تفەنگەکان هی کوڕەکان نەبوون، هەر کەس لە ماڵی خۆی تفەنگی دێنا، بەڵام دەمانچە و شتمان بوو.
کوتم من جوابیشی نادەمەوە، سازمانی خۆم هەیە و دەتوانێ بێ، چ دەکات با بیکات. ئێوارەیەک خەبەریان بۆ من هێنا کە ڕێکخراوی لاوان لە لایەن قۆڵ سپییەکانی فەرمانداریەوە گەمارۆ دراوە. ئێمەش بانگمان لە کوڕەکان کرد خۆیان چەکدار کەن، ٧٠،٨٠ نەفەرێک هاتن. بیناکەی ئێمە دوو دەرگای هەبوو، دەرگایەکی بە ڕووی خەیاباندا دەکراوە و دەرگایەکی لەو بەری حەمای سوور دەکرایەوە. لە کوچەوە، دەستەیەکم بەو لایدا نارد کوتم برۆن بە سەر دیوارەکەیدا بچنە حەسارێ، لە پەنجەرە و سەر سەربان سەنگەر بگرن ئێمەش بە خەیاباندا دێین. من هەشت، نۆ نەفەرم وەدوای خۆم دا و چەکیان بە دەستەوە بوو، ڕاست بە خەیابانێدا چووین لە بەر دەرکی مەحکەمەی قازی دە دوازدە چەکداری **قەرنی ئاغای** فەرماندار، پێشیان پێ گرتین و کوتیان بۆ کوێ دەچن؟ دەچینەوە ماڵێ، کوتیان بەو کوچەیەدا برۆن ئەو لایە قەدەغەیە، ئێمە ماڵمان لەو سەرەیە بەو لایەدا دەرۆین. کێشە کێشمان لێ پەیدا بوو، لەو کێشە کێشەیدا بوو ئەوان دەستیان برد بۆ تفەنگێ ، تفەنگیان داهێنا ئێمەش تفەنگمان داهێنا، **قازی محەممەد** لە سەر پەنجەرەی محکەمەی هاواری کرد ڕاوەستن من ئەوە هاتمە خوارێ، تەقە مەکەن پێک هەڵمەپرژێن.
هاتە خوارێ و پرسی چییە کوتمان قوربان ، **قازی محەممەد** دەیزانی ئێمە چکارەین، دوو سێ کەڕت هات و چۆی ئەوێی کردبوو. ئەو داستانە پێش ئەوەیە کە ئێمە بچینە نێو کۆمەڵەی ژ.ک، .کوتمان ئێمە دەچینەوە ماڵی خۆمان ئەوانە پێشیان پێ گرتووین، **قازی محەممەد** ڕازی کردن ئێمە بچینەوە ماڵە خۆمان و بچینەوە ئەو شوێنە. چووین دەرگامان کردەوە و چووینە ژووری و ئەوان دەورەیان دابووین و یەک دوو تەقە پەیدا بوو، بەینی ئێمە و ئەوان ئەڵبەتە تەقسیری برادەرانی ئێمە بوو، لە سەر سەربانی، یەکیان بە زۆر کوتی لێم گەڕێ تفەنگێکی لە بەر پێی ئەو کابرا قۆڵ سپییەی دەدەم، جوابی نەداینەوە تفەنگێکی هاویشت ئەوانیش دوو تفەنگیان هاویشت. دوو سێ تفەنگ تەقە ڕەد و بەدەڵ بوو، دیار بوو وەزعی شارەکەی شڵەقابوو، مودەتێک بوو لەو خەیابانەی چەکداریان دانابوو، خەڵک گوێگوڵاخ بوون هاتبوون بزانن چییە، لە دەوری چوارچرا خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە، کە بزانن چ باسە، ئەو چەکدارانە ئەو دەور وبەرەیان بۆ گرتووە.

ئەو جەریانە سەبەب بوو،**عەبدولاٌئوف** ئەفسەرێکی ڕووس بوو، ئاگاداری ئەو جەرایاناتانە بوو، پێیان کەتبوو تەقە بووە لێرە، تەفەنگچی لێرەن ، تفەنگچی **قەرنی ئاغا**. **عەبدولاٌئوف** بە جیب هات و دەستوری دا کە ئەو تفەنگچییانە بگەڕینەوە، بە ئێمەشی دەستوور دا بێینە خوارێ، لە سەر پەنجەرە و لە سەر سەربانان.
لەویش ڕا ڕۆیشتبوو بۆ ماڵی **قەرنی ئاغا** پێی گووتبوو ئێرە ناوچەی ئەمنیەتی ئێمەیە، ئێمە بەرپرسی ڕاگرتنی ئەمنیەتی ئەو مەڵبەندەین، تۆ هاتووی بۆ گێرشوێنی، لە ماوەی ٢٤ سەعاتاندا دەبێ **مەهاباد** بەجێ بهێڵی. ئەو کوتبووی حکومەتی ئێرانێ ناردوومی، کوتبووی ئێمە حکومەتی ئێرانێ ناناسین. بەیانی کە هاتن ڕۆیشتن بە خەیابانێدا خەڵک بە دووایان کەوتن و فیتوویان بۆ لێدەدان و ئیهانەیان دەکردن ، شاربەدەریان کردن. پاش ئەو ماجەرایانە بوو کە کۆمەڵەی ژ.ک داوایان لە من کرد، لە دەفتەری حزب بۆ کاری بەخشنامە و کاری دەفتەری یارمەتی **دڵشاد** و **زەبیحی** بدەم و لە بەر دەستی ئەواندا کار بکەم.. بۆ ئەوە ئاگاداری مەسایل ببم وشت فێر بم.

**سازمانی جەوانان**

**برایم فەرشی** مامە غەنی باسی دروست بوونی سازمانی جەوانانتان کرد لە سابلاغ، ویستم پرسیار بکەم ئەو دەمە تەمەنتان چەندە بوو، ئەو کەسانەی لە گەڵ ئێوە سازمانی جەوانانیان پێک هێنا کێ بوون، ئەگەر دەکرێ نێوەکانیان بڵێن.

**مام غەنی** ئەو دەم تەمەنم ،{*حیسابی دەکات* } ١٣٠٣-١٣٢٢ تەمەنم ١٨،١٩ ساڵ بوو. کوتم تەحتی تەئسیری ڕۆژنامەی ریا تازە بووم، حروفی ئەلفبای ڕووسی فێر بووم، ئەو ڕۆژنامەم دەخوێندەوە، لەو ڕۆژنامانە ئەوە بە زیهنی مندا هات، کە من دەعوەتم کرد لە عیدەیەک لە رەفیقەکانی خۆم، هەمچی شتێکی بکەین، بانگەوازەکە ئەمن نووسیم چەند سەترێکم نووسی، ئەوەی کە دەقیقەن لە بیرم بێ، بەچ شێوەیەک نووسیم ،نووسیم:

" **هەر وەکو لە وڵاتانی دیکە سازمانی جەوانان هەیە، ئەمەش کە کوردین لازمە سازمانێکی جەوانان دروست کەین.** بە ئەو سەواد و مەعلوماتەی کە ئەو دەمی هەمانبوو، بە سادەگی، **لازمە ئەمەش ئەوەی دروست بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سازمانە ببێتە وەسیلەیەک بۆ داواکردنی حەقی میللەتەکەمان و بەرزکردنەوەی دەنگ و داخوازی خەڵکەکەمان، لە بەر ئەوەی داوا دەکەم لەو جەوانانی کە عەلاقەمەندن بەو مەسەلەیە بێن کۆمەک بکەن بۆ تەشکیلی ئەو سازمانە.** "
ئەوەڵین کەسی کە موراجعەم پێکرد کە بێ کۆمەک بکا **دوکتور مەولەوی** بوو، دوکتور **عەلی مەولەوی** ، **ئەحمەدی ساڵحیان** بوو، **دوکتور ئاسۆ** بوون **دوکتور قادر مەحموودزادە** بوو، ئێستا لە مەهابادە لە شورەوی هاتووتەوە، **سەدیقی سیاسەری** بوو، **کا وسێن** بوو **هوسێنی سالحیان، سەید عەبدوڵای زەکی** بوو، **سەدیقی خاتەمی** بوو، **عەبدوڵای حەکیم زادە** بوو، **عەزیزی فەرهادی** بوو، کە دوایە لە شورەوی خۆی لە دار دا، خۆی کوشت لە باکو، ئەو ئەشخاسە بوون کە لە بیرم بێ.
زۆر بوون، ئەوی ئەوەڵین ئیمزایان لە ژێر ئەو داخوازیە دا ئەوانە بوون. **عەزیزی فەلاحی** بوو، ئەوە درا بە **سەدیقی خاتەمی** و **سەدیقی سیاسەری** و ئەوانە هەر کەس بە نۆبەی خۆی بچن لە گەرەکێ بە خەڵکی دیکە بەو جەوانانە ئیمزا بکەن، دەوروبەریان بۆیان بخوێنەوە و دەعوەتیان لێ بکەن بێن ئیمزای بکەن. ئەوەڵین ئیمزا کە سازمانەکەمان دامەزراند و چووین ماڵەکەمان گرت، تیعدادەکەمان گەیشتبووە ٢٥٠ کەس. کاغەزەکە بە ئیمزاکان پڕ ببووە، وەختێکی دیتمان ئیحساسمان کرد ٢٥٠ کەسمان هەیە، چووین ئەو خانوەمان گرت و بۆ خۆمان لە گیرفانی خۆمان پوڵمان دانا و خانوبەرەکەمان گرت. تیعدادەکە کافی بوو بۆ پوڵ کۆکردنەوەی. دامانمەزراند و لە جێگایان مێز وسەندەڵیمان کۆ کردەوە.

موشەخەسەن ٢٥٠ کەس بووین کە ناوی هەموویانم لە بیر نەماوە . **مستەفای ساوجبلاغیش** بوو، ئەوانە بوون. پاشان بۆ بەرێوەبەری ئەو سازمانە کە هەڵبژێردران هەر **دوکتور مەولەوی** بوو، ئەمن بووم، **ئەحمەدی ساڵحیان** بوو، **قادری مەحموودزادە** بوو، **عەزیزی فەرهادی** بوو، ئەو پێنج کەسە بووین هەڵبژێردراین. بۆ مەسئولی سازمانی جەوانان پاشان لە جەریانی نمایشی دایکی نیشتمان کە دەستی پێکرد، ئێمە داوامان کرد لە هەیئەتی بەرێوەبەری سازمانی جەوانان بێن لە گەڵمان بۆ نەغەدە و شنۆ لە گەڵمان شێرکەتێ بکەن، بەڵام ئەوان ئامادەگی خۆیان نیشان نەدا کە بێن شیرکەتێ بکەن بێن بۆ نەغەدە و شنۆ، چوونکو کوتیان ئێمە نایەین بۆ نەغەدە و ئەو جورە جێگایانە، قەرەپەپاغی لێیە و خەتەرە. هەموو عالەم موسەلەحە و ئێمە بە دەستی بەتاڵ بچین. کوتمان ئێوە بلاخەرە سازمانی جەوانانن ئێمە پێنج شەش تفەنگچیمان لە گەڵە، خۆ ناچین بۆ شەڕ، دەچین نمایشی دایکی نیشتمان دەدین، دەعوامان لە گەڵ کەس نییە، لە سەر ئەوەی کە ئەوانە نەهاتن جەلەسەیەکی عمومیمان گرت لە باخی میکائیلی مەترەحمان کرد کە ئەو رەفیقانەی ئێمە ئامادەگی خۆیان ئیعلام نەکردوە بێن بۆ ئەو جێگایە، لە بەر ئەوەی ئەوانەیان لە سازمانی جەوانان ئیخراج کرد. بە رای عمومی . بەڵام ئەو تیعدادە موشەخسەن **دوکتور مەولەوی** و **ئەحمەدی ساڵحیان ، قادری مەحمود زادە** بوون، ئەو سێیانە قەبوڵیان نەکرد، ئەمن و **عەزیزی فەرهادی** ماینەوە پاشان لە جەوانانی دیکەمان ئیستفادە کرد. **سەدیقی سیاسەری** و ئەوانە ، **سەدیقی خاتەمی** بە جێگای ئەوانە.

**کاروتێکۆشانی رێکخراوی لاوانی کورد**

**برایم فەرشی** مامە غەنی لە کۆبوونەوەکان زۆرتر باسی چی دەکرا، بۆ وێنە جەلەساتی عمومی؟
**غەنی بلوریان** وەڵا جەلەساتی عمومیمان بەو شێوە کە ئاگا بین کۆبوونەوەی ڕەسمی بکەین وشکڵێکی خاس و ویژەی هەبێ، چون کەس نەبوو لە حەقیقەتدا راهنمایی بکات، سازمانی جەوانان چۆن تەشکیل دەبێ، ئایینامەی هەبێ، بەرنامەی هەبێ، ئەساسنامەی هەبێ، شتێکی ئاواش بێ، کارەکەی ئێمە دێمی[خۆڕسک] بوو. بۆ خۆمان خود ساختە بووین. لەو شتانەدا وارید نەبووین. کەسیش نەبوو ئێمە بۆ ئەو کارەی ڕانومایی بکات، موتەئەسفانە. بەڵام ئەمە کۆبوونەوەی ئەسڵیمان رۆژی جومعان بوون. کە دەستەجەمعی بە سەیران دەچووینە باخی مکائیل ، لەوێش سرود خوێندنەوە بوو یا **عوبەیدی تەهازادە** شیعری دەخوێندەوە، کوڕێکی دیکە شیعری شاعیرانی دیکەی دەخوێندوە **فایق بێ کەس** و **قانع** و **حاجی قادری** کۆیی و **مەلای کۆیی** و ئەشعاری ئەوانەیان دەخوێندەوە. مەسائیلێکی سازمانیمان نەبوو دانیشین لە سەری باس بکەین. دەفتەرمان هەبوو نێوی هەمووانی تێدا بوو، بە نۆبە دەنووسرا ئەو جومعەی ١٥ کەسە دەتوانێ تیرئەندازی بکەن، بە عیلەتی فیشەکێکی کە تەهییەمان کردبوو، بۆ ١٥ کەسان توانیبوومان فیشەکی بکڕین ئەو ١٥ کەسە هەر یەکی سێ تیریان تیرئەندازی دەکرد. هەفتەی ئایەندە ١٥ کەسی دی تیرئەندازیان دەکرد. بەو تفەنگانەی کە ئەوانی دیکە هێنابوویان. کارەکەمان شتی ئاوا بوو، زیمنەن هەموو ئێواران لە مەرکەزەکەمان مقەڕەکەمان خڕ دەبووینەوە، کتێبی لێ بوو، ڕۆمان بوو، تاریخ بوو، تاریخی کوردی نا، ئەنواع و ئەقسام تاریخ بە زمانی فارسی و کوردی ئەو دەمی هیچ کتێبمان نەبوو بە غەیرئەز[جگە] لە مەجەلەی **گەلاوێژ** و **رێیا تازە** ئەو دووانەمان هەبوو. تەختە سیای لێ بوو ئەوانەی دەهاتن بەعزێک شاگردی قەویتر بوون، کۆمەکیان دەکرد بە شاگردەکانی دیکە دەرسی مەسەلەن ریازیاتی سبحەینێیان ڕەوان دەکرد. دیارە مەرحەلەیەک پێش ئەوەی **قەرنی ئاغا** بێ ئەو جێگایەمان پێ تەحتیل کا، شارەبانی مخالفەتی کردبوو ئەوەڵین ڕۆژی دامەزراندنەکەی. کە دوایە شارەبانی تێکچوو ئێمە موزاحممان نەما. کارمان ئەوە بوو، کارێکی دیکەمان نەبوو. جار جارە تەزاهوراتمان دەکرد. بە جومعان دەهاتینە خیابانێ. کە دەهاتینەوە بە تەزاهورات و بە سرود خوێندنەوە و بە شوعاردان، بڵاوەمان دەکرد جومعە بە جومعە ئەوە بوو. ڕۆژەکانی دیکە عادی بوو هەر کەس دەیتوانێ بێ، یان نەیا. بەڵام مەعمولەن ئەمە بۆ خۆمان لەوێ بووین. بەوەی کە مەسئول بووین. هەمیشە لەوێ بووین. کلیل بە دەست ئەمەوە بوو. یەک بە من بوو یەک بە رەفیقێکی دیکە دەبوو. دەگۆڕدرا، کلیلێکی سابت هەمیشە بە من بوو. ئەوی دیکە بە دەست ڕەفیقەکانی مەسئول یان ئەوانی دیکە دەگەڕا . نەزافەتی ئەوێشمان تەقسیم کردبوو، بۆ خۆمان دەمانکرد و ئەوانی دیکە یاریدەیان دەدابن. موشەخەس نەبوو ئەورۆ کێ بێ و سبەینێ کێ بێ، هەر کەس دەستی دەدایە. ئاوپاشمان هەبوو، ئاوپاشێنمان دەکرد. گەسکمان لێدەدا.

**برایم فەرشی** سازمان جەوانان تەنیا توانیبووی لە سابڵاخ کار بکات یاخود حەولی دەدا لە شارەکانی دەیکەش یان لە دێهاتەکان کار بکات. ئەگەر حەولی دابوو ئایا شوعبەی هەبوو؟

**مامە غەنی** نەخێر ئێمە زۆر زەمان نەماینەوە، سازمانی جەوانان کە ساڵی ٢٢ تەشیکل بوو نەپرژاین بچین لە شارەکانی دیکە. ئەسڵەن ئەو فیکرەمان نەبوو بچین لە شارەکانی دیکە شوعبە دابمەزرێنین، پاش ساڵێک مولحەق بووین بە کۆمەڵەی ژ.ک. شاید ساڵی ٢٣ بە کۆمەڵەی ژ.ک مولحەق بووین. کۆمەڵەی ژ.ک یش ئەو فکرەی نەدا بە مە کە بچین لە شارەکانی دیکە شوعبە دابمەزرێن، ئەوان زۆرتر ئەهمیەتیان بە کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ.ک دەدا کە بچن لە شاران دایمەزرێنن. تەوجوهیان نەدا بەئێمە، ئەمەش بۆ خۆمان ئەو فکرەمان نەبوو.
بتوانین لەو شارانەش شوعبەی سازمانی جەوانان دابمەزرێنین. چوون ئەواخری ساڵی ٢٣چوومە تارانێ بۆ دانشسەرای موقەدەماتی بۆ تەحسیل و سازمانی جەوانان کەوتە بەر دەستی **میرزای خوسرەوی** و ئەوانە کە دوایە تەبدیل بوو بە حزبی دێموکرات. کۆمەڵە بوو بە حزبی دمکرات و سازمانی جەوانانیش بوو بە سازمانی جەوانانی حزبی دمکرات.

> "ئەمن ناتوانم خۆم بفرۆشم"
> "ئەمن دوچاری ئیشتباهاتێکی عەمیقی تاریخی بووم"
>
> لە وتەکانی غەنی بلوریان

# حیزبی دێموکرات
# لە کۆماری کوردستانەوە
# هەتا کۆماری ئیسلامی ئێران

**زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکرات**

ساڵی ١٣٢٦ کە هاتینەوە **دوکتور ئاسۆ** و **عەزیز فەرهادی** و **محەمەدی شاپەسەندی وسەدیقی خاتەمی** و **سەدیقی سیاسەری** و ئەوانەم دەعوەت کرد بۆ ئەوەی حزبی دێموکرات لە سەرڕا زیندوو بکەینەوە، موبارزەی حزبی دێموکرات دەست پێبکەینەوە. ئەوە٦ مانگ پاش ئیعدامی **قازی** و ئەوان بوو لە ساڵی ٢٦. لەبەر ئەوەی ئەمن ئیدی لە سازمانی جەوانان و ئەوانەدا نەمام. سەرنویشتم گۆرا. سازمانی جەوانان بوو بە سازمانی جەوانانی حزبی دێموکرات و میرزای خوسرەوی بوو بە مەسئولی سازمانی جەوانان، دوایی چی بە سەر سازمانی جەوانان هات، ئەمن رۆیشتم بۆ شورەوی.

**چاپی گۆڤاری رێگا**

کە ئێمە مەجەلەی رێگامان چاپ[4] کرد، من گەڕامەوە بۆ ئێرە، بۆ مەهاباد. مەجەلەی ڕێگا دوو مەقالەی تێدابوو یەکیان "مەسەلەی مێللی" بوو کە **مامۆستا قزڵجی** بە تەفسیل نووسیبووی، یەکێکیشیان مەقالەیەکی کورت بوو بە نێوی "ارتش شاهنشاهی یا حربە دیکتاتۆری" کە من نووسیبووم. دیارە لە کوردییەکەیدا مامۆستا قزڵجیش کۆمەگی کردم.
ئێتلاعیەکمان نووسی بوو وەکوو ئیعلامیە، بانگەواز بۆ پشتیوانی لە خەڵک لە ئێمە. بە داخەوە من ئەو ئاسارەم نەماوە. زەمانێکی دوور و درێژی بە سەردا چووە، موتەئسفانە خۆشم دەفکری ئەوەی دانەبووم ئەو جۆرە شتانە کۆ کەمەوە. گەرچی زەمانێک بەو فکرەی گەیشتم میقدارێکی زۆر مجەلەی نیشتمان ، ڕۆژنامەی کوردستان هی زەمانی جەمهوری و مەجەلەی گەلاوێژ بەعزە کتابێکی شیعرم کۆ کردبووە، چوونکو نەمدەتوانی لە ماڵی خۆمی ڕاییگرم بلاخرە لە مبارەزە دابووم ، هەر لەحزە ئیمکانی هەبوو بێن ماڵێ بگەرێن. ئەمن ئەوەم لە ماڵێ **خەلیفە ئامین قەمتەرەیی** دانابوو.

**خەلیفە ئامین قەمتەرەیی** یەکێک لە خەلیفەکانی **حاجی شێخ مستەفای** بوو کە لە سابڵاخێ زۆر نفووزی هەبوو، خەلیفە ژنێکی زۆر دڵسۆز بوو. هەر ئەویش لە کاتی نمایشی دایکی نیشتمان دا زۆری ژنان هان دەدا بۆ ئەوەی کە بێن بۆ دیتنی نمایشی دایکی نیشتمان. ساڵیانی درێژ ئەو ئاسار و کتێبە لە کن خەلیفە ئامین مابوونەوە. حەتتا وەسیەتی کردبوو لە لای کچکەی مریەم ئەگەر مردم ، ئەوانە بۆ ئێمە بە ئەمانەت ڕابگرێ.

بە هەر سوورەت پاش چاپ کردنی مەجەلە و شتەکان ئەمن بە کۆمەکی **حەمزە عەبدوڵای** هاتمەوە مەهاباد ، هەمزە عەبدوڵا ئەو دەم دەبیری پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بوو. **محەممەد مەحمود** هەبوو کە ئەویش عوزوی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بوو. پیاوێکی باش بوو، کارمەندی حکومەت بوو پێموایە معەلیم بوو. باڵتۆیەکی دامێ کە لە ڕێگایە ئیستفادەی لێ بکەم. هەمزە عەبدوڵا دەمانچەیەکی چکۆلەی ٦ تیری دامێ کە پێم بێ لە ڕێگایە.

دوو نەفەر ئەعزای پارتی یەکیان **قادر تەگەرانی** بوو کە دوایە باسی دێت. یەکیان **حەمە پۆلیس** بوو ئەڵبەتە ئەوانە قاچاخی کوتاڵیان دەکرد. چا و عەترجات و پەڕە سیغار و سابوون و شتی ئاوایان دەهێنا بۆ خەرید و فرۆش. دەهاتن بۆ لای بۆکان زۆرتر[5]لە ئەترافی بۆکان شتەکانیان لەو دێهاتەی دادەنا و خۆیان دەچوونە شار و لەوێ مشتەریان دەهێنا بۆ کوتاڵ و شتەکانیان. ئەمن لە گەڵیان هاتم بە **ئالان** یدا هاتین. هەتا هاتمە گەردیگلان.

لە گەردیگلان لە ماڵی **سەید کامیل**{ئاوات} کە دیارە سەید کامیل{ئیمامی} شاعیرێکی دڵسۆزی کوردە پیاوێکی موحتەرەمە، وە هەتا بوە هەر خەباتی کردووە بۆ میللەتەکەی خۆی و بە هەموو توانای یاریدەی ئێمەی دەدا. من لە گەردی گلان دە گەڵ سەید کامیل قسەم کرد کە ئەو نەشریاتەم بۆ ڕابگرێ. مەجەلەی ڕێگا و تەلیعەی مەجەلەی ڕێگا هەتا من **کاکە مینەی**[] خۆمان دەنێرم بیهێنێتەوە. دیارە لە گەڵ سەید کامیل لە کادێندا نەشریاتەکانمان شاردەوە. من باڵتۆکە و دەمانچەکەم بە ئەمانەت لە لای کاک عەلی دانا ، **عەلی قارەوا چکۆلە**. کاک عەلی لە گەڵ ئێمە بوو لە شوورەوی. و بە قادر تەگەرانیشم کوت کە بە ئەمانەت بۆت لێرە دادەنێم. ئەگەر هاتیوە باڵتۆکە و دەمانچەکەی بەرەوە. ئەمانەتە بیدەوە بە هەمزە عەبدوڵا و ئەحمەد مەحمودی. بەڵام بە داخەوە دوایە بۆم دەرکەوت کە کاک عەلی باڵتۆکەی داوەتەوە، بەڵام دەمانچەکەی حاشا لێ کردبوو.

بە هەر سورەت هاتمەوە مەهاباد، بە ڕۆژ لای ئێوارەیەکی درێژ گەیشتمەوە ، ئەو دەمانە هاتمەوە سەر **کانی پیرێژنێ،** پشتی **داشا مەجید،** کە ئەو کانی پیرێژنە لە شیعری شاعیرانیشدا مەشهورە. **جەعفەری شێخ ولئیسلامی** لە شیعرەکانیدا لە شینی **هێمن** دا کوتوویەتی، زۆر جاران باسی کانی پیرێژنێ دەکات. لە سەر کانی پیرێژنێ خەوم لێ کەوت. دەست و چاوم شووشت خەوم لێ کەوت. بە سەرمای ئێوارە وەخەبەر هاتم. دیارە سەڵت بووم هیچم پێ نەبوو. شەو هاتمەوە بە

[4]- بە وتەی مام غەنی " شێخ لەتیف چاپخانەیەکی ئاوای بۆ دامەزراندین." شێخ لەتیف کوری شێخ مەحموود یارمەتی داوان بۆ دامەزراندنی چاپخانە.

**کانی مام قەنبەراندا** هاتمەوە. کانی مام قەنبەران کانییەک بوو کە ئێستاش ئاساری ماوە، لە ئەترافی نزیک **ئەسحابەی سپییە**. لە دەورانی جەوانیدا ئێمە لە کانی مام قەنبەراندا جێگای هەڵپەرین و شادی و خۆشی گەنج و لاوانی شار بوو لە جێژناندا. بەڵام ئێستا شۆێنەواری کوێر بۆتەوە. بە کانی مام قەنبەراندا هاتمەوە سابڵاخم لێ وەدەر کەوت.

هاتمە ماڵی **سەدیقی سیاسەری** ڕەفیقی خۆم. لە دەرکەم دا چوومە ژوورەوە. سەدیق تازەی ژن هێنابوو بابی نەمابوو. ئیستقبالێکی گەرمی لێکردم. کوڕێکی جەسور و نەترس بوو. خاتراتێکی زۆر خۆش و شیرینم لەو رەفیقەی هەیە. ئینسانێکی زۆر میهرەبان، پاک، با شەرەف، کوردێکی ساخ بوو. بە داخەوە پارەکە وەفاتی کرد. یادی هەمیشە هەیە لە دڵی ئینسانی. خەبەرم لێ پرسی راجع بە من چ خەبەرێک هەیە. کەس تەعقیبی نە کردووە، کەس سەر و سۆراخی نەگرتووە. کوتی باشترە ئەو شەو بنووین سبەینێ ئەمن دەچمە دەرێ. لای خانەوادە و براکانت پرسیار بکەم بزانم وەزع چۆنە. بتوانی بێیە دەرێ، ئەوە بوو چوو بوو تەحقیقی کردبوو. هات و کوتی هیچ کەس لێی نەپرسیوی. دەفعەیەک حەوزە هاتۆتە سۆراخی. کوتوومانە لە تارانێیە. دەخوێنێ. ئەوە بوو ئەوێ ڕۆژێ پاش نەهارێ چوومەوە ماڵی خۆمان. پێش ئەوەی بنێرم ئەو مەجەلە و شتەکان بهێنەوە. وام بە باش زانی بچم سەرێکی لە بازاری بگەڕێم. هاتمە بازاری گەڕام لە بەر دوکانێ دانیشتم تەسادوفەن **برایمی ئاژان** بە وێدا هاتوو **برایمە ڕەش** مەشهور بوو لە ئیتلاعاتی شارەبانی کاری دەکرد. چاوی بە من کەوت و کوتی یاڵا قوربان دیار نەبووی کوتم دیارم هەمیشە لێرەم ، کوتی وەڵاهی ڕەنگ و ڕووت لەوەی دەچێ لە بەر تاو و ئەوانە سووتاندبێ، لەوەی دەچێ لە بەر تاوێ بووبێ. لە سەفەر و مەفەران بووی. کوتم ناوەڵا کوهنەوردی دەکەم. بۆیە لەوێ حەمامی ئافتابم گرتووە. دیار بوو مەسەلەیەک نەبوو چەند ڕۆژێکی پاشان **کاکە مینەم** نارد کە بچێتە ماڵی سەید کامیل و ئەو مەدارک و ئیعلامیە و نەشریاتانە بێنێتەوە. قەرارمان دانابوو لە گەڵ سەید کامیل کە لە کورتانی کەرێدا جاسازی بکرێ و کورتانەکەش ئاوا یەک دوو بەستە و بوخچە و ئەوانەی لە سەر دابندرێ.یا تورەکەی کا و شت بۆ ڕەد ون کردن. کاکە مینە چوو دوو ڕۆژی پێچوو، گەراوە هاتەوە و ئێعلامیەکانمان هێناوە و قەرارمان دا، لە کۆبوونەوەیەکیدا کە کردمان هەر ئەو ئەفرادانە، فەقەت **محەمەدی شاپەسەندی** نەهاتەوە لە گەڵم، لەوێ ماوە، دوای ڕێگای خۆی داگرت چووە بەغدا و ئێستاش هەر لە بەغدایە و ژنی هێناوە و منداڵی هەیە و زندەگییە دەکات. لە سیاسەت کەنار رۆیشت.

## بڵاوکردنەوەی ڕێگا و هێرشی روکنی ٢ ی ئەرەتش بۆ گرتنی خەڵک لە شارەکانی سابڵاخ و بۆکان و میاندواو

کۆبوونەوەمان کرد و قەرارمان دا لە پێشدا مەجەلەکان پەخش کەین. بۆ ئەوەی پۆلیس هوشیار نەبێتەوە، چوون مەجەلە دەست بە دەست دەڕوات. ڕاحەتتر پەخش دەکرێ. بەڵام ئێعلامیە دەبێ لە کوچە و کۆڵانان پەخش بکرێ. لە ماڵان بهاوێژرێ. قەرارمان دا ئەشخاسێک لە مزگەوتەکانی شاری بەیانی بە بەهانەی نوێژێ بچن لە وێ بڵاوی کەنەوە، بەخشێکی لە بەعزە ماڵێکی باوێن. کە سەوابقێکی نەبێ. بەو شێوەیە بڵاو بێتەوە. و هێندێکیش لە نێو بازاری **مەیدانی ئاردی، مەیدانی مەنگوڕان،** کە شوێنی جەمعیەتە بەیانان خەڵک زوو دەچن لەوێ بڵاو بکرێتەوە. کە بتوانێ وەسیعتر لە نێو خەڵکدا پەخش بکرێ. و بڕیارمان دا کە لەو هاواڵانە و لەو ڕەفیقانەی کە ئاشنایان هەیە لە دێهات کەڵک وەربگرن و بەعزە دێیەک نوسخەیەکی بۆ مەلای بنێرن. مەلای دێیەکەی کە سەوادی هەیە. با بە دێهاتیش بگا و وەسیعتر بڵاونێتەوە. دیارە دوایە مەعلوم بوو کە لە مەنتەقەی **شارویران** و لە **محاڵ** و لە مەنتەقەی **مەنگوڕان** لە ئەترافی **نەغەدە** بە دەست هێندێک کەس گەیشتبوو.
پاش پەخشی ئێعلامییەکەی حکومەت وریا بۆوە، بەڵام مجەلەیەک کە درابوو بە **عەزیزی یۆسفی، سەدیقی خاتەمی** دابوویە عەزیز چەند تیعدادێکی دابوویە بڵاو بکاتەوە، عەزیز ئەوانەی بڵاو کردبووە، نوسخێکی دابوو بە ڕەفیقێکی خۆی **برایمی** ...      کە ئەو دەمی جەوان بوو زۆر گەنج بوو، ئەویش بردبوویە ماڵێ. لە ماڵیان دا سەرگوردێک بە نێوی **فروتن** ڕەیسی ستاد بوو کرێ نشین بوو ئەو موتەوەجیهی ئەو مجەلەی ببوو. برایمیان لە سەر ئەو مەجەلەی گرت.
ئەویش کوتبووی ڕەفیقێکم هەیە و بۆیان لە ماڵی هاویشتووە و ئەویش بە منی داوە، کوتویەتی ئەوەیان لە ماڵێ هاویشتووە. شتێکی دیکە نازانم. دیارە زیاتر لەوەشی ئیتڵاع نەبوو لەو ڕابیتەدا عەزیزی یۆسفی گیرا. بردیانە سەربازخانە مودەتی سێ مانگان لە سەربازخانە بوو، سوئالیان لێکردبوو ئەویش هەر تەقریبەن شتێکی نزیک بەوەی کوتبوو کە بۆیان لە ماڵێ هاویشتووە،برایمیش ڕەفیقم بوو پێنیشانم داوە. قسەکانیان هەماهەنگی هەبووە برایمیان بەردا چوون منداڵ بوو بەڵام عەزیزیان ڕاگرت. لە سەر ئەو ئیعلامیە یۆرشێکی سەرتاسەریان هێنا. بلاخرە دەبوو ئیقداماتێک بکات چوون ڕەدیان نەدیتۆتەوە، هیچ مەسەلەیەکیان وەدەست نەکەوتبوو. یۆرشێکی سەرتاسەریان هێنا کە نیشان بدەن ئیقداماتیان کردووە، لە لایەکییەوە، لە لایەکی دیکەوە دووکانێکی باش بوو بۆ پول دەرهێنان. سەرکیسەکردنی خەڵک، شایەد نزیکەی ٣٠٠کەسیان لە **میاندواو** و **بۆکان و مەهاباد** و دەورو بەر گرت.
لەو بازجوویانەی کە کرا لە حەقیقەتدا ئەو دەم شکەنجە نەبوو ئەڵبەتە لێدان و تێهەڵدان و زلە لێدان کەمێک هەبوو، شتێک نەبوو کە کەس بترسێنێ. شتەکەش وا بەدیقەت بڵاو کرابووە. کەس هەستی نەدەکرد کە کێیە. ئەمنیشیان وەک سیاهی لەشکر گرت. بێ ئەوەی بزانن ، چۆنیان ئەمن گرت بە چ حیسابێک، بە سابیقەی ئەوەی کە من لە شورەوی بووم، دەورێکی وسابقەیەکم هەیە لە سازمانی جەوانان و کۆمەڵەی ژک و حیزبی دێموکرات. ئەشخاسی جوربەجوریان گرتبوو کە ئەسڵەن دە فەعالیەتدا نەبوون. لە نێو ئەوانەی کە فەعال بوون تەنیا کەس کە گیرا ئەمن بووم، **سەدیق خاتەمی** بوو و

**عەزیزی یۆسفی** بوو.ئەڵبەتە عەزیزی یۆسفی لە حاشیە بوو، سەدیقی خاتەمی لە گەڵ مە بوو. جوزوی هەستەی شار بوو. مونتەها عەزیز وەک عوزوێک لە ئیرتبات لە گەڵ سەدیقی خاتەمیدا بوو. بەقیە کە گیران هیچیان جوزوی ئەو حەرەکەتە نەبوون. بەڵام هەر یەک سابقەی زەمانی دێموکراتیان هەبوو یان، بە دەلایلێک گرتبوویانن.

دادگای ئەوەڵ بە سێ ساڵ مەحکوم بووم. لە مەهاباد وەختێک گەیشتینە دادگا لە حەقیقەت تێعدادێکی مەعدود مابوونەوە، بەقیەیان هەموو بە ڕشوە و پوڵ و سەرکیسە کردن و دەستبڕین و ئەوانە، ئازاد کردبوون، هەر بۆ ئەوەشیان گرتبوون کە بتوانن پوڵ و پەڵەیەکیان لێ بەدەست بێنن. مەئمورینی روکنی دوو پوڵێکی چاکیشیان خوارد، لەو ڕابیتەیدا. ئەوەی کە مانەوە مەحکووم بوون **مستەفا سوڵتانیان** بوو، **جەعفەری کەریمی** بوو، کە ئەوانە سابقەی دێموکراتیان بوو. بە زیندان مەحکووم بوون. **میرزا مستەفا** لە دادگای ئەوەڵ سێ ساڵیان دایە. لە دادگای دووەم تەجدیدی نەزەر کە لە ڕەزاییەرا هاتبوون، بە سەرپەرشتی **ئەمیر دیوانی** لەوێ سێ ساڵەکەیان تەئید کردەوە و هەستا ئیعترازی کرد کوتی ئەمنتان بۆ گرتووە، ئەمن چم کردووە، چ گوناحێکم کردووە، هاواری کرد ڕییسی دادگا تووڕە بوو کوتی دانیشە بۆ هەرا هەرایە دەکەی؟ مونشی بیکوژێنەوە، بۆی بکە دوو ساڵ. یانی گوایە چوو بوون شەوریان کردبوو ئەرزیابیان کردبوو، پەروەندەکەیان خوێندۆتەوە. گوایە گەیشتوونەتە ئەو خاڵەی کە ئەوە مجازاتەکەی سێ ساڵ دەبێ ببێت.  وەختێکی دەڵێ بیکوژێنەوە بیکە بە دوو ساڵ مەعلومە گۆترەیی بوو، لە ڕووی هیچ ئوسول و پرنسیبێک دادگاوە نەبوو چوون هیچ بەڵگەیەکیان پێ نەبوو.

عەزیز یۆسفی بە چوار ساڵ مەحکوم بوو، سەدیق خاتەمی بە چوار ساڵ مەحکوم بوو. **حەسەنی مفتی** بە 6 ساڵ مەحکوم بوو، ئەڵبەتە حەسەنی مفتی کتێبی کورد و حەقیان لێ گرتبوو بە زمانی فەرانسە، لە پاریس ڕا بۆیان ناردبوو. ئەو دەم سانسۆر لە کوردستان هەڵنەگیرابوو یانی سانسور هەمیشە هەبوو، ئەو کتێبە کە لە فەرانسە ڕا هاتبوو، دەیکەنەوە کتێبەکەی سانسۆر دەکەن تەماشا دەکەن  بە زمانی فەرانسەیە "کورد و حەقە" و کتێبەکە دەچەسبێنەوە و وەک خۆی لێ دەکەن و بۆی دەنێرن و بیلافاسیلە پاش ماوەیەک دەچن دەیگرن، حەسەن لە هیچ خەتێکدا نەبوو ئیرتباتی لە گەڵ ئێمەش نەبوو. فەقەت لە سەر ئەو کتێبە گرتیان. نزیک چوار ساڵی کێشا دوو ساڵیان سەرفی نەزەر کرد. دوایە کە لە زیندان هاتە دەرێ ئیدی وەدوای سیاسەت نەکەوت. سەدیق خاتەمی ٤ ساڵەکەی کێشا عەزیز یۆسفی ٤ ساڵەکەی کێشا **جەعفەر ئاغا** دوو ساڵی کێشا میرزا مستەفا دوو ساڵی کێشا **سەید پیرە** تەبعید کرا بۆ **بەندەر عەبباس** ، **عەبدوڵای نەهری** تەبعید کرا بۆ **خورەم ئاباد** ، ئەو لە سەر سەوابقی دایکی نیشتمان گیرا. سەید پیرە لە بەر ئەوەی دێموکرات بوو و ڕەیسی شارەبانی دێموکرات بوو. هەموو سەمپات بوون شایەد ٩٩و نیو دەرسەد هەموو سەمپات بوون بەڵام دەلیل و مەدرەک نەبوو. بەسرفی سەوابق گرتبوویان.
تەبیعدەکەی وا بوو ناردیانن خۆیان بچنە تەبعید، نەک مەئمور بیانبات، چوون بۆ خۆیان دەیانزانی بە خۆڕایی تەبعیدیان کردوون. ئەوە بوو زەختیشیان لە سەر دانەنان. ئەوان خود تەبعید بوون. دیارە جێگاکەیان بۆ دیاری کرابوو، بەندەر عەبباس یا خورەم ئاباد عەبدوڵای نەهری ڕۆیی بۆ خورەم ئاباد. **سەید محەمەد ئیسحاقی** ئەویش بە سیرفی ئەوەی دێموکراتی بوو، تەبعید کرا بۆ بەندەر عەبباس. بەڵام نەچوون ، چوونە نێو مەنگوڕان ماوەیەکی شایەد ساڵێک ساڵ و نیوێک چوونە ناو مەنگوڕان. زیندەگیان دەکرد کار و کاسبیان دەکرد. لە زەمانی **موسەدیقیدا** بە تەدریج گەڕانەوە.

پەروەندەکەی ئێمە موسادف بوو لە گەڵ تیرئەندازی بە شا، ئێستا دادگا تەشکیل نەببوو ئێمە گیرابووین بەڵام ئەو گرتنەی ئێمە ماوەیەک پاشان **ناسر فەخرئارایی** کە تیر ئەندازی کرد بە شای و بە عیلەتی ئەو تیرئەندازیە بوو **حیزبی تودەیان** غیرقانونی ئیعلام کرد. ڕەهبەرانی حیزبی تودەیان دەستگیر کرد لە زیندانیان کردن. پاشان بە وەسیلەی یەک دوو ئەفسەری وابەستە بە خۆیان لە زیندان هەڵاتن. فەراری دران و هاتنە خارج، هەمزەمانی ئەو پەروەندەی ئێمە لە گەڵ ئەو حادسەیە سەبەب بوو پەروەندەکەی ئێمە قورستر بێ. وەزعی ئێمە سەنگینتر بێ. بەڵام ئەمن بە عیلەتی فقدانی هیچ گونە دەلیل و مەدرەکێک یەک  و دوو بە عیلەتی **سەرهەنگ دیوانی** لە گەڵ **میرزا ڕەحمەتی شافعی** ، کە میرزا ڕەحمەتی شافعی ئەو دەمی هەم پیاوێکی ماقوڵی سابڵاخێ بوو، ئاشنایەتی لە گەڵ ئەمیر دیوانی هەبوو، ئەوەش کۆمەکی کرد بۆ ئەوەی ئەمن ئازاد بم لە زیندانێ. دیارە ناوی میرزا ڕەحمەتم بۆ یە هێنا قەدری ئەو ئینسانانەی کە هەر کەس لە مەقتەعێکی مبارزەدا یاریدەی پیاوی دەدا. ئینسان چاکەکەی فەرامۆش نەکات. وەلی ئەساسی مەتڵەب ئەوە بوو کە هیچ گونە مەدرەکێک لە من بە دەستەوە نەبوو. هیچ ئیقرارێک لە پەروەندەدا نەبوو. کەسێک و هیچ ڕەفیقێک ناوی منی نەگوتبوو. ئەوە بوو تەبرەئە بووم بەڵام یەکراست تەحویلی سەربازخانەیان دام. لە سەربازخانەی مەهابادێ بووم لە سەردەشتێ بووم. پاشان لە سەردەشت دەستگیر بووم. بە ئیتهامی ئیرتبات با عەشایر گوزارشاتێکی کە دژبانی ئی سەردەشتێ کە ڕەییسی دیژبان **سەروان ڕەنجبەر بوو کرماشانی** بوو دابووی. و مەرزبانی **سەردەشتێ**. ئەمنیان دەستگیر کرد هێنایانمەوە **مەهابادێ** ماوەیەک لە زیندانی سەربازخانەی مەهابادێ دابووم. تەبعیدیان کردم بۆ **تەورێز** ماوەیەک لە زیندانی دژبانی تەورێز بووم لەوێش ڕا مونتەقلیان کردم بۆ زیندانی ورمێ. لە زیندانی ورمێ ، لە حەقیقەتدا نزیک بە ساڵێک دەورەی سەربازییەکەم لە زینداندابووم. هەر لە زیندانیش بەرگەی خاتمە خدمەتیان بۆ هێنام و خارجیان کردم لە زیندان.

**دەستپێكردنەوەی كاری حیزبی دێموكرات**

ئەڵبەتە قەبل ئەز ئەوەی بچمە زیندانێ، **قادری مەحموود زادە** دە گەڵ **عەزیزی فەرهادی** قەراریان دابوو، كە برۆن بۆ شوورەوی ، هاتن دە گەڵ من مەترەحیان كرد. گەرچی من موافقەتم نەكرد كوتم مبارزە باشترە، هەتا چوون بۆ شوورەوی. ئیمە لە شوورەوی بووین هاتووینەوە ئێرە. ئەی بۆ هاتووینەوە؟ مابایەنەوە لەوێ، ئێستا لە بەر چی دەچینەوە؟ ئەمن موخالفەتم كرد بەڵام ئەوان رۆیشتنە شوورەوی. **قادری مەحموودزادە** لەوێ ماوە رشتەی دوكتوری خوێند ئێستاش گەراوەتەوە، لە زەمانی 57 گەراوە ئێرانێ . ماوەیەكی لە ئێراق بوو لە هەولێرێ، تەبابەتی دەكرد. پاشان گەڕاوە شوورەوی. **عەزیز فەرهادی** لە باكۆیە مەعلوم نەبوو بە چ عیلەتێك خۆی لە دار دا، خۆی كوشت.
ئەمن كە لە سەربازخانەی هاتمە دەرێ. مبارزە ئیدامەی هەبوو. دیار بوو لە سەربازیش ئەو دەمەی ئازاد بووم. ئیرتباتم هەبوو. لە سەردەشتێ لە گەڵ كۆمیتەی **سەردەشت**. لە **مەهابادێ** لە گەڵ كۆمیتەی ئیرتباتم هەبوو. مبارزە ئیدامەی پەیدا كرد تا ئەو وەختەی كە مەسائیلی خەلعی یەد لە نەفتی ئێران مەترەح بوو. كە لە خەلعی یەد دا، مبارزەی ئێمە لە شێوەی مەخفی هاتە دەرێ. جەنبەی عەلەنی بە خۆی گرت. ئەمە[ئێمە] لە مەسەلەی میللی شودەنی نەفتی ئیستفادەمان كرد و مبارزەی عەلەنی و مەخفیمان بە یەكەوە تەلفیق كرد، كە دیارە ئەگەر وەختێكی دیكە بوو لە سەری باس دەكەین و ئیدامە دەدەین.

**كۆمیتەی سابڵاخ یان كۆمیتەی حیزبی دێموكراتی كوردستان؟**

**برایم فەرشی**      باستان كرد كە دوای ئەوەی گەرانەوە بۆ ئێران مەجەلەی رێگاتان هێنا و دوای ئەوە گیران ، لەو مودەتەوە هەتا ئەو دەمە كە ئێوە لە زیندان هاتنە دەرێ، حیزبی دێموكرات چی دەكرد. چ كەسانێك ڕابەریان دەكرد؟

**غەنی بلوریان**     پاش گرتنی من حیزبی دێموكرات بە مبارزەی خۆی ئیدامەی دابوو. ئەو دەمی كۆمیتەكە لە سەر كار مابۆوە. **رەحیمی سوڵتانیان، كەریم وەیسی، رەحیمی خەرازی، عەبدوڵای ئیسحاقی** بوون، عەزیز گیرابوو. ئەڵبەتە عەزیز لە كۆمیتەی دانەبوو. عەزیز پاش ئەوەی لە زیندان هاتە دەرێ هاتە كۆمیتە. ئەوندە نەفەرە بووین. ئەمن ئەو مودەتە كە لە سەربازی بووم. هەر جزووی كۆمیتە بووم. لە سەردەشتێش كارم دەكرد. بەڵام لە **سەردەشت** كۆمیتە هەبوو لە **سەقز** كۆمیتە هەبوو. لە شارەكان و لە دێهات كۆمیتە هەبوو. هەستە{شانە} هەبوو. هەر كەس كاری خۆی دەكرد.
بەڵام لە مەهابادێ ئیدارەی كۆمیتەی ئەسڵی **عەبڵای ئیسحاقی ، رەحیم سوڵتانیان، كەریم وەیسی، رەحیمی خەرازی، عەزیزی حیسامی** بوو، ببەخشە. **عەزیزی حیسامیش** عوزووی كۆمیتە بوو. ئەوانە هەڵسوڕێنەری ئەو جەریانە بوون. ساڵی ٢٢[دەبێ مەبەستی مامە غەنی ساڵی ١٣٢٩ بێ]كە من هاتمە دەرێ دیسان دەستمان پێ كردەوە. مبارزەمان ئیدامە دا، جەریانی شیركەتی میللی شودەنی سەنعەتی نەفت ، ئەمن لە كۆمیتەی دابووم و ئەوانەش عوزووی كۆمیتە بوون. بەڵام ئەو دەم ماوەیەك بوو **ڕەحیمی خەرازی** كەنار ڕۆیبوو. بەڵام ئەوانی دیكە مابوونەوە.

---

**برایم فەرشی**      دوای ئەوەی ئێوە چوون بۆ عێراق و گەڕانەوە مەجەلەی رێگاتان بڵاوكردەوە، دیسان گیران، پرسیارێك دیتە پێش، ئەویش ئەوەیە ئەو سەردەمە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموكرات لە كوردستان كێ بوون، دوایە ئەو بەشەی لە سابڵاخ سەرپەرشتی حیزبیان دەكرد لە گەڵ ئەو بەشەی لە دەروە بوون، كە ئێوە باستان كرد مامۆستا مەلا **حەسەنی قزڵجی** و **زەبیحی** و **سەمەدی** بوون ، ئەوانە چ ئیرتباتێكیان لە گەڵ یەك هەبوو، هەروەها باسەكە ئەوەیە كە حیزب تەنیا لە نێو سابڵاخ باس كراوە، شارەكانی دیكە یاخود كوردستان بە عام وەك حیزبی دێموكرات چۆناو چۆن بووە؟ حیزبی دێموكرات لە شارەكانی دیكەی كوردستان چۆن فەعالیەتی كردووە. پرسیارەكە ئەوەیە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، كە حیزبی كوردستانی ئێران بووە، ئەو سەردەمە لە ساڵی **ساڵی ١٣٢٦**ەوە هەتا ساڵی **ساڵی ١٣٢٩** وەزعیەتی سیاسی و تەشكیلاتی چۆناوچۆن بووە؟

**ساخكردنەوەی حیزبی دێموكرات لە ساڵی ١٣٢٦**

**غەنی بلوریان**     ساڵی ٢٦ وەختێك ئەو هەستەیە زیندوو كرایەوە یانی حیزب زیندوو كراوە، تەنها كەسیك لەو جەریانەدا شیركەتیان كرد، ئەشخاسی قەدیمی حیزبی دێموكرات ئەوەی كە دەڵێم قەدیمی بە عینوانی عوزوی حیزبی دێموكرات كە لە گەڵ حیزبی دێموكراتیش هاوكاریان كردوە، وەكووئەمن، وەكوو **محەمەدی شاپەسەندی**، ئەو دووە ئەسەڵ بوون. یانی ئەمە[ئێمە] سازمانی جەوانانمان دروست كرد، پاشان سازمانی جەوانانی ژ.ك مان دروست كرد و بووین بە عوزوی حیزبی دێموكرات. ئەو **محەمەدی شاپەسەندیش** عەینی لە گەڵ كۆمەڵەی ژ،.ك ئیرتباتی هەبووە، كە مەسئولی چاپخانەی بووە، چاپخانەی ئیدارە كردوە. یەكێك لە كادرەكانی كۆمەڵەی ژ.ك بووە. عوزوی حیزبی دێموكرات

بووە. پاش شکستی حکومەتی میللی و حیزبی دێموکراتی زەمانی قازی محەمەد، ئەو دووە، عونسرەی ئەساسی بووین، ئەمن و **شاپەسەندی** کە لە گوزەشتەی ڕا سەوابقێکمان هەیە، هاتووین ئەز و ئەو ڕشتەی ئەسڵی حیزبی دێموکرات بووین، کە ئەشخاسی جەدیدشمان لە گەڵ خۆمان هێناوە کە یەکیان **قادری مەحمودزادە** بوو، کە لە سازمانی جەوانانی کورد ئیخراج کرا، کە سوحبەتمان کرد، نەهات بۆ نمایشەکەی دایکی نیشتمان، لە مەنتەقەی شنۆ و نەغەدە.

ئەمما دەو مەقتەعەی دا کە لە **شوورەوی** گەڕاینەوە، هاتینەوە، **قادری مەحمووود زادە** دیسان قائیدەی فەعالییەت بووە. لە تەئسیسی حیزبی دێموکراتدا شیرکەتی کرد. فەعالیش شیرکەتی دەکرد. **عەزیزی فەرهادی** شیرکەتی کردووە. **سەدیقی خاتەمی** شیرکەتی کردووە. ئەوانە ئەسڵی دامەزرێنەرانی پاشانی حیزبی دێموکرات بوون، لە ساڵی ١٣٢٦. کە ئوستخانبەندییەکە ئەو دوو کەسەن. ئەڵبەتە **سەدیقی خاتەمیش** یەکێک لە قەدیمی ترین ئەعزای حیزب بووە.

پاش ئەوەی ئەو جەریانەی هاتە پێشێ، بچین ئیعلامیەی بدین، چووینە عێراق و هاتینەوە، ئەمن کە هاتمەوە سەرپەرستی ئیدارەی ئوموروری کارەکان لە مەنتەقەدا ، ئەو دوو نەفەرە خارج بوون **محەمەدی شاپەسەندی** لە گەڵ من نەگەڕاوە ئەمن کە هاتمەوە **محەمەد شاپەساندی** لەوێ ماوە، دوایە لەوێ ڕا چوو بۆ بەغدا لە بەغدایە ماوە، کەنار ڕۆیی. ئەمە ئێرتباتمان لە گەڵ ئەو سێ نەفەرەی دیکە **زەبیحی** تەقریبەن لە سەر ئەو نەشرییەی کە قەرار بوو چاپی بکەین بۆ **شێخ لەتیفی**، ئیختلافی لە گەڵ مە پەیدا کرد ئەو کەنار ما، دوو نەفەرەکەی دیکە مانەوە **قزلجی** و **سەمەدی**. بەڵام بە داخەوە هیچگونە ئێرتباتیان لە گەڵ ئێمە نەگرتەوە، و سەرنویشتی ئەو چاپخانەیە مەعلوم نەبوو چی لێهات. ئەمە وەدوای ئەو چاپخانە نەکەتینەوە. هەر بۆ ئەو ئیعلامیە ئیستفادەمان لەو چاپخانەیە کرد.

پاشانەکانێ من لە زیندانێدا کەوتبووم ، کە هاتمە دەرێ لە زیندانێ **قادر مەحمووودزادە** نەگیرابوو ئەو سەر ڕشتەی کارەکەی هەر لە دەست دابوو. **عەزیزی فەرهادی** نە گیرابوو هەر مابۆوە، بەڵام **سەدیق خاتەمی** گیرابوو چوار ساڵ مەحکوم کرابوو. ئەمن زوو هاتمەوە دەرێ، بەشداریم کردەوە لە نێو ئەو هەستە سێ نەفەرییەکە کە ماینەوە. **عەزیزی یۆسفی** لە زیندانێ دابوو عوزوێکی نزیکی ئەو هەستەیە بوو. بەڵام لە هەستەدا نەبوو، پاش چوار ساڵەکەی کە هاتە دەرێ بوو بە عوزووی هەستە، کە ئینتخاب کراو ئەڵبەتە ئەو ئینتخاب کردنە، کۆمیتە بۆ خۆی لە سەرێ ڕا خەڵکی هەڵدەبژارد. قولاب کەشی دەکرد. ئینتخابات و سوننەتێکی ئینتخابات نەبوو. دەرحەقیقەت سانترالیسم بە مەعنای کەلیمە بوو. وەڵی سانترالیسمەکە نەک ئەو سانترالیسمە کوێرە بێ، هەر کەس نەفەسی کێشا لێیدەی. ئەو ڕووحی دێموکراتیکی کە لە نێو کوردەکاندا هەیە لە نێو کورداندا ئەو روحیە هەمیشە هەیە. ڕووحێکی دێموکرات هەیە. ئەو جەوهەرە لە دەروونی حیزبی دێموکراتی ئێمەشدا هەبوو. یانی حەقمان دەدا بەوەی خەڵک نەزەر بدات. ئەمە کۆمیتەین، بەڵام گاهێک دەبوو بچین لە سەر مەسائیل دێهقانان دەچووین لە گەڵ خاتەمی کە مەسئولی کۆمیتەی دێهقانان بوو مەشوەرەتمان دەکرد. کە پێوەندی لە گەڵ سازمانهای دێهقانی هەبوو کە بە بێ مەشوەرتی ئەوان کارێکمان نەدەکرد.

لە ساڵی ٢٧کە گەڕاینەوە لە زیندانێ، هاتینە دەرێ دیسان ئیدامەمان داوە بە موبارزە ئەو جارە کەسانێک لە کۆمیتەی ئیزافە کران ، **ڕەحیمی سولتانیان** هاتە گۆڕێ، **کەریمی وەیسی** هاتە گۆڕێ، **ڕەحیمی خەڕازی** هاتە گۆڕێ. **عەزیزی حیسامی** هاتە گۆڕێ، **عەبڵای ئیسحاقی** هاتە گۆڕێ. ئەوانە هاتن تێکەڵاوی ئەو جەریانە بوون. ئەو جەریانە پاش ساڵی ٢٩ دوو نەفەری لێ خارج بوو، یەکیان **قادری مەحمودزادە** و ئەوی دی **عەزیزی فەرهادی** بوو. کە ڕۆیشتن بۆ شووری. **سەدیق خاتەمی** تا ساڵی ٢٩ لە زیندانێ دابوو. ئەوەی کە تازە هاتنە مەیدانێ ئەو چەند نەفەرە بوون کە تازە نێوم بردن. دە گەڵ من دەستمان کردنەوە بە کار.

هەر ئەو دەمی کە قودرەتمان هەبوو خەڵک پشتیوانی لێدەکردین ئەو دەم شایەد عوزوی حیزب لە سابڵاخێدا مەجموعەن ١٥٠ کەس دەبوون. بەقیە خەڵک هەموو هەواداری حیزب بوون. هەموو خۆیان بە حیزبی دەزانی. وە جالب ئەوە بوو ئەمە بە عینوانی پەیک لەو خەڵکی عادی ئیستفادەمان دەکرد. خەڵکێک کە شناختێکی نیسبیمان لێی هەبوو. کە ئینسانێکی سالمە. نامەمان دەدایە، ڕۆژنامەمان دەدایە، دەیبردە سەردەشتێ. دەیبرد دەیگەیاند ڕەسیدی دەهێناوە و دەهاتەوە. ئەوە بۆخۆی پەدەیدەیەکی جالب بوو. کە بدونە ئەوەی ئێمە خەرجێکمان بێ، پەیکی بنێرین. لە خەڵکی ئیستفادەمان دەکرد. لەو ئێترباتانەدا.

ئێمە ئێرتباتمان لە گەڵ نەغەدەی هەبوو. لە نەغەدەی کۆمیتە هەبوو. دیارە ئەمن ناتوانم چوون قەت ئامارمان نەدەگرت. نێوی ئەشخاس بێنیین. **سەعدە** مەسەلەن، عەزوی کۆمیتە بوو. ئەمن ئەوەم وەبیر دێت کە ئێرتباتمان لە گەڵی هەبوو. لە پیرانشاری هەمانبوو. لە سەردەشتێ کۆمیتەمان هەبوو. لە سەقزی کۆمیتەمان هەبوو **کاکە نەسە** و ئەوانە بوون، لە سنە **ڕەحمەتی شەریعەتی** و جەماعەتی **قوسەیری** و ئەشخاسی دیکە بوون. ئەوە ئی سنەیی بوو، کە سنەمان وەرگرتەوە، ئەڵبەتە سنە پاش ساڵی ٣٠ مولحەق بوو بەمە.

**ئەسناف و حیزبێ دێموکرات**

مبارزەی مە لە نێو خەڵکدا هەبوو. ئەو دەمە ئەمە ئەسنافمان تەشیکل دابوو. سنفی سەرإجمان هەبوو، زین دروومان هەبوو، سنفی کەوش فرۆشمان هەبوو، سنفی قەنادیان هەبوو. ئەسنافمان شکل دابوو. لە تەریقی ئەسنافەکانەوە عەمەلمان دەکرد.
لە دێهاتیشدا ئیرتباتاتمان لە گەڵ دێهات هەبوو ئەوانەی کە سابیقەن خۆیان بە دێموکرات دەزانی ئەوانە هەستەکانیان ژیاندبووە. هەر ئەو **سەید کامیل** لە مەنتەقەی گەردیگلان شاعیرێک بوو، شێخێک بوو، سەییدێک بوو، ئینسانێکی ڕوحانی بوو لەویّ تێکەڵ ئێمە بوو، مەسئولیەتی مەنتەقەی لە عودەی ئەو بوو. وە نمونەهای ئاوا. ناتوانین موشەخەساتی ئەفراد بڵێین کە کێ بوون مەسەلەن بۆ ئەوەی ئەمە لە دێهاتیدا بتوانین نفوز بکەین.

**سەرەک عەشیرەکان و حیزبی دێموکرات**

موتالعەمان دەکرد لە سەر ئەوەی کە تیرەکان لە نێو عەشیرەی مەنگوردا تیرەکانیان کێن ، سەرپەرستی ئەو تیرانە کێن. سەرپەرەستی تیرەکەمان گرتبا تەواوی ئەفرادی تیرەی دەگەڵ مە بوو. مەسەلەن لە تایفەی **شەمێ** یەکێکمان گرتبا لە سەرەوە، لە تایفەی **برۆتی** نێو مەنگوران، ئاغاما ن گرتبان، تیرەکانی لە نێو روستاییەکاندا[ لە گەڵمان ]دەبوون.
یا ئەشخاسی وەکوو **ئەمەر پاشای جەنگەڵێ**. کە سابق سارق موسەلەح بووە زەمانی ڕەزاخانی. ڕەزا شای. ئەو شەخسە لە نێو خەڵکی دا حورمەتی هەبوو. بە عیلەتی ئەوەی کە سارق موسەلەحێک بوو. سارق موسلەح لە نێو کوردەواری زەمانی ڕەزاشای، بە ئینسانێکیان نەدەگوت، ئینسانێکی خراپ بێ، ئەو سارق موسەلەحانەی کە دە عورفی فەرهەنگی فارسیدا هەیە لە نێو عورفی کوردستانیدا سارق موسەلەح بەو مانایە نەبوو. هەمان گونە کە قاچاخچیش ئەو مەعنایەی نەبوو.

**"سارق موسەلەح" ، " قاچاخچی" و مەسەلەی نەتەوایەتی**

لە کوردستانی ئەو دەمی ئێمە[دا] قاچاخچی هیرۆئین و تریاک نەبوو، عناسرێک بوون ماڵ ولتجارەیان وارید دەکرد و ئەوانە ئیرتباتاتی حیزبیشیان بەرقەرار دەکرد. نەشریاتی کە لە عێراقەوە دەهات بە وەسیلەی ئەو قاچاخچیانەوە دەهات. **حوسێن زێرینگەران، حسین فروهەر** بۆ خۆی یەکێک لەو قاچاخچیانە بوو، کە بۆ خۆی یەکێک لە موئسیسینی کۆمەڵەی ژ.ک بوو و تەفەکوری مەسەلەی میللی لە عێراقێ دەرک کرد، لە قاچاخچیگەریدا. ئەو ئەفکارەی هێناوە لە لە سابڵاخێ عیدەیەکی لە خۆی کۆ کردەوە. کۆمەلەی ژ. ک یان تەشکیل کرد. **حەمەدی مەولودی** یەکێک لەو قاچاخچیانە بوو.

بەنابەرین قاچاخچی بەو مەفهومی نەبوو. قاچاخچی لە بازاڕی مەهابادێ ئیعتباریان هەبوو. قاچاخچی لە مەرزی عێراقێ ڕا هەتا واریدی پیرانشار دەبوون، واریدی مەهابادێ دەبوون، دەو مەسیرەیدا دە دوازدە ماڵیان دەژاند. بێجگە لە شاری، ئەسپیان دەنارد ماڵوتجارەیان موتەفەرق دەکرد. لە ماڵی موختەلف لە دێی موختەلف پەخشیان دەکرد بۆ ئەوەی گمرگ نەیانگرێ. ژاندارمەری بیانگرێ. دەهاتنەوە مەهابادێ ٧،٦ ڕۆژان لە مەهابادێ دەبوون، خۆیان بە مەئمورەکان نیشان دەدا و لە بازاڕی دەگەڕان و شەوانە بە قاچاخ دەیاننارد، بۆ خۆیان نەدەچوون ، دەستیان هەبوو، ئەو دەستانەیان دەنارد ئەو ماڵوتجارەیان دێناوە، واریدی شاریان دەکرد.
بەنابرئین قاچاخچی تاجرێک بوون کە ماڵ و جنسی غەیر گومرگیان لە عێراقێ واریدی ئێرانێ دەکرد و دەیانفرۆشت بە قیمەتێک هەر قاچاخچی حەدەی ئەقل لە دەورەی ٩،٨ دە ماڵ، لە دەوریان زیندگی دەکرد.
سارق موسەلەحیش لە نێو کوردستانیدا، لە عورفی کوردستانیدا ئەوە بووە، سارق موسەلەح چوونکو لە گەڵ ژاندارمی بەشەر هاتووە چوون موخالفی حکومەتی مەرکەزی بووە، خەڵک حمایەتی لێ کردووە.
**ئەمەرپاشای** سارق موسەلەح یان **حەمەتاڵی** مەشهور، یان **مام ڕۆستەمی** مەشهور کە ئەوانە سارق موسەلەح بوون. ئەوانە لە زەمانی **ڕەزا شا** سارق موسەلەح بوون لە سۆسنایەتی و ناو مەنگوڕان. و گەورکایەتی ئەترافی سەردەشت ئەوانە نفوزیان هەبوو لە نێو جەنگەڵێدا. دێهقانان کۆمەکیان پێدەکردن. چاویان بوون، ئێتلاعاتیان پێ دەکوتن. ژاندارم هاتبان خەبەریان پێدەدان. ئەوانە دەگەڵ خەڵک خراپەیان نەدەکرد. خەڵکیان ڕووت نەدەکرد، ئەوان ڕێگایان بە ژاندارمەری دەگرت نەیاندەهێشت ژاندارم ئەمنیەتی هەبێ لە مەنتەقەیدا. جلوگیریان دەکرد.
ئەو سارق موسەلەحانە تەفەکوری ناسیۆنالیستی و ڕووحی میلیان هەبوو، بەڵام بەو شکڵەی عەرزی ئەندامی دەکرد. ڕووحی میلییە. بەو عیلەتەش ئەو سارق موسەلەحانە وەختێک تفەنگێکیان ئەستاندایە یان ئەسپی مالکێکیان ڕفاندبایە کۆمەکیان دەکرد بەو دیهقانە فەقیرانەی کە یەتیم ماوەتەوە باب و کەس وکاری نەماوە. یەتیمەکانی ئیدارە دەکرد، یا **"عەشە هی مێزی"** لە ئەترافی سنەیی کە یەکێک لە سارق موسەلەحەکانی گەورەی ئەترافی سنەیی بوو. مەشهورە عەشە هە مێزی. هەشەمێز دێیەکە لە ئەترافی سنەی ئەترافی مەنتەقەی بەینی سنە و مەریوان، ئەو شەخسە ئیسانێک بوو ١٤،١٥ ساڵان سارق موسەلەح بوو. زەمانی **ڕەزاشا** سارق موسەلەح بوو زەمانی **محمد ڕەزاشا**ش سارق موسەلەح بوو. کابرایەکی بە حورمەت و ساحەب ئیحترام بوو. ئەمە ئیستفادەمان لەوانە دەکرد. ئەوانە لە نێو روستاییاندا نفوزیان هەبوو. نفوزی کەلامیان هەبوو.

ئەمە موتەوجهی ئەو جەریانەی ببووین. دەچووین ئەو تیپە ئینسانانەمان دەگرت دەمانکردنە عوزوی حیزب، ڕەوشەنمان دەکردنەوە کە ئەمە حەرەکەتمان ئەوەیە و ئەوان زوو جەزبی مە دەبوون. لە گەڵ مە هەمکاریان دەکرد. دیهقانانمان دەعوت دەکرد بۆ ئەوەی لە گەڵ مە هەمکاری بکەن. دەچوون پرسیان بەوانە دەکرد. کە عیدەیەک هاتوون دەڵێن ئێمە دێموکراتین، ئیدامەی ڕێگای **قازی محەمەد** و ئەوانەین، هاتووین لێرە کار دەکەین کۆمەکمان پێبکەن. پرس و ڕایان پێدەکرد.
یان یەک دوو نەفەر **بەحرولعلوم میرزا قاسمی ئەحمەدی ، عەلی عەجەم** ئەوانە ئەشخاسێک بوون ئەفسەرانی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوون. لە زەمانی پێشەوەری هەڵهاتبوون. هاتبوونە مەنتەقەی کوردستان لە دێهاتان لە نێو ماڵە ئاغایان خۆیان شاردبووە، ئاغایان ئەوانەیان پەنا دابوو، بە عینوانی میرزا مابوونەوە، دەرسیان بە منداڵەکانیان کوتووە. لە کوردستان ژنیان هێناوە، کوردی فێربوون. لە محاڵی سەردەشت و مەنتەقە بڵاو بوونەوە و ئەوانە پایگایەک بوون بۆ ئێمە. ئەمە ئەوانەمان دەگرت، دیهقانان ئیحترامیان دەگرتن. هەمووش بە نێوی عەجەم نێویان دەبردن. **عەلی عەجەم ، قاسم عەجەم** ئەوانە خزمەتیان بە خەڵک دەکرد، لە گەڵ خەڵک تێکەڵاویان هەبوو. نامەیان بۆ خەڵک دەنووسی. یان پینەچیەتیان دەکرد و کەوشیان بۆ خەڵک چاک دەکردەوە. **بەحرئەلعلوم** یەکێک لەوانە بوو کە لە دێهاتی کوردستانێ لە ئەترافی سەردەشت و سوسینایەتی و گەورک و مەنگوردا دەگەڕا کەوشی بۆ خەڵک چاک دەکردەوە. بۆ ماڵی خەڵکی دەچوو پوڵیشی نەدەستاند. ئەوانە نفوزیان هەبوو لەوێدا. ئەوانەمان دەگرت دەمانکردنە عوزووی خۆمان ، دێهقانەکانی مەنتەقەمان جەزب دەکرد.

**شێوەی کار لە حیزبی دێموکراتدا**

ئێمە حەوزەمان نەبوو، کوردەکە هەموو عەلاقەمەند بوو، پۆلیسی لێ هەڵنەدەکەوت. حەتتا ئاغاکان کە لە گەڵ روکنی دوو {ئیدارەی جاسووسی و زانیاریی -ارتش-} ئیرتباتیان هەبوو، مەزاحمی ئێمە نەبوون، لەو دەورانەیدا کە ئێمە فەراری بووین. **حەمەدی کیسەڵان** یەکێک لەوانە بوو کە خۆی بە عوزووی روکنی دوو دەزانی، عەلەنەن دەیگوت ئەمن لە گەڵ روکنی دوو کار دەکەم بە بەر دێیەکەیدا رۆیشتباین و لامان نەدەبایە و لە ماڵەکەی نەهارێکمان نەخواردبا، گلەیی لێدەکردین. بە شۆخی شۆخی مەنگور بوون دەعوەتیان دەکردین، دەیانگوت وەرن بابەگیان ئەمەش ماڵین و ئاغاین و بلاخرە پیاوین لە ماڵی خۆمان ، دەچووین ٤ نەفەر ٥ نەفەر فەراری کارمان دەکرد لە دێهاتیدا، پەراکەندە بووین، هەر دەفعەی لەو جێگایانە کە میوان دەبووین ڕوومان لە ماڵی ئەو شەخسەی دەکرد. [هەرچەند] دەمانزانی لە گەڵ روکنی دوو ئیرتباتی هەیە. بەڵام لە لحازی ئیعتمادێکی کە لە لیحازی ڕووحیەوە بەو ئەشخاسانەمان دەکرد، دەچووین میهمانیشی دەبووین. پەزیرایشی لێ دەکردین. دوایە بە شۆخی دەیگوت، کاکە ئێوە برۆن حەڵالم کەن، ئەوە بۆیان دەنووسم کە فلان کەس و فلان کەس بە نێو مەنگوراندا هاتوون و ڕۆیشتون.
یا وختێکی ئەمە لە گەڵ **عەزیزی یۆسفی** دەچووینە سۆستانێ، لە سوستانێ کۆمیتەمان هەبوو دەچووینە ماڵی ئاغای سۆستانێ، بۆ سەرەخۆشی بە عیللەتی ئەوەی پەنای دەداین، **عەولاغای مەنگور** کابرا ڕەییسی ئێلی مەنگور بوو بۆخۆی سەرهەنگی ئیفتخاری بوو، فەرماندەی تیپ **موزەفەری** نامەی دەنووسی، کە ئەو ئەشخاسە، لیستی ئێمەی دەدا فەرارین دەستگیریان بکەن. ئێمە دەچووین عەینی نامەکەی پێ نیشان دەداین. کاکە ئەوە نێوی ئێنگۆیە دەستوریان داوە بتانگرین. پاشان دەمانگوت ئەگەر دەمانگرن بمانگرن، ئەمە چمان پێدەکرێ، ئەسلەحەمان پێ نییە. ئەمە بە دەستی خاڵی هاتووینەوتە، نێو خەڵکییەوە. ئەو دەیگوت نە تەنیا ئەمە ئێوە ناگرین بەڵکو ئەو دەرەجەی کە داویانە بە ئێمە، یا ئەو تفەنگەی کە **شا** داویە بە ئێمە ، ئەمە ئەوەی مەدیونی ئەنگۆین، ئەگەر ئەنگۆ وجودو نەبێ لێرە، ئەمە نەتەنیا ئەو دەرجە و ئەو تفەنگەمان نادەتێ **شا**، بەڵکو دەبێ وەک زەمانی **ڕەزاشا** کە دەورەی کلاوی پەهلەوی بوو، کە ئەمە دەهاتینە نێو شاری، ئاژانان نێفەکیان دەبرین، دەبێ دوو لینگەی لە پێ کەن. شاڵواری کوردی و بۆ لە پێدایە بە مەقەستەوە لە بەر خەیابان ڕادەوستان خشتەکی خەڵکیان دەبری. دەگەڕێینەوە سەر ئەو دەورەیە. بەو عیلەتەی ئەمە مەرهونی[مدهون] ئەنگۆین و ئەنگۆ قەدەم و سەر چاوی مەیە.
ئەانە ڕووحی میللی و دڵسۆزیان بۆ کورد هەبوو. دەیانزانی ئێمە بۆ میللەتی خۆمان کار دەکەین . بەنابەر ئین ئەو مەسایلەمان هەبوو. لە نێو کوردستانیدا، لە حەقیقەت کاری مە ئاسان بوو. بۆ نفووز لە نێو خەڵکی دا.

بۆ مبارزە، شکڵی هەستەییمان لە دێهاتەکان [هەبوو]. فەقەت هەستەی سێ نەفەریمان دادەنا. هەر [دێیەک] هەستەیەکی سێ نەفەریمان دادەنا، ئەو هەستەی سێ نەفەرییە مەسئولی ئەو دێیە دەبوو. تەواوی ئەو دێیە خۆی بە عوزوی حیزب دەزانی. ئەوە سیستمی کاری ئێمە بوو.
ئەڵبەتە ئەمە ناپوختە بووین. لە لیحازی تەشکیلاتی بەڕاستی وارد نەبووین، بەڵام میللەتەکەمان ئەوندە ئینسانی با عاتیفە وبامحەبەت بوون عەلایقی میللیان هەبوو، ڕووحی میللیان قەوی بوو، ئیمکانیان بەمە دەدا، لە عیتمادی وان ئیستفادە بکەین، لە باتی ئەوەی حەوزە تەشکیل بدین و جەلەسەی حەوزەیدا، مەخفیانە قسە بکەین، دەچووینە سەر خەرمانی دادەنیشتین، وەختی ئیستراحەتیان کە دورویێنەیان دەکرد یان دەچووین لە جەمعی کۆڕ و کۆمەڵیک دا، ژن و پیاو سێ چل نەفەر لەوێ دادەنیشتن، قسەمان بۆ دەکردن. قسەکانمان ڕاجع بە مەسەلەی کورد بوو، قسەکانمان ڕاجع بە حەقی میللەتی کورد بوو، گەڕاندنەوەی حکومەتی میللی کوردستان بوو.

شێوەی تەبلیغمان ئەوە بوو زیندەگی بۆ دیهقانان دروست کردن ، بیهداشت و مەدرەسە بۆ دیهقانان دروست کردن، ساحەبی سەرزەمینی خۆمان بین. شێوەی تەبلیغمان مەسایلی میللی بوو. مبارزە مبارزەی تەبەقاتی نەبوو.
ئەڵبەتە لە سەتحی ڕەوشنفکرەکانی کە هەستەکەی شارەکانیان ئیدارە دەکرد، ئەمە کلاسی ئاموزشیشمان هەبوو، مەسایلی عیلمیشمان باس دەکرد. مەسایلی تاریخیشمان باس دەکرد. کتێب و ئاساری **لینین** مان دەخوێندەوە، فێری دانشی مبارزە دەبووین. بەڵام لە سەتحی باڵای ڕەوشەنفکرانێکی کە لە هەستەی شارەکاندا زیاتر ساحەب نفوز بوون یا لە بەدەنەی تەشکیلاتی شارەکاندا عوزوو بوون، ئەو کتێبانەمان خارج لەو محدودەی نەدەدا بە خەڵک .
شێوەی مبارزەمان لە نێو شارەکاندا لە هەموو ئیمکاناتێکی ئیستفادەمان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین خەڵک جەزب کەین. خۆمان مەترەح کەین و خەڵک لە حکومەت جودا بکەینەوە، یەکێک لە عومدەترین مەسەلەی مە، جوداکردنەوەی خەڵک لە حکومەت بوو، نەماندەهێشت حاکمیەت نفوزی مەعنەوی خۆی بە سەر خەڵکدا بسەپێنێ.

**سێڵاو و حیزبی دێموکرات**

مەسەلەن فەرز بکە، ئەوڕۆ سێڵاو هاتووە، لە فلان محەلەی، دیارە لە هەر محەلەی شاریی، فەقیرترین ئینسان زەرەرر دەبینێ، ئێمە بیلافاسلە تەواوی نیرۆکانی خۆمان [بەسیج] دەکرد ، دەنارد هەموو ڕۆشنفکر، مەحسل، معەلیم، ئیداریمان دەنارد، کۆمەکیان بەخەڵکی دەکرد. پاشان دەهاتین سنندوقی ئیعانەی کۆمەک بە سەیل زەدەگانمان وەخڕ دەکرد. پێش ئەوەی فەرماندار دەست بکات بە عەمەل مەجبور دەبوو لیستێک بگرێ ئەعیان و ئەشرافی شار دەعوەت بکات، سێڵاو هاتوو کۆمەک بکەن، ئێمە عەمەلی خۆمان دەکرد. سەریع سەنندوقمان بە سینگی منداڵی مەدرەسەی هەڵدەواسی، هەر سنندوقەی نەفەریک دوو نەفەرمان لە گەڵ دەنارد لە نێو بازاریدا خەڵک ئەو چیهرانەمان دەنارد کە خەڵک دەیناسین، کە مبارزەیان دەکرد، ئەو چیهرانەمان لە گەڵ ئەو سنندوقانە دەنارد، لە نێو بازاڕیدا پوڵیان وەخڕ دەکرد.
ئێمە پوڵمان وەخڕ کرد دەقیقەن نازانم چ ساڵێک بوو، ساڵی ٣٠ی بوو یان ساڵی شایەد ساڵی ٣٠. کە ئەو سێڵاوە هات ئەمە هەشتاو چەند هەزارتمنمان هەر لە بازاڕی کۆ کردەوە، ئەو پوڵەمان هێنا لە مزگەوتی حاجی **سەید سمایلی** عیدەیەکمان مەلا و ڕدێن سپی هێنا کە یەکێک لەو سەیدانە **سەیدە گوڵەی** دۆعانویس بوو. هێنامان پوڵەکانمان لە کن کردنەوە، **عەبدوڵای ئیسحاقیش** وەکوو سەییدێک، کوڕە سەییدێک کە بابی سەیدە، لە کنمان دانا، کە کاکە سەنندوقەکان بکەنەوە، سەریان هەڵپچکرن، بزانن چەندی پوڵ تێدایە بیبژێرن، بیبەن کۆمەکی بکەن بە خەڵک. ئەوانە دەچوون کۆمەکیان دەکرد.

**حیزبی سادات لە مەهاباد**

ئەو زەمان، زەمانێک بوو کە **حیزبی ساداتیان** لە مەهابادێ دروست کردبوو، عەلەی [دژی] مە ، بەوەسیلەی روکنی دوو. ئەو حیزبی ساداتە لە مانگی ڕەمەزانێدا تەشکیل بوو. حیزبی سادات تەبلیغیان دەکرد ، مەنشەئی ئەو حیزبەی روکنی دوو بوو، بە دەستی **سەید عەلی حوسێنی**، ئەو حیزبە تەشکیل بوو. سەیدەکانی سابڵخێیان خڕ دەکردنەوە، لە ماڵە ئەو سەیدەی کە ئیمکاناتی ماڵیان هەیە، زیاتر دەوڵەمەندن، مانگی ڕەمەزانێ **مەشکەفی و فرنی و پاڵودەی** بخۆن. تەبلیغ بکە بەر عەلەی مە کە ئێمە لە دین بێ بەرین، موسڵمان نیین، بۆ ئەوەی خەڵکمان لێ بتەکێننەوە، لە خەڵک جودامان کەنەوە، دەقیقەن ئەو مبارزەوی ئێمە دەمانکرد خەڵکی لە حکومەت جودا کەینەوە، حکومەتیش لە تەلاشی ئەوی دابوو ئێمە لە خەڵک جیا کاتەوە. تەبلیغی حکومەت لە سەر ئێمە مەسەلەی مەزهەب بوو کە بە دژی ئێمە ئیستفادەی لێ دەکرد.
کە ئەو سێڵاوە بوو کە ئەو پوڵە خڕ کراوە، ئەو مەلا و سەییدانە چوون تەقسیمی ئەو پوڵانەیان کرد، ئەو **سەیدە گوڵەی** کە دوعانووس بوو لە نێو ژنی سابڵاخێدا، نفوزی هەبوو بۆ دۆعا نووسین، ئەوەڵین کەسێک بوو کە پاش سێلاوکە، پوڵ دابەش کرا بەسەر خەڵکی دا، بە فەقیر و فوقەرا کۆمەک کرا، چوارپایەی لە قاوەخانەی **سۆفی حەسەنی** هێنا دەرێ لە نێوەراستی مەیدانی مەنگوڕانی دانا، چووە سەری کوتی کوا ئەو سەیدانەی بەوانە دڵێن ئەوانە کافر و بێ دینن، بۆ خۆیان دینیان نییە، دین ئەوانە هەیانە، ئەگەر ئەوانە دینیان نەبێ ئەمن قەت لە گەڵ ئەو سەیدە گەردەن کلوفتانە نایەمە بەهەشتێ، حیزبی سادات بێ ئەوەی مبارزەی لە گەڵ بکەین بۆخۆی لە بەین چوو. یانی نەیانتوانی لە نێو خەڵکدا عەرزی ئەندام بکەن. ئێمە ئیجازەشمان نەدەدا عەلیی سەیدان تەبلیغ بکەن.

**حیزبی دێموکرات وحەزرەتی عومەر**

مبارزەی مە لە گەڵ حکومەت ئاوا بوو، جوداکردنەوەی خەڵک لە حکومەت. نەهێڵین حکومەت لە نێو خەڵکدا پایگای هەبێ. یان مەسەلەی ئیهانەتێک کە گروبانێکی ئەرتەش لە مەیدانی ئاردی بە **حەزرەتی عومەری** کردبوو، ئێمە دیفاعمان لە موقەدەستای خەڵک دەکرد، وەختێکی خەبەرمان زانی هەمچین ئیهانەتێک کراوە، حەمبالێک بە شەپ لێدراوە، ئێمە چووین بووین بە مودافیعی.
ئەمە **هاشمی حوسێن زادەمان** دانا لە سەر چوارپایەیەکی لە مەیدانی ئاردی سوخەننرانی بکات بۆ خەڵک. بۆچی دەبێ بە حزووری ئەنگۆ ئیهانەت بە باوڕی مەزهەبی ئێوە بکرێ، جورئەتوو نەبێ حەرەکەت بکەن، لە چی دەترسن.

کابرایەکی ڕوشنفکری فوکل کراواتی لە مەیدانی ئاردی هەستێ و دەستور بدات بە خەڵک دوکان و بازاری داخەن، بە عینوانی ئیعتراز بەو ئیهانەتەی بەو حەمباڵەی کراوە، بە شەپ لێدراوە و بە موقەدەساتی تەوهین کراوە، ئەو گروبانەی کە ئەو تەوهینەی کردووە، دەبێ موجازات بکرێ. تەواوی بازاڕی مەهابادێمان تەحتیل کرد. سێ ڕۆژی تەواو بازاڕ تەحتیل بوو، پاش سێ ڕۆژان حاکمیت جورئەتی نەبوو، نەیویرا [کەس] بنێرێتە نێو بازاڕی، چوون خەڵک یەک پارچە بوو. ئیدارات شل ببووە، نەیاندەوێرا خەڵک بچنەوە ئیدارە. بە دزیی بەعزێک کارمەند دەچوونەوە ئیدارە. بەقیە بە بەهانان خۆیان لە ئیداران دەدزییەوە. خەڵک هەموو شیرکەتی کرد ، پاش سێ ڕۆژان لە چوارچرایە تەسلیم بوون گروبانەکەیان هێنا لە بەر چوارچرایە کە شلوق بوو، ڕەییسی ئیتلاعات **سالاری زادە** هات کوتی ئاغا چوو دەوێ، فەرموو ئەو کابرایە ڕۆیشت دەرمان کرد لە شاری. بڕۆن دووکانەکانتان دانێنەوە. ئێوارە کە ئەویان وەدەرنا بۆ مەراغەی، ئیمە دەچووینە نێو بازاڕی دەمانگوت حاجی ئاغا بە قوربانت بم دووکانەکەت بکەوە. دەیکوت نایکەمەوە تەکلیفی خۆم لە گەڵ حکومەتێ ڕۆشن دەکەم. حاجی گیان ئێمە ئەو قەدەمەی سەرکەوتین، پیروز بووین داینێوە. لەو بازاڕ و لەو بازاڕ بە خواهیشت و تەمەنا بازاڕمان پێدەکردنەوە. لە سوڕەتێکی ڕەییسی دژبان دەهات، فەرماندار دەهات، خواهیشی دەکرد خەڵک جوابیان نەدەداوە. کە سەرگورد **هوما ڕەییسی** دژبان بوو کوتی جەنابی فەرماندار ئەمە بە خۆرایی زەحمەت دەکێشین، زاری خۆمان بۆ ئەو خەڵکەی شل دەکەین. ئەتۆ بچۆ ئەو حەمباڵ بنێرە نوتقی بکات بە قسەی ئەوی دەکەن بە قسەی ئێمە ناکەن. ئەوە نمونەیەکی زۆر بارزی جودایی خەڵک لە حکومەت بوو.

لە بارەی مەسایلی سازمانیدا، هەر وەک باسمان کرد پاش بڵاوکردنەوەی مەجەلەی ڕێگا و هێنانی یۆرش و گرتنی عیدەیەک بە عیلەتی ئەو حەملەی کە کرا، فەعالیەت نووست، دەقیقەن موشابهی ئەو جەریانەیە کە کۆمەڵەی ژ.ک لە ساڵی ١٣١٧ فەعالیەتی دەست پێکرد کە هەستەکەی تەئسیس بوو. بە مەحزی ئەوەی حەملەیان هینا بۆ عیدەیەک، قاچاخچیان سەراسەر جەم کردەوە، ئیحساسیان کرد فەعالیەتێک بە چاو دەخوا، هەتا ساڵی ١٣٢٠ فەعالیەتی کۆمەڵەی ژ.ک نووست. بەو شکلەش عەینەن لە ساڵی ٢٧ تیکرار کراوە، ئەو سێسەد سێسەد سێسەد و پەنجا کەسەیان گرت مەخسوسەن کە ئێمە فەعالینی ئەو هەستەی بووین، گیراین فەعالیەت نووست. **قادر مەحموودزادە** فەعالیەتیان ئیدامە نەدا، تا ئێمە لە زیندان هاتینە دەرێ. ئەمن لە زیندان هاتمە دەرێ و تەحویلی سەربازخانەیان دام ، لە سەربازخانەی مەهابادێ مامەوە. بەڵام ئیرتباتم لە گەڵ **قادر مەحموود زادە** و **عەزیز فەرهادی** بەرقەرار کردەوە. کە دەست بکەین بە کاری سازمانی، ئەوەڵین جەلەسەشمان لە ماڵە مە گرت، لە گەڵ ئەو دوو نەفەرەی کە ئەفراد شناسایی بکەین بۆ فەعالیەت ، لە حەقیقەتدا فەعالیەتی بەو شێوەمان نەبوو. بە عیلەتی عەدەمی ئیمکانات و تەعقیبات و موراقیبتهایەکی کە دەکرا لە سەرمان فەعالیەت زۆر کوند بوو زۆر ناچیز بوو. لەو هەستەی سێ نەفەرییە خارج نەدەبوو.

**برایم فەرشی** ئەو هەستەیە ساڵی ٢٩ بوو ؟

**غەنی بلوریان** ساڵی ٢٧، ٦ مانگ بوو لە زیندان بووم. هاتوومە دەرێ تەحویلی سەربازخانەیان داوم. لە ٢٧ لە زیندانێ دابووم، جەریانی **فەخرایی** هاتە پێشێ، پاشان سێ ساڵ مەحکوم کرام و پاش ٦ مانگ هاتمە دەرێ، دوای دادگای تەجید نەزەر، هاتمەوە لە گەڵ ئەو دوو نەفەرەی دەستمان کردەوە بە فەعالیەت. ئەفرادمان شناسایی دەکرد بۆ ئەوەی لە گەڵیان کار بکەین یەکێک لەو ئەفرادانە، مەسەلەن **قادری مەمەندی** بوو، شەخسیەتهای دیکە بوون کە ئەوان **فەرهادی** و ئەوان ئیرتباتیان لە گەڵیان هەبوو. تەعینمان کردبوو هەر کەس چەند نەفەرێکی بە دوای خۆمانەوە بکێشین. نەک شکڵی سازمانی بە شکڵی ئینفرادی و فەردی. فەعالییەتمان لە سەر ئەو کارەی موتەمەرکز کرد. بەڵام ٦ مانگ ئەو حەرەکەتەمان دەست پێکرد، ناردرام بۆ سەردەشتێ. ئەوەڵی ساڵی ٢٨ ئەمن چووم بۆ سەردەشتێ. لە ساڵی ٢٨ئەمن لە پادگانی سەردەشتێ بووم. ئەمن لەوێ فەعالیتی خۆم دەست پێکرد، ئەوەڵین ئیرتباتم لە گەڵ **فەتاحی غولامی** گرت. فەتاح غولامی کە مەسئولی سەردەشتێ بوو. لە تەرەف مەوە مەسئولی سەردەشتێ بوو. فەتاح غولامی هەستەهایەکی هەبوو لە داخلی سەردەشتێ دا، ئیرتباتی لە گەڵ ئەو هەستانە هەبوو. هەم لە خارج و هەم لە داخڵی سەردەشتێ ئیرتباتی هەبوو. فەتاح غوڵامی بەزازێک بوو. لە زەمانی دێموکراتی کوتم سەردەشت لە دەست حکومەت دابوو بەڵام ئەو هەستەی سەردەشتێ لە زامانی **قازی محەمەدا** بە وەسیلەی **فەتاحی غولامی** بە وجوود هاتبوو. پاش شکستی حکومەتیش ئەو هەستە هەر مابووە. کە گوردانی مە مونتەقل بوو بۆ سەردەشتێ، ئەمن لە گەڵ فەتاحی غولامی ئیرتباتم دروست کردەوە. ئەوان ئیرتباتیان لە گەڵ عەشایر و خوردەمالک و خەڵکی دیکەهەبوو، چوار مانگان ئەمن لە سەردەشتێ فەعالیەتم بوو.

**برایم فەرشی** ئەو فەعالیەتە چی بوو؟

**غەنی بلوریان** ئەو فەعالیەتە ، جەلەساتێک بوو کە لەگەڵ فەتاحی غولامی مان دەگرت. تەشکیلی هەستەها وەکو کۆمیتە لە داخلی شاریدا. یا ئیرتباتات لە گەڵ عەشایر. کە فەتاحی غولامی دەچوو لە گەڵیان ئیرتباتی دەگرت چوون ئەمن سەرباز بووم. تەحتی تەعقیب بووم، زیاتر مەخفیانە لە گەڵ فەتاحی غولامی ئیرتباتم هەبوو. لە سەردەشت زەربەیان نەدیت، کەس نەگیرا. چوونکو سەردەشت بە دەست حکومەتەوە بوو. ئەو ئەفرادانە مابوونەوە. پاش چەند مانگ گوزارشاتێک کە لە منیان دا منیان گرت.

**برایم فەرشی** باری سیاسی فەعالیەتەکە چ بوو؟

**غەنی بلوریان** باری سیاسییەکی دیاری نەبوو. لە حەقیقەتدا ئیرتباتاتی ئینفرادی بوو. ئەو ئیرتباتانە شکلێکی سازمانی بە خۆی نەگرتبوو.
**برایم فەرشی** ئیرتبات لە نێوان سابلاخ و سەردەشت نەبوو؟
**غەنی بلوریان** ئەو ئیرتباتە لە نێوان سابلاخ و سەردەشت نەبوو. ڕابیتەکە ئەمن بووم. دەفعەیەک فەقەت ئیرتبات بووە، بەینی سەردشت و مەهابادێ بە وەسیلەی **قادر یۆسفی** برای **عەزیز یۆسفی** کە نامەیەکی لە سەردەشت ڕا ناردبوو بۆ عەزیز ئیرتباتی گرتبوو ڕاجع بە مەسایلیەک بوو، نامەکە گیرا کە عەزیزیان گرت ، لە لابەلای ئەو نامە شەخسیەدا بە ئاوی پیواز شتهایەکی نووسیبوو، کە ئەو نامەیە پاش گرتنی عەزیز ئاشکرا بوو. نامەکە گیرا، لە سەر ئەوە قادر یۆسفی شیان لە سەردەشتێ، کە سەرباز بوو گرتیان، هێنایە مەهابادێ ئەو مودەتە کە من لە زیندانی مەهاباد بوو ئەویش لە زیندانی دژبانی مەهاباد بوو. بە دەستگیری قادری یۆسفی ئیرتباتی سەردەشت و مەهاباد قەتع بوو.عەزیزی یۆسفی ئیرتباتەکەی لە گەڵ **سەدیقی خاتەمی** بوو، سەدیق خاتەمی ئیتلاعاتەکەی بە مە دەدا. کە سەدیق خاتەمی و ئەمنیش دەستگیر بووین، عەزیز یۆسفی دەستگیر بوو قادر یۆسفی لە سەردەشت دەستگیر بوو، ئەو ئیرتباتە قەتع بوو هەتا من چوومە سەردەشتێ. ئەمن ئەو ئیرتباتەم بۆ خۆم شەخسی بەرقەرار کردەوە. بەڵام لە گەڵ **عەزیزی فەرهادی و قادر مەحمودزادە** لە مەهابادێ ڕابیتەم بەرقەرار کردەوە. نامەیەکی کە من بە وەسیلەی پۆستێ بۆ **قادر مەحمموودزادەم** نووسیبوو ئەو نامە لە پۆستخانە وەدەست مەرزبانی سەردەشتێ کەوتبوو. قادر مەحمموودزادەیان موردی تەعقیب قەرار دابوو، کە دوایە ئەمن ئیتلاعم پێدا، هەمچین جەرەیانێک هەیە. موازبی خۆی بێت. ئەو ئیرتباتە لە گەل **فەتاح غولامی** و **قادر مەحمموودزادە** بوو بە سەبەب کە من لە سەردەشت دوور کەنەوە. بمنێرنەوە مەهاباد و لە مەهابادەوە بمنێرە دژبانی تەورێزێ. مانگێک لە زیندانی تەورێز بووم دوایە هاتمە ورمێ کە بەحسی زیندانی ورمێم کرد. بەنابەرئین هەتا ساڵی ٢٩ فەعالیەتی ئێمە بە شکلی تەشکیلاتی نەبووە. ئیرتباتاتی ئینفرادی بووە.

**برایم فەرشی** سیاسیش؟
**غەنی بلوریان** حەرەکەتێکی سیاسیش ، ئیعلامیە و نەشریە لەو دەمیدا نەبووە. ئسولەن ئەمە ئیعلامیەمان نەبوو پەخشی کەین. ئێمە ڕۆژنامەمان نەبوو پەخشی کەین. ئێمە ئیرتباتاتی تەبلیغی شفاهیمان بووە. بەو شیوەیە عەمەلمان کردووە.
**برایم فەرشی** تەواوی ئەوانە کۆکەینەوە، دێتەوە سەر ئەوە کە، لە ئیسفەندی[ڕەشەممە] ٢٩بەو لاوە و سەرەتای ساڵی ٣٠ وردە وردە فەعالیەتی سیاسی دەست پێدەکات.

**غەنی بلوریان** بەڵێ دەست پێدەکرێتەوە، کە بە مەرەخەس بوونی من لە سەربازی و هاتنەوە بۆ مەهابادێ فەعالیەت دەست پێدەکرێت، و شکل دەگرێ. کۆمیتە شکڵ دەگرێ. دەو حەرەکەتەدا قادر **مەحمموودزادە و عەزیز فەرهادی** لەوێ نیین، ئەوان چوون بۆ شوورەوی. دیارە من شەخسەن موافق نەبووم بۆ ڕۆیشتنیان بەڵام سەربازی من تەواو نەببوو کە ئەوان ڕۆیین. ئەمن کە هاتمەوە هەستەکەمان دامەزراندەوە هەستەکە **عەبدوڵای ئیسحاقی** بوو، **ڕەحیم سوڵتانیان** بوو، **ڕەحیم خەڕازی** بوو، **عەزیزی حیسامی** بوو، **سەدیق خاتەمی** ئەوانە ئەو هەستەمان دامەزراندەوە. لەوە فەعالییەتمان دەست پێکرد کە **سەدیق خاتەمی** مەسئولی ئیرتباتاتی دێهقانی بوو.

**برایم فەرشی** لە سەرەتای قسەکانەوە باسی چاپخانە لە سابڵاخ دەکرێ، بەڵام زۆرتر باسی شاپەسەندی دەکرێ، کە لە چاپخانەدا کاری دەکرد ، لە نێو قسەکانتدا باسی ئەوەتان کرد کەسانێک، لە چاپخانە کاریان دەکرد. بۆ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە ئەو کەسانە کێ بوون، نێوەکانیان بڵێین باش دەبێ؟
**غەنی بلوریان** ئەوەی کە ئێمە ناردمان لە لایەن سازمانی جەوانانەوە لەوێ کار بکات **قادر حەمیدی** بوو. کە ئێستا کتابخانە چیە و کتێبخانەی هەیە. نەفەرەکەی دیکەم لە بیر نییە، ئێمە دوو نەفەرمان نارد. [لێرەدا باسێک لە ئەفسەرانی کورد و بارزانییەکان دێتە گورێ کە لە بەشی کۆماری کوردستاندا، بڵاو دەکرێتەوە.]

**هەیئەتی مەسئولینی کوردستان ١٣٢٩**

٢٩ تیری ساڵی ٢٩ خزمەتی سەربازی تەواو بووم، هاتمە دەرێ. ئەو دەم فەعالییەتی کۆمیتەی کوردستان کە وەک هەیئەتی مەسئولین نێو دەبردرا، ئەو کۆمیتەیە "هەیئەتی مەسئولینی کوردستان" شاملی **ڕەحیم سوڵتانیان** بوو، **کەریم وەیسی** بوو **عەبڵای ئیسحاقی** بوو، ئەمن بووم،**عەزیزی حیسامی** بوو، ساڵی ١٣٢٩ ئەو دەم فەعالیەتمان دەست پێکردەوە.حاڵەتی مبارزەمان شکڵێکی تازەی بە خۆیەوە گرت. یانی تەشەکولی زۆرتر لە کۆمیتەیدا بوو. ئەو جەمعە. هەماهەنگی زیاتری بوو. فەعالیەتی مە هەر وەکوو کوتم زیاتر حزبی بوو تەشکیلاتی بوو. ئیرتبات لە شارەکان [هەبوو] بەڵام ئیعلامیە و ڕۆزنامە نەبوو.

**میللی کردنی نەفت و خۆپیشاندان لە مەهاباد**

لە جەریانی شیرکەتی نەفت ئیستفادەمان کرد و دەعوتمان لە خەڵک کرد بۆ تەزاهوراتێکی عەلەنی. ئەو دەم فەرماندەی پادگان، **سەرهەنگ وەفا** بوو، ڕەییسی شارەبانی سەرگورد **پەنبە بەگوش** بوو. ئازەربایجانی بوو. ئەمن چوومە شارەبانی کوتم ئەمە عیدەیەک جەوانی مەهابادین پێمان خۆشە نەفت میللی کراوە، ئێمەش شیرکەتێ بکەین وەکوو جێژنێک .
فەرماندار دەعوەتی کردبوو لە مەقاماتی مەحەللی شاری کە بێن شیرکەتێ بکەن. ڕۆژەکەشیان دیاری کردبوو، کە ئێوارە بێن لە کن شیرکەتی نەفت لەوێ دابنیشن مەراسمێک بێ. لە مەلاکان و ئەعزای ئەنجومەنی شار و موعتەمدینی شار و ئەشخاسی مەعقوڵی شار، فەرماندەی تیپ و ئیدارات و ڕوئەسای ئیدارات دەعوەتیان کردبوو.
پەنبە گوش موخالفەتی کرد کوتی ئەمن نازانم خەریکی چین، ئەوە جێژن هەیە و ئەتۆ دەچی دادەنیشی دوو نەفەر سێ نەفەر دەچن دادەنیشن. کوتم نا بە شێوەیەکی عمومی ، جێژنی میللی "شودەنی" نەفت جێژنی مقاماتی ماقوڵ و باڵا نییە، جێژنی هەموو خەڵکە، خەڵکیش حەقی هەیە لەو جێژنەدا شیرکەت بکات. هەر ئێوە نیین دانیشن جێژن بگرن. خەڵک موبارزەی کردووە بۆ میللی "شودەنی" شیرکەتی نەوت. خەڵک زیاتر لە مقاماتی ماقوڵی ئێرە فەعالیەتی کردووە. کوتی ئەمن قەبوڵی ناکەم هەر کەسیش ئەو کارە بکات دەیگرم. دەستور دەدەم بە ئینتزاماتی بیگرن.
هاتینەوە جەلەسەمان تەشکیل دا **عەبڵای ئیسحاقی ، عەزیزی حیسامی** تەعین کران ، بچنە کن **سەرهەنگ وەفا** فەرماندەی پادگان ، ئەڵبەتە سەرهەنگ پەنبە بە گوشیش کوتی [من] تەنیا مەقامی سابڵاغێ نیم، فەرماندەی تیپ لێرە هەیە مەسئولە. کوتم ئەگەر وابێ بە وی موراجعە دەکەین. کوتی مەیلی خۆتانە.
**عەزیزی حیسامی و عەوڵای ئیسحاقی** چوونە لای **سەرهەنگ وەفا** لە گەڵ وی سوحبەتیان کردبوو، ئەویش کابرایەکی دانشمەند و ئەهلی موتالعە و لە بارەی فەلسەفەدا بەحسی بۆ کردبوون. ئەوان جەوان بوون. موتالعەی کردبوو فەلسەفەی باش دەزانی. قسەی لە گەڵ کردبوون پیاوێکی میهرەبان و با زەوق بوو. پاشان ئەوان پافشاریان کردبوو کوتبوویان ئێمە موحەسلین و جەوانین چ ئیشکالی هەیە ئێمە بێین کۆبینەوە. چەپڵەی لێدەین و هوڕایە بکێشین. جێژنێ بگرین! ئێرانین نەفتی ئێمە ساڵهای ساڵە ئینگلیس خواردویەتی و غارەتی دەکرد، ئێستا کە میللی بووە ئێمە بۆ حەقمان نییە شیرکەتێ بکەین. ئەوە چ قانوونێک و چ ئوسولێکە. بۆ جێژنی ئینگۆیە و جێژنی ئێمە نییە. ئەنگۆ بۆخۆتان دەبێ لە میللەتی دەعوەت کەن بێن شیرکەتێ بکەن. سەرهەنگ وەفا وای ڕێگا دابوو کە، تەهدیدی نەکردبوو وەک پەنبە بە گوشی نەی کوتبووی ئا.

مبارزە ئیدامەی پیدا کرد، جەریانی میتینگی خەڵعی یەد کە تەرتیب درا، جەماعەتێکی زۆر هاتنە دەرێ، کە ئێمە وەسایلی میکرۆفۆن و ئەو ئیمکاناتەمان نەبوو. ئەمە[ئێمە] لە بووقی **قاوەخانەی عیمادی** کە گەڕەمافونی قەدیمی هەبوو، چووین بوقەکەمان لەوی ئەستاند. بووقەکەمان دەیە ئیستفادەی لێدەکەین. ئەو شعارانەی کە نووسیبوومان ئەو بوقەی لێدەدا و شوعارەکانی دەدا. میتینگەکەمان بەو جورەی تەشیکل دا.
تێعدادێک لە **مەیدانی ئاردی** خڕ بوونەوە. تێعدادێک لە **مەیدانی ئاسنگەران** خڕ بوونەوە. تێعدادێک لە سەر **بەرداشی** خڕ بوونەوە. تێعدادێک لە **مزگەوتی هەباس ئاغای** خڕ بوونەوە، کە مزگەوتی هەباس ئاغای هەمیشە جێگای مبارزە بووە. کە بە حەق نێوی **مەیدانی ئازادی** لێنراوە. عێدەیەک لە داخڵی حەساری مزگەتێ دا خڕ بوونەوە. کە پاشان بە تەدریج ئەوانە هاتن بۆ تەڕەفی **چوارچرا**یە. هەدەفمان ئەوە بوو کە ئێمە لە چوار چرایە تەمەرکوز بکەین. لە چوارچرایە تەزاهوراتەکەی دەست پێبکەین. بڕۆین بە تەرەفی شیرکەتی نەفت. لە مەیدانە گەورەکەی **مەلا جامی** کە بۆ لای تەورێزێ دەچێ، شیرکەتی نەوت لە سەر ڕێگای تەورێزێ بوو. یانی تەقریبەن قەراغ شار بوو. **تەکیەی باباخەڵیفەی** لێیە. ئەو بەری بەتاڵ بوو **مەیدانی فوتباڵی** لێ بوو کە ئەلعان بۆتە مەنتەقەی **سێ ئاشان**. بەنا بەرئین[بنابراین] لەوێ ئەو میتینگە درا. هەروەکو سەحبەت کرا موڕاجعەمان کرد. مخالفەتێکی جیدی نەکرا لە سەر ئەوەی. بەڵام فکریان نەدەکردەوە بە شکڵی دمونستراسیۆن بێتە دەرێ. پێیان وابوو عیدەیەک جەوانن دەچن لەوێ شیرکەت بکەن. ئێمە مەسەلەکەمان وا مەترح نەکرد کە دمونستراسیۆن و ئەوەی بکەین. ئەوە بوو کە تێکخرانەوە لە بەر **چوارچرا**یە خڕبوونەوە. لەوێ بە شکڵی دومنستراسیۆن حەڕەکەتمان کرد ڕۆیشتین. شعارەکانیشمان زیاتر مەسەلەی شیرکەتی نەفت بوو. دەستورمان دابوو خارج لە شوعارەکانی شیرکەتی نەفت دەبێ بۆ ئاموزش و پەروەرش بێهداشت. بۆ تەرقی و تەعالی فەرهەنگ بۆ ئابادانی و عمران دەبێ نەفتەکەی سەرف بکرێ.
قەتنامەیەکی کە تەهییەشمان کردبوو. ساختارەکەی هەر ئە ئەو شیعارانە بوو. میتینگەکە درا ڕۆیشتین. **پەنبە بە گوش** و ئەفسەرانی شارەبانی زیاتر بۆ ئینتزامات، چووبونە بەر شیرکەتی نەفت، ڕەییس شارەبانیش بۆ خۆی شیرکەتی بوو.
دەعوەتەکە کە کرابوو هەموو لەوێ خڕ ببوونەوە، فەرماندەی تیپ لەوێ خڕ ببووە، مقاماتی دەوڵەتی و ئیداری هەمووی لەوێ بوون. مەیدان بۆ ئێمە لە شاریدا خاڵی بوو، ئێمە میتینگەکەمان کە گەیشتە نزیکی فەرمانداری ئەو مەیدانەی کە ئێستا هەیە قەبری **مەلا جامی**، گەیشتینە سەر قەبری مەلا جامی، لەوێ پاسەبان پێشیان پێ گرتین. بۆ ئینتزاماتیان دانابوون. پێشیان پێگرتین ئەمن لە پێشەوە بووم. سوحبەتمان لە گەڵ ئەفسەرەکەی کرد، کوتمان کاکە ئێمە لە گەڵ ڕییسی شارەبانیش قسەمان کردووە، دە گەڵ فەرماندەی تیپیش قسەمان کردووە، هاتووین شیرکەتێ بکەین لەو جێژنەیدا. ئەوانیش موخالفەتێکیان لە گەڵ ئێمە نەکردووە. ئەتۆ دەتوانێ ڕەییس شارەبانی لەوێ دانیشتووە بچی لێی بپرسی. لە ڕەییسی شارەبانیان سوئال کردبوو ڕەییسی شارەبانی لە موقابلی عەمەلی ئەنجام شودە[شدە] قەراری گرتبوو. تەماشای کرد

جەماعەتێک هاتووە، شایەد نزیکەی ۳۰۰۰ ئینسان، ئەو مەوجە کە ئەو دەم **سابلاخ** ۲۵، ۳۰ هەزار جەمعەیەتی هەبوو زۆرە بۆ سابلاخی ۲۵هەزار نەفەری. خەڵک دوکان و بازاڕی داخستبوو. پێی نەدەکرا ئەوانە ڕەد کاتەوە، قەبوڵیان کرد. ئێمە بۆ ئەوەی ڕێگای نوتقمان بدرێتێ. لە مینبەرێکی دەگەڕاین. کە نوتقی لە سەر بکەین چوون ئێمە ئەوانمان لە محاسرە خستبوو. ئەوانەی کە دانیشتبوون ئەوان سەندەڵیان دانابوو. مقاماتی حکومەتی و ئیداری کە لەوێ دانیشتبوون، ئێمە لە دەوری وان ڕاوەستاین. ئەمە لە منبەرێکی دەگەڕاین ئێمە شەخسێکمان هەبوو ئازەربایجانی بوو تەورێزی بوو **مەشتی برایم شیر بەرماخ** یان پێدەگوت ، مەشتی برایم شیربەرماخ فرقەیی بوو، هەوادری فیرقەی بوو، بەڵام نە بڵێی کادرێکی پوختە بێت. یەک ئازەربایجانی میللی بوو هەوادری فرقەی بوو. ئەوە ڕانندەی میهەن تور بوو. ئەمە دەگەڵ ئەوەی ئاشنایەتی قەبلیمان هەبوو، بەعزە ڕۆژنامەیەک کە لە تارانێ ڕا دەهات وەکوو **عەزل** و **زەفەر** و ئەو ڕۆژنامانەی کە **حیزبی تودە** چاپیان دەکرد. ئیمە ئەو رۆژنامانەمان وەردەگرت. **چوون ئێمە ئۆرگانمان نەبوو. ڕۆژنامەمان نەبوو. ئەمە حەتتا قەڵم بزەنیشمان نەبوو بۆ ئەوەی ڕۆژنامە تەهیە بکەین. ئەگەر بمانویستا ڕۆژنامەی مونتەشیر بکەین دەبووایە بگەڕین قەلەم زەنی پەیداکەین. هەم کوردی زان بێت هەم قەلەم زەن بێت. هەم بتوانێ ڕۆژنامەکەی ئیدارە بکات.** ئەوایلی کار لەو بارەیدا زەعیف بووین. ئێمە لەو ڕۆژنامانەمان ئیستفادە دەکرد ، هەتا ڕۆژنامەی فرقەی کە دەهات. یان ڕۆژنامەی حیزبی تودە کە چاپ دەبوون. **ئەو ڕۆژنامانە دەیانتوانی خەتی سیاسی بە مە بدەن.** ئیستفادەی لێ بکەین بیخوێنینەوە و فێری بین. وەسیلەیەکی دیکەمان نەبوو ئورگانێکمان نەبوو. کتێب لە بارەی کوردستانیدا نە بوو، کەم بوو. گیرمان نەدەکەوت. لە ئێرانێ نەبوو قەدەغەن بوو. کتێبی کوردی قاچاخ بوو. لە سەر **مەجەلەی نیشتمانی قازی محەمەدی** خەڵکیان دەگرت بە سێ ساڵ زیندان مەحکومیان دەکرد. بەنابەرئین ئێمە لەو ڕۆژنامانە ئیستفادەمان دەکرد.
ئەو مەشتی برایمە ئەو رۆژنامانەی بۆ دێنایین. ئەو رۆژنامانە دەهاتنە گاراژێ، بە وەسیلەی **سوارەی سیامەندی** کە دەلاڵی گاراژێ بوو هاواری دەکرد بۆ موسافیر بۆ **نەغەدەی**، بۆ **میاندواوێ** بۆ **تەورێزێ**، ئەو شەخسە لە گەڵ ئێمە ئێرتباتی هەبوو. مەشتی برایم ئەو ڕۆژنامانەی دەهێنا دەیهاویشتە عەمبارێ، سوارە خەبەری دەدا بە **مەحممودی مەنگوڕی** ، مەحموودی مەنگوڕی دەچوو لە گاراژێ لە تەلیسی دەنا و دەیهێنا.
ئەو میتینگە دەستی پێکرد مەشتی برایمان بانگ کرد، کوتمان ئەتۆ عیدەیەکی لە کۆڕەکانی ئێمە سوار کە بە ناوی موسافر، کە دەڕۆی بۆ میاندواوێ، ئیحتیاجمان بە ماشێنەکەتە کە بچین لە سەری نوتقێ بدین. مینبەرمان دەویست، لەوێش مینبەر نەبوو. مەشتی برایم قەبوڵی کرد، جادەی ماشێنیش ڕاست بەوێدا دەڕۆیشت کە خەلك لە سەر سەندەڵی دانیشتبوون. کوتمان ئێمە مەیدانەکەی دەگرین. پێیان دەڵین مەیدانەکە بگرن ، جادەکەی بگرن نەهێڵن ماشێن بڕوا. ئەتۆ دێی لە نێو خەڵکییەوە بوق لێدەدەی ئێمە دێن لە گەڵت بەشەڕ دێن و تۆ وادار دەکەین عەقەب نیشینی بکەی، بۆ لای دیواری شیرکەتی نەفت، لەوێ ڕاییگرین و نەهێڵین بڕۆی. ئەتۆ حەقت نییە میتینگی تێک دەی با میتینگ خەلاس بێ جا ئەو دەمی بڕۆ.
قەبوڵی کرد هەر بەو شکڵەی. ئەڵبەتە ئیجازەیان نەدا ئێمە سوخەننرانی بکەین، ئێمە تەقازامان کرد یەک دوو نەفەرمان سوخەننرانی بکەین. فەرماندار قسەی کرد **مەحموودی سدقی** مودیری دەبستان بوو، ئەو سوخەننرانی کرد ئەڵبەتە لە بارەی میللی کردنی شیرکەتی نەفت قسەی کرد. دیارە سدقی کۆمەکی کرد لێمان گەڕین ئێمە قەتنامەکەمان بخوێنینەوە. ئیجازەی قەتنامەکەشیان نەدەدا. **بەڵام ڕەحیمی خەرازیمان** ناردە سەر ئوتوبووسەکەی و چوو قەتنامەکەی خوێندەوە. چەند مادەیەک بوو، عومدەتەن لە سەر ئەو مەسایلە بوو کە عەرزم کردی، مەسەلەی شوعارەکان. کە شیرکەتی نەفت نابێ بە ئەسلەحە بدرێ، نابێ ئەسلەحە بکردرێ. دەبێ لە مەسایلی بیهداشتی و عمرانی و فەرهەنگی مەناتقی ڕوستایی بهداشت، ئیستفادەی لێبکرێ، لە دەرامەدی نەفت. قەتنامەکەمان مەتنی ئەوە بوو. دیارە بە باشی بەرگوزار بوو هیچ موزاحمەتێک ئیجاد نەکرا و فەقەت ڕەییسی شارەبانی هات خواهشی کرد لێرەڕا بە دمونستراسیۆن مەگەڕێنەوە. لێرڕا پەڕاکەندە بن. ئێمە بە خەڵکەکەمان کوت کە بڵاوی کەن، بە کوچەکاندا موتەفەرق بن بدونە شوعار. دیارە خەڵک لە ئێمەی قەبوڵی دەکرد. ئەو عالەمە کە شیرکەتی کردبوو هەموو عوزوی حیزب نەبوو.

## حیزبی توودە و حیزبی دێموکرات ساڵی ۱۳۲۹

وەرگرتنی ڕۆژنامەی ئۆرگانەکانی حیزبی تودە لە ساڵی ۲۹وە دەست پێکرا. ئەو دەم ئێرتبات لە گەڵ حیزبی تودە بە تەدریج شکلی دەگرت. ئەو ڕۆژنامانە، [لە ناو] ڕۆشنفکرانی دەروونی تەشکیلات پەخش [دەکرا]. موتاڵعە بکرێ و هەر لە ساڵی ۲۹ شەوە کلاسی ئاموزشیمان دانا، کلاسی ئاموزشی کە بۆ خۆیان موتالعەی کتێبان بکەن، [لە] حەوزەکان و هەستەکان لە داخلی شاریدا.[دەدرا بە] تێعدادێک ئەفراد کە ئیحساس دەکرا بۆیان قابلی پەزیرشە.
ئێمە لەو فەعالێەتانەدا دە گەڵ ئەسنافی تەرف بووین، تەشەکولی سێنفەکانی مەهابادێمان بە وجود هێنا. هەر ئەو دەم بە سورعەت ئەو مەسەلەیە مەترەح بوو. کە بۆ ئەوەی لە شاریدا تەسلوتی زۆرترمان هەبێ سنفەکان شکڵ پێ بدین. ئەوە بوو سازمانی ئەسنافمان دروست کرد. ئەسنافی ئاهەنگەرەکان. سەراجەکان و کەفاشەکان. خەیاتەکان ئەوانەمان لە شاریدا شکڵ پێدەدا.
ئەو دەم ئێمە وا تەشویق بووین کە لە گەڵ **عەزیزی حیسامی** بچین بۆ شوورەوی، یانی هاتە سەرمانەوە کە سەفەرێکی شوورەوی بکەین. بۆ مانەوە نەک بۆ سەردان. بە دونبالی **قادری محەمەدزادە** و **عەزیزی فەرهادی** کە ئەوان ڕۆیشتبوون. دیارە نێوی مەیان دابوو ئەوان لەوێ. نێوی من درابوو موشەخەسەن. کە ئەوەش مومکینە بێتەوە. مومکینە خەڵکی دیکەش لە گەڵ خۆی بێنێت. ئەوە بوو ئێمە چووینە ئەردەوێڵی و لە نزیکی ئەردەوێڵێ **پیلە سەواری** گیراین،

دیارە ئێمە لۆ درابووین. ئیحساس دەکرا لە مەرزی شوورەوی پیلە سەوار ئێمە لۆ دراوین چوونکو، بە مەحزی ئەوەی وانێت بارەکە گەیشتە ئەوێ، نێوی مە یان خوێندەوە، کە فڵان کەس و فلان کەس لە ماشێن بێنە خوارێ. دیار بوو مودەتێک بوو لەوێ ئینتزاری مەیان دەکێشا. جێگاکەی کە لێی گیراین پاسگا نەبوو جێگایەکی بەتاڵ و خاڵی بوو. بەڵام مەئمور هاتبوون لەوێ بە ئینتزار ڕاوەستابوون. چوونکو جادەکە زۆر نزیک ببووە لە سیمی خاردارەکانی مەرز. ئیحساسیان کردبوو ئێمە لەو نزیکانە بپەڕینەوە ئەو بەری، ئەوە بوو دەستگیر کراین.
هێنایانین بۆ پادگانی مەرزبانی نەمین ، لە مەرزبانی نەمین ڕا هێنایانین بۆ **ئەرەوێڵ**. زیندانی شارەبانی ئەردەوێڵ. مودەتی ٧ و ٨ دە ڕۆژێک لە زیندانی ئەردەوێڵ بووین. پاشان هێنایانە **تەورێز** دوو ڕۆژ لە زیندانی سەربازخانەی تەورێز بووین دووایە هێنایانییەوە مەهاباد بە قەرا ١٥ ، ٢٠ ڕۆژێک زیندانی بووین، بردیانین بۆ **تاران**. لە زیندانی دژبان، مودەتی ٤ هەتا ٥مانگ لە زیندانی دژبان بیلاتەکلیف ڕایان گرتین. من ئیعتسابی[مانگرتن] غەزام کرد. ئیعتراز بە ڕاگرتنمان لە حالەتی بلاتەکلیفی، تەقازای ڕەسیدەگیم کرد. ئەو دەم دادستانی ئەرتەش **سەرتیپ سارم** بوو و **سەرهەنگ موبەشری** معاونی دادستانی ئەرتەش بوو، ڕەییسی دژبان **سەرلەشکر عەزیمی** بوو. کە عەزیمی هات بۆ زیندان مەسەلەی عیتیسابەکەی سوئال کرد، کوتم عیلەتی ئیعتیسابەکە ئەوەیە کە ئیعترازم بە ئینفاردی خۆم هەیە. تەقازای ڕەسیدەگی پەروەندەکەم هەیە. کوتم هەتا نەمبەنە دادستانی ئەرتەش، تەکلیف ڕوون نەبێتەوە، ئیعتسابم ناشکێنم. ئەوە بوو بە کۆمەکی سەربازان بردیانم بۆ داستانی ئەرتەش، بردیانمە وەتاخی سەرتیپ سارم کە دادستانی ئەرتەش بوو لەوێ، سوئالاتێکی لێکردم بۆچی ئیعتسابت کردووە؟ کوتم نزیک بە٥،٦ مانگە گیراوم ئینفرادیم،تەکلیفم ڕوون ناکەنەوە. پەروەندەکەم نادەن بە دادستانی ئەرتەش لە دژبانی ڕایانگرتووم. ئەوە بوو سەرهەنگ موبەشری معاونی سەرتیپ سارم بوو، دەستوری دا بە مەبەشری بە کاری من ڕەسیدەگی بکا. موبەشری منی بردە وەتاغی خۆی لەوێ سەرهەنگ ٢ **وەزیریان** هەر لەوێ لە وەتاغی وی بوو. موبەشری کوتی بۆ چوویەتە مەرزی شوورەوی؟ بۆ تەفریح [لە] **ئەرەوێل** وئەو مەنتەقەی ئاوی گەرم. پاشان چووینەتە **پیلە سەوار** شارێکە وەک ئەردەوێڵ، بەڵام لە ڕێگایە گیراوین. **سەرگورد ئیمامی** تەعین کرد، بازجویی موقدەماتیم لێ بکات و قەولی دا، ئەگەر ئیعتسابەکەم بشکێنم ، پاش بازجوییەکە ئازادم بکات . پاش ئەوەی لە گەڵ بازجویی موقایسەی کرد، موبەشری کوتی برۆ. غەزای بخۆ سبەینێ دەستوری ئازادیت دەدەم. من کوتم باوەڕ ناکەم هەر وەخت دەستوری ئازادیتان دا غەزای دەخۆم. هاتمەوە زیندانێ، دیاربوو ئەو بە قەولی خۆی وەفای کرد و بەیانی حوکمەکەی نارد و لە زیندان ئازاد بووم. دیارە من نەمدەزانی **سەرهەنگ موبەشری** و **وەزیریان** عوزوی **سازمان نیزامی حیزبی توودەن**. بەڵام بۆم موسەلەم بوو ئەوانە، کۆمەگیان بە من کرد. موبەشری مەخسوسەن بۆ ئازاد کردنم بەو سورعەتەی. لە زیندانی ساڵی ٣٨دا کە گیرام چوومە **زیندانی قەسر** لەوێ چاوم بە **سەرهەنگ وەزیریان** کەوت کە مەحکوم ببوو بە زیندان.

**یەکی ئەیار ساڵی ١٣٢٩ مەهاباد و چاپی تەمری حیزبی دێموکرات لە لایەن حیزبی توودەوە**

هاتمەوە مەهاباد ، لە مەهاباد دەستمان کردەوە بە فەعالیەت. دەبێتە چ مانگێک، کە ئێمە هاتووینەوە، دەبێتە بەهمەن[ڕێبەندان]. لە بەهمەنێ شکڵمان بە مبارزەی خۆمان دا. لە مانگی فەروەردین[خاکەلێوە] فەعالیتمان دەست پێکردەوە لە جەنبی کۆمیتەی شار. قەرارمان دا تەدارک ببینین بۆ ئەوڵین تەزاهوراتی عەلەنی، تەزاهوراتی ماهی مە 11ی ئوردیبەشت[گوڵان].
ساڵی ٢٩ بوو کە ئیرتباتمان لە گەڵ **حیزبی تودەی** بەرقەرار ببوو. کوتم ڕۆزنامەجات و ئورگانی حیزبی تودەمان بۆ دەهات. ئێمە ئەو ڕۆزنامانەمان موتالەعە دەکرد و ڕەدمان دەکرد بۆ حەوزەکان بۆ ئاموزش. بۆ حەوزەکانی تەشکیلات کە جەوانەکان بیخوێنەوە، ئیستفادەی لێ بکەن. **ئێمە ئۆرگانمان نەبوو ڕۆزنامەمان نەبوو، هەر ئەو ساڵی بوو کە ئەوڵین بار تەمرمان چاپ کرد بە نێوی تەمری حیزبی دێموکراتی کوردستان** بە شکڵی تەمری پۆستی، مقدار پوڵێکی کە لە سەر تەمرەکان نووسرابوو، کەسێک کە کۆمەکی دەکرد هەر مقدارێکی دابایە لە مقابلدا تەمرمان دەدایە. تەمری حیزبی بۆ کۆمەک. ئەو تەمرانەمان بە سەراسەری کوردستاندا پەخش کرد، بۆ **سنە** بۆ **سەردەشت** بۆ **نەغەدە** بۆ **مەهاباد** بۆ **سەقز**. بۆ ئەو مەنتەقانە. بۆ **بانە** کە لەو تەمرانە ئیستفادە بکەن بۆ وەرگرتنی کۆمەک. **ئەو تەمرانە ئەوەڵین کۆمەکی چاپی بوو کە حیزبی تودە بە ئێمەی کرد**. ئەو تەمرانەی بۆ چاپ کردین. ئێمە تەقازامان کردبوو قەبزمان بۆ چاپ کەن. قەبزی ئەعانە، بەڵام ئەوان تەشخیسیان دابوو، تەمرمان بۆ چاپ کەن. قەبزەکان تەرحەکەمان بە نێوی حیزبی دێموکرات ناردبوو. کە ئەوان بە شکڵی تەمر دەریانهێنا بوو. بۆ مەیان ناردەوە.
فەعالیەتی ئێمە تەشکیلاتی بوو تەبلیغاتی بوو. لە داخڵی شار حەوزەی ئاموزشی هەبوو. چوون ئێمە مەعلیمی بامەعلوماتمان نەبوو لەو سەتحەیدا، بتوانێ بۆ خۆی ئیدارەکوننەدەی کلاس بێ. حەوزەکان مەوزەف کرابوون بۆ خۆیان دابنیشن کتێب بخوێنەوە و سوئال لە یەکتر بکەن و موتالعە بکەن. زمنی[جگە لە] کیتابی تئوریک، ڕۆمانی "چ گونە پولاد ئابدیدە شد" و ڕۆمانهای ئنقلابیمان دیارە پەخش دەکرد لە حەوزەکاندا. بۆ ئەوەی بیخوێنەوە. ئەو کتێبانەش بە عینوانی کۆمەک لە حیزبی تودە ڕا بۆ ئێمە هات. **فرقەی دێموکرات** و **حیزبی تودە** فەراخوانێکیان[بانگەواز] دابوو بۆ کۆمەکی کیتاب و نەشریات بە کوردستان. تیعدادێکی زۆریان کتێب بۆ ناردبووین. ئەو کتێبانەمان لە حەوزاندا پەخش دەکرد، کە بگەڕێ، بۆ بەعزێک لە شارەکانیشمان دەنارد، بەڵام سەتحی پەخشی ئەو کتێبانەمان مەحدود کردبوو بە عەناسروی ڕۆشەنفکر و نە گاتە دەست ئەشخاسی دیکە، بە غەیر ئەز ڕۆمانەکان کە ئازادانە بڵاو دەکراوە. کتێبی "چ باید کردی"

**لینین** ، ئاساری کلاسیک لە سەتحی گوستەردەدا[بەربڵاو] پەخش نەدەکرد. کتیبی تاریخ و کتیبی دێموکراسی **مائوتس تونگ** مان هەبوو، پەخشمان دەکرد. "چگونە کۆمۆنیست خوب باید بود". تەداروکمان دی بۆ ئەوەڵی ماهی مەی، ئەوەڵین تەزاهوراتێک بوو کە پاش شکستی ساڵی ۲۵ لە مەهاباددا بەرگوزار بوو.
تەزاهوراتەکە لە باخی **خەلیلی مچەی** بوو. کوڕێک بە ناوی **سەعید** ئەو مەقالەیەکی بۆ تەهیە کرابوو لە بارەی ئەوەڵی ماهی مە دا، خوێندیەوە، بەڵام سوارە نیزامێکی زۆر محاسرەی کردبووین لەو باخەیدا. ئەو تزاهوراتەیان محاسرە کردبوو چوونکو متوجە نەبوون چۆن تەزاهورات بێ سەر و سەدا دەستی پێکردبوو. فەراخان درابوو بە هەموو ئەفرادی حیزبی. کە هەر کەس دەتوانێ و ئیتمینانی پێ دەکات لە گەڵ خۆی بیهێنێ. بۆ موشارکت لەو میتینگەی دا. شایەد ئەو دەم ۵۰۰، ٦٠٠ کەس شیرکەتی کردبوو. دیارە ئەعزای حیزب ئەو دەمی نەدەگەیشت سەد کەسی. هەر ئەو حدودانە بوو.
بەڵام هەر کەس ئەفرادێکی لە گەڵ خۆی هێنابوو. ڕەفیقی نزیک[و] دۆستی [خۆی هێنا بوو]. تیعداد زۆر بوو پۆلیس موتەجە بوو، کە تەزاهورات هەیە. هەموو ئەوانەی کە شیرکەتیان کردبوو جەوان بوون. تەنیا کەسێک سین و ساڵ دار لەو قەدیمیانە شیرکەتی کردبوو، **حوسێنی فروهەر** بوو. ئەویش بە تەقازای خۆی کوتمان شیرکەتێ بکات. پۆلیسی سەوراە نیزام هاتن محاسرەیان کردین، بەڵام دەخالەتیان نەکرد. لێمان دەن، یان تەهدیمان کەن. یا دەستوری تەفرەقەمان پێبدەن. فەقەت لە دەورو بەرمان سەوارە نیزام ڕاوەستا بوو. ئێمەش بێ سەر وسەدا ئەو برادەرەمان مەقالەکەی ڕاجع بە ئەولی ماهی مەی خوێندەوە و بە چەپڵە لێدان خاتمەی پەیدا کرد. بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی ئیحتیتمان کردبێ، کارێکمان نەکرد، ئەوانە فرسەتێکیان دەست کەوێ، حەملەمان پێ بکەن. دەستورمان دا هەر لەو باخەی موتەفەرق بن. بۆ خۆشمان دەگەڵ **حوسێن فروهەر** و ئەوانە بە خەیابانیدا هاتینەوە نێو شاری. حادسەیەک نەقەوما .

### بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی ڕۆزنامەکانی حیزبی توودە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە

فەعالیەتی پاشی مەسئەلەی میللی کردنی سەنعەتی نەوت {بۆ ئێمە} ڕۆژی خەلعی یەد بوو، ساڵی ۳۰. **موسەدق** ساڵی ۲۹ی لە حکومەتدابوو. (۲۹ ڕەشەممەی - ۱۳۲۹ئیسفەند) بۆ بەشداری خەڵک لە تەزاهورات، ئەو تەزاهوراتە بە بێ حادسە گوزەرا. بەڵام هەر دەو ساڵەدا بوو، کە ڕۆزنامەهای عەلەنی **حیزبی توودە**، وەکو **شەهباز** و **بسوی آینده** و **جەوانانی دێموکرات** لە **تاران** مونتەشر دەبوون. دەبێ دیقەت لە ئینتشاری ئەوانە بکەین. کە ئەوە بە شکڵێکی زۆر گوستەردە دەهات بۆ **مەهاباد** و بە شکڵی عەلەنی دەفرۆشرا، پاش تەزاهوراتی خەلعی یەد ئێمە بونگاهی لالە درخشنمان دانا. بە مەسئولیەتی **ئەسعەدی خودایاری**. کارتی خەبەرنگاری **تهران مصور** و **کەیهانی** وەرگرتبوو. کوتبوومان بچێ وەربگرێ. بە عینوانی خەبەرنگاری ئەوانە بێ. دیارە لە مەهاباد خەبەرنگارێکی دیکە هەبوو خەبەرنگاری **ئیتلاعات** و **کەیهان**. **محەمەدی حەبیبی** بوو. **ئەسعەد خودایاری "تهران موسەوەر"**ی وەرگرتبوو. بەڵام خەبەرنگاری **شەهباز** و بە **سوی ئاینەدەشی** ورگرتبوو. کە ئەو ڕۆزنامانە دەهاتن. دەورێک هات کە دەستور درا عەلەنەن بفرۆشرێ. بە ئەعزای حیزب و کەسانێک کە زیاتر موحەسلینمان هەبوو. سازمانی موحەسلینمان هەبوو. کە خودی **عەوڵای ئیسحاقی** و ئەوانە لە دەبیرستانی دروستیان کردبوو. مەسئولەکەشی خودی **عوبدوڵای ئیسحاقی** بوو. چوون عەبڵای ئیسحاقی بۆ خۆی ساڵی ٥ی دەبیرستان و ئەو حەدە بوو. مەسئولیەتی ئەوسازمانە بە عودەی ئەو بوو. خودی **ئەسعەدی خودایاری** بوو **مەحموودی مەنگوڕی** بە عینوانی ڕۆزنامە فرۆش بوو. مەحمودی مەنگوڕی کارگەرێکی زەحمەتکێش بوو. کارگەری دوخانیات بوو لە بەخشی ئەمباری توتنی دوخانیات. ئەوانە بە شکڵی عەلەنی ڕۆزنامەکانیان دەفرۆشت. مەخسوسەن **جەوانی دێموکرات** دەفرۆشرا و بۆ شارەکانیشمان دەنارد. بۆ ئەو شارانەی کە کۆمیتەمان لێی هەبوو. زۆر وەسیع لە کوردستانی پەخش دەبوو. هەر فەردەی حیزبی، لە داخڵی شاریدا مووەزەف بوو، ٥ شمارە **جەوانانی دێموکرات** پێنج شمارە **بەسوی ئاینده** و ٥ شمارە **شەهباز** بفرۆشێ چوون ئەو ڕۆزنامانە لە مقایسە لە گەڵ ڕۆزنامەکانی کەیهان و ئیتلاعات فکریان دەدا بە خەڵک. مەتالبی تێدابوو بۆ خەڵک جێگای ئیستفادە بوو. کاری تەشکیلاتی ئێمە بە تەدریج ڕوشدی دەکرد لە داخڵی شاریدا ڕووبەڕو بووین لە گەڵ جەرایاناتێکی دیکە کە حەوادسی **بۆکانێ** قەوما. عیلەتەکەی تەقازای جوتیارانی مەنتەقە بوو، لە مالکەکان بۆ ۲٥٪ دەرسەدی کە موسەدیق دیاری کردبوو. کە بە سوودی دێهقانان لە دەرامەتی مالک کەسەر بێتەوە و خەرجی مەسائیلی بێهداشتی لە دێهات {بکرێ}. دیارە موبارزەیوکی توند و شەدید لە دەربارە و موسەدیق هەبوو لە سەرتاسەری ئێرانێ.

### جوڵانەوەی جوتیارانی ناوچەی بۆکان و خەباتی جەماوەری شاری بۆکان

لەو ڕابیتەیەدا میقدارێک فەزایەکی نیسبەتەن موناسب بە وجوود هاتبوو بۆ فەعالییەت. کە نەتیجەی ئەو فەزاییەی دیهقانەکانی بۆکانێ و **حاجی قاسم** لە بۆکانێ، دە گەڵ عیدەیەکی دەستیان بە فەعالیەت کرد، عومدەتەن خواستەکانی حاجی قاسم و ئەوان لە بۆکانێ ئەوە بوو، کە مالکەکانی کە ساحەبی زەمینەکانی بۆکانێ بوون و قەبلەن زەمینەکانیان فرۆشتبوو بە خەڵک، سەنەدیان نەدا بوو. فرۆشتبوویان ئەوان خانوویان دروست کردبوو بەڵام سەنەدی زەمینەکەیان نەبوو.
عومەدەتەن لێرەڕا[جوڵانەوەی] هی شاری بۆکانێ دەستی پێکرد. ئیعتراز بە مالکەکان و تەقازا[لە] حکومەت بۆ ئەوەی مالکەکان وادار بکات . دەرباریش لەو لاوە هەمیشە سەعی دەکرد لە سەتحی ئێرانێدا، نائەمنی بەوجود بێنێ. ئیعتساب بە وجوود بێنێ، شلوغی بەوجود بێنێ.

بەختیارەکانی لەو لا تەحریک دەکرد.  کە بەعزە حەرەکاتێکی بکەن بۆ ئەوەی حکومەتی مەرکەزی موسەدقی تەزعیف بکەن. لەو شەرایتەدا بوو کە دەهقانەکانی ئەترافی بۆکانیش بۆ تەحەقوقی ئەو خواستەی ۲۵%کەی بەر عەلیەی مالکەکان دەستی پێکرد. ئەمە لە کۆمیتەی بۆکانێ ڕا بە کەتبی ئیتلاعمان بۆ هات کە حەوادسێک لە بۆکانێ دەگوزرێ.زۆر حەوادسەکە توندە ، دهقانان تەجموعی زیادیان هەیە، ئێمەش لە جەلەسەیەکی دا کۆبووینەوە وامان بە باش زانی کە ئیقدام بکەین لە سەر ئەوەی نەهێلین دهقانەکان حاڵەتێکی توند بە خۆی بگرێ. ئیعتراز بدەن و چوونکو خەبارمان زانی بوو کە دهقانەکان خەریکن موسەلەح دەبن. وا تەشخیس درا کە ئێمە بچین شکڵ بدەین بەو حەرەکەتەی، شکڵی سیاسی پێبدەین. دهقانان وادار کەین بێن لە تەلەفونخانە و تلگرافخانە موتەحەسن بن، لە بۆکانیش حاڵەتی تەحەسون پەیدا بکات کە ئێمە لە تارانێ لە گەڵ **سارم ئەدینی سادق وەزیری** لە موسافرخانەی حەقیقەت لە گەڵ **حاجی قاسمی** ملاقاتمان کرد ، دیار بوو حاجی قاسم ئیرتباتاتی لە گەڵ **جیبهەی میللی** بەرقەرا کردبوو. لە تەرف جیبهەی میللییەوە هان دەدرا بۆ ئەوەی فەعالیەت بکات، ئێمە لە گەڵ سادق وەزیری زۆرمان لە گەڵ حاجی قاسم قسە کرد. حاجی قاسم میقدارێک شکلی سیاسی بدا بە کارەکەی لە حاڵەتی ئینفجار دەریبهێنێ. ئەو حاڵەتە حاڵەتێکە دەربار ئیستفادەی لێ دەکات عەلیەی حکومەتی موسەدیق. لە شەرایەتێکی وادا نییە ئێمە بتوانین پشتی بەردەین. دیارە حاجی قاسم زاهیری قەزیە ڕام ببوو بەڵام لەو لاشەوە دەربار مالکەکانی تەحریک دەکرد عەلیەی حاجی قاسم و هەم عەلەیەی دهقانەکان کە ئیدعای ۲۵%دەکەیان دەکرد.
ئەمن هەڵبژێردرام بۆ سەرو سامان دان بەو حەرەکەتەی کە نەهێلین بە حاڵەتی ئینفجاری دەربێ. ساڵ ساڵی ۳۱ە **عەزیزی یۆسفی** تازە لە زیندان هاتۆتە دەرێ، من پێشنیارم کەرد عەزیز یۆسفی بێت لە گەڵم بۆ **بۆکان**. ئەمە نەمانتوانی بە ماشێن برۆین بۆ بۆکانێ، ژاندارمەری و ئەوان لە داخلی بۆکان حاڵەتێکی فوقلعادەیان دانابوو، دەروازەی شاری کۆنترۆڵ دەکرا و ماشێن کونترۆڵ دەکرا، وامان بە سەلاح زانی بە قسمەتی **بەیرەم** و ئەوانەدا لەو بەری چۆمی بۆکانێ ڕا بە بەلەمەکە کە هەبوو بپەڕینەوە.
**برایم فەرشی**          بە جادەی بورهاندا؟
**غەنی بلوریان**          بەڵێ بە جادەی برهاندا. بە جادەی برهاندا بە پێیان بچین بۆ **بۆکان**. لە گەڵ عەزیزی بە پرسیار بە بێ ڕاهنما چووین. من فکر دەکەمەوە فەسڵی سەرما بوو، سارد بوو بۆیە دەڵێم کە جادەکە بە بەر کێوێکی دا دەرویشتین لورە لوەرەی گورگان دەهات. گورگ مەعمولەن زستانان دێتە نزیک ئاوایی، کە ئەمە ڕەد بووین. بەڵام بەفر لە زۆر عەرزی نەبوو. چ مانگێکی بوو دەبێ پیاو تەحقیق بکات. بەڵام ئەوەی نزیک زستان و ئاخری پاییز بووە یان ئاخر مانگی زستان چوون بەفر کەم بوو لە سەر عەرزی. موسەلەمەن بە بەفری سەنگین لە زستان ئەو کارەمان نەدەکرد. **معەلیمێکی سابلاخی** لە **بۆکان** بوو **ئەحمەدی سالحیان** خزمی خۆم بوو، ئێمە محەلی ئەومان پرسی کە پەڕینەوە لە  چۆمی بۆکان. لە ماڵی ئەو بووین دەعوەتمان لە **حسێنی فاتحی** مەسئولی بۆکانێ کرد، هاتە لای ئێمە لە ماڵی ئەحمەدی سالحیان. لە گەڵی قسەمان کرد لە سەر **حاجی قاسم** و ئەوانە [کە] کۆمیتەی ئێرە ئیرتباتیان لە گەڵ بگرێ. ئارامیان بکات کە ئەوانە کارەکانیان شکڵێکی قانوونی پێبدەن. حاڵەتی ئیعتساب و تەحەسون و تەنزیمی شکایەت و لەوایح بەو شێوەیەی لە حکومەتی موسەدیقیان بوێ. ئەو حەقەیان بۆ تەئمین بکات. چوونکو ئەمە هەر وەکوو تعدادێکی بە وەسیلەی هەر کۆمیتەی بۆکان لە دهقانەکانی ئەترافی بۆکانێ، کە سلسلە جونبانی ئەو حەرەکەتەی بوون. نێوم لە بیر نەماوە چوون من نەمدەناسین، تەماسمان لە گەڵ گرتن. تەقازامان لێکردن کە لە گەڵ شاری هاوکاری بکەن موشتەرەکەن، نمایەندەی خۆیان بنێرن بۆ تەحەسون لە شاردا. ئێمەش لێرین یاریدەیان دەین ڕاهنماییان دەکەین. کارێکی وانەکەن شەڕ هەڵئایسێ و کێشە ببێ. دیارە ئێمە مەئموریەتی سەقزیشمان هەبوو کە بچینە **سەقز**. بازڕەسی لە سەقزیش بکەین. پاش ئەوەی بازڕەسی لە سەقزی بکەین بچین بۆ سنەی. کە سنە تازە تەحویل وەرگیرابۆوە. بچین تەماس بگرین لە گەڵ تەشکیلاتی **سنە**. ئیرتباتی موستەقیم بەرقەرار بکەین لە گەڵ سنە. **سنە** ئەو دەمی **حیزبی تودە** تێدا فەعالیەتی کردبوو، هەستەهایەکی تێدا بەوجود هێنابوو. ئێمە تەقازای کوردستانمان کردبوو لە حیزبی توودە. بە کرماشان و کوردستان و هەموو ئەو مەنتەقەیە. دەبێ بێتە ژێر پووششی حیزبی دێموکرات. دیارە لە سەر ئەو مەسائیلە لە گەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دەرگیریمان هەبوو. لە سەر ئەو بەشە کوردستانەی کە دەوروبەری **ورمێ** و **ماکۆ** و مەنتەقانە. ئێمە موعتەقد بەو مەنتەقەی بووین لە زەمانی حکومەتی **قازی محەمەدی، جمهوری مەهاباد** تەوافقی لە سەر کرابوو، هەم لە ئەترافی **میاندواوێ** هەم لە ئەترافی **ورمێ**. روفەقای ئازەربایجانی ئەو مەنتەقەیان بە **ئازەربایجان** حیساب دەکرد. ئێمە لە سەر حیسابی **جمهوری مەهاباد** حیسابمان دەکرد. کە کۆمیتەی موستەقلی هەبێ بۆ بەشی کوردستان. ئەترافی ورمێ. کە ئەو کۆمیتەیە **سەنار** و ئەوان جزووی ئەو کۆمیتەیە بوون. بەڵام کۆمیتەی بەخشی کوردستانمان لە گەڵ کۆمیتەکانی ئازەربایجانێ پێکەوە هەماهەنگمان کردبوون . چوون شکڵی مەرزەکەی جورێک هەڵکەوتبوو کە ئازەربایجانی و کورد ئاوا پێکەوە هەمسایە بوون بە یەکەوە.
زۆرمان نەسیحەتی ئەو برادەرانەی **بۆکان** و **دیهقانەکان** کرد بەڵام ئەوان زۆر پیس گوڕیان گرتبوو، مالکەکانی ساحەبی ئەملاکی مەنتەقە، ئەوەی کە ئەملاکیان لە داخلی بۆکانێ، زەمینیان فرۆشت بوو بە خەڵک، لە تایەفەی **حاجی ئیلخانیەکان** بوو. دیارە ئەوان تەحریکاتیان دەکرد بە پشتیوانی **تیپی مەهاباد** بە فەرماندەهی **موزەفەر زەنگەنە، سەرتیپ موزەفەری زەنگەنە**. ئێمە تەوجو هەمان پێدابوون بە دیهقانەکان، کە ئەگەر حەرەکاتی توند بکەن ئەرتەش لە پشتی فوئودالەکانە. دیارە فوئۆدالەکان تەجاوزیان کردبوو بە دیهقانەکان . دیهقانەکان لە ئاواییەک حەملەیان کردبوو چاڵە گەنمیان دەرهێنابوو.
هەقی خۆیان بوو. داوای هەقی خۆیان دەکرد. بلاخرە چوون مالکەکان تەسلیم نەدەبوون، ئەوان حەملەیان بە دێهاتی کردو بەعزە چاڵە گەنمێکیان دەرهێنابوو. بەعزێک لە بەعزە دێیەکی ئەساسی فۆئۆدالەکانیان بردبوو. ئەسپ و وەسایل و

ئەوانەیان بردبوو. زۆر چاڵە گەنمەکانیان دەرهێنابوو. عەمبارەکانیان تاڵان کردبوو. لە باتی حەقی خۆیان. مەسادرەیان کردبوو. دیارە ئەوان موسەلەح نەبوون. بەڵام شەنە و داس و شتی ئاوایان پێببوو. بە تەحریکی **ئیلخانی زادەکان** ماڵی **حاجی قاسم** لە **بۆکانێ** ئاوری تێبەردرا. کە **حاجی قاسم** بۆ خۆی لە تارانێ بوو. کە پاش ٢٨ موردادی ٣٢حاجی قاسم لەو فاسلەی دا هەڵاتبوو چوو بوو بۆ **زنوێی شێخی** کە من لەوێ حاجی قاسمم دیتەوە. خەیاتخانەیەکی دانابوو. حاجی قاسم بۆ خۆی خەیات بوو. بلاخەرە ئەمە لە **سەقزی** بووین کە خەبەری ئاتەشسوزی ماڵی حاجی قاسم و حەملە بە دێهقانانی مەنتەقە عیدەیەکیش کچی مەنتەقەی **بۆکان** خۆیان لە چۆمی هاویشتبوو لە ترسی حەملەی مالیکان و ئەوانە. خەفە ببوون، لە چۆمی دا. جونبشی دهقانان لەوێ سەرکوت کرا. کە وەبوو ئێمە چووینە **سنە** و گەڕاینەوە. ئیرتباتمان گرت لە گەڵ کۆمیتەی سنەی. دە گەڵ **ئەحمەدی شەریعەتی** و **قوسەیری** و ئەوانەی کە مەسئولی سنەی بوون. سەرو سامانێک درا. ئیرتباتێک بەرقەرار کرا. دە گەڵ **عەزیزی** گەڕاینەوە **مەهابادێ**. تیعدادێکی زۆریان لە دهقانان دەستگیر کردبوو. ٧٠، ٨٠کەس دهقان دەستگیر ببوون. هێنابوویانە زیندانی مەهابادێ. تیعدادێکی دیکەش لە کەس و کاری ئەو زیندانیانە هاتبوونە لە کاروانسەراکانی کۆسە و ئەو مەنتەقەیەی میهمان بوون. ئێمە وەکوو حیزب تەماسمان دەگەڵ دەگرتن دڵنەوایمان دەدانەوە و پشتیوانیمان لێ دەکردن. دەوڕابیتەیدا ئیمام جومعەی مەهابادێ ئەو دەمەی **مەلا حاجی مەلا خالید** بوو **حاجی مەلا خالیدی دەربەندی** ئیمامی جومعە بوو. ئێمە دەگەڵ ئەوی ئیرتباتمان هەبوو عوزی حیزب بوو بە نهێنی پیاوێکی شوجاعیش بوو، ئەومان تەشویق کرد کە ئیعتراز بکات بە گرتنی ئەو دیهقانانە و تیعدادێکمان لە خەڵکی مەهابادێ موتەحەسین کرد، لە تیلگرافخانەی بە عینوانی ئیعتراز ئەو جنایەتی کە لە بۆکانێ کراوە دەوڕابیتەیەدا بوو کە مالیکەکانیش هاتبوونە مەهابادێ دیارە مالکەکانم دەقیق نەدەناسی کە ئەو ئاغایانەی چۆمی **مەجید خان** و **برایم ئاغا** و ئەوانە نازانم شۆرەتی چ بوو ئەوان برایم ئاغایەکی درێژە بوو. ئەو ئاغایانەی ئیلخانی زادە لە مەهابادێ بوون. لە موسافرخانەی **گوڵشەن** میهمان بوون.

**برایم فەرشی**          ئاغای ئیلخانی؟

**غەنی بلوریان**     **برایم ئاغای عەلیار** ناڵێم، برایم ئاغایەکی دیکە بوو لای چۆمی مەجید خان ، برایم ئاغای عەلیار ئەترافی بۆکانێیە. دیارە ئەو ئاغایانەی ئەترافی **تاڵاو** و **هەمزە خەلیل** و **حسێنە زەرد** و ئەو ئاغایانەش هەر پشتیوانیان لەو ئاغایانەی ئەترافی **بۆکانێ** دەکرد. یەک بوون بۆ سەرکوبی دیهقانان. تەقویەتیان کردبوون پیاویان ناردبوون. ئێمە خەبەرمان زانیوە کە ئەو ئاغایانە شەخسێک لە مەهابادی هەبوو بە نێوی **عەلیە شەلە** قومارباز بوو، یەکی گەردەن کولفت بوو، زۆر چابوک بوو، گەردەن کولفت بوو. ئەوە سەردەستەی قوماربازو چەقۆکێشانی **مەهاباد** و **میاندواو** و **بناو** و **مەراغە** و ئەوانە بوو لە حەقیقەت دە گەڵ ئەوان هەم پەیوەندی هەبوو وەکوو سەردەستەیەکیش بە حیساب دەهات. ئەڵبەتە تەسادوفی ڕۆژگار وابوو کە قەبل ئەز ئەو حەوادسە لە **بۆکانێ** بە وجود بێ، من ڕۆژێک بە بەر گاراژدا دەهاتم. کە ئەو **عەلیە شەلە** لە گەڵ عیدەیەک لە نەوچەکانی خۆی لە بن دیواری دانیشتبوون تۆویان دەقرتاند، یەکێک لە و ئەفرادەی کە لە گەڵ عەلیە شەلەش ئیرتباتی هەبوو بە نێوی **سمایل تیتی** بوو، بە خزمەوە دەگەیشتوە مە، برای ئەو **کاکە مینە** بوو کە لە ماڵی مەدا بەحسم کرد. **شێری عەشیرەتی** بوو، **سەدیقە درێژ** بوو، ئەوانە لە گەردەن کولفتی سابڵاخێ بوون. ئەو ڕۆژە کە من بە بەر ئەوێدا هاتم بڵاخرە **سمایل تیتی** هەستا لە بەر پێم و ئەوانی دیش هەستان. دەستم لە دەستی نانن و کوتم چی دەکەن لە بەر ئەو تاوەی دانیشتوون. بێ کار و بێ بار. ئەو تەماشای ئەوی کرد و ئەو تەماشای ئەی کرد و پێکەنین. کوتم چ خەبەر. کوتیان وەڵا هیچ، شایی هەیە لە **وسووکەند** ئێمەش پوڵمان نییە بچین. منیش کوتم چەند و لازمە ٥٠٠، ٦٠٠ تمەن. منیش **سمایلی تیتیم** بانگ کرد و بردمە لای **حەمە غەریبی دەباغی** بەقاڵ بوو کوتم ٥٠٠ تمەنیان بدەیە بە قەرز بە حیسابی من. لە شاییان مەعمولە لە سابڵاخێ یان لە دێهاتی قومار دەکەن. لە قوماڕێ ئەوانە دوو هەزار تمەنیان بردبووە. کە **عەلیە شەل** و **سمایل تی تی** هاتنە ماڵە مە تەشەکوریان لە من کرد و کوتیان ئەمە پوڵمان بردۆتەوە. ئەمە حازرین، نیوەی بە حیزب کۆمەک بکەین. قوبووڵم نەکرد. کوتم بۆ خۆتان هەڵیگرن. فەقەت ٥٠٠ تمەنەکەی بدەنەوە بە **حەمە غەیبی**. ئەو مەسەلەیە بە کۆمەکی مە هات، وەختێکی خەبەرم زانی کە ئەو ئاغایانە میقدارێکیان پول داوە بە عەلیە شەلەی بچێ بۆ ئیهانەی ئەو دێهقانانەی بۆکانێ. کە هاتونە مەهابادێ پەناهەندە بوون و ئێمە لە گەڵیان لە ئیرتباتداین، کۆمەکمان پێ دەکردن، کۆمەکی ماڵی. **عەبدوڵای ئیسحاقی** و ئەوان مورەتەب ئامەد و ڕەفتیان بوو لە گەڵیان. ئەمن کە خەبەرم زانی ناردم بە دوای **سمایل تی تیدا** کوتم پێ بڵێن لە گەڵ عەلی و وان بێن بۆ ماڵی ئێمە. بە سورعەت ئەوانە هاتن. شەش، حەوتێک بوون وەژوور کەوتن، پاش نوێژێ سەعات دووی پاش نێوەڕۆ دەبوو. منیش بۆم تەوزیح دان مەسەلەی حەوادسی بۆکانێ. زوڵمێکی کە ئەو مالیکانە کردوویانە. لەو دیهقانانە کوشتارێکی کە لێیان کردوون. خنکانی عیدەیەک کچ. پاش ئەو سوحبەتان کوتم موتەسفم ئێنگۆ چوون لەو ئاغایانە پوڵ و ئەستاندوو ە بۆ ئەوی ئیهانەت بکەن بەو دیهقانانە. دیهقانەکان پەنایان هێناوە بۆ ئەو شارەی ، بۆ ئەوەی ئەو ئومێدەی لە ئەوان کوێر کەنەوە ، ئێنگۆ مەهابادین ، ئێنگۆ تەحریک بکەن بە عینوانی مەهابادی بچن ئەوان عەزیەت بکەن. ئەمن تەوقوعم نەبوو ئەنگۆ ئەو کارەی بکەن. بلاخرە ئەنگۆ هەمشاری منن. عەلی کوتی کاکە ئەمن نەمدەزانی مەسەلە ئەوەیە. ئێمە کابرایەکی بێ سەواد و تێنەگەیشتوو بێعەقڵین. هەموو کەس دەتوانێ فیریومان بدات. ئەلان تۆ ڕوونت کردووینەوە دەزانین مەسەلە چییە. تەوهێنێکی بە ئاغاکان کرد و کوتی ئەمن تەکلیفی ئەوانە ڕوون دەکەمەوە. ئەو دەم ڕەییسی ئاگاهی مەهاباد شەخسێک بوو بە ناوی **فەتحی،** خەڵکی **ورمێ** بوو. **عەلییە شەلە** بەو داروودەستەیەوە لە ماڵی ئێمە کە وەدەر دەکەوێ دەچێتە کافەی **گولشەن** کە هەمان موسافرخانەی گولشەن بێ، کافەیەکی هەبوو. ئاغاکان لەوێ دەبن ئەو ڕەییسی ئاگاهییەش لە گەڵیان دادەنیشێ. عەلیە شەل وەژوور دەکەون. تەوهینیان پێدەکەن. دەڵێن ئەنگۆ پوڵ و بە مە داوە بچین ئەو

بەدبەختانە عەزیەت بکەین. ئەمە نەمانزانی ئەنگۆ ئێمەتان فریو داوە و زوڵم و لەوانە کردووە. ئەمن کابرایەکم ئەوە ڕەییسی ئاگاهیە، تەوهینێکیش بە ڕەییسی ئاگاهی دەکەن. لە پێش چاوی ئەوان ، کە ئەوە ڕەییسی ئاگاهیە پیاوی خۆمانە. ڕۆژێک ئێمە ئارەقی بۆ نەکرین، ئارەقی نییە بیخواتەوە. فلانە فلانە تەوهینی پێدەکەن. دەبێ ئێوە بزانن لە حکومەتیش ناترسێین. ئابڕوشمان نییە و پابەند بە ئابڕوش نیین. تێمانهەڵدەن، زیندانیمان کەن. پابەندی ئەوانە نیین ئەمما ئێنگۆ ئاغاواتن، خۆتان بە ماقوڵ دەزانن،خۆتان بە شەخسیەت دەزانن، دە نێو خەڵکدا خۆتان بە ئیعتیبار دەزانن. ئەمن دەتوانم لە گەڵ ئەوانە ئێواران لە چوارچرای مەهابادێ کە پڕە لە جەمعیەت، خشتەکو دەرهێنم. گەورەترین تەوهین کە قەت سەرو هەڵنەیات بێنەوە **مەهاباد**. ئێمە ئەوەی دەکەین و لەوانەش ناترسێین. وەدەردەکەون دەچن **کاروانسەرای کۆسە** و عێدەیەک لە دێهقانەکان هەڵدەگرن، دەیانهێنن کەبابیان بۆ دەکرن. دەیانبەنە قاوەخانەی عیمادی چایان بۆ دەکرن. ئوتوبووسێکیان بۆ دەگرن دەیان بەنەوە مەنتەقەی خۆیان. بۆ خۆشتان لە گەڵیان دەچن. ئاغاکانیان تەهدید کردبوو، دەستیان لێدەن لە مەهابادێ خشتەکو دەبڕین. بە حکومەتیش بڵێن زایندانمان دەکەن بلاخرە دێنە دەرێ. ئەنگۆش دێنە مەهاباد. مالکەکان نەیان وێرابوو خۆیان تێبگەێنن. بەڵام بە وەسیلەی حکومەت ئەوانەیان وادار کرد کۆچ بکەن لە دێهاتەکانی ئەوێ. موشەخەسەن بەعزە خانەوادەیەک کە بە عینوانی موحەرک ناسرابوون.

جەلەسەیەک دەبێ لە فەرمانداری کە ئاغاکانیش دادەنیشن لە مەهابادێ موافقەتێ دەکەن، کە ئەو دهقانانە بەردەن. ئەوانەش کە بە عینوانی موحەرک بوون ئەوانە بە خانەوادەوە کۆچ بدەن. بۆ ئەو مەنتەقە، پاشان تەحەسوونەکە شکا. دێیکیان دروست کردبوو لەو مەنتەقەی نێویان نابوو، نێوەکەم لە بیر چۆتەوە، ئێمە نێوی دێیەکەمان نابوو **دێی سوور**. دێیەکەم وەبیر دێتەوە. ئەوانەیان مونتەقیل کرد بەوێ، هەمووی ئەو دهقانە شورشیانەی بۆکانێ بوون. لەوێ موستەقەریان کردبوون. ئێستاش ئەو دێیە هەر هەیە **داشخانە**. دیارە ئێمە لە **داشخانە** ش فەعالییەتمان هەبوو کۆمیتەمان بۆ دروست کردبوون. هەر وەکوو کوتم **حاجی مەلا خەلیلیش** لە نوێژی جومعەی لە سەر مینبەرێ ئیعترازی کردبوو بە حکومەت. حەملەی کردبوو بەو ئاغایانە. لە خەڵکی داوا کردبوو کۆمەک بکەن بەو دهقانانە. لە ئیعترازاتدا شیرکەت بکەن. ئیعدەیەک لە جەوانەکان لە تەحەسوون شیرکەتیان کردبوو. دە پانزدە ڕۆژێکی تەحەسوون بوو. ئەوانە بەربوون. ئەوەش جەریانی حەوادسی بۆکانێ.

**برایم فەرشی**      ئەو دێهاتانەی کە لە جوڵانەوەکەدا بەشدار بوون کێهابوون

**غەنی بلوریان**      بە داخەوە ناوم لە بیر نەماون

**حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٣١ و ڕێفراندۆمی موسەدق**

**برایم**      ساڵی ٣١ بەو لاوە وەزعی حیزبی دێموکرات چوون بوو؟

**بلوریان** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ فەعالییەتی مە لە سەر ئینتخابات، ڕفراندۆم ببخشە. پاشان ئینتخابات. ڕیفراندۆم دەبێ موشەخەسەن تاریخی چ وەختێک بێ؟ ساڵی ٣١دایە. ڕیفراندۆم ئەوە بوو، موسەدیق نەیدەتوانی هیچ لایحەیەک لە مەجلیس بگوزرەێنێ. **مە جلیسی شورای ئیران** زیاتر دەرباری بوون. **موسەدیق** تبقی قانون لەو لایحەیە ئیستفادەی کرد کە باسی ڕێفراندۆم دەکات. ڕێفراندۆمێکیان دانا لە سەرتاسەری ئێرانێ، ئایا ئەو مەجلیسە مونحەل بێ یان نا. دەربار موخالیف ئینحلالی مەجلیس بوو، موسەدیق موافق بوو. دوو سندوقیان دانابوو،سەندووقی ئارای سەنندوقی نا. مونحەل بێ یان نەبێ. لە مەهابادیش دوو سەنندوق داندرابوو، یەکیان لە **مزگەوتی هەباس ئاغای** ئاری، یەکیان لە مزگەوتی **حاجی سەی بایز** نە. یانی سننەدوقی تەرفداری شای و سەنندوقی تەرفداری بەرەی موسەدق. ئێمە فەعالیەتی گوستەردەمان لە سابلاخ دەست پێکرد. بۆ ئەوەی خەڵک بە ئینحلالی مەجلیس ڕای بدەن. دیارە فەرماندار تیعدادێکی لە موعتەمیدینی شار و مەئمورینی شار لە سەر سەنندوقەکان دانابوو. کە بە ئازادی خەڵک ڕای خۆی بدات. دیارە ئەمن دیاری کرام لە نێو شاردا میتنگی موزەعی بدەم. لە سەر مەسەلەی ڕێفراندۆم.**عەبڵای ئیساحاقی** دیاری کرا کە لە مەنتەقەی **مەیدانی ئازادی** قسە بکات. ئەمن دیاری کرام لە سایری مەناتقی **سابلاخ** مەیدانی ئاردی و **مەیدانی مەنگوران** ، خەیابانی بەر گاراژ و ئەوانە سوخەننرانی بکەم. **هاشمی حوسێن زادەیان** دیاری کرد بۆ ئەوەی لە مەیدانی **حەمە خرچەی** و لە سەر بەرداشی سوخەننرانی بکات. میتینگی مەوزعی دەست پێبکەین. میتینگی مەوزعیش بە میتینگی سەرتاسەری تەبدیل بکەین. کە من هاتم لە دوو نوقتەی مەیدانی مەنگوران دیارە هەشت و نۆ و دە کەسم لە گەڵ بوو، چوارپایەیکیان هێنابوو لە قاوەخانەیەکی کە من ئەوەڵین سوخەننرانیم لە بەر دووکانی **حەسەنی پیرە**، خەڵکم دەعوەت کرد و بۆم تەوزیح دان. ڕێفراندۆم چییە، مەنزور لە ڕێفراندۆم چییە، ئیشارەم بە قانونی ئەساسی کرد، کە قانونی ئەساسی دربار پایماڵی دەکات. ئینحلالی مەجلس تەڵەب دەکەین، بەر ئەساسێکی کە لە جەریانی مەشروتەیدا بریاری لە سەر درا. لە مەیدانی مەنگوڕان لە دوو نوقتان ، لە **مەیدانی ئاردی** لە بەر گاراژ، **مزگەوتی مەلا ڕەسوڵ ، حەمامی میرزا ڕەسول** ، دیارە لە بەر گاراژێ پۆلیس، حەملەی هێنا کە زانی ئەمن میتینگی مەوزعیم داناوە، لە زارکی **مزگەوتی سوور**، بەڵام لەو بەریوە، ئەو قسمەتی خەیابان. پۆلیس حەملەیان کرد، خەڵک موقاوموتیان کرد. بلاخرە بێ شەڕ و شوور میتینگەکە تەواو بوو. خەڵکمان هان دا، دوایە هاتینە بەر چوار چرایە، سوحبەتم کرد. مورەتەب خەڵک بە دوامانەوە بوو. لە هەر جێگایەک سوخەننرانیمان دەکرد، خەڵک لە گەڵمان دەکەوت. هەر زۆر دەبووین تا ئەو میتینگە مەوزعیانەمان لە گەڵ میتنگی مزگەوتی **هەباس ئاغا** تێکەڵ کردەوە. خەڵک ڕایان لە سنندوقان دەهاویشت. نەتیجەی ئارا یەک ڕای بە نەفعی سنندوقی شای، بە قیەش لە

مزگەوتی هەباس ئاغا بە نەفعی ئینحلال[بوو]. جالب ئەوە بوو ئەو تاقە ڕاییە، لە **مزگەوتی حاجی سەید بایز** تێهاویشت بوو شەخسێک تێهاویشتبوو بە نێوی **ئیسماعیلی شافعی**.
لە سەر سنندوقی کە خەبەرم زانی **سمایلی شافعی** ڕەیی تێهاویشتووە، چوونکوو **ئەحمەدی نەمەشیری** خەبەری پێدابووین، کە تەنها کەسێکی کە هاتووە ڕەیی تێهاویشتووە، **سمایلی شافعی** بووە، کە ئەوە بوو لە بەر دەواخانەی **سالح زادەی** گرتم، کوتم ئەتۆ بۆ چی هەستاوی چووی لە سنندوقی شاری ڕەییت تێهاویشتووە، مەجلیس بمێنێتەوە. کوتی وەلاهی بە خاتری ئەوەی کە **هاشم حوسێن زادە** هات بە منی کوت **ئاغای ژیگول** بۆ دەستت لە گیرفانی ناوە، لە خەیابانێ قەدەمان لێدەدەی، ناچی ڕەیی تێباوێ! ئەمن لەو کەلیمەی خۆشم نەهات پێم پێ ئەدەبی بوو، ئەمنیش کوتم بەڵێ قوربان ئەوە دەچم تێدەهاوێم، ئەمنیش ڕاست ڕۆیشتم بۆ مزگەوتی حاجی سەید بایز و بۆ شام تێهاویشت. وەگەر نە تەسمیمم نەبوو ئەسلەن لە ڕەیی دانێ شیرکەتێ بکەم، نە بەو لایدا و نەبم لایدا. بەڵام چوون ئەو قسەی پێگوتم، ئەمن چووم تێم هاویشت. دوایە ئەمە ئینتقادمان لە **هاشمی حسێن زادەی** کرد، کە لە شەرایتی ئاوا حەساسدا ئینسان ئاوا بەرخورد ناکات. بلاخرە ئەگەر بە سەمیمیەتەوە پێت گوتبا، بۆ ئەو لایەی تێدەهاویشت یان ئەقەلەن نەدەچوو. بە هەر سورەت ڕێفراندۆم لە مەهاباد زۆر وەسیع بوو، شکلی تەزاهورات و سوخەنرانی مەوزعی بوو، وە پاشان حاڵەتی میتینگێکی تێکخراوەی لە بەر مەیدانی ئازادی وەسیعتر بوو. خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە، گەرچی ئەو دەمی ژنان حەقی ڕەییان نەبوو، بەڵام ژنێکی زۆریش لە مەیدانی هەباس ئاغا، کۆ ببوونەوە، تەشویقێک بوو بۆ خەڵک چوونکو لە لایەن کۆمیتەی هەیئەتی مەسئولینەوە، سازمانی ژنان کە من مەسئولی سازمانی ژنان بووم ، دیارە هەوەڵێ **عەزیزی یۆسفی** مەسئولی سازمانی ژنان بوو ، پاشان ئەمن بووم بە مەسئولی سازمانی ژنان. دەستوریان دا ئێمە سازمانی ژنان هان بدین ، بێن بۆ میتینگەکە. خوب خەڵک ببێنێ ژن لە تەزاهوراتی شیرکەتی کردوە، تەشویق دەبێ بۆ ئەوەی پیاویش زۆرتر وەسیعتر شیرکەتێ بکەن. کە ئەوە تەئسیرێکی زۆر زۆری هەبوو، ئەو مەسەلەیە. شیرکەتی ژنان لەو تەزاهوراتەێ. ئەوە ئەولین تەزاهوراتێک بوو ژنان شیرکەتیان کرد ، بە شکڵی عەلەنی و وەسیع . لە بەر مەیدانی ئازادی. دیارە ئەو ڕێفراندۆمە لە شارەکانی نەغەدە و پیرانشار و شنۆ و سەردەشت و سەقز و بانە و سنە و ئەوانەش بە شێوەهای موختەلف خەڵک شیرکەتیان کرد. ئارایەکی لە سەرتاسەری ئێرانێ درا بە سوودی ئینحلالی مەجلیس. مەجلس موسەدق مونحەلی کرد.

### حیزبی دێموکرات لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**برایم فەرشی** مەسئولینی ئێرتباتات لە گەڵ شارەکان کێ بوون؟

**غەنی بلوریان** مەسئولی ئێرتباتات لە گەڵ سەردەشت و سنەی ئەمن بووم. مەسئولی ئێرتبات لە گەڵ **سەقز** و بۆکانێ **عەزیزی حیسامی** بوو. مەسئولی ئێرتبات لە گەڵ **نەغەدە** و **پیرانشار ڕەحیم سوڵتانیان** بوو. مەسئولی ئێرتبات لە گەڵ **بانەی** لە بیرم نییە کێ بوو. بەڵام **هاشم حسێن زادەش** کە یەکێک لە کادرەکانی پیرامونی هەیئەتی مەسئولین بوو، یەک دەور ناردرا بۆ سەقزی بە سورەتی مەخفی ماوە. کۆمەکی دەکرد بە تەقویەتی کۆمیتەی سەقزی ، دابەش کرابوو بەینی ئەفراد. لە خوارەوە ئێرتباتی روستایی دابەش کرابوو، مەسەلەن چۆمی مەجید خان و مەنتەقەی شامات و محاڵ، بە دەستی هاشم حوسێن زادە بوو مەنتەقەی مەنگوڕان بە دەستی **سەدیق خاتەمی** بوو، سەدیق خاتەمی و هاشم حوسێن زادە عوزووی کۆمیتەی روستایی بوون.

### هاتنی عەبدولڕەحمان قاسملو کادری حیزبی توودە بۆ ناو حیزبی دێموکرات

دە ساڵی ٣٠ دا بوو کە ئەوڵین بار **عەبدولڕحمانی قاسملو** لە تارانەوە هات، دیدارێکی لە گەڵ ئێمە کرد جەلەسەکەش لە ماڵی ئێمە بوو. بەعزە سوئالاتێکی کرد و کۆمەکێکی حیزبی تودە لە دەستی دێ. چ تەقازایەکتان هەیە لە حیزبی تودە، کە کۆمەکو پێ بکات. مەسەلەی تەمرەکان بوو، مەسەلەی ڕۆژنامە بوو مەترەحمان کرد. مەسەلەی ئێرتبات بوو، کە ئەمە پێمان خۆشە ئێرتباتمان هەبێ، کە لە پێشوشدا لە ساڵی 27 دا، ناردمان ڕابتە بگرین لە گەڵ **ئیحسان تەبەری** نەگونجا[و] کۆمەکیان بە ئێمە نەکرد. مەسەلەی داوای ڕۆژنامەمان بوو، کە کۆمەکمان بکەن چاپخانەیەکمان لە ئیختیار بنێن یا خود ڕۆژنامەیەکمان بۆ چاپ بکەن، ئیمکانی فەراهەم بکەن بۆ ئینتشاری ڕۆژنامەیەک بە کوردی. ئەو داخوازییانەمان دا. ئەو هاتبوو ئێرتباتی حیزبی تودە لە گەڵ ئێمە فەعالتر بکات. هەتا ئەو دەمەی قاسملو نەهاتبوو ئێمە ئێرتباتێکی موشەخەسمان نەبوو. بەڵام ڕۆژنامە دەهاتن بۆ فرقەی دێموکرات لە تەورێز، لەوێش ڕا میقدارێک دەناردرا بۆ ئێمە. چ عەلەنی و چ مەخفی، هەتا ئەوەی بونگای ئیدارەی درخشانمان دانا و ڕۆژنامە عەلەنیەکان لەوێ دەفروشران. **قاسملو** کە هات ئەو ئێرتباتە شکلێکی ڕەسمی بە خۆیەوە گرت. پاش ڕیفراندۆم **حیزبی تودە** ئێرتباتەکەی فعالتر کرد لە گەڵ ئێمە. چوون ئیحساسی حەرەکەتی مونەزەم و تەزاهوراتی گوستەردە لە کوردستان کرابوو، دەنا پێشوو تەلاشی نەکردبوو کە ئێرتباتاتێکی دەقیق و ڕەسمی لە گەڵ ئێمە بەرقەرار بکات. عیلەتەکەی نازانم چ بوو ئایا کادرێکی وای نەبوو، کە بتوانێ دەست و باڵی ئاواڵە بێ، وەختێ **قاسملو** گەڕاوە لە خارج ئەویان لە نەزەر گرت. کە بێ ئەو کارەی بکات. لەو تاریخەوە قاسملو دەگەڵ ئێمە فەعال بوو و لە تەواوی زەمینەکاندا دەگەڵ ئێمە هاوکاری دەکرد. لە ساڵی ١٣٣٠ مەخسوسەن لە ساڵی ٣١کەوە بە شکڵێکی جیدیتر لە گەڵ ئێمە کاری دەکرد. هەتا هاتینە سەر ئینتخاباتی دەورەی ١٧.

**برایم فەرشی** جگە لە **قاسملو** کێی دیکە لە گەڵ ئێوە ئیڕتباتی هەبوو لە لایەن حیزبی تودەوە؟
**غەنی بلوریان** دەفعەیەکیان تەقازامان کرد کادرێکمان بۆ بنێرن، کە لە لیحازی تیئۆریکەوە کۆمەک بە ئێمە بکات، ئەڵبەتە قەبل ئەز[قبل از] ئەوەی ئەو تەقازایە لەوان بکەین، هەیئەتێکمان دیاری کرد بەر ئەساسی ئەو ڕابیتەی کە **حیزبی دێموکراتی کوردستان** لە گەڵ **فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان** هەیبوو، بەر ئەو ئەساسە ئەمە عیدەیەکمان دیاری کرد، کە بچین بۆ ئیڕتبات لە گەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. ئەمن و **ڕەحیمی سوڵتانیان** بووین. چووینە تەورێزێ، لە گەڵ موهەندیس **ئیرانشەهر** ڕابیتەمان گرت مەسئولی فیرقە دێموکراتی ئازەربایجان **هومام** (نێوی تەشکیلاتی هومام بوو).چووین تەقازامان لێکرد کە کادرمان بدەنێ. کۆمەکمان بکات بۆ کاری تیئۆریک. مەعلوماتمان باڵا بەرین. هی خودی هەستەی خۆمان. لە حەقیقەتدا ئێمە بۆخۆمان کەمبوودمان[کمبود] هەبوو، لە لیحازی ئیتلاعاتی و لە لیحازی تئۆری، لە دوا بووین. موتالعەمان دەکرد بەڵام پێویست بوو معەلیمێک هەبێ بۆمان تەوزیح بدات. ڕاهنومایيمان بکات و کۆمەکمان بکات. وەگەرنە لە موتالعەدا کوتاییمان نەدەکرد. کە چووین ملاقاتمان لە گەڵ موهەندیس ئیرانشەهر کرد و نامەیەکی کە نووسیبوومان دامانێ، نامەکەی خوێندەوە دوو کەس بوون هاتبوون، موهەندیس **ئیرانشەهر** و **رەشید خان** کە نێوی تەشکیلاتی بوو ،کە نامەکەی خوێندوە کوتی ئەو کەسەی کە ئەو نامەیەی نووسیوە، دەتوانێ ئەو کارەش بکات، کوتمان ئێمە بۆ خۆمان ئەو نامەیەمان نووسیوە و بۆ ئەوەی نابین ئێمە ئەو کارەی بکەین. دیار بوو ئەوان تەوجیهیان کرد ڕەد کردنەوەکەیان تەوجیە کرد. بۆ ئەوەی کەسێکی ئەو نامەیەی نووسیوە دەتوانێ ئاموزش بدات. کە ئێمە وەکو فۆرمێکی شیوەی ئاموزش کتێبەکانی کە موقەدەمەتەن دەبێ بگوترێ ، ئەوی بدین و ئەو شەخسە بۆخۆی ئەوەی بکات. ئەو شەخسەش غەیرە ئەز من ئەمن نامەکەم نووسیبوو، کە منیش بۆخۆم ئەو سەتحەم نەبوو، بتوانم ئەو ئاموزشەی بە هەستەی مەهابادێ بدەم. کە من ڕەدم کردەوە کوتم ئەمن نووسیومە بەڵام لە خۆم ڕانابینم ئەو کارەی بکەم. ئەمن بۆخۆم دەتوانم موتالعە بکەم فێر بم بەڵام دیگەران ئاموزش بدەم ئەوە دەو سەتحەی دانیم. دیار بوو ئەوانیش یان نەیانبوو پیاوێکی وایان نەبوو و ئیحساس دەکەم نەیانبوو، بەڵام دوایە کە **قاسملو** هات تەقازامان لێکرد بە مەرکەزیەتی خۆیان بلێ کە ئێمە دەمانەوێ هەماهەنگی موبارزاتیمان هەبێ، دە گەڵ یەکتری ، دواوی یاریدەشمان لە پێشدا کردووە. بەڵام جوابیان نەداوینەوە. ئێستاش دەمانەوێ یاریدەمان بدەن. ئەوەندەی کە پێیان دەکرێ کۆمەکمان بکەن. بۆخۆمان ئەوەندە لە خۆمان ڕانابینین ڕەهبەری ئەو مەنتەقەی بەعودە بگرین. ئەگەر ئەوان ڕاهنومايیمان بکەن شاید بتوانین چاکتر فەعال بین و چاکتر عەمەل بکەین، دەنا حیزبێکی پێشرەو لە ئێرانێ، حیزبی تودەیە، هەیەتی ئێمە کۆمەک بکات، کوتایی کردوە ، ئەوە بوو کە قاسملو گەڕاوە، کەسێکیان نارد موهەندیسێکی شیرکەتی نەوت بوو. لە شیرکەتی نەوت تەحتی تەعقیب بوو لە ئابادانێ، بۆ ئەوەی مەخفی بێ و هەمیش جێگای شاراوە بێ و بتوانێ کۆمەک بە ئێمە بکات ئەویان نارد بۆ مەهابادێ. نێوی **ئیحسان ئولا** بوو. بەهایی بوو. دیاربوو مەعلوماتی باش بوو، گەرچی جەوان بوو بەڵام لە سەتحی زۆر باڵاتر لە خۆمان بوو، توانی زۆرمان کۆمەک پێ بکات. کتێبی بۆ دیاری دەکردین بۆ خۆمان موتالعەی بکەین و بێین لە جەلەساتدا، بەحسی لە سەر کتێبەکەی بکەین. موشکیلاتێکمان هەبێ ئەو بۆمان حەل کات. بەعزە ڕۆمان هایەکی دادەنا ئەوانیش لە جەلەساتدا باسی دەکرا کە موتەئەسیفانە تەنها کەسێکی خۆی لە موتالعە نەدەدا **ئەحمەد تەوفیق** بوو.

یانی سەعی نەدەکرد ئاگاهی خۆی بەرێتە سەرەوە، زۆریش ئەمە لە گەڵی کەلەنجاردەڕۆیشتین حەولمان لە گەڵ دەدا ئینتقادمان لێدەکرد، بەڵام ئەو ئینسانی عەمەلی بوو. زۆرتر لە کاری تەزاهورات و شوعار نووسیندا شیرکەتی دەکرد کە ئێمە ئینتقادمان لێ دەکرد کە تۆ حەقت نییە لە شوعار نووسیندا شیرکەت بکەی. پەخشی پلاکارت ئەوانە وەزیفەی تۆ نییە. لێیانگەڕێ ئەو کوڕانە لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن. وەلی جوابی نەدەدایەوە. دیسان گوزارشمان بۆ دەهاتەوە، دیسان لە فڵان محەلە شوعارنووسی کراوە ، **ئەحمەد تەوفیق** چووە بۆ خۆی لە مەنتەقی قەڵەمەکەی لێورگرتوون ئەوانی داناو تەماشای کەن بۆ خۆی قەلەمەکەی بە دەستەوە گرتووە. ئەوە تەنیا کەسێک بوو نەتیجەتەن پاش ساڵی ٣٢ و ٣٤یش جەریاناتێک بوو هەڵات بۆ عێراق و لەوێ باری فکری ئەسڵەن گۆڕا. بوو بە یەک **کاژیک**{ کۆمەڵەی ئازادیی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد} لە حەقیقەت. نەتیجە ئەوە بوو کە قەبلەن ئەسڵەن هیچ موتالعەی نەدەکرد. زۆریش ئەو موهەندیسە فشاری بۆ دێنا دەیگوت بابە تۆ عوزووی کۆمیتەی ئێرەی، کتێبەکە بخوێنەوە، بەڵام باوەڕ ناکەم تا ئێستا دوو کتێبی خوێندبێتەوە. نەیدەخوێندەوە حازر نەبوو. ئەو عیشقی زیاتر بە کاری عەمەلی و وەدوای ئەو جورە کارانە کەوتن بوو، تەزاهورات بێ و فەعال بێ لە وێ. بەلام ئینسانێکی زۆر نەترس بوو، ئینسانێکی زۆر شوجاع بوو، ئینسانێکی سادق و سەمیمیش بوو، بەڵام موتەئسیفانە بە ڕێگای ئینحرافیدا کێشرا.
ئێمە بە هەر سوڕەت بەو جورە ڕابیتەی ئێمە لە گەڵ حیزبی توودە وەسیعتر بووە. **قاسملو** هات بۆ **مەهاباد** و وەک کۆمەکێک لە گەڵ ئێمە ماوە. بەڵام بە عینوانی عوزی کۆمیتەی شار نەدەژمێردرا. پاش ئەوەی قاسملو مودەتێک کاری کردو موهەندیسەکە هات و کوردێکی دیکەشیان نارد خەڵکی سنەیی بوو نێوی **جەوهەری** بوو، کە جەوهەری لە کاری تئاتر و ئەوانەدا شیرکەتی بوو، لە تاران ئینسانێکی پوختەش بوو، دیار بوو کارگەرێکیش بوو لە لیحازی حیرفەوە کارگەر بوو، بەڵام لە کاری تەئاتریشدا دەستی هەبوو. زەوقی هەبوو. ئەویش هات یەک دەور لە مەهابادێ بوو، بەڵام کەم ماوە زیاتر لە مانگێک نەماوە. بەڵام ئەو **ئیحسانە** زیاتر لە شەش مانگان لە **مەهاباد** ماوە. کۆمەکی بە ئێمە کرد و باش بوو. بلاخرە ڕاهنمایی کردین کە شێوەی موتالعە چۆن بێت لە داخڵی حیزبدا. بە چ شێوەیەک ئاموزش ببینین. بۆ خۆشمان کەڵکمان لێوەرگرت.
**برایم فەرشی** ئەو دەم کوردەکان کێ لە گەڵ حیزبی توودە بوون؟

**غەنی بلوریان** ئەو دەم لە کوردەکان عەرزم کردی بە غەیرئەز[غیراز] **سادق وەزیری** و **سەدیق ئەنجیری ئازەر** کە لە تارانێ بوون سادق وەزیری قازی دادگوستەری بوو، سەدیق ئەنجیری ئازەر کارمەندی ڕوتبە نۆی وەزارەتی فەرهەنگ بەخشی نیگارش بوو، **قاسملو**ش بوو کە لە خاریجی هاتبووە. ئەوانە لە گەڵ حیزبی توده بوون بەڵام هەر یاریدەیەکی بمانویستبا کۆتاییان نەدەکرد. گەرچی یاریدەیەکی وا موشەخەسیش نەبوو تا ساڵی ٣٣ کە **سەدیق هەنجیری** لە کاری ڕۆژنامەییدا ڕۆژنامەی کوردستاندا، لە گەڵ ئێمە هاوکاری هەبوو.
لە ئینتخاباتی دەورەی ١٧هوم دا ئێمەیان دەعوەت کردبوو{مەبەست حزبی توودەیە}، دوو نەفەرمان چووین بۆ تاران لە گەڵ **سادق وەزیری** و **ڕەحیم سوڵتانیان** قسەیان کردبوو، کە ئەگەر ئێمە کاندیدێکی بنێرین بۆ **مەهاباد** ئێوە فکر دەکەنەوە ئەو کاندیدەی بەرەندە بکەین؟ دیارە **ڕەحیم سوڵتانیان** جوابی موسبەتی دابووە کە ئێمە ئەگەر کاندێدێکی کورد بێ، ئێمە حەمایەتی لێ دەکەین و دەتوانین بەرەندەی بکەین، ئەگەر حاکمیەت بە سەر نیزەی جلوگیری نەکات، تەواوی ئارای مەنتەقەی کوردستان دەتوانین تەعەهود بکەین، بە دەست بێنین، بەڵام ئەگەر حاکمیەت فشار بێنێ و قولدوری بکات، بازهەم دەتوانین زۆر زۆر نەخشی فەعالمان هەبێ، و حەتتا ئیمکانی ئەوە هەیە کە لە شاری **مەهاباد** ڕەییەکان هی ئێمە بێت.
دیارە پێشبینییەکەی وی دروست بوو. بەر ئەساسی ئەو نەزەرەی ئەوان **سادق وەزیریان** نارد بۆ **مەهاباد** خۆی کاندید بکات، سادق وەزیری هات بۆ مەهاباد لە ماڵی **ڕەحیم خەرازی** جێگامان بۆ دیاری کرد، لەوێ بۆ خۆمان ئیرتباتمان لە گەڵ دەگرت، جەلەساتمان لە گەڵ تەشکیل دەدا بۆ شێوەی کاری ئینتخابات. سادق وەزیری ڕاهنومایی دەکردین کە فەعالییەتی ئینتخاباتیمان چۆن بێت. کۆمەکی فکری پێدەکردین. ئێمەش بۆ خۆمان بەعزە ئیعلامیەهای چکۆلەمان دەنووسی. بۆ تەشویقی خەڵک خودی سادق وەزیریش ئیعلامیەی دا کە لە مەجلیسی شورای ئیسلامی لە حەقی خەڵکی کورد لە خواستەکانی خەڵکی کورد حمایەت دەکەم. ئەو دەم لە مەهاباد دوکتور **محەممەد موکری** بە عینوانی کاندیدی **جبهەی میللی** هاتە **مەهاباد** کە دوکتور **شیرازی** فەعالییەتی بۆ دەکرد .
دوکتور شیرازی پاش ساڵی٣٢ دیار کەوت عوزووی حیزبی توودەیە و عوزووی ئیتلاعاتی حیزبی توودەشە. بەخشی ئیتلاعاتی کە دوکتور **یەزدی** مەسئولی بەخشی ئیتلاعاتی **حیزبی توده** بوو. کە ساڵی ٣٢ پاش کودتای ٢٨مورداد ٩ مانگان گیرا ، پاش دەستگیری سازمان نیزامی حیزبی توودە. ئەو فەعالیەتی کرد بۆ دوکتور موکری بەڵام دوکتور **موکری** ناردیە دووی من، بە عیلەتی ئاشنایی قەبلی کە لە گەڵ منی بوو. کە کوتم وەختی **نمایشی دایکی نیشتمان** لە مەهاباد ڕییسی فەرهەنگ بوو. ناردی لە دووم و چووم لە ئیدارەی فەرهەنگ دیتم، کوتی من هاتوومە مەهاباد بۆ کاندیدی مەجلس. یاریدەم بدەی، کە من خواهشم لێکرد سەنگین تری ئەگەر برۆیەوە لە مەهابادێ کاندید نەبی، چوون حەقیقەت ئەوەیە ڕەیی ناهێنی نەیکەی باشترە. دیارە **هاشم شیرازی** ئیعلامیەکەی بڵاو کردبووە ئی کاندیداتوری وی، یەکیک دیکەش **ئەنوشیروانی** خەڵکی **سەقز** بوو کە خۆی کاندید کردبوو، مودیری **ڕۆژنامەی زەفەر** بوو، لە تاران ڕۆژنامەیەکی بە نێوی زەفەر دەردەکرد.
فەعالییەتی ئینتخاباتی زۆر شەدید دەستی پێکرد لێرەشدا باز **عەلیە شەل** مەترەح دەبێ، چوون لە روکنی دوو عەلیە شەلەیان دەعوەت کردبوو، پولێکیان دابوویە کە **سادق وەزیری** ئێوارانە دێتە ناو خەڵک عەلیە شەلە ئیهانەی پێبکات، لە نێو خەڵکدا. ئوبوهەتی بشکێنێ، بە قەولی خۆیان. دیسان عەلیە شەلەمان بانگ کردەوە تەوجووهمان پێدا کە ئەو کارەی نەکات و فریوی روکنی دووی نەخوات. لێی قوبول کردین و چووبووە روکنی دوو پولەکەی ڕەد کردبووە، کوتبووی ئەو کارانە بە من ناکرێ و من دەخالەت لەو کارانەدا ناکەم. کاری خۆم دەکەم و زیندەگی خۆم دەکەم. دەورەی ئینتخاباتی دەورەی ١٧ هەم دەزگا بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنێ عیدەیەکی زۆری دەستگیر کردبوو لە حدودی ٢٠ کەسێکیان دەستگیر کردبوو، وەزعێکی فوق لعادەیان لە مەهابادێ بە وجود هێنابوو. ئینتزامات لە بازار و خەیابانەندا، دژبان و پاسەبان و ئەوانەیان هێنابووە خەیابانان بۆ ئەوەی زەهر چەشمی لە خەڵک بگرن. خەڵکی بپرینگێنەوە لە شیرکەت لە ئینتخاباتێ. ئەو کورانەی ئێمەشیان کە گرتبوون لە زیندانێ دەیانهێنانە دەرێ. دەستە جەمعی بە بەهانەی ئەوەی دەیانبەنە شێروخورشید. دەیانبەنە جێگای وا. دەیانهێنانە دەرێ بە دەستبەندو شتەوە کە خەڵک بترسێ، کە ئەوانە گیراون. بەڵام ئەوانە شیعاریان دەدا. دەیان گوت هیچ نییە ئەو تەهدیدانە بەتاڵە مەترسن. ڕەیی بە نەفعی **سادق وەزیری** بدەن. ترس و نەبێ لە بەر ئەوە گیراوین کە ئەنگۆ بترسێنن. دە گەڵ سەرباز و پاسەبان دەیانهێنانە دەرێ. لێیان دەدان کە بۆ شوعاران دەدەن و بۆ قسە لە گەڵ خەڵک دەکەن. بەڵام حەقیقەت خەڵک نەدەترسا. چوون خەڵک پوختە ببوو لەو تەزاهورات و ئەوانە. ئێمەش نفوزمان زۆر بوو لە نێو خەڵکدا. پاشان کە ئینتخابات دەستی پێکرد ڕەیی گیرا، فەعالییەتی مە لە داخڵی شاریدا فوقلعادە شەدید بوو، هەتا بە ئیداران موراجعەمان دەکرد، لە بازاری دوکان بە دوکان مەراجعەمان دەکرد. ئیعلانیەمان دەدا. بۆ ئەوەی ئینتخاباتێکی ئازاد ببێ، **موسەدیق** ئیعلامیەیەکی دابوو بە هەموو فەرمانداریەکان سەرتاسەری ئێرانێ. کە فەرماندارەکان نزارەت بکەن بە سەر ئینتخاباتێکی ئازاد، کە خەڵک بتوانێ فەعالانە شیرکەتێ بکات. ئێمە مەتنی ئەو بەخشنامەمان لە فەمانداری هینابووە دەرێ، کە ئەمن بە ڕاهنمایی **سادق وەزیری** چوومە فەرمانداری لە گەڵ فەرمانداری قسەم کرد کە ئەمە عیدەیەک خەڵکی شاری مەهابادێ دەمانەوێ سازمانێکی دروست کەیەن بە نێوی سازمانی دیفاع ئەز ئازادی ئینتخابات ، ئێمە تەقازا دەکەین لە فەرمانداری کە موافقەت بکات ئەو سازمانە مەئمور بنێرێتە سەر سەنندوقەکان، بۆ نەزارەت لە سەر ئینتخابات. فەرماندار موخالفەتی کرد. بەڵام ئەمن بەخشنامەکەم بۆ دەرهێنا. کوتم ئێمە تەحەسون دەکەین و عیتراز دەکەین بە تۆ کە تۆ ئیجازە نادی ئینتخابات ئازاد بێ، ئەوەش بەخشنامەکەیە و ئەتۆ مەسئولی لە بەرانبەر ئەوانەدا، تەئکیدی کردووە موسەدیق بۆ فەرمانداران کە خەڵک ئازادانە شیرکەت بکەن لە ئینتخابات، موراقبی ئازادی

ئینتخابات بن. ئەویش کوتی ئاغای **غەنی بلوریان** ئەمن ئەتۆ بە نمایەندەی خەڵک ناناسم. نمایەندەی کێی، ئەتۆ هاتووی نەفەریکی تەقازاییەکی وا دەکەی. کوتم ئەگەر عیدەیەکی هاتن و پشتیوانیان لە من کرد و من سازمان پاسدارانی ئینتخاباتم دروست کرد، ئەو دەم جەنابت چی دەفەرمووی؟ کوتی بەڵێ ئەگەر بزانم عیدەیەکی زۆر هەیە بلاخرە حیسابی لە سەر دەکەم. هاتمەوە جەریانم بە **سادق وەزیری** کوت. جەلەسەمان گرت ئێمە خۆمان کۆمیتە قەرارمان دا سازمانی پاسدارانی دیفاع ئەز ئازادی ئینتخابات تەشکیل بدین.
ئەمن مغازەیەکم گرت نزیکی چوارچرایە لەو مغازەیە میزێک و سەنندەلێکم دانا، دەفتەرێک و کورەکان لە کۆمیتەی ڕا دەستوریان دا بە سازمانەکان ، کۆمیتەی شار لە خوارەوە شاخە شاخە بوو، هەر یەکە بە شاخەیەکەوە وەسڵ بوو. هەر کەس بە شاخەکانی خۆمان خەبەر دا کە لە نێو خەڵکدا فەعال بن خەڵکی دەنگ بدەن مەخسوسەن جەوان کە بێن نێوی خۆیان بنووسن لە ئەو سازمانەیدا ، شناسنامە لە گەڵ خۆیان بێنن، ئیسم نووسی بکەن بۆ ڕۆیشتن بۆ سەر سنندوقەکان ، سنندوقی کە دەنێردرێن بۆ روستاکان. خەڵکێکی زۆر هاتن ئیسم نووسیان کرد. دەفتەر خەتکێشیمان کردبوو، ئیسم و شۆرەت و شمارەی شناسنامە و تاریخ تەولد و ئادرەسی شەخسی تەقازا کوننده، دەفتەریکی گەورە بوو. نزیکەی 1500 نەفەر نێوی خۆی نووسیبوو. دەفتەرەکەم هەڵگرت بردمە فەرمانداری و لە پێش فەرماندارم دانا. کوتم ئەوە خەڵک ، نامانەوێ نێوی تەواوی خەڵکی شاری بنووسین ئەگەر دەتەوەی نێوی تەواوی خەڵکی شاری بنووسین. ئیجازە بدە ریفراندۆمێکی بکەین. لە هەموو شاریدا ڕەیی بدەن بزانن خەڵک موافقن ئەو پاسدارانەی دروست کەین. یان نە. ئەوە نمایندەوی ئەو خەڵکەیە، ئەو ئادرەس و موشەخەسات . دیارە برێکی خویندەوە. کوتی موافقم. دیارە حوکمێکیان نووسی ئاغای **مستەفای نیژادی**. لە فەرمانداری کاری دەکرد پێ گوت حومێکی بنووسە. مۆری فەرمانداری لێیدە کە ئەو شەخسە دەتوانێ موقەتەن بۆ دەوروی ئینتخابات سازمانێکی دروست بکات. حوکمەکەم ورگرت و تابلۆمان نووسی بوو. تەسمیمان گرتبوو ئەگەر فەرمانداریش موخالفت بکات بە زۆر ئەمە تابلۆکەی لێدەین و ئەو سازمانەی دامەزرێنین. و بە زۆریش بچینە سەر سنندوقەکان. ئەگەر بە قیمەتی تەحەسون و ئیعتیسابیش تەواو بێ. تەهدیمان کردبوو کە بازاری دادەخەین، دیار بوو لە نێو بازاریدا ئەو دەنگەمان بڵاو کردبووە کە [بە گوێی]حاکمیەت بگاتەوە کە، خەڵک ئامادەگی هەیە بۆ ئەوە بازار تەحتیل بکات. ئەگەر بێتوو فەرمانداری موخالفت بکەن لە گەڵ ئازادی ئینتخابات. لە نێو خەڵکدا تەبلیغ[مان] کردبوو. بە گوێ مەقامات گەیشتبووە. قۆل سپیمان دروست کردبوو لێمان نووسیبوو، پاسدارانی دیفاع ئەز ئازادی ئینتخابات. بۆ هەر سنندوقەی دوو کەسمان دیاری کردبوو و هەر کەسەی دوربینێکی عەکاسی پێ بوو. یەکێکیش بە عینوانی خەبەر نیگار جەریانی حەوادس بنووسێت. دەفتەر و دەستەکی پێ بوو، ئەوانە ڕەسمەن لە تەرف فەرمانداریەوە جزوی ئەو هەیئەتەی بوون کە دەچوونە سەر سنندوقەکان وەک نمایەندەی خەڵک. شیرکەتمان دان لە مەنتەقەی مەهابادێ. دیارە لە گەڵ عەشایر و ئاغاوات و ڕەییس عەشایر تەماسمان گرتبوو.

**دێموکراتەکانی قەدیمی و یەکەمین بەرپرسیارەتی ڕەسمی قاسملو لە حیزبی دێموکراتدا**

تەقازامان لێکردن دێموکراتەکانی قەدیمی وەک **حوسێنی فروهەر** وەکو **خوسرەوەی** وەکوو **مستەفای سوڵتانیان** وکوو **وەهابی بلوریان** ، **سەدیق حەیدەری** کە لە زەمانی دێموکرات دا بوون، دەعەوتمان دەکردن بچن فەعال بن، دیارە ئێمە کۆمیتەیەکی جەنبیشمان دروست کردبوو **کۆنە دێموکراتمان** پێ دەکوتن هی زەمانی **قازی محەمەدی**، ئەوانە داوایان بوو لە کۆمیتەی هەیئەتی مەسئولین دا شیرکەتێ بکەن. بەڵام ئێمە موشارکەتمان نەدەدان بە عیلەتی ئەوەی کە زەروورەتمان نەدەزانی. ئیتلاعاتێکیان نەبوو، کە شتێکی بدەن بە مە. دەر سانی لە نێو خۆیاندا ڕووحیەی موخالفیان هەبوو، بەڵام ئەوانەمان بە عینوانی کۆمیتەی جەنبی دروست کرد و قاسملومان کردە مەسئولی ئەوانە. کوتمان ئەوانە زۆریان پێخۆشە ئیسانێکی نەناسراو بێ، فلان بێ و ئێمەیان قەبوڵ نییە وەکوو منداڵی خۆیانین، دیارە سوڵتانیان دوویان لە کۆمیتەی دابوون، کوڕی خۆی بێ، بچێ مەسئولی بابی بێ، قەبوڵیان نەدەکرد. ئەتۆ غەریبی و هاتوویە ئێرە و خەڵکی مەهابادیش نی، ئەتۆ بچۆ لە گەڵ ئەوانە ئیرتبات بگرە. ئەو شوغلەمان دا بە **قاسملو**، کە جەلەسەی لە گەڵ تەشکیل دابون و قسەی لە گەڵ کردبوون. ئەوە نوقتەی ئاغازی قاسملو بوو بە تەوری ڕەسمی دەگەڵ مە. ئەوانەمان نارد لە گەڵ ئاغاوات قسە بکەن تەقازامان لێکردن کە داوا بکەن پشتیوانیمان لێ بکەن. ڕەیی دێهات بە نەفعی **سادق وەزیری** بدەن. ئەوانە[ئاغاوات] جوابیان دابووە ئەگەر ئەرتەش موستەقیمەن دەستورمان پێنەدات کە بۆ ئیمام جومعە **خۆیی** کاندیدی مەهابادێ بوو، ڕەیی تێ باوین ئێمە ڕەییەکانی خۆمان دەدەین بە ئێوە. بەڵام ئەگەر ئەوان دەستورمان پێبدەن ناتوانین ئەو کارەی بکەین. دیارە ئێمە لە گەڵ بەعزە شێخێکی مەنتەقەی قسەمان کرد وەک **شێخی برهانی** ، شێخ **محەمەدی شێخی برهانی**، پیاوامان ناردە لای تەقازامان لێکرد بە خەلیفەکانی خۆی بلێ و بۆ مەناتق بنووسێ، کۆمەک بە ئێمە بکەن. وابوو نامەی نووسی بۆ خەلیفەکانی، ناردمانە لای **شێخ حەسەنی غوسابادێ** کە ئەو کۆمەکەی بکات ، دیدارمان کرد لە گەڵ **خەلیفە ئامین قەمتەرەیی** کە ژنەکانی دێن {بۆ لای} خڕ دەبنەوە ڕۆژی چوارشەمان نەزریان پێدەگوت، دەچوونە ئەوێ خڕ دەبوونەوە ژنان دەچوونە خەتمێ، لەوێ تەبلیغی دەکرد. کە مێردەکانیان تەشویق کەن ڕەیی بە نەفعی **سادق وەزیری** بدەن.
سازمانێکی ژنانی وەسیعمان هەبوو لە مەهابادێ، گاهەن جێژنی هەشتی مارسێمان تەشکیل دەدا. ژنانمان دەعوت دەکرد. کۆڕی موسیقی مەهابادێمان بۆ دەناردن. وەکوو شاییەکی شاییان دەگرت. پاشان یەکێکمان دەگرت سوخەنرانیان بۆ بکات. یان ڕۆژی جێژنی کودەک ژنێکی زۆرمان کۆ دەکردەوە. بۆ ژنان ئیمکانات نەبوو، سینەما نەیاندەتوانی بچن، نەیاندەتوانی وەدەر کەون. ئەوە بۆوان تەفریحێکی زۆر خۆش بوو. زۆر وەسیعەن شیرکەتیان دەکرد. لە نوقاتی موختەلفی شاری ئەو

مەڕاسمەمان بۆ تەشکیل دەدان. ژن لەو ڕابتەی دا زۆر فەعال بوون تەئسیریان لە سەر پیاوەکانیان دادەنا. یاریدەی ئێمە بدەن. ئێمە لە سازمانی ژنان باسمان لە حەقی ژن و پیاو دەکرد. ئەوان باش بە شێوەی کاری ئیمە ئاشنا ببوون. ئەو فەعالیەتە ئینتخاباتییەمان کرد. ئینتخابات کە دەستی پێکرد. زیندانیەکانینان بەردان. وا ئیحساس کرا کە تەواوی ڕەییەکانی مەهابادێ بە نەفعی مەیە. لە روستاکان، لە مەنگوران، لە گوێچکە دەر **عەبدوڵای ئیسحاقی** بۆ خۆی سەرپەرستی دەکرد. ئەڵبتە ئەو پاسدار نەبوو کوتم ئەو بۆ خۆی ئەو جورە فەعالییەتانەی دەکرد. گەرچی لە گوێچکە دەر دوو نەفری دیکە لە سەر سەنندوق بوون.

### هەڵبژاردن و فێڵ و تەڵەکەی هەڵبژاردن

لە مەناتقی موختەلف عەکسیان هێنابووە، دیهقانەکانیان بە سەف کردبوون دەستیان پێ بڵیند کردبوون. بە خەتیان دەکردن تەحتی نەزەری ژاندارم ، ئاغاوات هەموویان بە خەت دەکردن و دەستیان پێ هەلدێنان هەر کەس دەگەیشتە سەر سنندوق ڕەییان دەدایە دەستی بەو دەستەی ڕەییەکەی تێهاوێ. دەو حەڵەتەیدا عەکسیان گرتبوون کە زۆر دیهقانەکان ، ڕای سادق وەزیریان لە بن گوێیان نابوو کە دەگەیشتنە سەر سنندوق ئەویان دەخستە ناو سنندوق. دیارە لێیان دەدان حەتتا پەینیان دەرخوارد دەدان. عەکسمان گرتبوو شناسنامەهایەکمان وەچنگ کەوتبوو مۆر کرابوو شناسنامەی سەغیر ١٢ ساڵە، دیارە عەشایر بۆ ئەوەی سنندوق پڕ کەن و خۆیان نیشان بدەن کە عەشیرەی مەنگوڕ، یان عەشیرەی دێبوکری ، مامەش فڵان ڕەییان زۆر داوە. بێ خەبەر لەوەی کە ئەوە خلافی قانوونی ئینتخابات بوو منداڵی دوازدە ساڵە بێت و ڕیی تێباوێ.
تێعدادێک لەو شناسنامانەمان دەست کەوتبوو کە مۆری لێدرابوو سورتجەلەسە کرابوون، حەتتا لە گوچکەدەرە پاسگای لێ بوو **عەبدولا ئیسحاقی** بە کۆمەگ و ڕشوە بلاخرە لولە تریکێکیان دابوویە مۆری لە سورتجەلەسەکە دابوو کە ئەو شناسنامانە ئیستفادەیان لێ کراوە، مۆری پاسگای ژاندارمەری لێ درابوو. ئەو جورە مەدارک و ئەسنادەمان هێناوە لە مەهابادێ **سالح شاتری** کە بۆ خۆی ڕییسی ئەنجومەنی شاری مەهاباد بوو، لە تەرف فەرمانداریەوە بە عینوانی ڕییسی نیزارەت بەر ئینتخابات دیاری کرابوو، شەوێ ناردی لە دوای من . ئەو دەمی ڕادیۆی **فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان** قسەی دەکرد کە دوایە بوو بە رادۆی سەدای میللی، ئەو دەم ڕادۆی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو هەم بە کوردی قسەی دەکرد و هەم بە ئازەری. زۆرجاران ناوی بەعزە ئەشخاسێکیان دەهێنا بە خۆڕایی مەعلوم نە بووئیتلاعاتیان لە کوێ بوو. کێ ئیتلاعاتیان دەداتێ لە سەر کوردستان. زۆر حەملە کرابوو بەو ساڵح شاترییە، کە ئەوە نۆکەری شیرکەتی نەفتە ، بە عیلەتی ئەوەی عاملی{نوێنەرایەتی} شیرکەتی نەفت بوو لە مەهابادێ ولە میاندواو. زۆر جاران نێو بردرابوو، گەرچی ئێمە ناڕازی بووین لەو کارەی بەلام کرابوو. ئەو شەخسە میرزاکەی کە نێوی حەسەن بوو مەشهور بە **حەسەن چۆلەکە** بوو، ناردی لە دوای من شەوێ بەفرێکی زۆر توند دەباری سەعات یازدەی شەوێ بوو، کوتی حاجی دەڵێ هەرچی سەریعتر بێتە ئێرە کارم پێیەتی. هەستام چووم کوتی خەبەرم هەیە ئەو شەو سنندوقەکەی ئێوە دەگۆڕن، سنددوقی مەهابادێ دەگۆڕن. خەریکن سنندوقێکی عینی شت دروست بکەن و ڕایەکانیان نووسیوە، خەریکی ئامادەکردنی سنندوقەکەن. ئەگەر کارێک نەکەن ، لەوانەیە ئەو شەو سنندەقەکە بگۆڕن. کە من چوومەوە ماڵی خەڕازی کە سادق وەزیری لەوێ بوو، دیارە شەوانە دژبانیان بە لیباسی شەخسی دادەنا. ٥،٦ گروبان بە لیباسی شەخسی دەوری ئەو ماڵە دادەندرا. هەر کەس هاتوچۆی ئەوێ کردبا لە تاریکیدا کوتەکێکی چاکیان لێدەدا. بەڵام ئێمە دەستە جەمعی دەچووین ، چووم پێمکوت کە حاجی شاتری وادەڵێ. خەبەر هەیە کە سنندوقەکان دەگۆڕن. کوتی بەو نیوە شەوە چ دەکرێ؟ دەبێ کارێکی وا بکەن عیدەیەکی خڕ کەنەوە بچنە بەر دەرکی فەرمانداری. دە گەڵ فەرمانداری سوحبەت بکەن. موافقەت بکەن پاسدار بنێرنە سەر سنندوقەکان. پاسدار شیرکەتی هەبوو لە عینی ڕیی داندا. پاش ئەوە سنندوقمان تەحویلی فەرمانداری دا. هاتینە دەرێ کوڕەکانمان لە خەو هەڵستاند و لە مەناتقی موختەلف و کوتمان هەر کەس هەر چەند ئینسانی پێ دێتە دەر لە مەلا لە بازاڕی لە معەلم هەر کەس بێنە بەر دەرکی فەرمانداری. ئەو شەوە لە حدودی 200 کەسمان هێنا دەرێ. سەعاتی دووی شەو چووینە فەرمانداری سەر بەفرەکە، ئیعترازمان کرد، کوتمان فەرماندارمان دەوێ. **مستەفای نژادیان** تەسادوفەن کێشک بوو، دەرکەی کردەوە و کوتم کاکە فەرماندارمان دەوێ قسەی لە گەڵ بکەین. یا تەلەفونی یا بۆخۆی حوزووری هەبێ. تەلەفونی بۆ فەرماندار کردبوو کوتبووی کە جەمعیەتێک لە مەهابادڕا هاتوون، خەڵکی شاری داوای دیتنی تۆ دەکەن. بۆ خۆی نەهات ئەمن چووم بە تەلەفون قسەم لەگەڵ کرد، کوتم حاڵ و قەزییەیەکی ئاوا هەیە، ئیحساسمان کردوە سنندوقەکەی عەوەز دەکەن. ئێمە قەبوڵ ناکەین ئەمە ئێوە بە مەسئول دەزانین. ئێمە دەمانەوێ سێ نەفەر بنێرینە سەر سەنندوق تا سبەیی دەخوێندڕینەوە. نەزارەت بکەن موراقبەت بکەن. کوتی ئەنگۆ نیو سەعاتی دی تەلەفون لە من بکەنەوە. مەعلوم بوو تەلەفونی لە گەڵ **سەرلەشکر موزەفەری** قسەی کردبوو. موزەفەری کوتبووی مەئموری بنێرن لێیان دەن. دیارە بۆ خۆشی موزەفەری تەلەفونی کردبوو بۆ ژاندارمەری ، ژاندارمە هاتن ئێمە دەستمان حەلقە کرد ڕاکشاین لە خەیابانێ. لە سەر بەفران هێندێکیان لێداین بە قونداغە تفەنگان. هاوارمان کرد تۆپ بارانی فەرمانداریمان کردن. لە گەڵ فەرمانداری قسەمان کرد کوتمان ژاندارمت ناردووە، ئەمن ئیتلاعم نییە. کوتم فەرماندەی لەشکری تیپ ناردویەتی کوتی دەخالەت لە کاری ئەواندا ناکەم. پاش ئەوە موافقەتیان کرد ئێمە چەند کەسێک بنێرین سەر سەنندوق. کە یەکیان **مستەفا بارنجی** بوو، دوو کەسی گەردەن کولفت بوون. سبحەێنێ بەیانی دەستورمان دا بەو کوڕانە ، تەشەکورمان لە خەڵکەکە کرد، خەڵک گەڕانەوە ماڵی. سبەی هاتین دەروازەی بازارمان گرت بە خەڵکی مان گوت بڕۆن بەر دەرکی سەنندوقی ئینتخاباتێ، دوکان دامەنین. تەقازا بکەن هەرچی سەریعتر بخوینذرێتەوە. خەڵکێکی زۆر نزیک

هەزار وپێنجسەد کەس لە بەر دەرکی فەرمانداری خڕ بوونەوە، مەجبور بوون قەرائەتی ئارا دەست پێبکەن. ئیمام جومعە ۳۲رای هێنابووە، بەقیە تەواوی ئارای شاری هی ئێمە بوو. ئەو ئینستنبات دەکرا کە ئەو ۳۲ کەس بەشی زۆریان غەیری مەحەلی بن. ئێمە لە مەهابادێ کە مەرکەزی ئینتخابات بوو مووفەق بووین. ئەو ئەسناد و مەدارکە **سادق وەزیری** لە گەڵ خۆی بردییەوە موساحبەی مەتبوعاتی کرد ئەو ئەسنادەی نیشان داو لە رۆزنامەدا چاپ کرا. تەقەلوبی ئینتخاباتی مەهابادێ. ئینتخاباتی مەهابادیان باتڵ ئیعلام کرد. دوو ساڵان دەورەی ۱۷هم مەهاباد بێ نوێنەر بوو. پاش ئینتخابات ماوەیەکی پێچوو، هاوین بوو، لە ئینتخابات هەتا هاوین شەڕە گروبان بووو لە گەڵ ئێمە. لە خەیابان و کوچان بەهانەگیری و دەعوا و مورافە زۆر بوو.

### هەڵبژاردن و حیزبی دێموکرات لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

**برایم فەرشی** حەرەکەتی سیاسی و جەریانی ئینتخابات لە شارەکانی دیکەی کوردستان چۆن بوو؟ ئێوە وەک حیزبی دێموکرات چ نەقشێکتان لە ئینتخاباتی شارەکانی دیکە هەبوو.

**غەنی بلوریان** وەڵا ئینتخاباتی دەورەی هەفدەهوم، فەقەت ئێمە لە مەهابادێ زۆر فەعال بووین، چوون مەرکەزی ئەسڵی مەنتەقە مەهاباد بوو. ئەوە بۆ مە ئەهمیەتی هەبوو کە لە مەهابادێ پیرۆز بین، تەواوی فشار و زۆری خۆمان خستبوو سەر مەهاباد. دیارە پیرانشار و سەردەشت هەمیشە یەک نمایەندەیان هەیە، لەوێش فەعالیەت هەبوو، وەنەبێ لەوێ فەعالیەت نەبووبێ، کوڕەکانی ئیمە لەویش فەعال بوون. کوڕەکانی ئێمە لە جێگاکانی دیکەش زۆر فەعال بوون. چوون بەخشنامەمان کردبوو، لە تەواوی شارەکان بەخشنامەمان کردبوو کە ئینتخاباتی دەورەی ۱۷هوم روفەقای ئێمە وەسیعەن شیرکەت بکەن و فەعال بن لە نێو خەڵکدا. بە کاندیدی موردی عەلاقەی خەڵک ڕای بدەن. بەڵام مەکەزی سقلی خۆمان خستبوو سەر مەهابادێ. چوونکی ئیما جومعە **خۆیی** پەدەر خاندەی شای بوو[زڕبابی شا] و شکست دانی بابی شای بۆ ئێمە ئەهمیەتی زۆری هەبوو. ئەوە بوو قودرەتی خۆمان لە سەر مەهابادێ دانا. چوون تەنیا کاندید کە دەمانتوانی بینێرینە مەجلس مەهاباد بوو. لە شوێنی دی گەرچی فەعالیەت هەبوو بەڵام بەو شیدەتە نەبوو. مەهاباد یەک دەست لە ئیختیاری ئێمەدا بوو. ئەوە بوو کوتم گروبانان عەزیەتیان دەکردین و دەستورمان دابوو کەمتر بێنە خەیابان. لە کوچە و باغ و ئەوانە بگەڕێن، دەستە جەمعی بگەڕێن. خۆ بپارێزن لە شەڕ. نزیکی هاوینێ ئەمن لە گەڵ ژن براکەی خۆم کە لە ماڵە وان دەهاتمە دەرێ، لە کوچەی ۳۰ نەفەر گروبان حەملەیان پێکردین بە چەقۆ و دەمانچە موسەلەح بوون. بە دەسکە دەمانچان لێیان دەداین، ژن براکەی من **عەلی سەدیقی** چەقۆیان لێدا لە سەمتی چەپ چەقۆیان لێدابوو، خەڵک لە سەر سەربانان دەنووستن هاوین بوو، ئێمە هاوارمان کرد خەڵک بە فریامان بگەن، لە نزیک مەیدانی ئازادی ، ئەمیان رادەکێشا بۆ دژبانی. هێنایانین بۆ لای مەیدانی ئازادی، خەلک ڕژا خەیابانێ ، بەرخوردێکی زۆر شەدید بەینی خەڵک و دژبان کرا ، دژبان سوتی کێشا کۆمەکیان ویست، کە پاسەبان هاتن بە کۆمەکیان، گروبانی دیکە هاتن، شەڕەێکی زۆر و کوتککاری زۆر کرا، لە مەتبی دوکتور **زولفەقاری** ئێمەیان پانسمان کرد ، دوکتور زولفەقاری لە شوورەوی خوێندبووی. لە **بەگزادەکانی بۆکانێ** بوو. پیاوێکی باش بوو زۆریان کۆمەک پێدەکردین. ئەو ژن براکەی منی عەمل کرد. کە ئێمە هاتینە دەرێ ڕییسی روکنی دوو هاتبوون. دەستوریان دا شەوێ ئێمەیان گرت. ۲۰،۱۵ کەسێکیان گرتین بردیان بۆ زیندانی شارەبانی. بە سەر بریندار بردیانینە دادگوستەری بۆ بازجوویی ، کە شاریان شولوغ کردوە و ئەمنیەتی شاریان تێک داوە. تیپ نامەی نووسیبوو بۆ دادگوستەری، کە ئەوانە خەریک بوون گروبانان خەلعی سیلاح کەن. نێوی من و چەند کەسی دیکەیان دابوون **ئەسعەدی خودایاری، خەلیل سەدیقی**، خەریک بوون گوربانان خەلعی سیلاح کەن. شەڕ بەو عیلەتەی بوو. دیارە عەکس و مەکسی مەش هەڵگرابووە کە موسەلەحن. عەکسەکان لە ڕۆزنامەی **بە سوی ئایندە** و **شاهباز** چاپ کرابوون. کە دوایە مەجبور بوون ئازادمان کەن. من تلگرافێکم نووسی بۆ ڕۆزنامە شەهباز یان بە سوی ئایندە، یانی شەرایت جورێک بوو کە وا بە ئازادی نێوی دەربارمان دەبرد. نووسیبووم کە موزوفەری نوکەری دەربار ، دەربار لانە جاسوسی ئینگلیس لێیان داوم و مەزروبیان کردووم بە خاتری مەسایلی ئینتخابات. ئیعلامی جرمم کردبوو. عەینەن چاپیان کردبوو. شەرایت ئەو جورە بوو. لە دادگوستەری ئیعلامی جورمم کرد. ئیعلامی جورمەکەم توند نووسیبوو، کە چاقوکەش و ئوباشی حرفەیی ئەرتەش ۳۰ کەس، گروبان **مەنسوری، نەقەوی** و کێ و کێ ئەوانە ئەمنیان مەجروح کردوە، دادستان کوتی ئەمن ئەو شێوە نامەیە ناتوانم قەبوڵ بکەم ، ئەتۆ خەڵکت لە پشتە ئەوانیش سەرنیزەیان هەیە. ئەوی لێرە بێ قودرەتە ئەمنم کە دادستانی دادگوستەریم. ئێوە وەکوو حیزب هەموو کارەکانی ئێمەشتان بە عودەی خۆتان گرتووە. داوا و مورافعە دەبێ، ئیختلافاتی ماڵی دەبێ هەر شتێک دەبێ کە بە دادگوستەری مەربوتە ئەنگۆ ڕەسیدەگی پێدەکەن، خەڵک بە ئێمە موراجعە ناکەن. دیارە بە عینوانی گلەیی ئەوەی مەترەح دەکرد. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو مەوقعیەتی حیزبی دێموکرات لە سەتحێکی باڵا دابوو خەڵک حەتتا ڕوویان لە حکومەت نەدەکرد بۆ موشکیلاتی خۆیان، ڕوویان لە حیزب دەکرد. ئەوەی ئەو دەیگوت حەقیقەت بوو. چوون بونگای لالە درەخشان لە حەقیقەت جێگا بوو بۆ موراجعەی خەڵک، بۆ شکایەتی خەڵک ، ئەمە دەچووین ڕەسەدیگیمان پێدەکرد. بە شکایەتهایەک کە دەکرا. ئەوە بوو فەعالیەت زۆر کرا هەتا مەزەفەریمان بە تەبعیدکردن دا بۆ قووم. لە تارانێ کە عیدەیەک مەهابادی چوو بوون بۆ دیدینی. کوتبووی ئەگەر ئەمن بگەڕێمەوە بۆ مەهابادێ بۆ گیانی ئەو ئینسانانە دێمەوە کە فەعالیتیان کردووە بۆ بەتبعیدکردنی من. دەرەجەکەشم دانابێ ، بلاخرە دەگەڕێمەوە بۆ گیانیان. خوب دیارە دەورێکی گەراوە و بەحسی دەکەین. ئەوەش فەعالیەتی ئینتخاباتی ئێمە بوو لەو دەوریدا.

پاش وی جەریانی ساڵی ٣٢ بوو. ٢٥ی مورددادی ٣٢. کە شا هەڵات لە مەهاباد و لە سەردەشت لە سەقز و لە نەغەدە لە شارەکانی دیکەی کوردستان لە شارەکانی دیکەی کوردستان تەزاهوراتی شادمانی کرا. مەخسوسەن لە مەهابادێ فوقلعادە وەسیع بوو، نوتق و سەخەنرانی بوو. لەو حەدەیدا بوو کە ئێمە تەرتیبمان دا، حەتتا ڕییسی پۆست و تلگراف **حشمەت** کە پێشوو نەیدەوێرا خۆی نیشان بدا، ئەو شیرکەتی کرد. سوخەنرانی کرد. دادستان **حاجی سمساری** بوو موسەدقی بوو، شیرکەتی کرد. **حەسەن داودی** کە بە ئەفسەرێکی تەرفداری حکومەت مەشهور بوو، عەلەی شای سوخەنرانی کرد. **مامۆستا هێمن** شیعرە مەشهورەکەی خوێندوە بڕۆ ئەی شاهی خائن بەغا نیوی ڕێت بێ. لەو میتینگەدا ژن و پیاوێکی زۆر شیرکەتیان کردبوو. زیاتر لە ٤ هەزار کەس. خەلکێکی زۆر شیرکەتیان کرد لەو تەزاهوراتەیدا. لە حالێکدا دەورمان بە تانک گیرابوو. تانکێک لە مەیدانی ئازادی ڕاگیرابوو کە سەرگورد **هوما** ڕییس دیژبان لە سەر تانکەکە دانیشتبوو، ٦،٧ ماشێن سەربازیش لەو دەورو بەرەی ڕاگیرابوون. بە حوزووری ئەوان عەلەیی شا شوعار دەدرا. لە هەر سورەت ئەو ڕۆژە مەهاباد فوقلعادە فەعال بوو، جێژنی شادی فەراری شا.

**٢٨ی گەلاوێژ و لە بەریەک بڵاوبوونەوەی حیزبی دێموکرات**

بەڵام موتەئسفانە ٢٨ مورداد لە فرست ئیستفادەیان کرد و شا و زاهیدی کودتایەن کرد و موسەدقیان ساقت کرد. لە جەریانی ٢٨ مورداد دا ئەمە مەچهول بووین، مەخفی بووین و هەتا خۆمان لە دەست پۆلیس ڕزگار بکەین. مەجبور بووین لە شاری وەدەر کەوین. دوو ڕۆژ لە شاریدا مەخفی ماینەوە، پاشان بە تەدریج لە شاری وەدەر کەوتین. عەبڵای ئسحاقی گیرا، لە ماڵێ وەدەر نەکەوتبوو چوون لە ماڵێ هێنایانە دەرێ. حوسێنی فروهەریان مەزروب کرد. ئەو ڕۆژەی ئینتخاباتی کە . لە بیرم چوو لە جەریانی ئینتخاباتی دەورەی ١٧ پێش ئەو شەوی لە ئیمە بدەن. عەزیزی یۆسفیان لە چوارچرایە گرت گروبانەن بە حەدێک لێیان دا مەزروبیان کرد کە ڕییسی پۆست و تلگراف بە وێدا هاتبوو، خۆی بە سەردا کێشا بوو کە لە لێدانێ نەجاتی بدات بە ڕاستی ئەگەر ئەو نەبایە کوشتبوویان. عەزیز تەقریبەن ١٥ ڕۆژ بەستەری بوو. ئێمە فەرامان کرد ساڵی ٣٢. چووینە نێو مەنگوڕان ، نێو مەنگوڕان ئەوەڵەن مەنتەقەی کوهستانی بوو، و خەڵکەکەی میهمان نەواز بوون، پشتی عێراق بوو. کە ئەگەر خەتەرێک بایە بتوانین عەقەب نشینی بکەین بۆ تەرفی مەرز. خەڵکەکەشی وریا بوو لە گەڵ مە بوو. زیاتر لە دوو ساڵان ئەمن لە دێهاتی مەنگوڕان و پشدەر و گەورک سوسنایەتی و مەنتەقەی بانە و ئەوانە فەعال بووم. بارها و بارها واحدهای نیزامی بە دواومان بوون. بەڵام دە ئەوەڵێن دێ وارید دەبوون خەڵکی دێیەکە خەبەریان بە دێی باڵا دەدا. کە عەجەم هات. ئێمە لە دێ وەدەر دەکەوتین دەچووین بۆ سەر شاخەکان. خۆمان حەشار دەدا ئەو دێهاتەی کە گوزارشتیان دەدا ئێمە لەوێن دەهاتن کوڕە ئاغاکانیان دەگرت کوێخایان دەگرت. لە سەر سەربانی شەلاقیان لێ دەدان. ژاندارم و ئەرتەش شەلاقیان لێدەدان نێویان چ بوو. کێ لە کوێە بەڵام موەفەق نەبوون. کە بتوانن ئیقراریان لێ وەرگران یا حەتتا ئێمە لەو بدەن. کە یەکبار ئەمن لە گەڵ عەزیزی فەلاحی لە سێ قۆڵی سەرێ شەوێ ناگەهان مەحاسرەیان کردین. دیار بوو ئەوەڵی شەوێ بە تاریکی حەرەکەتیان کردبوو بۆ ئەوە دیهقانان موتەوج نەبن. خەبەرمان پێبدەن. چوون ئەو تەجروبەیان وەچنگ کەتبوو بە مەحزی ئەوەی کە دەردەکەون کابرای دێهاتی بە سواری ئەسپێ دەهاتن خەباریان دەدا. ئەڵبەتە ئەوە سوننەتی خۆیانە. زمنی ئەوەی کە دەشیانزانی ئێمە لەوێن. سوننەتی خۆیان بۆ ئەوەی عەجەم دێ بەرەو دێ ئەسلەحەیەکیان هەبێ شتێکیان هەبێ خەڵک هوشیار بێ. بەڵام هەرچەند موحاسرەیان کردین نەیانتوانی ئێمە بگرن. لە خەڵکی زۆریشیان دا ئەوانەی کە دەیان گرتن. ئەو ماڵ و ئەو ماڵیان دەبردین. ماڵ دەپشکندرا دەیانگەڕاندینەوە بۆ ئەو سەری. هەموو ماڵەکانی دێی گەڕان بەڵام ئێمەیان نەدیتەوە.
ئەڵبەتە لە ٢٨ی موردادێ کە ئێمە وەدرکەوتین لە شار، جەلەسەیەکی کورتمان گرت، ئەمن بووم عەزیزی یۆسفی بوو، سەدیقی خاتەمی بوو، محەممەد ڕاتبی بوو، هاشمی حەق تەڵەب بوو، کە (قادر شەریف)هاشم حوسێن زادە بوو، و تێعدادێکی دیکە لە کادرەکان. ئێستا لەبیرم نییە. جەلەسەیەکمان گرت نزیکی چوارتای، دێی چوارتای کە قادرئاغای چوارتای ئەویش یەکێک لە ئەندامانی حیزب بوو، ئاغای دێیەکەی بوو. زۆر دڵسۆز و زۆر فەداکار بوو و نیسبەت بە دیهقانەکانی خۆشی زۆر باش بوو. دێهقانان خۆشیان دەویست و لە خۆیان دەزانی. مودەتێکی زۆریش فەراری کرد بۆ عەراق و ئەوانە. دەربەدەری زۆر دیت. لەو جەلەسەیەدا باسمان کرد کە ئێمە هەڵدێن بۆ دێهاتی دیارە وەکوو منداڵی شار دەچین بۆ دەرەوە، چەند نوکتە مەسائیلی زۆر موهیم لەبەر چاو بگرین. یەکیان مەسەلەی ئەخلاقییەت، یەکیان ئیحترام بە ئیقتقاداتی خەڵک، یەکیان مەسەلەی نیشان دانی مەترسییە، چوون هەمیشە وایە لە ئەغلەب جێگایان وایە، جەوانانی لادێی خۆیان بە جەسورتر و نەترس تر و لە جەوانانی شارستان دەناسن. گەرچی ئەمە بە عینوانی سەر ڕوت لە نێو، دێهاتی مەنگوڕان مەشهور بووین. یانی شایعەی موبارزەی ئێمە پێچرابوو لە نێو عەشایری. دیسان ئەومان لە بیر چوو باسی میتینگی ئەوەلی ماهی مەی ساڵی ٣٢ بکەین. خودی ئەو میتینگە نمونەی بارزی موقامەتی خەڵکی شار لە موقابل نیروی نیزامی دابوو.

**ڕێپێوانی ڕۆژی یەکی ئەیار لە شاری مەهاباد و دروشمە سیاسیەکانی حیزبی دێموکرات**

ئەوەڵی ماهی مە مان تەسیم گرت لە باخی مکائیل بگرین ، ئەو میتینگێکی زۆر وەسیع بوو ئەو میتینگە شاید وەسیعترین میتینگی مە بە حیساب دەهات لە مەهابادێ . بۆچی لە باخی میکائیل گیرا بۆ ئەوەی کە نزیک شار نەبین ئەو دەفعەی لە

باخی **عەزیز ئاغای** گرتمان چوون قەراخ شار بوو نزیک شار بوو، ئیتلاعات بە ئەرتەش گەیشتبووە بەڵام با وەسفی ئەوەی ئێمە لە باخی میکائیلمان گرت و دوورتر بوو لە شار، پۆلیس حەملەی کرد ئەڵبەتە ئەمن لە میتینگەکەدا نەبووم. **عەبڵای ئیسحاقی** گەردانەندەی میتینگەکەی بوو، خەڵکێکی زۆری تێدا بوو، پۆلیس و دژبان حەملەیان کرد، تیرئەندازیان کرد کە **حوسێن ڕەمەزانی** موحەسلێکی سازمانی موحەسلین بوو کوژرا، و چەند نەفەریک بریندار بوون. جەنازەی حەسەن ڕەمەزانی، لیباسی خوێناوییەکەیان بە دارییەوە کردبوو، هێنامانە خەیابانێ، ئەمەش خەبەرمان زانی کە حادسەیەکی وا قەوماوە کوڕەکان هەموو هاتنە خەیابانێ و تەزاهورات کرا. ئەمەش چووین شیرکەتمان کرد، هەموو ئەعزای کۆمیتە. دەو تەزاهوراتەشدا ژنان زۆر شیرکەتیان کرد کە جەنازەکە دەگەڕا دیارە پۆلیس حەملەی کرد جەنازەکەی ئەستاند، بەڵام لیباسە خوێناوییەکانی **حسێن ڕەمەزانی** بە سەر داریدا کرابوو، تیرئەندازییەیەکی زۆریش لە خەیابانێ کرا بە سەر خەڵکدا. شوشە و پەنجەرەی "خەیابانیان" دەشکاند. بە قوناغە تفنگ لە خەلکیان دەدا. تا وای لێهات دژبان و ئەرتەش و ئەوانە کە هاتبوون بۆ لێدان و ئەزیت کردن مەجبور بە عەقەبنشینی بوون. پێم وایە وەسیعترین تەزاهورات ئەو لەحزەییە بوو کە جەنازەکەیان هێناوە نێو خەیابانێ. تەزاهورات لە بەر مەیدانی ئازادی ڕا دەستی پێکرد. ژنان کە زۆر بەشدار بوون، کە گەیشتنە بەر ستاد ژنان حەملەیان بە ستاد کرد، کە ئێمە موافق نەبووین، پێشمان پێنەگیرا گروبان و ئەوانە بە پەنجەرەیدا هەڵاتن، ستادیان چۆل کرد. ژنان ستادیان گرت بە هەزار زەحمەت خەڵکمان هینا دەرێ. چون حسێن ڕەمەزانی گیرابوو ڕییسی دژبان نەخشی دەرەجە ئەوەڵی لە کوشتنی ئەو دا هەبوو. تۆزێک وەحشتیان کردبوو لەوی {خەڵک} عەکسئەلعەمەلی لەوە زیاتر نیشان دەن. پاش تەزاهوراتەکەی ئێمە مەخفی بووین. ١٠،١٥ ڕۆژێک ، بەڵام نەیانگرتین و تەعقیباتیان نەکرد.

**برایم فەرشی** مامە غەنی باسی ئەوە دەکەن کە چەندین تەزاهورات لە مەهاباددا هەبووە، بەڵام باسی ئەوە ناکەن، ئەسلەن شوعارێکی سیاسی هەبووە یان نا؟

**غەنی بلوریان** وەڵاهی ئەوەی کە ئەوەڵی ماهی مە مەعلومە کە شوعارەکانی ئەوەلی ماهی مە چییە، شوعارەکانی کە لە ئەوەڵی ماهی مە دەدرێ، دیارە ئەمە شعاری مەسەلەی کوردمان مەترەح نەکردووە لە حیزبی دێموکراتدا، زیاتر موبارزاتی دێموکراتیک بووە. زیاتر شعاری ئازادی بوو، شعاری زییدی دەربار بوو.

**برایم فەرشی** ئەوانە بۆ چی، ئازادی بە چ مەعنا؟

**غەنی بلوریان** دێموکراسی، ئازای ئەحزاب، ئازادی بەیان، ئازادی قەڵەم، ئازادی مەتبوعات، ئەو دەمی لە تارانێ ڕۆژنامە **شەهباز** {زمانحاڵی کۆمەڵەی نەتەوەیی خەبات دژی ئیستیعمار} و بە **سوی ئاینده** بە ئاشکرا پەخش دەکران، بەڵام دەهاتنە مەهابادێ قاچاخ بوون. لە مەهاباد ئیمەیان لە سەر ڕۆژنامە شەهباز دەگرت، لە سەر ڕۆژنامەی بە سوی ئاینده، لە سەر **جەوانانی دێموکرات** کوڕەکانی ئێمەیان دەگرت.
تەوتەیان دەکرد، حەتتا هاتن توتئەیان کرد کابینەیان تەشکیل دابوو، پۆلیس کابینەی دروست کردبوون، نیوی نوخست وەزیر و وەزیر هەموویان دانابوو **ئەسعەدی خودایاریان** کردبووە وەزیری خارجە، قفلەکەیان شکاندبوو لەوێیان نابوو. لە باڵ ڕۆژنامە کۆنەیان هاویشتبوو. دوایە پۆلیس هاتن و ئیتلاعات هاتن و گەڕان و ئەو مەدرەکەیان دیتەوە و ئەسعەدیان گرت و بردیان و دوایە مەعلوم بوو دادستان ئیتلاعاتی موردی بازجوویی قەرار دا و ئەسعەد عەلەیی{دژی} ئیتلاعات ئیعلامی جورمی کرد. ڕەییسی تەئمینات **فەتحی** ڕییسی ئیتلاعات ئیقراری کردبوو روکنی دوو پێکوتوم بیکەم. ئەسعەدیان بەردا. ئەو ڕۆژنامەی لە تاران مونتەشر دەبوو لە سابلاخ قەدەغە بوو. ئەو شعارانە هەبوون بەڵام شوعاری سەرنگوون بێ ڕژیمی سەڵتەنەتی مان نەبوو، بەڵام بەر عەلەیی دەربار قسە دەکرا. دەربار دیکتاتۆری دەکات ، قولدۆری دەکات ، لە سەر مەسەلەی نەفت بەر عەلەیی دەربار شوعار دەدرا. میتینگ بێ شوعار نابێ ، ئەڵبەتە ریزی شوعارەکان بە تەرتیب نییە بەڵام شوعارەکان ئەو شوعارانە بوون.

**برایم فەرشی** مام غەنی دوای ٢٨ مورداد{٢٨ گەلاوێژ} ئێوە وردە وردە لە شار چوونە دەرێ و چوونە دێهات، لەو دەورەدا کەسانێک گیران، ئەوانەی گیران کێ بوون. دوایە باسی ئەوەتان کرد دوو ساڵ و نیو لە دێهات بوون، باسی کۆبوونەوەتان کرد کە زۆر مەعلووم نەبوو چییتان کردوە، یانی ناتوانم نێوی بەرنامەی لێ بنێم، بەڵام چۆنیەتی کار و حەرەکەت و پاشەکشە بۆ دێهات چۆن بوو، دەتانتوانی چی بکەن. دوای ئەو دوو ساڵ و نیوە چ کارێکتان کرد؟

**غەنی بلوریان** من سوحبەتەکەم پساند و چوومە سەر میتینگی ماهی مە چوون نەمکوتبوو، ئەو جەلەسەی کە گرتمان کاتێک لە شاری وەدەرکەوتین..

**برایم فەرشی** کەی بوو ئەو جەلەسەیە

**غەنی بلوریان** پاش کودتای ٢٨ی مورداد. هەفتەیەک لە داخڵی شاریدا بووین، مەخفی بووین پاشان دیتمان گرتن گرتن هەیە، خەبەرمان زانی **عەبڵای ئیسحاقی** و **حوسێن فروهەر** گیراون، عیدەیەکی زۆریان لە خەڵک گرتبوو، **حسین ساڵحیانیان** گرتووە بەڵام موشەخەسەن من نێوی هەموویانم لە بیر نییە،

**برایم فەرشی** لە شارەکانی دیکە کێ گیران؟

**غەنی بلوریان** لە شارەکانی دیکە حەملەیەکی ئاوا نەکرا، چوون زیاتر لە مەهابادێ خەلک گیرا، **گوڵە ڕیحان** لە نێو ژناندا گیرا، گوڵە ڕیحان مامان بوو، بەربووک بوو، مەشهور بوو، هەموو کەس دەیناسی، ئێستا نەماوە گوڵە ڕیحان بۆ خۆی نەخشێکی زۆر عومدەی لە تەبلیغ بە نەفعی مە لە نێو ماڵاندا هەبوو. گوڵە ڕیحان لە نێو شاریدا نفووزی زۆر بوو. زۆر جیدی لایەنگری ئێمە بوو. لە خۆپیشاندان و میتینگان ئەغڵەب پێشرەوی ژنان بوو. ئەوەڵین ژن کە لە کوردستان لە

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان گیرا **گوڵە ڕیحان** بوو. بە ئیتهامی سیاسی گیرا و سێ مانگ لە زیندان دابوو. بەریان دا چوونکو دەلیلێکیان بەر عەلەیی نەبوو.**حەسەن داودیان** گرت. بەڵام ئێمە نەگیراین. لە نێو شار تەماسمان لە گەڵ یەک گرت و بڕیارمان دا دەرکەوین. گەرچی شار محاسرە بوو. لە گەڵ دیهقانان کە دەهاتن بۆ کڕین و فرۆشتن و لە کاروان سەراکان دەمانەوە، تێکەڵ دەبووین و لیباسی کۆنەی کوردیمان لە بەر دەکردوو و دەچووینە دەرێ. کوتم جەلەسەکەمان لە **چۆارتای** تەشکیل دا، کە نێوم بردن. لە سەر چەند خاڵ سوحبەتمان کرد کە یەکەم مراعاتی ئەخلاق لە دەرەوە، ئیحترام بە ئیعتقاداتی خەڵک، نیشاندادنی جەسارەت و نەترسی. کە ئەو زەمان مەترح بوو و بە نەزەری من ئێستاش مەترحە. ڕەشادەت مەسەلەیەکی ئەساسییە. لە نێو ڕوستاییانی کوردستاندا.

شوجاعەت و ڕەشادەت شایەد لە پرۆفسۆری گەورەتر بێت، لە شۆرەت و نامداری پرۆفسۆری گەورەتر بێت. ئەوە فەرهەنگی میللەتی مەیە. دهقانان خۆیان بە جەسور و ڕەشید دەناسی و کەمتر لە سەر شارییان حیساب دەکرد. و ئێمە ئەو فەرهەنگەمان دەزانی و دەمانویست لە گەڵ ئەو تەرزی تەلەقییەی موبارزە بکەین. نیشان بدین لە عەمەلدا، کە وانییە. ئەو خاڵەمان دیاری کردبوو کە مەخسوسەن عەمەلی پێبکەین. ئەو خاڵە جێگای ئەهمیەت بوو کە دوایە، ئەمە عەمەلمان پێکرد. بە کردەوەی خۆمان، کە نەتیجەتەن وای لێدەهات. کە پاش دوو ساڵان زستانان لە دوور ڕا نزیکی غروبان ڕەشاییان دیبایە دیهقانان، دەیانگوت یا ئەوە گورگە یا سەر ڕووتە. کەس جورئەتی نییە ئەو وەختانە لە نێو بەفر و قیامەتە لە گەورکایەتی بەو کوێستانانەدا بێت. بەو حەدەی زیهنیەتی ئەوانمان پاک کردبووە لەو وانێکەی. ئەمەیان بە نێوی سەر ڕووت نێو دەبرد. کە بە بەردی لە گەڵ تانکی شەڕ دەکەن. لە زیمندا قەرار داندرا ئێمە جێگایەکی موستەقەرمان نەبێ، جێگایەکی ڕەوشەنمان نەبێ لە کوێ موستەقەر بین. بەڵام مەرکەزییەتێکمان هەبێ. **بێنگوین** دێی **سوارەی ئەحمەدی گولاویاغای** بوو. کە یەکێک لە ئاغایانی مەنگور بوو. کە لە زەمانی قەدیمەوە پیاوێکی بە دەست و تفەنگ بوو. لە حاکمیەت ئەغلەب قاچاخ بوو. لە دێیەکەی خۆیدا بە قاچاخی دەژییا، ئەگەر خەبەری زانیبایە عەجەم دێن لە دێی وەدەر دەکەوت. ئەوێمان کردبووە زیاتر جێگای متمانە. جێگای ئیعتماد بوو کە ئەگەر ئێمە جەلەسەمان بێ و بمێنینەوە. زیاتر مەحفوزین. ئەوە بوو مەرکەزی من و **عەزیزی یۆسفی،** لە بێنگوێنێ بوو. بەوانیشمان خەبەر دابوو کە مەرکەزمان بێنگوینە. ئەنگۆ بڵاو دەبنەوە لە مەناتقی موختەلف، کار بوو، شتێک بوو، نامە بوو، فڵان بوو، بە وەسیلەی ڕوستاییانی موردی ئیتمینان دەنرێن بۆ بینگوینی، کە ئێمە وری دەگرین. دیارە ئێمە دایم لە بینگوینی نەبووین، بەڵام دەرۆیشتین و دەهاتینەوە . نامەیەک هاتبایە و دیهقانێک هاتبا تەماسمان لە گەڵ دەگرت. مەرکەزی ئیرتباتاتی مە بوو. دیارە ئەفرادمان تەقسیم کردبوو، بۆ مەنتەقەی گەورک و بۆ مەنتەقی سویسنایەتی، ئەترافی بانە، نەغەدە و شارویران و چۆمی مەجیدخانمان ناردبوون. کە فەعال بن ، فەعالییەتیش عومدەتەن تەبلیغاتی /تەشکیلاتی بوو و خۆ پاراستن بوو...

**ڕاونانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بەرنامەی کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب**

**برایم فەرشی** ببوورن، قسەکەت پێ دەبڕم، قسەکەت لە بیر نەچێتەوە. ئێوە کۆبونەوەتان کرد و جەماعەت تەقسیم کران بە دیهاتدا و جەماعەتێک لە شار گیران. حکومەتی محەمەد ڕەزاشا حاکم بۆتەوە لە ئێران، ئازادی وەرگیراوەتەوە، لە سەراسەری ئێرانیش زۆر کەس گیراون. ئایا بەرنامەیەکی کار هەبوو بۆ ئەوەی ئێوە فکر لەوە بکەنەوە مەسەلەن ئیڕتبات لە گەڵ ئەو کەسانە بگرن کە گیراون، بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی لە نێو شاردان ، بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی لە گەڵتان بوون حەول بدەن. لە لایەکی دیکە ئێوە هەر وەکوو پێشتر باستان کرد نەشریە و شتێکتان نەبوو کە لە نەزەر سیاسییەوە ئیڕتبات لە گەڵ خەڵکی بگرن. بەڵکوو زۆرتر لە نەشریاتی حیزبی تودە و نەشریاتێ کە لە تاران چاپ دەبوو ئیستفادەتان دەکرد، لەو دەورەیەدا ئێوە چ کارێکتان دەکرد. یانی ئەو مەسەلەیە چۆناوچۆنە؟

**غەنی بلوریان** بەڵێ مەسەلە ئەوە بوو ئێمە بۆ پاراستنی خۆمان لە دێهات نیگەرانیمان نەبوو، چوون دەمانزانی لە نێو ڕوستائیاندا حکومەت ناتوانێ خەتەرێک بۆ مە بێت. چوون شناختمان هەبوو، کە ژاندارمری کە لە مەنتەقە پاسگای هەیە بە حەمایەتی خان و سەردار عێلەکان دەتوانێ پاسگای خۆی دابنێ، ئەغلەب پاسگاکان نزیکی ئەو ڕوستایانە بوون کە ئاغاکان تەزمینیان دەکردن، پاسگاکانیان لەوێ دادەنا، مەخسوسەن لە نێو مەنگوڕان، کە نەواری مەرزییە، لە سوسنایەتی ئەسلەن جورئەتیان نەبوو داینێن. یەک پاسگای ژاندارمری لە مەرزی عێراقێ بوو. ئەوانەی کە لە زیندانێ دابوون دیار بوو ئەمە، لە فکری زیندانییەکاندا بووین، ئەوی کە لە شاریدا مەخفی بوو ، لە شاریدا کەسمان مەخفی نەبوو، ئەوەی کە هاتبووە دەرێ. بەڵام ئێمە بە شکڵی مەخفی دەچووینەوە نێو شاری بۆ کار، مەسەلەن ئەمن دەعوەت دەکرامەوە بۆ شار مەسائیلێک هەیە، دەچووم سێ ڕۆژ چۆار ڕۆژ لە شار دەبووم لە کۆبوونەوی کوڕەکانی شار شیرکەتم دەکرد و یا خێر بەوەسیلەیەکی یەک نەفەری ئیرتباتم دەگرت، کارێک بایە حەل و فەسڵمان دەکرد. ئەو کارانەمان دەکرد کە لازم بایە. بچینە نێو شاری، بەڵام بۆ کۆمەک کردن بە زیندانیەکان کە نیاز بە کۆمەک هەبوو کە دوایە عەرزت دەکەم، بەرنامەیەکمان دانا، کە بۆ کۆمەک بە زیندانیەکانی خۆمان ئێمە بچین بۆ عیراق یاریدە ورگرین لە پارتی کوردستانی عێراق. لە کوردەکانی عێراق. ئەوە نیشانەی ئەو پێوەندیەیە کە ئێمە جارێک دەچین بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی (ئیعلامیەی) ڕێگا و تەلیعەی ڕێگا لە عێراقێ چاپ بکەین، لە کوردەکانی عێراقێ کەڵک وەرگرین. لە لای ئەو لایە کە لە ئەحزابی موتەرەقی لە ئێرانێ نائومێدین، لە لایەکیەوە دیسانەکە لێرەش بە فکری ئەوەی هەین کە کۆمەک لە کوردەکانی عێراقێ وەربگرین، هەتا بچین لە تارانێ وەربگرین. کە من چووم بۆ عێراقێ ، دیاری کرام. چووم بۆ عێراقێ بۆ کومەک وەرگرتن.

## پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات

**برایم فەرشی** کەی چووی؟
**غەنی بلوریان** پاش مودەتێکی کە لە دێهات بووین، دیاری کرام چووم بۆ کۆمەک وەرگرتن لە عێراق
**برایم فەرشی** ساڵی ۳۲ یان..
**غەنی بلوریان** ساڵی ۳۲ نەبوو، چوون ئەمن ساڵی ۳۳ **ئەسعەدی خودایاری** بە دوای مندا هات،هاتە سولەیمانی ئەسعەدی خودایاری هات ئەمن لە گەڵ **محەمەد ڕاتبی** بە عینوانی ڕاهنما لە گەڵم هات، چوون یەکێک لە کادرەکانی ئێمە بوو، کادر دێهقانی بوو.
**برایم فەرشی** ساڵی ۳۳؟
**غەنی بلوریان** ئەوایلی ساڵی ۳۳ بوو. ساڵی ۳۳چوونکو وەختێکی من گەڕامەوە، ئیسفەندی[ڕەشەمە] ۳۳ گەڕامەوە.
**برایم فەرشی** لەوێ چوونە لای کێ، چتان کرد؟
**غەنی بلوریان** ئیسفەندی ۳۳گەڕامەوە، ئەمن چوومە ماڵە **عومەر دەبابە**، ماڵی **ئیبراهیم ئەحمەد**، کۆمەکمان لە پارتی ویست، و کۆمەکمان لە بەعزێک سەرداری ئێرانێ وەکوو **ئەحمەد ئاغای هێرۆیە** ویست، ئەوانەی **حاجی ئاغای** نازانم بەڵام بە هەر سورەت پشدەری بوون، لە ئاغای تەنگژەی پشدەری، کە پارتی دیموکراتی عێراقێ یاریدەیان داین. کە ئەسعەد لە گەڵ من بوو، ئەمن ئەسعەدم ناردەوە، پوڵەکەم پێدا ناردەوە، ئەو پوڵەی کە کۆمەکمان وەرگرتبوو، ئەو دەم ۱۵ ۱۱، ۲۰هەزارتمەنێکمان وەرگرتبوو، ئەو کۆمەکەم من بە ئەسعەدییدا ناردەوە، کە لەوێ کۆمەک بکرێ بە خانەوادەی زیندانیان، دیار بوو ئەمن مودەتێکی مامەوە، لە سولەیمانیە.
**برایم ئەحمەد** و وان تەقازایان لە من کرد بمێنمەوە لە وێ، کە کۆمەکیان پێبکەم، هەمفکریان لە گەڵ بکەم، لە سەر مەسائلی موبارزاتی ئەو تەجروبەی ئەمە هەمانە لە کوردستانی ئێرانێ، ئەو تەجرەوبەیان پێ مونتەقل بکەین. دیارە ئەو دەم **برایم ئەحمەد** مەخفی بوو. برایم ئەحمەد مەخفی بوو لە کەرکوک بوو. ئەمنیان بردە کەرکوک لە گەڵ ئەسعەدی چووین ، لە **کەرکوک** لە مەخفیگاکەی لە گەڵ برایم ئەحمەد تەماسم گرت. بۆ ئەو کۆمەک وەرگرتنە. ماوەیەک لە سولەیمانی بووم، لە گەڵ پارتی ڕەوابتمان باش بوو. ئەو ماوە کە لەوێ بووم **حیزبی شیوعی** عێراق ئەو دەمێ سێ پارچە بوو، بە نێوی ڕۆژنامەکانیان نێویان دەبردرا. حیزبی کۆمۆنیستی عێراق. یەکیان بە نێوی ئەلقاعیدە، قاعیدە یانی ستوون پایە، ئەو حیزبە پایە و ئەساسی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقە، کە ئەوانی دی لەوی جودا بوونەوە. دەبیری قاعیدەی **سەلیم چەلەبی** بوو. ڕایەتل شەغیلە یانی پەرچەمی کارگەر ئەو ڕەهبەرەکەی **جەمال حەیدەری** بوو، کە کورد بوو، برای **جەمشید حەیدەری**. وەحدەتون شیوعییون بوو، ئیتحادی کۆمۆنیستها. کە ڕەهبەرەکەی **عەلی شەریف** بوو. کە ئێستاش جزووی ڕەهبەری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقە. ئەوانە داوایان لە من کردبوو بچم لە مەخفی گایە تەماسیان لە گەڵ بگرم. ئەو دەم لە گەڵ بەرەی قاعیدەی **جەلال تاڵەبانی** موتەرجمم بوو، **جەلال تاڵەبانی** ئەو دەم دانشجویی ساڵی سێی حقووق بوو. ئەو سەفەرەی من هەمزەمان لە گەڵ کوشتنی **قەندچی** و ئەوان لە تارانێ بوو. هاتنی **هریمەن**. تەزاهوراتێ کرا لە وێ. ئەو دوو دانشجوییەی یەکی توودەی و یەکی جبهەی میللی[بوو].
**برایم فەرشی** ۱٦ ئازەری ۳۲؟

## جەلال تاڵەبانی و غەنی بلوریان – پاییزی ساڵی ۱۳۳۲

**غەنی بلوریان** بەڵێ. ئەو دەمەی من لە عێراقێ بووم. لە بەغدایە بووم. کە **جەلال تاڵەبانی** ئیمزای جەمع دەکردەوە لە دانشگایە ، دەگەڵ من کوتی با بچینە دانشگایە، ئەو ئیمزایانە هەیە بچم بیانهێنمەوە. کە چووم لە گەڵی دانشکەدەی حقووق لەوێ ئەو ئیمزای جەمع ئاوەری دەکرد. بۆ ئیعتراز بەو کوشتارەی لەوێ کراوە. لە سەتحی دانشجویی دا، لە گەڵ **جەلال تاڵەبانی** چووین بۆ لای **سەلیم چەلەبی** دیار بوو حیزبی قاعیدە نەشرییەیەکی چکۆلەی دابووە دەرێ حەملەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردبوو. نێوی نابوو حیزبێکی بورژوازی کورد، کە شوعاری کوردستانی گەورەی ئەمریکای هەڵگرتووە. کە من ئەوەیان لە سولەیمانی بۆخوێندمەوە زۆر عەسەبانی بووم. ئەوانە ئەو بەرخوردەی دەکەن. کۆمۆنیستێک بی لە نێو میللەتی عێراقیدا موبارزەی بکەی، کوردێکی کە لە بەغل دەستتت تاریخی نەناسی، سابقەی نەناسی، ڕوحیە و پسیکۆلۆژی نەناسی ، خواستەکانی دەرک نەکەی، هەستی هەڵگری ئیعلامییەیەکی ئاوا بنووسی. ئەو حیزبانە موتەهەم کەی کوردستانی گەورە شوعارێکی ئەمریکاییە. بۆ من جێگای تەئەسوف بوو، بە پێویستم زانی یەخەیان بگرم و لە گەڵیان باس بکەم، لە گەڵ جەلال تاڵەبانی چووین لە گەڵی دانیشتین کە بە ڕاستی ئینسانێکی زۆر زۆر نەفام و تێنەگەیشتوو بوو. خوشک[وشک] و دەگم بوو، ئەمن پێم کوت کاکی خۆم ئەتۆ وەکوو کۆمۆنیستێک، لێرە ئەقلییەتهای میللی هەیە و دوو قەومی گەورەشی هەیە. عەرەب و کورد. کورد تاریخێکی هەیە سەوابقێکی هەیە. مبارزاتێکی هەیە. ئەوەی کە تۆ مۆنتەشیرت کردوە، یان نیشانەی بێ ئیتلاعی کامیلی تۆ لە تاریخی موبارزاتی ئەو خەڵکەیە، کە خواستێکی هەیە، وەکوو میللەتێک، یان ئینسانێکی بە حوسن نیت نیی. کە هەمچوو شتێکی دەنووسی، کوتم ئەگەر تۆ وەک کۆمۆنیستێکی لە مەنتەقەی عەرەب نشین قیام بکەی، لە شنزارەکانی{خیزەڵان} عەرەبستانێ تفەنگت پێوە نانین، هەرچەند ئیحتیاجی نییە، تفەنگت پێوە نین، فەقەت ئاوت لێ قەتع دەکات، کە لە بەر تاوێ ببرژێی، لە توونیان. قیام

بێ قیام، پایگای ئینقلابی تۆ کوردستانە، خەڵکەکەیەتی، کێوەکانیەتی، جەنگەڵەکانیەتی، دەرە و نشێوەکانیەتی، ئەوە شیعاری ئەمریکایی نییە، ئەوە خواستی خەڵکی کوردە، خواستی میللەتی کوردە، حەقی هەیە. ئەو ئاواتەی هەبێ کوردستانی گەورەی تێک خاتەوە. گوناە نییە. ئەتۆ وەک کۆمۆنیستێک ئەوەی تێبگەی بفامی. بەحسێکی زۆرمان کرد، موتەئەسفانە نەدەچوو لە مێشکییەوە. ڕۆحی شونیستی عەرەبی کە هەبوو حالی نەبوو.

دوایە چووم لە گەڵ **جەمال حەیدەری** قسەم کرد دیار بوو خۆم بە تەنیا چووم ، چوون کورد بوو پێویستم بە موتەرجم نەبوو. کوڕێکی عەرەب بردمی نێوی **پارس** بوو. خەڵکی بەسرە بوو فارسی دەزانی. بردمێ ماڵی **جەماڵ حەیدەری** ، جەماڵ حەیدەری ئەو دەم نەخۆش بوو بیماری سللی هەبوو. پاش قسەکردنێکی زۆر لە سەر کورد و مەسەلەی وەحدەت، هەماهەنگی و جبهە. ئەتۆ کوردی بەشێک لە حیزبی کۆمۆنیستی تۆ لە ڕەهبەری ئەو حیزبەدا قەرارت گرتوو تۆ دەبێ مێللەتی خۆت بناسی، دەبێ وەحدەت لە گەڵ حیزبە بکەی ئەوە حیزبێکی بورژوازی نییە. حیزبی میللەتی کوردە. داوای کرد ، لە پارتی داوابکەم بینرێن بۆ لوبنان. بچێتە دەرێ لە عیراق. بۆخۆی بە منی کوت کە **کا زیاد** کە مەندوبی{نوێنەر} کوردستانێ یە، بۆ خۆی لە گەل پارتی ڕابیتەی هەیە. بتوانێ یاریدەم بدات بۆ دەرێ. ئەلبەتە من تەوسیەم کرد بەڵام دونباڵم نەگرت {دوای نەکەوتم} کە نەتیجە چی بوو. بەڵام قەولیان دا کە کۆمەکی پێ بکەن. فکر بکەموە کۆمەکییشیان پێ کرد. دوایە چووم لە گەڵ **عەلی شەریف** تەماسم گرت ، پێم وایە لەوێ لە گەڵ عەلی شەریف، **هەژار** موتەرجم بوو. یا **جەلال تاڵەبانی**، وەلی بە ئیحتمالی زۆر **هەژار** بوو. عەلی شەریف زۆر موتەفاهمتر بوو لە سەر مەسەلەی کورد. باشتر تێدەگەیشت. ئەوانەی کە بۆ **"حسێن چەلەبیم"**{سەلیم؟} تەوزیح دا بۆ ئەویشم تەوزیح دا قەبوڵی کرد، کوتی ئەمن کامڵەن دەرک دەکەم. قسەکان مەنتەقییە، ئەمن سەعی دەکەم لە سەر ئەو مەسەلەیە لە گەڵ کوردستان قسە بکەم. زمنی ئەوەی لە گەڵ هەر سێکییان بەحسم ئەوە بوو کە ئێوە هەرسێکتان وەکوو کۆمۆنیست بۆ لە ئۆرگانەکەتاندا زیاتر خەریکی جنیو دان بە یەکترین. حەملە کردن بە یەکترین. ئەو جنێودانە کە ئێوە لە ئۆرگانەکانتاندا دەیکەن لە خوارەوە، بەدەنە دەکاتە دوژمن. ئیشارەم کرد کوتم لە سەتحی جیهانی سۆسیالیسم و ئەمپریالیسم لە گەڵ یەکتر دادەنیشن. بۆ حەل و فەسلەی مەسایل پێکەوە تەفاهوم دەکەن. ئەنگۆ وەکو سێ حیزبی کۆمۆنیست چۆن حازر نین دە گەڵ یەکتر دابنیشنن، موزاکرە بکەن. وەختێکی ئەمن تەماشا دەکەم خواستەکان و مەسایل و هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ یەکتر نییە، ئەمن نازانم نوختەی ئیختلافی ئەنگۆ چییە. هیچی تێدا نابینم مەسایلی تەبەقاتییتان یەکە. دید و لە بارەی کوردستاندا موتەفاوتە. دەبێ ئەو دیدەش دروست بێ. ئینسانی موتەروقی ئەو مەسەلە دەرک بکەن و لە گەڵ یەکتریش تەفاهوم بکەن. دیارە ئەو دەمی بە منیان پێشنهاد کرد کە ئەتۆ لە ئێرانێ ڕا هاتووی لە گەڵ **حیزبی توودەی** و ئێوە **حیزبی دێموکرات** لە گەڵ **حیزبی توودە** دۆستایەتیتان هەیە. ئەمە پێمان خۆشە نامەهایەک کە دەینووسین بۆ **حیزبی توودە** ئێوە ئەو نامەیە بگەینن. من نامەکانم وەرگرت هی هەر سێ گروە، لە دەسرێکی زەردی حەریرم پێچابوو، دام بە **هەژار** کە من لە ماڵە هەژاری بووم. ماوەیەک لە ماڵی کوڕی **مەلا عەوڵای کانی مارانی** بووم. ماڵی **وریا** و **عەبدوڵا**. دوایە بەرەی قاعیدە **خوسرەو دارا تەوفیق** ڕابیتم بوو لە گەڵ ئەوان هات بە منی گوت ڕوفەقای ئێمە ماڵیان بۆ دیاری کردووی، کە تۆ میهمانی وان بی. وام فکر کردەوە کە من لە ماڵی مەلا عەولای کانی مارانم ، پارتین ئەوانە ئیحساس دەکەن، مموکینە ئەگەر من میوانی ئەوان بم زیاتر بە لای ئەواندا دابشکێم. بۆیە دەعوەتم دەکەن میهمانی ئەوان بم. ئەوان ئەمن بشارنەوە، قەبوڵم کرد بەڵام حەوادسێک بۆ من هاتە پێش کە جێگای تەردید بوو، ماڵی کارگەرێکیان بۆ دیاری کردم، لە گەڵ خوسرەوی چووم بۆ ئەوێ، موعەرەفی کردم، ئەو شەخسەی کە ئێمە کووتبوومان میهمانی تۆ دەبێ ئەو شەخسەیە. قیافەی بناسن ئەگەر هاتەوە ئێرە. شەوێ منی مەعەرەفی کرد بەڵام ئەو شەوە نەمامەوە. کارم هەبوو کووتم لە سبەی شەو ڕا دێم. بۆ سبەی شەوێ کە قەرار بوو بچم. **هەژار** کوتی پارتییەکمان هەیە چەند نەفەرێکین، پێکەوە شەڕابێکی دەخۆینەوە، ئەو شۆش[شەو] لە گەڵ مەبە جارێ. مەچۆ. جالیب بوو ئەمن نەچوومەوە. بەڵام سەعات دووی نیسفی شەو پۆلیس دەوری ماڵەکەیان دابوو. ئەو ماڵەی کە من قەرار بوو بچم. کوتبوویان لە قاچاخی دەگەڕین. ماڵی قاچاخ. مەعلووم و موشەخەس بوو کە بۆ من هاتبوون. چۆن بوو ئەوە، کێ زانی ئەمن لەوێم، بەغەیرئەز خوسرەو. و خوسرەو هات بە منی گوت کوتی نەچی بۆ ماڵەکەی کوتی ئەو شەو دەورەیان داوە. کوتم بچن فکر بکەنەوە بزانن چەند کەس دەزانێ، ئەمن دەچمە ئەو ماڵە و خودی ئەو ماڵە بزانن کێین چنن. کە دەڵێن کارگەرێکە. نەمزانی دونباڵم نەگرتەوە. خولاسە ئەو نامانەم من هێناوە، بۆ ئێرانێ. پێم وایە دام بە **قاسملو**وی بردی. یانی هاتمەوە تەورێز دام بە قاسملوو.

**برایم فەرشی**      حاسلی ئەو سەفەرەتان چ بوو؟

**غەنی بلوریان**      حاسلی ئەو سەفەرەم ئەو نامانە بوو، ئەو ئیرتباتانە لە گەڵ ئەو ئەحزابانە بوون. و مقدار کۆمەکێک بوو کە لە پارتیمان ئەستاند. کە ڕوفەقای حیزبی کۆمۆنیست چوون، من میوانی پارتی بووم چووبوومە لای ئەوان یاریدەیان نەداین. فەقەت پارتی یاریدەی داین و مقدارێک لەو ئاغایانە. کە نێوم بردن. حاسلی ئەوە بوو کە قەرارمان دانا ئیرتبات بگرین لە گەڵ پارتی. ئەوان تەقازایان کرد من بمێنمەوە لەوێ. وەکوو ڕابتێک و نمایەندەی حیزب و لەگەڵیان همکاری بکەم و تەجاروبێک لە کوردستانی ئێران موبارزەم کردوە، ئیستفادەی لێبکەن. ئەوان لە کاری موبارزاتی اجتماعیدا زۆر زەعیف بوون. بەڵام ئەوان لە باری ئەدەبییەوە، لە باری نوشتارەوە[نووسراوە] لە مە سەتحیان باڵاتر بوو.ئیمکاناتیان هەبوو، چاپخانەیان هەبوو. ئەوە بوو **ئەسعەدی خودایار**یان نارد، **عەبڵای ئیسحاقی**، یا **قاسملو** یان **عەزیزی یۆسفی** نامەیان ناردبوو کە بگەرێمەوە. خولاسە نامەیەکیان بۆ من نووسیبوو کە هەرچی سەریعتر بگەڕێوە. قەرارە ڕۆژنامەی کوردستان مونتەشر کەین. دەبێ تۆش شیرکەت بکەی.

## دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکرات ساڵی ١٣٣٢

**برایم فەرشی**     چ ساڵێک؟
**غەنی بلوریان**     ساڵی ٣٢ قەبل ئەز کەشفی سازمانی نیزامی. ئیسفەند مانگ. **شێخ مەعروف** نازانم شۆرەتی چییە، **شێخ لەتیف** ، **برایم ئەحمەد** و **عومەر دەبابە** ئەویان دانا لە گەڵ **ئەسعەد** و **محەمەد ڕاتبی** بمانباتەوە بۆ سندۆڵان. بە ماشینی خۆی. لە سندۆڵان مونتەزر بمێنێ تا ئێمە سواری پاپۆر دەبین، کەشتی دەبین وەکوو هی بۆکانێ کە جاران بە بەلەم هات وچۆیان دەکرد. کەشتێکی چکۆلە بوو کەر و وڵاغ و ئینسان و ئەوانەی پێ دەپەڕییەوە. لەو بەری **میرزا ڕۆستەم** هات لەگەڵمان هەتا پەڕینەوە، بۆ خۆی ڕۆیی و ئێمە چووینە ئەو بەری و هاتینە قەڵا دزێ. هاتینە قەڵا دزێ ماڵی **عەلی وەستا غولام**، کوڕێکی دیکەش بوو نێوی **حاجی** بوو، پارتی بوو لەوێڕا **عەلی وەستا غولام**، لە گەڵمان هات بۆ حەسارێ، دێی حەسار، لە دێی حەسارێ شەوێ لەوێ بووین لەوێش ڕا هاتن لە گەڵمان هەتا تەنگژە ماڵی **جوامێرئاغا پشدەری** دێی تەنگژە، هەتا ئەوێ لە گەڵمان هات . [لە]کویستانەکانی کوردستان بەفر هەر هەبوو، تەنگژە لە دامەنی کویستانی بڵەسەنەیە. مەشهورە. لە مەرزی عێراق و ئێران. ئەو دیوی تەنگژەیە و ئەو دیوی دێی زیوەیە. کویستانێکی زۆر پان و بەرین و بڵیندە، هەوارەکان کە هاوینان مەڕ و ماڵاتی زۆر دەچێ، کانیاوی زۆری هەیە ، بەڵام زستانان زۆر خەترناکە. کە ئەمە یەک دوو ڕۆژان لە تەنگژە ماینەوە و تەقازامان لە جوامێر ئاغا کرد کەسێکمان لە گەڵ بنێرێ. کە بە کویستانی بڵیسەنەوە بپەڕینەوە. جوامێر ئاغا ڕازی نەبوو کوتی زۆر خەترناکە. ئەمە هیچ وەخت ئەو فەسڵانە جورئەت ناکەین بەو کوێستانەدا بڕۆین. هیچ ساڵێک نییە چەند کەس نەگرێ، چوون ئێستا ئێرە تەماشا مەکە کە ئێرە ئافتابیە{خۆرەتاوە}، بەڵام لەو سەرەی بەفر زۆرە. هاوینیش بەفر هەیە. ئەنگۆ بە جادەیدا بڕۆنەوە، پاسگای لێیە مەسەلەیەک نییە. پیاوی خۆمۆ لە گەڵ دەنێرم. دیاربوو ئێمە قەبوڵمان بوو لە گەڵ جوامێر ئاغا بڕۆین ،کەس ناتوانێ بمانگرێ، بەڵام ئیحتیاتیشم دەکرد. نامەیەکی زۆری ئەحزابی کۆمۆنیستم پێ بوو، بە سادە نەدەکرا بەوێدا بچین، ئیحتیات دەبوو بکەین. پۆلیس دەهات بۆ خودی ئەوانەش، ناڵێم پیاوی خراپن، ئەوانە هەر ئەوانە ئەو ئاغایانە بوون کە لە حکومەتی **قازی محەمەد** هاتن بەشداریان کرد. **جوامێرئاغا** یەکێک لەوان بوو. **محەمەد ئاغا هێرۆ** یەکێک لەوان بوو، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین، بە کوێستانی بڵەسنەیدا دەچینەوە، فەقەت کەسێکمان لە گەڵ بنێرە، کە لە کوێستانێ ڕەتمان کەن. ئەڵبەتە ئێمە هاتینەوە زیوە، بەڵام پێویست ناکا بیگێرێنەوە، کە چ حەودسێکمان بۆ هاتە پێش. با هەر لە لای خۆمان بمێنێتەوە گێڕانەوەی خۆی ڕۆمانێکە، بە هەر سورەت ئێمە هاتینەوە مەنتەقە. یەک سەر هاتینەوە سیاقۆل. بە مەنتەقەی سۆسنایەتی. گەورکێ. هاتینەوە دێگە و لە دێگەیرا هاتینەوە بۆ ئاڵەوان و لە ئاڵەوان بە گاگەشیدا هاتینەوە سیاقۆڵ. لە سیاقۆڵ لازم بوو ئەمن بچم بۆ تەورێز. هاتم بە مەنتەقەی قزڵجەدا ، هاتمە لاچین، ماڵی **محەمەدی ئاغای**، خاڵی **مامۆستا هێمن** بوو، کوتی کە پێمخۆشە هێمن کوتوویەتی ئەگەر هات خەبەرم لێبدا. ئەمن لە لاچین دیدارم لە گەڵ **مامۆستا هێمن** کرد. ساڵی ٣٣یە. شایەد ئەواخری فەروردین ، پاش ئەو دیدارە جوێ بووینە، کە میقدارێکی شیعر بۆخوویندمەوە. ئەو شێعرانەی کە ئێستاش چاپ نەکراون. شێعری هەزەلیات زیمنی هەزەلیات ئینتقادی بوو. مامۆستا هێمن دەیکوت فکر دەکەمەوە ئەو شێعرانە ئەگەر ٥٠ ساڵ پاش مەرگەیشم بڵاو بێتەوە جنێوم دەدەنێ. شتی واعەجایبی تێدایە کە **ئیرەج میرزاش** بە شاگردی نابێ. چەند شیعری لەو شیعرانە خویندەوە. لەوێڕا هاتمە **پیرۆلی باغی** چوومە پشت کارخانەی قەندی **میاندواو**. لەوێ بەوەسیلەی لەیلان چوومە **تەورێز**. لە تەورێز **قاسملو** لەوێ بوو، **عەزیز** لە تەورێز گیرابوو. ئەمن و قاسملو لە تەورێز بووین. ئەمن ماڵێکم گرت لە گەرەکی ئەرمەنیان، بارنەوای وقاسملو ماڵێکی دیکەی هەبوو، **سەدیق ئەنجیری ئازار** لە تارانێ ڕا هات بۆ تەورێز بۆ ماڵی من. ساحەب ماڵەکەم نێوی **مەروسیا** بوو، وەتاغێکم گرتبوو، ماڵێکی ئاسۆریش لە حەسارێدابوو، ئەو ژنە مادام مەروسیا ئەرمەنی بوو، لەوێ جەلەسەیەکمان گرت بۆ کاری ڕۆژنامەکەی. عەزیز و پێش ئەوەی عەزیز بگیرێ. سەدیق ئەنجیری و ئەمن و قاسملو تەدارکی ڕۆژنامەکەمان دیت، دیار بوو قاسملو ئیرتباتی مەی لە گەڵ فیرقە بەرقەرار کرد، کە ئەمە لە چاپخانەی فیرقە ئیستفادە بکەین، مەسەلەکانی کە ئێمە مەترحمان کردبوو چ یارمەتییەکمان لە حیزبی تودە دەوێ، پاش ٢٨ مورداد ،موافقەتیان کرد کۆمەکمان بکەن. بەڵام ئەوایلی کار موافقەتیان نەکرد. ئێمە ئەوەڵین شمارەی کوردستانمان دەرکرد. دەقیق نازانم چ مانگێک بوو. بەڵام فکر بکەومەوە مانگی ئەوەڵی تیر بوو. پێم وایە بە دونبالی شمارەکانی پێشووی کوردستان بوو. ڕەقەم لێدرابوو. مەقالەکان قاسملو بە کوردی دەینووسی، من بە کوردی دەمنووسی. ئەمن بە تەوری کولی تەرجەمەم دەکرد، عەزیز یۆسفی مەقالاتی دەنووسی تەرجەمەم دەکرد، سەدیق ئەنجیری مە قەلەی دەنووسی تەرجەمەم دەکرد. ئەگەر مەقالاتێکی کە لە کوردستانی دەنێردرا من تەرجەمەم دەکرد. قاسملو تەرجمەکانی تەتنیق دەکرد. ئەمن تەحویلی چاپخانەی فرقەم دەدا. ئیرتباتم بوو لە گەڵ چاپخانە. دەیانهێناوە بۆ غەلەت گیری، ئەمن ئیسلاحم دەکرد. دەمناردەوە چاپیان دەکرد و محەلێک هەبوو بە نێوی محەلی پەخش بوو، ماڵێک بوو ماڵی حسێن ئاغا. کوڕێکی مهاجر بوو، خانەوادەی مهاجرینی شوورەوی بوو. بابی و خۆی و ژنی بوو. منداڵی بوو. ماڵەکە لە نزیکی بارنەوا بوو. محەلی پەخش بوو، ئەو ڕۆزنامانەی فرقە و ڕۆزنامەی کوردستان دەهاتە ئەو ماڵە. ئەمە حەفتەی جارێک لەوێ کۆ دەبووینەوە، بەستەبەندیمان دەکرد. و قەرارمان دانا پەکێکی مەشترەکمان دانا.
شمارەی یەک و دوومان ناردەوە. لە قتووی پرتەقاڵمان دەنا و پووشمان دەباڵی دەکرد و لە سەر سەربانی ئوتوبوسمان دادەنا. ئەگەر گیراش خۆتی لێ بە ساحەب مەکە. بەڵام خەتەر هەبوو. **مەحمود** دەیبردە ورمێ و فکر دەکەمە دەیبردە ماڵی **عەبدوڵا عیزەت پور**. کە ئێستا لە گەڵ **جناحی قاسملو** و ئەوانە. دەیبردە **ورمێ** لەوێشڕا دەیبردەوە مەهابادێ، ئێمە

سەهمییەی ڕۆزنامەی عێراقمان جودا دەکردەوە. چوون هەم بۆ تورکیامان دەنارد هەم بۆ عێراق. ئێمە پەنجا شمارەمان بۆ تورکیا دەنارد، ٥٠شمارەمان بۆ عێراق دەنارد. ١٩٠٠ شمارەشمان بۆ کوردستانی ئێرانێ چاپ دەکرد.

**برایم فەرشی** مەتالبی ڕۆزنامە چ بوون؟

**غەنی بلوریان** دەتوانم بڵێم ئەسلەن لە یادم نییە. دەزانی چەند ساڵ پێچووە، کە بتوانم ئیشارە بە مەتڵەبێکی بکەم. بە ڕاستی ئەسلەن لە بیرم نییە. بەڵام ئەوەندە دەزانم موردی ئیستقبالی گەرم قەراری گرت. کە مامۆستا هێمن نامەیەکی بۆنووسیبووین، نەمەیەکی تەشەکور ئامیز کە کوردییەیەکی جوان و سادە و ڕۆزنامەیەکی ڕێک و پێکە. لە عێراق داوایان لێکردین کە ٢٠٠ شمارەیان بۆ بنێرین. لە تورکیا داوایان لێکریدن زیاتری کەین. لە کوردستانیش داخوازی زۆرتر بوو. بەڵام ئیمە بە ڕاستی پێمان نەدەکرا لە تەورێزێ ڕا بارێکی گران بوو بۆ ئەو برادەرەی زیاتر لە دوو هەزار شماران بەرێتەوە. ڕۆزنامە قورس و سەنگینە. نەدەکرا ئیمکانی ئەوەش کە لە ورمێ بۆخۆمان چاپخانەیەکی دانینین نەبوو، کە نزیکترە.

## داخستنی چاپخانە و ڕاگرتنی ڕۆژنامەی کوردستان

ئێمە توانیمان هەشت شمارە وەدەرخەین. بە عیلەتی ئەوەی پاش هەشت شمارە چاپخانەی ئازەربایجان موردی حەملە قەراری گرت و کەشف بوو. **جەعفەری قەوسی** کە مەسئولی ڕۆزنامەکەی فرقە بوو دەستگیر بوو، چاپخانەکەش گیرا. ئێمە بە دونبالی کەشفی چاپخانەکەی ترساین، نیگەرانی ئەوەی بووین ماڵەکەمان لۆ بڕوا. دە گەڵ قاسملو چووین بۆ تاران. پاش شمارەی ٢ی ڕۆزنامەکە **عەزیز یۆسفی** تۆزێکی بێ ئیحتیاتی کردبوو لە تەورێز گیرا. ئەمە چووین بۆ تاران، لە تاران قاسملو ماڵێکی گرت، ماڵە **دەردەشتی** کابرای جولەکەی دەنگ خۆش کە لە ڕادۆش گۆرانی دەگوت. ئەمن چوومە ماڵی **سەدیق ئەنجیری ئازەر**. دیارە ئەو دەمە فەسلێکە کە سازمان نیزامی کەشف بووە. دەستەی ئەوەڵ و دووهەم و سوهەم تیرباران کرابوون. **خسرو روزبە** ئێستا نەگیرابوو. ئەو دەم کە من چوومە تارانێ. وەختێکی چوومە ماڵی **سەدیق ئەنجیری پەرویز حیکمەت جو** لەوێ بوو. حیکمەت جو ڕەفیقی زۆر نزیکی سەدیق بوو. ئەمنیش بە هۆی سەدیقیەوە لە ساڵی ٣٠یەوە لە گەڵ حیکمەت جو ئاشنا بووم. چوونکو سی ام تیر سی[٣٠ی مانگی تیری ساڵی ٣٠] لە **کافە فیروز** لە مخبرولەدولەی دەگەڵ پەرویز حیکمەت جو بە وەسیلەی سەدیق ئەنجیری ئاشنا بووم. کاک فیروز ساحەبی کافەکە کوردێکی تورکیا بوو. پیاوێکی زۆر باش بوو. مەحەلی ئامەد و ڕەفتی توودەییەکان بوو. **سەدیق ئەنجیری و قاسملو** ئەغلەب لەوێ بوون. کە چووبایەن تاران ئێواران حەتمەن یەک لەوانەمان دەدیت. ئەو دەمی **قەوام سەلتەنە** هاتە سەر کار و **موسەدق** یان ساقت کرد. ئەمن دەگەڵ حکمەت جو بووم لەوێ. کە سەعات دوو ڕادۆ ئەخبارەکەی کوت قەوام سەلتەنە کوتی تریبۆنالی ئینقلابی دروست دەکەم بۆ کەسانێک کە موقامەت بکەن لە موقابل حکومەت. پەرویز حکمەت جو هاتە دەرێ چووە سەر [بەرزاییەک] ئەو مەنتەقەیەی موخبرو لدولە، ئێمە ڕامان گرتبوو لە گەڵ سەدیقی شعاری دەدا بەر عەلەیی[دژی] شا و قوام ئەلسەلتەنەی و خەلکی هوشیار کردەوە کە کودتا بووە، تەزاهورات دەستی پێکرد ، کە ئەمن لە تەواوی تەزاهوراتی سی تیردا شیرکەتم هەبوو. بەڵام لە ماڵ سەدیق ئەنجیری نەمامەوە چوومە ماڵی **سادق وەزیری**. جەریانی سی ام تیر. ساڵێ ٣٤ کە چوومە ماڵی سەدیق ئەنجیری حیکمەت جو لەوێ مەخفی بوو. ئەو دەمەی حکمەت جو لەوێ بوو ٦مانگ بوو سازمان نیزامی کەشف کرابوو. نازانم خوسرەو ڕوزبە کەی گیرا. دەقیق لە بیرم نییە تاریخەکەی. ئەمنیش یەک دوو مانگان لە گەڵی بووم لە ماڵ سەدیق ئەنجیری. دیارە ئیعترازمان بوو بە پەرویز کە تۆ لێرە دانیشتووی چ دەکەی. بچۆ خارج لێرە دانیشتووی دەمانچەیەکت لەسەر تاقە داناوە. هەشت تیر کە بەڵێ ئەگەر هاتن حەوتان بەوانەوە دەنێم و یەکیش بە خۆمەوە. قازانجی چییە؟ لە ماڵێ دانیشتووی نە کاری ئیجتماعیت هەیە، نە کاری سیاست هەیە، نە ئیرتباتی حیزبیت هەیە. بە نەزەری مە برۆیە دەرێ باشترە. دیاربوو ئەو دەیگوت هەتا خوسرەو ڕوزبە لێرە بێ ئێمەش لێرە دەبین. ئەو دەم دوو سێ نەفەری دیکە لە سەرانی سازمان نیزامی لە تاران خارج نەببوون. ئێمەش کوتمان خوسرەو ڕوزبە ئیرتباتی هەیە، فەعالییەتی هەیە. دەگەڵ سازمانهای مەخفی کە ماونەتەوە. قانعمان کرد تەماسی لە گەڵ خوسرەو ڕوزبە گرت و مەترەحی کردبوو، خوسرەو کوتبووی ئەوانەی بە تۆیان کوتووە قسەیەکی دروستیان کوتووە. ئەوە بوو شەوێ من لە گەڵ پەرویز حیکمەت جو هاتمە دەرێ، بردم بۆ ماڵی دایکی. سبەینێ دەچمە لای ڕوفوقای دی کە مەرکەزیان دەزانم. دەچمە ئەوەێ لەوێ تەسمیم دەگرین برۆینە دەرێ. من گەڕامەوە. تەسادوفەن ئەو پوڵی پێ نەبوو ئەمنیش دەتمەنم پوڵ پێ بوو، ئەو تاکسییەی پیادەی کردین لە قولهەکێ، دەتمنەکەم دایە. سەعات دەی شەو بوو. پوڵەکەم دایە لە گەڵ پەرویز قسەم دەکرد کابرای تاکسی دەتمەنی بردو لێدا ڕۆیشت. وەڵا بێ پوڵ ماینەوە. پەرویز کوتی پوڵت پێنێیە بە چی دەچییەوە، وەرە ئەوشەو لێرە بە. کوتم وەڵا بە پێیان دەچمەوە. ئەتۆ بچۆ لای دایکت با نیگەران نەبێ. خوداحافیزینمان کردو بەجێم هێشت. یەکترمان نەدیتەوە هەتا ئەو دەمەی کە هێنایانە زیندانی بەرزاجان.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکرات بە بەشداری سەدیق ئەنجیری، ڕەحمان قاسملو و ئەحمەد تەوفیق لە تاران

ئەمن بە پێیان گەڕامەوە. لە ماڵی سەدیق ئەنجیری بووم دەعوەتێکمان کرد لە برادەران کە لە کوردستانەوە بێن بۆ جەلەسەی. ئێستا **خوسروە ڕوزبە** نەگیرابوو. تاریخەکەی چەندە ئەو جەلەسەیە.ساڵی ٣٤ە. دەقیق تاریخەکەی نازانم چ

مانگێکە. دەبێ فکری لێبکەومە بە دیقەت. حیسابی بکەم. فەقەت ئەوندەی دەزانم سازمانی نیزامی کە کەشف کرا، چ فەسڵێک بوو. تاریخی کەشفی سازمانی نیزامی دیارە، سێ چوار مانگ پاش کەشفی سازمان نیزامی دبێتە مانگی چەندوم، کە چاپخانەی ئازربایجان کەشف بوو، ئەو دەم لە تەورێز وەدەر کەوتین، ڕۆیشتین بۆ تارانێ، چوار مانگ پاش کەشفی سازمانی نیزامی، پاش ڕۆیشتنی پەرویزی. چوارمانگ، پێنج مانگ پاشان ئەو جەلەسەمان تەشکیل دا. **ئەسعەد خودایاری، سولەیمان موعینی، حەمەدی میر ڕاتبی ، قادر شەریف ، ئەحمەد تەوفیق، ئەمن بووم، قاسملو، سەدیق ئەنجیری** شیرکەتیان کرد کە سەدیق ئەنجیری ئەو دەمی جیدیتر لە گەڵ ئێمە هاوکاری دەکرد. چوون لە ڕۆژنامەی کوردستاندا جزووی هەیئەت تەحریریە بوو. ئیرتباتیشی لە گەڵ حیزبی توودە قەت کردبوو. زۆریش زیدایەتی لە گەڵ حیزبی توودە دەکرد. پەرویز هەر مابوو کە جەلەسەکەمان تەشکیل دا. تاقە وەتاغێک بوو ماڵی سەدیق کە ئەویش لە جەلەسەکە بەشدار بوو. کوتمان خوب ئیشکالی نییە .

موزوعی جەلەسە 1 –قەتعی ئیرتبات لە گەڵ بەدەنەی حیزبی توودە. بە وەسیلەی قاسملو. ئێمە بە تەوری جیدی مەسەلەمان لە گەڵ قاسملو مەترەح کرد. سەدیق ئەنجیری ئازەر ئیرتباتی خۆی قەتع کردووە. ئیعتقادی نەماوە. ئیحساس دەکەین ئەتۆ ئیرتباتی خۆت قەتع نەکردووە. کیانووری ئێستا وەدەر نەکەوتبوو لە داخلی تارانێ دابوو. ئەتۆ ڕابیتەت هەیە. ئەگەر لە گەڵ ئێمە همکاری دەکەی وەک حیزبی دێموکرات دەبێ لە گەڵ بەدەنەی حیزبی توودەی ئیران قەتعی ڕابیتە بکەی و لە گەڵ ئێمە بی. چوون بوونی تۆ لە گەڵ حیزبی توودە و ئیرتبات لە گەڵ ئێمە و ئامەد و ڕەفت لە گەڵ ئەوان لەو شەرایتەدا کە مەخفیە، خەتەری زەربە لێدان لە مەش هەیە. ئێمە موعتەقیدین کە تۆ دەبێ قەتعی ڕابتە بکەی. قاسملو قەولی قەتعی ڕابیتەی دا، ئێمە تەسمیمان گرت لە گەڵ حیزبی توودە هیچگونە ئیرتبات نەکەین. ئەو ئیرتباتەی کە سابق هەمانبوو قەتعی بکەین. ئەو ڕابیتەش فەقەت قاسملو بوو. بەنابەرئین ئەگەر قاسملو قەتعی ئیرتبات بکات، ئێمە هیچ ڕابتەیەکمان لە گەڵ حیزبی تودە نامێنێ. دیارە ئیستدلالمان دکرد، سازمان حیزبی توودە لۆ چووبوون، پۆلیس نفوزی کردبووە ناو حیزب. شکنجە هەیە، گرفتاری هەیە. و خەتەر هەیە. ئێمە نامانەوی لەو ئیرتباتانەدا وە خەتر کەوین.

2- جەریانی ۲۸ ی مورداد تەحلیلی لە سەر بکەین شیی کەینەوە، ڕەهبەری حیزبی توودە موردی ئینتقاد قەرار بدین، بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان . عەدەمی ڕوحیەی ئینقلابی و عەدەمی ئیقدامی ئینقلابی حیزب توودە لە موقابل کودتا 28ی مورداد، موردی ئینتقاد قەرار بدین. دیارە ئینتقادەکان بە کۆمەکی هەموومان نووسرا. تەهیە کرا و بە نێوی حیزبی دێموکرات قەرار بوو بیدین بە قاسملو بیدا بە ڕەهبەری حیزبی توودە لە ئوروپا.

ئێمە ئەو تەسمیمەمان گرت بەڵام حیکمەت جوو، دە گەڵ قاسملو کە ماڵی جودا بوو، دە گەڵ خۆی بردەوە، کە چەند شەوان لە ماڵی قاسملو بێ. چوون جێگا نەبوو لەوێ .پاش چەند شەوان کە هاتەوە جەلەساتی بەعدییمان ئیدامەی هەبوو. لە سەر بەرنامەی کاری لە کوردستان و ئیرتباتاتمان. ئێمە قەرارمان دا لە تەریقی قاسملویەوە لە ئوروپایەوە لە گەڵ شوورەوی ئیرتبات بگرین. ئەو قەرارەمان دا و ئەو ئینتقادانە فەقەت نەدین بە حیزبی تودە. ئەسلی ئینتقادەکان دەدین بە شوورەوی و نوسخەیەکی دەدین بە حیزبی توودە. ئەسلی ئینتقادەکانمان بۆ شوورەویە.کە ئەو حیزبەی هەیە بە عینوانی حیزبی مارکسیست لەنینیست ئەو وەزعەی بەسەر هاتووە. ئەو وەزعەش ناشی لەو بێ عوورزەگیەیە کە ئەو حیزبە هەیەتی. ئەڵبەت مەتنی کامیلی ئینتقادەکانم لە بیر نییە. کە حیکمەت جو هاتەوە کوتی کە من لەوێ بووم ئیحساسم کرد کە کیانووری هاتۆتە ئەوێ و لە گەڵ قاسملوو دانیشتووە، ئێمە پێمان سەیر بوو ، کیانووری ماڵی ئەوی لە کوێ دەزانی؟ کە قەرار بوو قەتعی ئیرتبات بکات. ئەوە بوو قاسملوومان دەعوەت کرد بە جەلەسە. دیسان هەموو حوزوورمان هەبوو. لە جەلەسە بە شیدەت موردی حەملەمان قەرار دا و من کوتم ئەوەی بە عوزووی حیزبی دێموکرات قەبووڵ ناکەین ، هەر دەبێ لە گەڵ حیزبی توودەی بێ. حازر نیم قەبووڵی کەم. ئەوە دیارە ئیرتباتی قەتع نەکردووە. دەفکری پاراستنی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە، هیچ سۆزێکی نییە. جەلەسەم تەرک کرد. کوتم هەتا ئەوە لە جەلەسەی بێ حازر نیم شێرکەتێ بکەم. جەلەسەم تەرک کرد ڕۆیشتم. چوومە پارکی شار. **سولەیمان** لێی پرسیم بۆ کوێ دەچی کوتم دەچمە پارکی شار. شەوێش ئەگەر بێمەوە ئێرە بنووم دێمەوە. دیارە **عەبلای ئیسحاقی** هات ، **قادر شەریف** هات ، سولەیمان هات قاسملو ئینتقادی لە خۆی کردووە. کوتوویەتی ئیشتبام کردووە. فلانم کردووە و تیکراری ناکەمەوە. بڵاخرە کادرێکە و کوردە و دڵسۆزە و قابلی ئیستفادەیە بۆ ئێمە. دەیەوێ بە تەوری جیدی لە گەڵ ئێمە هاوکاری بکات. پاڵ پێوە نانی دروست نییە. نابێ مەوزعی وا توند بگری. سەدیقیش قەبوڵی کردووە و بە تەزمینی ئەوان ئێمە قەبوڵی بکەینەوە. منیان قانع کردو گەڕامەوە بۆ جەلەسەی. قاسملو بە حوزووری منیش ئینتقادی لە خۆی کرد. کوتی ئیشتبام کردوە و نەمفامیوە. کوتم کاکە کیانووری بە پیاوێکی خراپ نازانین بەڵام جەریانی حیزبێکە زەربەی خواردووە. ئیمە لە گەڵ ئەو حیزبەی بە وەسیلەی تۆ ڕابیتەمان هەبووە. ئیدامەی ئەو ئیرتباتە لە گەڵ ئەوان لەو ڕاستایەدا مومکینە، ئێمەش زەربە بخوین. تۆ تەعەهوودت کردوە لە گەڵ ئەوان ئیرتبات قەتع کەی. لە گەڵ ئێمە بی. تۆ تەعەهودی خۆت شکاندووە. قەبوڵی کرد تەعەهودی شکاندووە تیکرای ناکاتەوە. ئەو نامانەش دەبا دەدیا بە ڕوفەقای شوورەوی. ئێمە پێشمان گوت نامانەوێ لە حیزبی توودە کۆمەک وەرگرین. ئەگەر ئەتۆ تەعەهود بدەی کۆمەکمان بۆ لە شوورەوی وەرگری، ئێحتیاجمان بە یاریدەی ئەوان هەیە. ئەڵبەت ئەمن لە جەلەسەیدا کوتم ئەو ئینتقادی کە من لەو برادەرم هەیە ، ئەو برادەرە کە قەبوڵی کردوە تیکراری نەکاتەوە، بەلام من باوەڕی پێناکەم. مەعتەقدم لێرە بچێتە دەرێ، هیچ کارێکی بۆ ئێمە ناکات. کوتیان نا وانییە و فلان نییە. خۆ نەزەرت ئەوەیە کێی دیکەی لە گەڵ بچێ. بۆ خۆت لە گەڵی بچی کوتم نەخێر. ئەمن لە گەڵی ناچم فکر نەکەن ئەمن دەمەوێ بچمە دەرێ. ئەهلی خارج چوونێ نیم. لە ئێرانێ دەرناکەوم. برادەرێکی دیکەی لە گەڵ بنێرن. **عەبلای ئیسحاقی**

لە گەڵ بچێ. ئەوە بوو بەحس کرا . قاسملو کوتی پاش ئەوەی ئەمن تەعەهودم کردووە باوڕم پێناکەن دروست نییە. بلاخرە منیان قانع کرد. باورە بکەم. بە بێ مەیلی قەبوڵم کرد.
پاش ساڵها کە ئیختلاف بەینی **ئەحمەد تەوفیق** و **قاسملو** بوو لە عێراقێ، ئەحمەمەد تەفیق ئەو دەمی بە چاوی دادابووە کە غەنی ڕاستی دەکرد. ئینسانێکی کە لە گەڵ مە{ئێمە} ڕاست نەبووی. بە هەر سورەت قاسملو ڕۆیشت ، بەڵام ئەوەی کە تەعەهودی کردبوو نەیکرد. نامەکەی نە تەنها نەدابوو بە شوورەوی نە تەنیا ئیڕتباتی نەگرتبوو دابووی بە **ڕادمەنش،** ئەو ئینتقادانەی کە ئیمە کردبوومان یەکجانبە دابووی بە ئەو، بەشی شوورەوی نەدابوو. ئێمە لەو جەلەسەی گەڕاینەوە هاتینەوە. **عەبڵای ئیسحاقی** گەڕاوە بۆ سنە. ئەوانی دیکە گەڕانەوە بۆ مەنتەقەی. ئەمن لە تاران مامەوە. بۆ ماوەیەکی مونتەزری **قاسم سوڵتانیان** بووم. کە لە هەمەدان دیپلۆمەکەی وەرگرێ. دوایە ئەمن بچمەوە هەمەدان و هەڵیگرم بیبەمەوە کوردستان. بەڵام ئەو دەم ماڵی **سەدیق ئەنجیری** تۆزێک دوچاری شەک و تەردید بوو حیکمەت جو ڕۆیشت ئیحساسی خەتەری لێ دەکرا ئەمن چوومە ماڵی **سالح ئیقلیدوس** کە لە گەلوبەندەک وەتاغێکی گرتبوو. لەوێ مامەوە، ساڵح ئیقلیدۆس یەکی قەد بڵیندی درێژ بوو ئەگەر ئێرەی ڕەنگ کردبایە[ئیشارە بەو ژوورەی کە لێ دانیشتووە]بە فڵچە نەردیوانی نەدەویست. حەمە ساڵح ئیقلیدۆس لە کۆمیتەی سنەیی دابوو. ئێستا مەخفیە هاتۆتە دەرێ، کارگەری نەقاشی ساختمانە کارگەری وەرزیدە. کوتم چ بکەم هەتا ئەو برادەرەی ئێمە ئیمتحانەکەی دەدا و دیپلۆمەکەی وەردەگرێ، ئەمن بەرە سەر کار با کاربکەم لە گەڵ تۆ ، ئەوە بوو لە گەڵ ئەو دەچوومە سەر کاری نەقاشی ساختومان. ئاوم دەکێشا و ڕەنگم ساز دەکرد و مودەتی دوو مانگ سێ مانگان لە گەڵ ئەو برادەر بووم. پاش ئەو ماوەیە چووم بۆ هەمەدان. قاسم سوڵتانیانم دیتەوە و لە ماڵە مامی **ئەحمەدی سوڵتانیان** بوو، کوتم کاکە چی دی ناتوانم ئینتزاری تۆ بکێشم. با بڕۆین دیار بوو پێ شل بوو، تازە لە کوردستانی گەڕابووە بۆ هەمەدان. کاری دەکرد و دەرسی دەخوێند نەیدەتوانی بێتەوە. بۆم دەرکەوت کە نایاتەوە.

**ڕووداوەکانی ناو حیزبی دێموکرات پاش کۆبوونەی تاران لە مەهاباد و باشوری کوردستان**

خوداحافیزیم کرد، بەجێم هێشت و هاتمەوە تەورێز و لە تەورێز هاتمەوە کارخانەی قەندی میاندواو، لە حالیکیدا **قاسم سوڵتانیان** لە دێهاتێ بوو، فەراری بوو، بەعدەئەز ساڵی ٣٢ جزووی کادرهای مەنتەقەی، جزووی کۆمیتەی ئەیالەتی بڵباس بوو، بۆ ئەوەی دیپلۆمەکەی وەرگرێ ئیجازەی خواستبوو بچێ دیپلۆمەکەی وەرگرێ. وە بوو نەگەڕاوە. لیباسی کوردیم لە موسافرخانەی شەبستری **ڕەحمانی عەشیرەتی** لەوێ بوو، لە بەر دەرکەی ڕاوەستا بوو کە من بەوێدا هاتم، بانگم کرد لە گەڵی چوومە وەتاغەکەی لیباسەکانم لە بەر کرد و کۆت و شەلوارەکەی خۆم دایە ، هاتمە ماڵی کاکە **جەوانمردی قازی.** شەوێ لە وێ بووم، بۆ سبحەینێ ڕا هاتمە **پیرۆلی باخی** و چوومە مالی مەلای مەسئولی دێی بوو. دەگەڵ وی دانیشتم ڕاجع بە مەسائیلی دێ و وەزعی خۆیان پرس و جۆیەکم کرد. لەوێڕا هاتمەو **قزڵجەی** ، لە قزڵجە کارمان هەبوو ئیرتباتمان هەبوو لە گەڵ **ڕەزاق** و **مام حسێنی فەتاح** و ئەوانە. ماڵی قازی کە لە گەڵ ئێمە لە شوورەوی بوو، لەوێڕا گەڕامەوە هاتمەوە نێو مەنگوڕان. ئەلبەتە لە ماڵی **سالحی ئوقلیدۆس** کە بووم نامەی ئەو **مەزهەری خالقییە** کە هاتبوو بۆ براکەی، بۆ عوبەیدی بە وەسیلەی ساڵحی کە لە تارانێ بوو، خەبەری نامەکم ئیحساسم کرد کە ئەو نامەیە، لە تەرف ئەو کوڕەیەو هاتووە ساڵەی ئیقلیدۆس کردبوویەوە، ئەمن خوێندمەوە . ئەو کوڕە مەزهەر ئیزهاری نیگەرانی کردبو لە وجوودی **عەبڵای ئیسحاقی** لە ماڵی خۆیان بۆ براکەی نووسیبوو کە ئەمن دەمەوێ بە جورێکی ئەو برادەرە قانع کەم لەوێ بڕوا و جێگایەکی دیکە بچێ، خەتەرە وئیحساسم کرد ترسیان هەیە. خەبەرم دا بە **عەبدوڵای ئیسحاقی** کە لەوێ بڕوا. دوای عەبڵای ئیسحاقی هاتەوە ئەمن گەڕامەوە بەوێدا ، ئەمنیان تەعین کرد بچم بۆ سنە، عەبڵای ئیسحاقی بێتەوە ئەو مەنتەقەیە. ئەوە بوو ئەمن چوومە سنە و پێم وایە جەریانی دەستگیری خۆم لە سنە باس کرد. لازم بە تەوزیح نییە. کە من لە تەشکیلاتی ئەوێدا هاوکاریم دەکرد. ئەو دەمی لە بەخشی ئاموزشیشدا کلاسم هەبوو ڕاجع بە مەسایلی میللی و مەسایلی سیاسی دە گەڵ ئەو برادەرانەی کە دادەنیشتین. قسەم بۆ دەکردن، مودەتی سێ مانگ چوار مانگ زیاتر دەوامم نەهێنا، چوون کە چواری ئابان دەستگیر بووم کەوتمە زیندانی ئەوێ و کە داستانەکەم گیراوە. پاشان زیندانەکەم کێشا ساڵی ٣٧ هاتمە دەرێ. ساڵی ٣٧ کە هاتمە دەرێ، ئیدامەم بە مبارزەی دا بەڵام ئەمن ئیڕتباتم لە شاریدا نەگرت ئیڕتباتم لە گەڵ **قادر شەریف** بوو، **عەبڵای عیزەت پوریش** جزووی کادرهای مەنتەق بوو. فەعالیەتی دەکرد.

**ئەسعەد خودایاری، ساواکی مەهاباد وعەبڵای ئیسحاقی**

ساڵی ٣٧ کە هاتمە دەرێ لە زیندانێ لە تەرف **عەبڵای ئیسحاقی** خەبەرم پێدرا بە وەسیلەی **قادر شەریف** کە **ئەسعەدی خودایاری** بۆ خۆمان ناردۆتە سازمانی ئەمنیەت، نفوزییە تۆ دەگەڵی تەماست هەبێ، ئەگەر ئیتلاعاتێکی لازمی پێویست بێ، بۆ گومراە کردنی ئی سازمانی ئەمنیەت، تۆ دەگەڵ ئەسعەد لە ئیرتبات دابە، ئەسعەدیش دێ بۆ خاریج بۆ عیراق من دەگەڵی ئیڕتبات دەگرم. ئەوە دەمەیە کە **مەلا مستەفا** گەڕاوتەوە لە شوورەوی، کودتای قاسمی بووە، **عەبدوڵای ئیسحاقی** لەوێیە و موڕەتەب لە لای مەلا مستەفایە، ئەمن لە گەڵ ئەسعەد ئیڕتباتم بەرقەرار کرد. ئەسعەدی خودایاری دەرەجەداری روکنی دوو بوو، لە زەمانی دێموکرات دا تفەنگی فراند لە **سەقز** هەڵات، هاتە جمهوری مەهاباد لەوێ وەکوو دەرجەداری ئەرتەش همکاری دەگەڵ جمهوری کرد . ئەسعەد هات بە سیلاحەوە خۆی تەسلیمی جمهوری کوردستان

کرد. لە جمهوری کوردستان بوو بە فەرماندەی نیزامی. لە گەڵ ئەرتەشی. پاش تێکچوونی حکومەت ئەسعەد ڕۆیی بۆ عێراق ، ماوەیەک لە عێراق بوو، گەڕواە، هاتەوە مەهاباد و لە مەهاباد نازانم چ ساڵێک گەڕواە. دەستگیر کرا پەروەندەی هەبوو بە زەمانەت بەر بوو، پاشان **عەوڵای ئیسحاقی** تەشویقی کرد لە گەڵ ساواک هەمکاری بکات. ساواک ساڵی ٣٦ لە مەهاباد دامەزرا. ئەسعەد خودایاری ئیحتمالەن ساڵی ١٣٣٥ گەڕاوەتەوە. کە هاتۆتەوە ماڵی **فاتەی چاو شێتی.** لەوێدا گیراوە. چوونکی هیچی لە سەر نەبوو. مەدارکی لە سەر نەبوو ئەسعەدیان بەردا. دیارە شایعەشیان دابوو حیزب کە ئەسعەد ساواکیە. پێش ئەوەی بچێتە ساواک لە پێشدا شایعەسازیان کرد. بۆ ئەوەی زەمینە بدەن بە ساواک ئەسعەد بگرێ. ئەسعەد موخالفەتی کردبوو، کوتبووی ئەمن ئابڕوم هەیە لە نێو خەڵکدا ، خەڵک جنێوم پێدەدا. خەڵکی مەهاباد دەمناسن، هەموو عالەم دەیناسی، چۆن ئێمە مەشهور بووین، ئەویش ئاوا ناسراو بوو. ئینسانێکی فەعال، شەریف باشەرف. ئینسانێکی زۆر وریا زۆر زیرەنگ. زۆر لێهاتوو زۆر وشیار بوو. ئەسعەدیان وادار کرد تەسلیم بێت، مەئموریەتی حیزبیە. کەسی دیکە ئەو تواناییەی نییە. ئێستاش تۆ لە زیندانێ هاتوویە دەرێ. پەروەندەت هەیە. ئەگەر ببیە ساواکی پەروەندەکەشت مالیدە دەبێ. مەحکومیەتێکت بۆ نایات. دەتوانی لە خزمەتی مە دابێ. لە ساواکی ئیتلاعاتی بۆ ئێمە بێنە و ساواکیش ئیتلاعاتی دەوێ لە تۆ. ئێمە ئیتلاعاتت دەدینێ. دوایە کە من لە زیندان هاتمە دەرێ، بە منیشیان مەعەرفی کرد. ئەو برادەرە ئێمە وەزیفەمان داوتێ بچێتە ساواک. ئیرتباتی لە گەڵ بەرقەرار بکەوە. ئیستفادەهای لازمی لێبکە. دیارە ئێمە ئیستفادەیەکی زۆرمان لە ئەسعەد خودایاری کرد. چوون ئەمن تەحتی نەزەر بووم لە مەهابادێ. ماڵی ئەسعەد خوداياریمان کردە پایگای کاری خۆمان. کە ئەو **ئامینەی** کە ژنی **محەمەدی مامڵێیە،** ئەودەمێ ژنی **ئەسعەد خودایاری** بوو. کە دوایە داستانەکەی دەڵێم کە ڕفقای خۆمان بە دەستی خودی **ئەحمەد تەوفیقی** شەهید بوو. پاشان مێردی بە **محەمەدی مامڵێ** کرد. دیارە محەلی قەرار و مەلاقات و ئەوانەی لە خاریج لە دێ ڕا دەهاتن بۆ ئیرتبات لە نێو شاری. دەهاتنە ماڵی ئەسعەدی. ئەمنیش دەچووم لە ماڵە ئەسعەدی تەماسم لە گەڵ دەگرتن.

**سیاسەت و ئەسپ و گامێش و ساواکی مەهەباد**

بۆ ئەوەی بتوانم کار بکەم و کاسبی بکەم و لە شار وەدەرکەوم، چوون تەعهودیان لێ ورگرتبووم لە شار دەرنەکەوم. شوغلی ئەسپ کرینم ئینتخاب کرد. ئەسپ بکڕم بفروشم. بتوانم بۆ جەلسات بچمە خارجی شار. بەڵام ئەگەر مەغازەم هەبێ و ون بم لە شار، خەتی سەیرم{ڕێوشوێنم} دەبینەوە لە شار. چوونکە تەجروبە سابتی کرد کە بە دووچەرخە لە شار وەدەرکەوتم، چووم گامێشێکی بکڕم لە قاوەخانەی دێبوکری، گوزارشیان لێدابووم. کە چوومە قاوەخانەی، کە دەگەڵ **بەهارمەست** بازپرسی مەهابادێ بەرخوردمان لێ پەیدا بوو. دەچییە دەرێ فەعالیەت دەکەی. لە نێو مەیدانی مەنگوڕان. تەوهینی کرد ئەمنیش تەوهینم کرد. سەرهەنگ بەهار مەست. خەڵکێکی زۆریش کۆبوونەوە. چووبوو بە دژبانی کوتتبوو کە خەڵکی تەحریک کردووە. کە لێم دەن کار گەیشتەساواک ، **ئەسعەد خودایاری** هات بە منی گوت لێت دەگەڕێن، خۆت بشارەوە. هەتا من مەسەلەکە حەل دەکەم. ماوەیەک خۆم شاردەوە. ئەسعەد چووبوو داستانەکەی گێرابووە، ئەمنیش کە تەسادوفەن گامێشەکەم کڕیبوو، ڕەفیقی حیزبی بوو. ساحەبی قاوەخانەی دێبوکری. پێمگوتبوو کوتبووی ماڵی ئێوە پێنازانم. کوتم ماڵی ئەسعەدی پێ دەزانی، کوتی پێ دەزانم ، کوتم گامێشەکە بەرە ماڵی ئەسعەدی. **ڕەشەی** قاچاخچی کە لەوێدا بوو ڕەفیقی خۆمان بوو. ئەسعەد کوتبووی کابرا درۆ دەکات، بەهارمەست درۆی کردووە، ئەمن چووم تەحقیقم کردووە گامێشەکەش ئێستا لە حەوشی حەساری منە. چووە گامێشەکەی کڕیەوە و گەڕاوەتەوە. لە قاوەخانە معاملەی کردووە ، کوتوویە گامێشم هەیە گامێشی لازم بووە ڕاییگرێ. بۆ شیر و ماستی خۆی. ئەو کابرایە کوتوویە ورە گامێشەکەی ببینە ئەگەر پەسەندت کرد بییە. ئەویش بە دوچەرخە گامێشەکەی دیوە و هاتۆتەوە. گامێشیش ئێستا لە ماڵی منە. بەنابرئین مەسەلە مونتەفی بوو. ئەسعەد ئەو مەسەلەی حەل کرد. دیارە ئەمن بدونە ئیجازەی شارەبانی چووبوومە دەرێ، لە شارەبانیش بانگیان کردم کوتم چووم لەو قاوەخانە ئەو گامێشەم کڕیوە. دیارە ئەوان تەحقیقاتیان کرد دروست بوو. تەزەکوریان دا و کوتیان حەقت نییە بێ ئیجازەی ئێمەو وەدەرکەی. ئەسپ کڕینم ئینتخاب کرد و چوومە شارەبانی و کوتم شوغلم نیە و سەرمایەشم نییە، دەمەوێ زیندەگی بکەم، ئەمن ژنم هەیە خوشکم هەیە، کەس و کارم هەیە، دەبێ ئیدارەیان بکەم. شوغلی ئەسپ کڕینم ئینتخاب کردووە، چێوداری مەجبوورم پێنجشەمە بازار، یان جومعە بازار بچم بۆ بازاری قەباخکەندی. لە کن میاندواو. پاش هەفتەیەک جوابیان دامەوە کە هەر وەخت ویستت لە شار دەرکەوی قەبلەن وەرە ئیتلاع بدە. وەختێ گەڕاشییەوە ئیتلاع بدەوە. بە وەسیلەی ئەو ئەسپ کڕینەی مانۆرم هەبوو کە هەم دەچوومە بازاری قەباغکەندی هەم جار و بارە نەدەچوومە بازاری قەباخکەندی، ئەوانە دەچوون شەریکەکان، ئەمن بەو لادا دەچووم تەماسم دەگرت.

**پەیامی نهێنی مەلا مستەفا و بۆمبی عەبڵای ئیسحاقی(ئەحمەد تەوفیق)**

لە مەهاباد کە کۆمیتەیەکی مەخفی هەبوو، ساڵی ٣٧ مەسئولی **هاشم حسێنزادە** بوو، **یۆسف ڕزوانی** بوو، ئێستا لە عێراقە. ئەوانە بوون. دەگەڵ ئەوانە ئیرتباتم هەبوو. دە گەڵ بەدەنەی ئیرتباتم نەبوو. لە گەڵ ئەو دوو نەفەرە ئیرتباتم هەبوو، جار و بارە لە گەڵ ئەم دوو نەفەرە جەلەسەمان دەگرت. بۆ کار وباری تەشکیلاتی مەهاباد. ئیرتباتی ڕەسمیشم لە گەڵ **قادر شەریف** هەبوو. کە کۆمیتەی بڵباس بوو. ڕۆژێک ئەسعەد هات کوتی پەیغامیان ناردوە لە خاریجی کە تۆ بچیە دێبوکری.

قادر شەریف دێتە ئەوێ لە گەڵی مولاقات بکە.ئەمنیش کوتم دەچمە دەرێ، تۆ موراقبەت بکە، هوشیار بی کە لە شاری وەدەردەکەوم. کوتی بەنەزەری من بە ڕۆژ نابێ بچی، بانگی شەوان بچۆ بە سواری، جەلەسەکەت بکەو شەوێ بگەرێوە. یا وا برۆ بە تاریکی واریدی شاری بی. موتەوەجی نابن. ئەوە بوو چوومە دێبوکری لە گەڵ **قادر شەریف** قسەم کرد، کوتی من بە پەلە تۆم ویستووە، پەیامێک هاتووە لە عەبلای ئیسحاقیەوە لە عێراقەوە، مەحرەمانە هاتووە. کە بێم لە گەل تۆ باسی بکەم. ئەڵبەتە دەمانزانی **عەبلای ئیسحاقی** ماجەراجووە، ڕوحییەی ماجەراجویانەی هەیە، ئینسانێکی شەریف و ڕەشید بوو، ماجەراجوو بوو، ئێمە زۆرجاران پێشگیریمان لێ کردوە حەتتا لە ئەعمالی تیرۆریستی ، دەفعەیەک جەرایاناتی بۆکانێ بەوجوود هات، پاش ئەو حەوادیسە ئاغاکان لە مەنتەقەی چۆمی مەجیدخان جەلەساتێکیان بوو، کە لە کۆمیتەی چۆمی مەجیدخان خەبەریان دابوو بە مەهاباد کە جەلەسەیەکی وا ئاغایان دەگرن و کۆدەبنەوە. مەعلوم نەبوو جەلەسەکە بۆ چییە. بەڵام کۆبوونەوەیەکی گەورەیان هەیە. **عەبدوڵای ئیسحاقی** چووبوو بۆمبێکی دروست کردبوو، دابووی بەو دێهقانەی خەبەرەکەی هێنابووە، لە جەلەسەی ئاغاکانی هاوێ. کە من خەبەرم پێزانی ئوتوبوس حەرەکەتی کردبوو بەڵام بە ماشێنی دی چووم پێشم بە ئوتوبووس گرت و کابرام هێنا خوارێ، پیادەم کرد و هێنام بردمە **گۆمی تەنەکەی** بۆمبەکەم لە گۆمی تەنەکەی مونفەجر کرد. یەک ئەوە بوو یەک ئوستوار مەنسوورپورێک هەبوو، ئوستواری ڕوکنی دوو بوو، ئوستوار تەعقیب دەکا و کاری ئەوەیە، ئەو ئوستوار مەنسورپورە کوردە، ئەوە نەبێ یەکی دیکە دادەنێ. تیروری مەنسور پور چ موشکلێکی ئێمە حەل دەکات. تەسمیمی گرتبوو ئەو کارەش بکات. بەرنامەریزی بۆ کردبوو کە پێمان زانی. ئەو جۆرە کارە ماجراجویانەی هەبوو. ئینتقادمان لێدەکرد زۆر بە شیدەت و حەتتا تەزەکورمان پێدا، ئاخرین بار بیر لەو کارانە بکەیەوە لە حیزب دەرت دەکەین. کە برێک خۆی جەم کردەوە. قادر شەریفیش لە جبهەی وی دەگەیشت، کوتی سفارشی بۆ من ناردووە ،خوێندمەوە خەتەکەی دوو سەتری زیاتر نەنووسیوە، پێم بەرنامەی خۆی بێ و مەلا مستەفا ئاگای لێنەبێ. **مەلا مستەفا** شەخسی دووهەمی عێراقە، ولە کاخی **نووری سەعید** دانیشتووە، کوتم چییە مەسەلە، کوتی **ئەحمەد تەوفیق** لە تەرەف مەلا مستەفاوە پەیغامی ناردووە، بۆ تۆ کە ئەگەر بتوانن تەدارکی نیروییەکی ببینن، ئێمە دەتوانین سیلاح تەئمین بکەین، بۆ حەرەکەت لە مەرزەکانی عێراق دەست پێبکرێ. ئەمنیش کوتم ئەگەر شەخسی مەلا مستەفا ئەوەی کوتبێ، دەبێ لازمە ئێمە جەلەسەیەکی سەرتاسەری ڕەهبەری بگرین. بەو شکڵەی نابێ. دیارە ئەو دەم ڕەهبەری تەغیراتی کردبوو. ڕەهبەری سابق نەمابوو. ئەوانەی کە قەبلەن **سوڵتانیان** بوو، **کەریم وەیسی** بوو، ئەوانە بوون **ڕەحیم خەرازی** بوو، ئەوانە هەر یەکە بە شێوەیەک کەنارەگیریان کرد، دوای ساڵی ٣٢. هەتا لە بەعزێکیان زەعف بینرا. ئەو دەم کۆمیتەی مەرکەزی عەزیز یۆسفی بوو، (لە تاران بوو) **ڕەحمەتولا شەریعەتی** بوو، **دوکتور مەولەوی** موشاور بوو، ئەمن بووم **عەبدوڵای ئیسحاقی** بوو، ئەو تێعدادە بووین **قادر شەریف** و عوزووی کۆمیتەی بڵباس بوون لە شەرایتی ویژەدا لە جەلەساتی ئێمە بەشداریان دەکرد.

**کۆبوونەوەی ڕابەرایەتی حیزبی دێموکرات و ناکۆکی و کێشەکانی ناوخۆیی**

کە وایە دەعوەتێکی بکەین **عەبڵای ئیسحاقی** بێتەوە، **دوکتور مەولەوی** و **شەریعەتی** لە تاران ڕا بێن، نەخێر ببخشن **عەزیز یۆسفی** گیراوە، ساڵی ٣٧ گیراوە، ساڵی ٣٦، گیراوە لە زیندانی تارانێیە لە قزڵ قەلعەی. کە ئێمە ئەو جەلەسە لێرە تەشکیل بدین، تەسمیم گیری بکەین لە سەر ئەو، پێشنیارەی کە کراوە. ئەمن دەعوەتم کرد بە جەلەسە. **دوکتور مەولەوی** و **شەریعەتی** بێنە مەهاباد، **عەوڵا ئیسحاقی** بێ، **هاشم** کە لە شاخیە، ئێمە زۆر مەحرەمانە لەو سەتەحە چکۆلەدا ئەو جەلەسە بگرین. چوون مەسەلە موهیمە. سەتحی گوستەردە نەبێ. پەیامەکەی کە من ناردم بۆ تارانێ عیلەتەکەم بەیان نەکرد، ئەوەم باس کردبوو کە ئەو برادەرانەی کە لە تارانێ دانیشتوون دوورن لە جەریانی موبارزاتی، ئەمن کە لە زیندان هاتوومە دەرێ، ماوەیەکە لێرە کار دەکەم موتەجوهی عەدەمی حزووری وان بووم لێرە، وا باشە کە ئەوان جار و بار بێنەوە لە جەلەسات شیرکەت بکەن. ئێمکان و بەهانەش هەیە. ئەمە دەبێ کۆبینەوە، بەعزە مەسایلێکمان هەیە قسە بکەین. مەعلوم نییە بە چ عیلەت **دوکتور مەولەوی   خولەی ئیسحاقی** برای عەبدوڵای ئیسحاقی لە تاران تەشویق کردبوو کە بچووە مەهابادێ، خەبەر بدە بە عەبدوڵای کە دە داوی ئەو جەلەسەی **غەنی** نەکەوێ و نەیەتەوە، بێتەوە غەنی تەسمیمی هەیە ئەو بەرکەنار بکات. بەرنامەی غەنی ئەوەیە کە بەرکەناری بکات. بۆ خۆی وەک جاران تەسەلوتی بە سەر حیزبدا هەبێ. دیارە دوکتور مەولەوی نەزەری موساعدی لە گەڵ من و عەزیز نەبوو، چوونکو ئەمە جناحی کامیلەن چەپی ڕەهبەری حیزب بووین. **دوکتور مەولەوی** <u>ڕوحێکی ناسیۆنالیستی</u> پەیدا کردبوو. قەبلەن لە گەڵ حیزبی توودەی وەختێک لە دانشگایە بوو، جزوی سازمان جەوانەنی حیزبی توودە بوو، بەڵام پاش ساڵی ٣٢ میقدارێکی بە زیبیدی ئەوەی تەبدیل بوو. ئەسلەن بە <u>زیبیدی کۆمۆنیست</u> تەبدیل بوو. نەک زیبیدە حیزبی توودە، زیبیدی کۆمۆنیست. ئەو ئەفکارەی هەبوو. <u>ئیخلالی دەو</u> جەلەسەیدا کرد، ئەو جەلەسە نەیتوانی مووەفەق بێ، کە ئێمە زەربەمان خوارد.

**هێرش بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات و دانیشتنی قاسملو لە گەڵ ساواک و حیزبی توودە**

عیلەتی زەربەت خواردنی ئێمە چ بوو، **ڕەحمان قاسملو** لە ساڵی ١٣٣٦دا ئەو دەمی کە ئێمە ناردمان بۆ خارج و ئینتقادەکەمان دایە بروا ئیرتبات بەرقەرار بکات، پاش ساڵی ٣٦ هاتبووە، ئەمن لە زیندان بووم، لە زیندانی سێ ساڵەکەی

بووم. **عەزیز یۆسفی** لە دەرێ بوو، **عەزیزی یۆسفی** دیبوو، ١٥٠٠ تمەنیشی پوڵ دابوویە و پێکوتبوو ، ئەو پوڵەم لە لای ڕوفەقای ئەوەڵێ هێناوە[شوورەوی]، کە قەرار بووە. درۆی کردبوو. ئینتقادەکانیشم داوە بە وانیش[شوورەوی] و بە وانیش[حیزبی توودە]. درۆی کردوە هەر داویە بەوان. ئەو پوڵەشی هەر لەوان ئەستاندبوو، لە حیزبی توودە. دیارە درۆی کردبوو. بەڵام **ڕەحمان قاسملو** مەئموریەتی درابوویە لە تەرەف ئەوانەوە، کە مەهێڵە حیزبی دێموکرات پەیوەندی خۆی لە گەڵ حیزبی دێموکرات[توودە] قەتع بکات. دیارە قاسملو کە قەراری دابوو لە گەڵ ئێمە بوو، لە گەڵ ئەو لای ڕابیتەی قەتع بکات و لە گەڵ ئێمە کار بکات، ئەو ئیڕتباتەی حیفز کردبوو. ناردبوویانەوە تارانێ، دەگەڵ شەبەکەیەکی کە گۆیا هی حیزبی تودەیە لە تارانێ، فەعالیەت دەکات کە هەم **شەهریاری** بوو ئەو دەمی، هەم ئەو جناحەی **ئەرسەلانی پوریا،** ئەوەیان وەسڵ کردبوو بە ئەرسەلانی پوریا. **ئەرسەلان پوریا** عوزی کۆمیەتی ئیالەتی **حیزبی توودە** بوو، کە دەستگیر کراوە، قەولی هەمکاری داوە، هاتۆتە دەرێ، تەحتی نەزەری **سەرهەنگ زیبایی،** کە یەکێک لە کادەرکانی فەرماندارى نیزامی بوو. دوایە سازمانی ئەمنیەت گرتی و یەکێک لە کادرەکانی فەعالی سازمانی ئەمنیەت بوو، بازجووی سازمانی ئەمنیەتیش بوو. **ئەرسەلان پوریا** دەگەڵ ئەو **سەرهەنگ زیبابیە** هەمکاری دەکرد. بە دەستوری ئەو سەرهەنگ زیباییەش، ئیڕتباتی لە گەڵ ڕەهبەری حیزب لە خارج بوو، ڕەهبەری حیزبیش بێ خەبەرە کە ئەوە موتەحدە بە ساواکییەوە، دەینرن ئیڕتباتی لە گەڵ بەرقەرار بکەن . گویا ئیڕتباتی ئێمە و حیزبی دێموکرات، بەوی مونتەقل کەن، یانی ئیڕتباتی بەدەنەی حیزبی دێموکرات ، لە گەڵ بەدەنەی حیزبی توودە قەتع نەبێ. **قاسملو** هاتبووە چووبوو تەماسی لە گەڵ **ئەرسەلان پوریا** گرتبوو، ئەرسەلان پوریا دەعوەتی کردبوو بە جەلەسەی ، قاسملو کوتبووی ئەمن مونتەزری عەزیز یۆسفیم لە مەهاباد ڕا بێت، پێکەوە بێینە جەلەسەی. لێرە نێوی **عەزیز یۆسفی** ش بۆ ئەرسەلان پوریا مەترەح بوو، بۆ سازمانی ئەمنیەت مەترەح بوو، کە عەزیز یۆسفی هەنوز خەریکی فەعالییەتە. قاسملو کە دەیەوێ ئەوی بێنێ، دیار بوو بۆ سازمانی ئەمنەیت هەنوز ڕۆشن نییە عەزیز یۆسفی فەعالییەتێ دەکات یان نا. بەڵام هاتبووە دەرێ لە زیندانێ، بەڵام قاسملو کە ئەو دەعوەت دەکات بێت لە جەلەسەیدا شیرکەت بکات، دەبێ مەسائیلێک هەبێت. **عەزیز یۆسفی** پەیغامی بۆ دەنێرێ، ناتوانێ بێت بۆ تارانێ ، قاسملو لە باتی عەزیز یۆسفی، **سمایل قاسملو** کە ساڵی دووی دانشکەدی فەننی، کوڕی ئامۆزی بابیەتی، نازانم کوڕی کێی برای **حەبیبولا خانی قاسملو** بوو، خزمیان بوو، لە خانەوادەی قاسملو بوو. بۆخۆشی لە ماڵی وی بوو، دانشجوو بوو، بەوی کوتبوو ئەتۆ وەرە دەتبەم بڵێ ئەمن عەزیزی یۆسفیم دەنگ مەکە، فەقەت بە نێوی عەزیزی یۆسفی لەوێ دانیشە با من وەدرۆیە نەکەومەوە. چ زەرورەتێکی بوو عەزیزی یۆسفی نەهاتووە، کاری بووە، ئەگەر ڕاست دەکەی. بە هەر سورەت ئەو کوڕە قانع دەکات و ئەویش جەوانێکی دانشجوو بوو، کە هەر عوزوی حیزب بوو، بەڵام عوزوێکی سادە بوو، مەسئولیەتی نەبوو. دێ لە جەلەسەکە دادەنیشێ، سەرهەنگ زیبایی لە جەلەسەکە دانیشتووە، ئەرسەلان پوریا لەوێ دانیشتووە و قاسملوش لەوێ دانیشتووە.

**سەرهەنگ زیبایی** بە نێوی **سالاری** ، بازرسی حیزب معەرفی دەکات. دیارە سالاری سوئالاتێکی لە قاسملو دەکات :

" این رفیق عزیز یوسفی ما در کردستان، فقط این رفیق را در کردستان داریم کە یک نام و نشانی داشتە باشد، اسم و رسمی داشتە باشد، در مناطق دیگر شخصیت این چنینی ندرایم کە روش حساب بکنیم، کە در تودەها نفوذ داشتە باشد، و شخصیت و احترامی داشتە باشد، اینها برای ما خیلی اهیمیت دارد، این نام و نشان و شخصیت و عنوان. و بە اصطلاح سوابق ، سابقە."

ئەویش کوتبووی، ئەشخاس ئێمە ناناسین دەبێ بچین شناسایی بکەین. بچین فەعالیەت بکەین پاشان شناسایی بکەین ئەفراد. دیارە قاسملو ئیتلاعاتێکی نەبوو، قاسملو لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا فەعالیەتی گوستەردەی نەبوو، قاسملوو ڕابتێک بوو، بەینی حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە، لە سەتحێکی زۆر مەحدود لە گەڵ ئێمە، لە مەهابادێ کاری دەکرد. دەورێکی کەمیشی هەبوو، بەنابەرئین شناختی لە کوردستان نەبوو.

بەڵێ جەلەسە تەواو دەبێ و کە دێنە خوارێ دەیگرن. دەیگرن دەیبنە تیپی زرەهی لە تیپی زرەهی سمایلیش دەگرن. زیبایی سبحەێنێ دەچێ، بۆ تەماس لە گەڵی دەڵێ من ناناسی، دەڵێ ئێوە ئاغای سالاری نین؟ "نەخیر من سەرهەنگ زیبابیم، فڵان فڵان شدە ئەمن سوئالم لێکردی لەوێ نەچوویە ژێر باری، ئیحساست کرد کە مەسەلەیەک هەیە." دەڵێ نا من هیچ ئیحساسم نەکردووە و بەڵام ئیتلاعاتم نەبوو، لە خۆڕایی ئیتلاعاتی چی بدەم، ئەمن لە ئورووپا هاتوومەتەوە، قەبلەنیش لە کوردستان زەمانێکی مەحدودی لێ بووم، ئاشنام نییە. ئەو شەخسەش عەزیزی یوسفی نییە، عەزیزی یوسفی نەهاتووە سمایلی قاسملوە، دانشجووە و بەو نێوە ئەمن هێناومە. **سەرهەنگ زیبایی** مەتەوجە دەبێ کە ڕاستە قاسملو ئیتلاعاتێکی نییە. بەڵام چ دەڵێ لە بارەی جەرەیاناتی خۆی کە بڵاخرە پەروەندەیەکی هەیە و سوئالاتێکی لێ دەکەن، چی کوتوە چی نەکوتووە، ئێمە ئیتلاعمان لە مەتنی پەروەندەکەی نییە. بەڵام بۆخۆی کە لە زیندانێ ئازاد دەبێ گوزارش بە حیزبی توودەی دەداتەوە، حەوت هەشت سەفحان، لە هەشت نۆ دە سەفحاندا گوزارشت دەدا، ماجەرای خۆی تەوزیح دەدا، دیارە لەوێ قەولی هەمکاری دەدا، دەڵێن تۆ ئەگەر دەتەوێ بەربی، دەبێ قەولی هەمکاری بدەی، دەنا دە ساڵ دەبێ لە زیندان دابی. قاسملوش قەولی هەمکاری کەتبی دەنووسێ دەیانداتێ، بەڵام دێتە دەرێ . دیارە سمایلیش بەردەدەن. عەینی ماجەرایی گوزارش دەکا بۆ مەرکەزی حیزب. کە ئێمە گوزارشەکەمان دوایە وەچنگ کەوت. لە جەریانی ئینقلابێدا. قاسملو کە دێتە دەرێ بە سمایلی دەڵێ سمایل گیان ئەمن قەولی هەمکاریم داوە، یا دەبێ هاوکاری بکەم یا دەبێ هەڵێم لە دەستی وان. ئەمنیش ناتوانم هەمکاری بکەم هەڵدێم. سمایل دەڵێ ئەمنت بۆ بەرباد دا، ئەمنت لەو جەریانە وەردا. ئەتۆ هەڵدێی تۆڵەی تۆ لە من دەستێنەوە، دەڵێ ئەگەر وایە ئەمن ژن و منداڵەکەم لێرەیە، ئەتۆ ژن و منداڵەکەم بێنە بۆ سولەیمانیە، ئەوەش ئادرێس، لە تەریق سنە و بانەی ڕا وەرە ، ئەوەش ئادرێس و عەلامەتی تەماس و ئەوانە کە لە

**عەوڵای ئیسحاقی** لە عێراق وەریگرتبوو. منداڵەکانم بێنە ماڵی **نژادی**، لە سولەیمانیە، لەوێ من کارێکی وا دەکەم تۆ بچی لە چێکوسلەواکی ئیدامەی تەحسیل بدەی. سمایل قەبوڵی دەکا و قاسملو دەڕوا بۆ ورمێ و لە ورمێ ڕا دەڕوا بۆ عێراقێ، دەچیتەوە سولویمانیە، و سمایلیش لەوێ ڕا ژن و منداڵەکەی هەڵدەگڕی بە بانەیدا دەڕوا دەچێتە سولەیمانی ، تەغیری لیباسیان دەدا و دڕوا. لەوێ قاسملو ژن و منداڵەکەی وەردەگرێ و دەڕواتەوە چەکوسڵەواکی. عەبڵای ئیسحاقی بە سمایل دەڵێ ئەتۆ کە هاتوویە ئێرە هەتا کاری پاساپۆرت و ئەوانەت بۆ دروست دەبێ، ئەتۆ بچۆ لە ئەترافی بانە کار بکە، بە عینوانی مەسئول کار بکە، لەوێ هەتا بۆت دروست دەبێ. ئەوی دەنێرێتەوە مەنتەقەی بانە. لەوێ دەستگایەکی ڕۆنیۆش پۆلیکۆپی دەیداتێ لە گەڵ خۆی بیباتەوە، کە لەوێی دانێ. ئەگەر لازم بوو ئیعلامییەیەکی بنووسین ئەوەمان هەبێ، ئەوە تەهیە دەکات لە عێراقێ. دەیدا بە سمایلی دەیبا لە ئەترافی بانەی لە شوێنێکی دایدەنێ و ماوەیەک لەوێ موبارزە دەکات .

**عەزیزی یۆسفی** کە دەگیرێ عەزیزی یۆسفی کە لۆ چووە لێرە، لە سابڵاغێ زییدی ئیتلاعات فشاری بۆ دێنێ، ئێستا سازمانی ئەمنیەت لە سابڵاغ تەشکیل نەبووە. ساڵ دەبێ ساڵی چەند بێ، ساڵەکان ساڵی. بلاخرە فشاری بۆ دێنن کە لە سابڵاخ نەمێنێ، عەزیز یۆسفی دێتە تارانێ، لە تاران دەچێتە دانشکەدەی کەشاوەرزی کەرج ، لەوێ دەبێتە کارمەند لە بایگانی کارێ دەکات، بەوەسیلەی ئەشخاس و پارتی و ئەوانە، بەوەسیلەی **کاتبی** و ئەوانە کە فرقەچی بوون و لە زیندانێ دەیناسین. بە وەسیلەی ئەوان کار پەیدا دەکات. لەوێ دەبێ، بێ خەبەر لەوەی کە بە نەزەری ساواکی تارانێ فشاری بۆ هاتووە لە سابڵاخێ نەمێنێ، لە تارانێ تەحتی نەزەر دەبێ. وەختێکی **مەلا مستەفا** دەگەڕێتەوە بۆ عەراقێ، **عەزیز یۆسفی** لە گەڵ **عەوڵای ئیسحاقی** ئیختلافاتێکی لێ پەیدا دەبێ، لە سەر مەسایلی بەرنامەیی، **عەوڵای ئیسحاقی** بەرنامەیەکی تەدوین دەکات، کە لەو بەرنامیەدا لە ڕژیمی شای دەوێ، حەق و حقوقێکی بدات بە کوردان. بەڵام **عەزیز یۆسفی** بەرنامەیەکی تەدوین دەکات، بە کۆمەکی **سەدیق ئەنجیری** کە بەرنامەی ئێمە دەبێ، حکومەتێکی جمهوری دێموکراتێک لە ئێران بێ، نە رژیمی سەڵتەنەتی. لە سەر ئەو بەرنامەیە ئیختلافیان لێ پەیدا دەبێ.

## گرتنی عەزیز یۆسفی و سمایل قاسملو

**مەلا مستەفا** کە دەگەڕیتەوە عێراقێ، **عەزیزی یۆسفی** فرسەتی بۆ هەڵدەکەوێ. فکر دەکاتەوە خۆ ئەمن چ بکەم لێرە ئەوە عێراق ئازاد بووە و ئیمکان هەیە ئەمنیش بەرنامەم هەیە و تەدوینم کردوە، **عەبڵای ئیسحاقیش** ئەوە لە عێراقیە، دەچم بۆ عێراقێ، لەوێ ئەو بەرنامەیە بە تەسوییی کوڕەکان دەگەێنم و لە دێهات و ئەوانەش کوڕەکان فەرارین و جەلەسەیەکی بۆ تەشیکل دەدەم و موبارزەی دەروون حیزبی بۆ سەپاندنی ئەو بەرنامەی خۆم[دەکەم]. دیارە عەبڵای ئیسحاقیش تەبلیغات بۆ بەرنامەی خۆی دەکات، عەزیز لە تەدارەکی هاتنە دەرێ[دا] دەبێ، کە لە **باڵانشی** دەیگرن. لە باڵانشی دەگەڕێتەوە **ورمێ**، هەتا لە ورمێ دەیگرین، لە ورمێ تەغییری لیباس دەدا، عەزیز یۆسفی لە باڵانش تەغییری لیباس دەدا. مەعلوم بووە عەزیز یۆسفی لە تارانێ حەرەکەتێ دەکات، لە دانشکەدەی کەرەجێ کار دەکات تەحتی نەزەر ساواکی دەبێ بووبێ، وەختێکی لەوێ هاتۆتە دەرێ، تەحتی تەحقیب بووە، کە دێتەوە ورمێ تەحتی نەزەرە، کە لیباس لە بەر دەکات موتەوەجهی دەبن. تەماشا دەکەن ئەگەر لە مەنتەقەی باڵانش ڕەد بێ، بچێتە مەنتەقەی کوردستانی، بچیتە کوکە و ئەو مەنتەقەیەی، لە دەستیان دەردەچێ، دەستور دەدەن پاسگای مەنتەقەی باڵانش موشەخەسەتای دەدەنێ، ماشێنی ئوتوبوس کە دەگاتە ئەوێ، ئایا عەزیزی یۆسفی دەیەوێ لەوێڕا هەڵێ، یان بچیتەوە، لە سابلاغی دابەزێ هەڵێ ، بە هەر سورەت لیباسی کوردی لە بەر دەکات، لە باڵانشی دەیهێننە خوارێ، دەیهێنە خوارێ ئەو بەرنامەیەی کە پێی دەبێ دەیجوێ، بیخوا بەڵام، ناتوانێ زەلام دەبێ، ژاندارمان بە مستان لە دەم و ددانی دەدەن، لە زاری دەیهێنە دەرێ و دەیگرن. دەیهێنەوە ژاندارمەری ورمێ. لە ژاندارمەری **ئوستوار محەمەدزادە** یەکی لێ دەبێ، کە دەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان هاوکاری دەکات، وابەستە بە کۆمیتەی فرقە لە ورمێ دەبێ، کە ئەو دەم **کازم پرکار** مەسئولی ئەشخاسی دیکە عوزوی کۆمیتەی ورمێ دەبن. ئیتلاع دەدا بەو کۆمیتەیە کە **عەزیز یۆسفی** ، شەخسێک بە ناوی عەزیز یۆسفی کورد مەهابادی، مەدارکی بەرنامەی لێ گیراوە، و لێرەیە. خەریکن بیبەن بۆ تاران. بەڵام ئەو کۆمیتەی فرقەی ورمێ ئیتلاع ناداتەوە بە حیزبی دێموکرات، یا پەیوەندی نەبووە ، کە من لە زیندانێ تەحقیقم کرد. کە بۆچی ئەنگۆ خەبەرو نەداوەتەوە، کوتیان ئێمە ئیرتباتمان لە گەڵ حیزبی دێموکرات نەبووە. کوتم بابە ئەقەلەن کەسێکی مەهابادیتان نەدەناسی بڵێن بابە حیزبی دێموکراتێک هەیە، خەبەری پێبدەن کە ئەو شەخسە گیراوە یان بە فامیلی عەزیزی یۆسفی خەبەر بدەن. بێ ئەهمیەتیان کردبوو، ئیهتمامیان پێ نەدابوو، کوتاهیان کردبوو. عەزیز یۆسفی دەگرن دەیبەنە تارانێ، لە عەزیز یۆسفی دەپرسن ئەو بەرنامە چییە؟ دەڵێ ئەوە عەبڵای ئیسحاقی داومێ ، عەبڵای ئسحاقی لە تارانێ بووە، بۆ خۆی دەچوو بۆ کوویتێ، ئەوەی دا بەمن کە بینێرم بۆ حسێن نێوێکی لە شەهرچای، لە سەر پردی شەهرچای ئێوارەیەکی ڕۆژی فلان . ئەو حسێن ناوە، لەوێ دەبێ موشەخەساتیشی ئەوەیە، لە ئەترافی بانەش مەسئولە، ئەو بەرنامەی بدەم بەوی، تەحویلی ئەوی بدەم، بە من مەربوت نییە. تەوجیی ئەو بەرنەمە لە پەروەندەی عەزیزی یۆسفیدا ئاوا هاتبوو. خوب ئەترافی بانە حوسێن نێوێکی لێیە، ئەو حسێن نێوە لە ئەترافی بانە کار دەکات، ساواک لە ئەترافی بانەیی عەواملی دروست دەکات، هەیبووە قەبلەن یان تازە دروستی دەکات. بۆ دەستگیری وی. **ڕەحمان خانی ئەحمەدی** کە **مەجید خانی ئەحمەدی** ، **عەزیز خانی ئەحمەدی** ، **ئەحمەدی ئەحمەدی** برای **ڕەحمان خانی ئەحمەدیش** کە ئەو دووانەش کوڕی مامینی، مەجید خان و عەزیز خان کوڕی مامینی. برای ڕەحمان خانی ئەحمەدی ئەو سییانەش عوزووی حیزبن، بەڵام ڕەحمان خان عوزووی حیزب نییە، لە گەڵ ساواکی هەمکاری دەکەن. بەوەسیلەی وی تەرتیبی دەستگیری **سمایلی قاسملو** دەدەن. دەڵێن شەخسێک بە نێوی حوسێن

هاتووچۆی مەنتەقەی ئەنگۆ دەکات لەو دێهاتانە دەگەرێ، مەسئولیەتی هەیە. عەزیزی یۆسفی فکر دەکاتەوە، تەجروبەی هەبووە، کە لە دێهاتی فەراری بووین پیاو ناگیرێ و ژاندارم ناتوانێ ئێمە بگرێ، فکری ئەوەی نەکردبووە ساواکیش موتەوجوهی ئەوەی هەیە کە ئەو ناتوانێ بە قووەی نیزامی ساواکی بگرییێ، بەڵکە عەوامل لە خودی خۆت دروست دەکات، لە داخڵدا، کە سەری موقەع بێنە سەرت. فکری ئەوەی نەکردبووە کە ساواک، ئێستا ساواک هەیە، ئەو دەورەی کە ئێمە فەراری بووین لە دێهات خەڵک پەنای دەدایین، خەڵک ئیتلاعاتی دەداینێ، و نیرو کە دەهات سەرباز کە دەهات بۆ گرتنی مە، لە دێهاتی خەبەریان بە ئێمە دەدا. ئێستا وا نەماوە، ئێستا ساواک هەیە، ئێستا ساواک لە دێهاتی عەوامل دروست دەکات، کە عەزیز یۆسفی موتەجهی ئەو نوکاتە نابێ. فکر دەکاتەوە کە ئەگەر بڵێم ئەو کابرایە لە کوێە، خوب لییان دەوێ ئەو کابرایە لە ورمێ لە سەر چای دێ ڕادەوەستێ لە تۆی وەردەگرێ، خەڵکی کوێیە چ کارەیە، موشەخەساتێکی کوتووە . موشەخەساتەکەش هەر ئەوە بووە، جا ئەوانە لە ئەترافی بانەی داوی بۆ دادەنێن بە وەسیلەی ڕەحمان خانی ئەحمەدی.

ماوەیەک پێدەچێ بلاخرە گوزارشت دەدا ئەحمەد خانی ئەحمەدی بە سازمانی ئەمنیەتی بانەی، کە ئەو شەخسەی کە ئێوە دەڵێن لە فڵان دێیە و لە فڵان ماڵە، ماڵە فڵان کەس. ئەحمەد خان نامەی دەنووسێ بۆ ساواک و خەبەریان پێدەدا. بە کوێخاکەیدا ئەو نامەیە دەنێرێ ، کوێخاکە لە گەڵ عیدەیەک سەرباز و ژاندارم حەرەکەت دەکا بۆ تەرفی ئەو دێیە کە سمایلی قاسملووی لێ دەبێ، نێوی دێیەکەم لە بیر چۆتەوە. بەڵام ناگەنە دێیەکە لە نیوەی ڕێگایە، سمایلیش لە دێیەکە وەدەر کەوتووە، لیباسی تەلەبەی کوردی لە بەردایە، جانتایەکشی پییە، دەسرەیەک بوخچەیەک کە لیباسی تێدایە و یەک دوو جزووەی عەمەی تێدایە و کتێبی مەزهەبی تێدایە، تێعدادێکیش دێموکراسی نوین و چگونە کۆمونیستی خوب باید بود. وە کتێبی دیکە و مقدارێکیش تەمری حیزبی، ئەوانەی پێیە. لەوێ کە ڕەت دەبن سمایل کە تووشی ئەو گروهەی دەبێ سڵاویان لێدەکات و ڕەد دەبێ، کابرای کوێخا بە ئەفسەرەکەی دەڵێ ئەو کەسەی کە ئەمە گوزارشمان داوە لەو دێیە ئەو شەخسە بوو. دەگەڕێنەوە سمایلی ڕادەگرن، دەڵێن بۆ کۆی دەچی دەڵێ تەلەبەم دەچمە نەمەشیرێ دەرس بخوێنم. دەڵێن ئەوە چیە پێتە دەڵێ لیباس و قورعان و شتە. دەیکاتەوە و تەماشای دەکەن بەڵێ لیباسە و بەڵام کتێبەکانی دیکەی لە لابەلای لیباسەکانی نابوو، ژاندارمێکە دادێتەوە دەست لە لیباسەکان دەدا تەماشا دەکا رەقە، دەریاندێنن تەماشا دەکەن کتێبی دیکەشی تێدایە، و تەمریشی تێدایە. دەیدا بە ئەفسەرەکە و سمایل دەگرن. سمایلی دەگرن و نێوت چییە . دەڵێ نێوم حسێنە کوڕەکانی ماڵی ئەحمەد خان و مەجید خان و عەزیزخان و کۆمیەتی نەمەشیرێ، **محەمەدی کەریمی** و ئەوانە کە محەمەدی کەریمی برای ئەو کەریمیەی کە ئێستا لە گەڵ جەلیل و ئەوانە، **هاشمی کەریمی** ئەوانە کە مەسئولی بانە دەبن، خەبەر دەزانەوە، بلاخرە لە مەنتەقەی دێهات کۆمیتەی ئەو مەنتەقەی خەبەر دەزانێ، سێ ڕێگایان دەگرن، کە بەشکم قاسملو بستێنەوە، سمایل بستێنەوە و موسەلەحیش دەبن، بە ئەسلەحە دەچن. بەڵام ژاندارمەکان. هوشیارتر لەوانە کە ئەوان فکریان کردبووە، ئەو ژاندارمانە سمایلی بە بێراهەدا دەبن. دەیبەنە بانەی، لە بانەی ڕا دەیهێنە مەهابادێ، لە مەهابادێ دەیبەنە روکنی دوو دایدەنین. نێوی خۆی نالێ هەر دەڵێ، نێوم حسێنە، خوب بۆ شناسایی ئەو شەخسەی **خەلیلی موەفەقی** کتابفرۆش بانگ دەکەن، کە بێ شناسایی ئەوەی بکات. سمایل بۆخۆی بۆمنی گێراوە وەختێکی ئەمنیان دانابوو بەرانبەر پەنجەرەی دالانێ، خەلیلی موەفەقێ بەوێدا هات ڕەد بوو، تەماشایەکی منی کردوو ڕەد بوو.

زانیم کە ناسراوم، چوون خەلیل موەفەقی خزمایەتیشیان لە گەڵ ماڵی قاسملو هەیە، بە هەر سورەت دەیناسنەوە. پاشان قاسملو سمایل دەڵێ بەڵێ ئەمن نێوم سمایلی قاسملوە، بەڵام لێرە بازجویی بە ئێوە پەس نادەم، هەتا نەمبەنە لای بەختیاری. **تیمور بەختیار**. ڕەییسی سازمانی ئەمنیەت، بە هەر سورەت سمایل هەڵدەگرن دەیبەنە تاران، کن بەختیار. مەدارک و شت لە پێشی دادەنین، بەختیار پێدەڵێ ڕەحمان و تۆ کڵاو لە سەر ئێمە نا، ڕەحمان فەراری کرد ئەتۆ لە گەڵی فەرارت کرد و دەستت کرد بە فەعالیەت بەر زیبیدی رژیم، ئەوەش ئەسناد و مەدارک. پێت خۆشە شکەنجەت بکەین یان دەیلێی. چوون هەر دەبێ بیلێی بلاخرە. بە نەزری من شکەنجەکە لە گیرفانیدا دەمێنێتەوە، ئەگەر حەقایق بڵێ. وەگەرنە بە شکەنجە لێت دەردێنین. سمایلیش لە "ئەمپاددا" قەرار دەگرێ، چ بکات.

بلاخرە سمایل ئەوندەی بێ عاقڵی کردبوو بە عیلەتی بێ تەجروبەگی کە بەرخوردی تەشکیلاتی نەکردبوو لە گەڵ مەسەلەی، ئەگەر سمایل بەرخوردی تەشکیلاتی کردبایە، لە گەڵ مەسەلەی فەقەت مەنتەقەی بانەی کوتبایە، و کوتبای مەسئولی مەنتەقەی بانەم و حیزبێکی مەخفیە، ئەمن فەقەت **عەبڵای ئیسحاقی** دەناسم و لە گەڵ وی ڕابیتەم هەیە و مەسئولی ئەترافی بانەم، ئەفرادی بانەش کۆمیتەکەی ئەوەیە، ئەفرادەکەشی ئەوەتا. ئەوەندەی کوتبا مومکین بوو، زەربە بە بانەی مەحدود بێ، بە ئیحتمالی ٩٩ دەرسەد. بەڵام ئەو کە دوایە لە زیندانێ بەحسی کرد، کوتی ئەمن بێ تەجروبەیم کرد، دەبوویاە لە مەحدودەی بانەیدا، مەسئولیەتەکەی خۆم بڵێم، ئێستا موتەجە بووم، ئەو دەمی لە حەقیقەت کە گیرام حاڵەتێکی ڕەوانی و حەسەبێکی توندم پەیدا کردبوو، کە قاسملو چۆن ئەمنی هێنا لەو داوەی هاویشتم. دانیشگا و مانیشگام چوو، بەرێشیان نەکردم بۆ چێکوسلەواکی. هێنایان دەو جەریانەیان وەردام و ئەوەش سەرنوشتم. ئەو نارەحەتی ڕەوانیە کە بۆمن بەوجود هات، هیچ فکرم نەکردەوە کە ڕەحم بە هچ بکەم.، چ بکەم ئەوی زانیم و ئەوی ناسیومە کوتوومە. وەلی ئەوەی کە لە ئیرتباتی دا بووە کوتوومە. نەمکوتووە. ئەشخاسم ناسیوە مەسەلەن شەخسی تۆم ناسیوە کە ئەتۆ لە کۆمیتەی ڕەهبەری دای بەڵام وەختێک سوئالیان لە من کردووە کە غەنی چکارەیە، کوتومە ئەو وەختی کە من واریدی حیزب بووم، غەنی لە زیندانێدا بووە. ئەو سێ ساڵەی مەنزورە. بەنابەرئین ئەتۆم ناسیوە بەڵام نەمکوتوە، ئەشخاسی دیکەشم کە ناسیومە نەمکوتووە. ئەو کەسەی کە بۆ خۆم موستوقیمەن ئیرتباتم لە گەڵی هەبووە ناسیومە. ئەوەڵەن جزووی هەیئەتی بازرەسی بووم، هەموو مەناتقی بازرەسی بارها چووم، ئەشخاسم ناسیون، ئەوانەی کە ناسیومن کوتوومن. عەیزیزی یوسیفیشم بە

عینوانی عوزووی کۆمیتەی مەرکزی کوتووە. دەفتەری سیاسی، هی دەزگای ڕەهبەری. دیارە عەزیز یۆسفی خۆی بە عینوانی دەزگای ڕەهبەری موعەرفی نەکردووە، کە گیراوە، کوتوویە فەعالیەتم کردووە و سابیقەم هەیە. بووم و ئێستا نیم. فەقەت کەسێک بووم **عەولای ئیسحاقی** ئیعتمادی پێکردووم و ئەوەی داومێ. بیبەم بۆ ڕەزاییە. ئەڵبەتە ئێمە ئەو پەروەندانەمان نەخوێندۆتەوە بزانین جەریان چییە. لە دادگایەش ئەو پەروەندانە بە ئێمە نیشان نەدراوە، موتالعەی پەرەندەی بکەین. بە هەر سورەت سمایل قاسملو ئەوانە دەڵێ، وەختێکی ئەو ئیقرارە دەکات عەزیز یۆسفی لە عومومی قزڵ قەلعەی دەبێت، دەیبەنەوە ئینفرادی، لە سەر ڕا بازجوویی دەست پێدەکەنەوە، بازجویی دەست پێدەکەنەوە.

**هێرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکرات**

مودەتی ٦ مانگ دەبێ، کە قاسملو[سمایل] گیراوە، بەڵام ئێستا ئیقدامیان بۆ دەستگیری جەماعەت نەکردووە، قەبل ئەزە ئەوەی ئێمە بگرن حەملە بە ئێمە بکەن، ئێمە دەی ئابانی ٣٨ حەملەمان پێکراو گیراوین، سێ مانگ قەبل ئەز وی حەملە بە فیرقەی ئازربایجان کرابوو، دەستگیر بوون. سێ مانگ قەبل ئەز وی دەبێتە مانگی چەندوم، بەینی فەروردین [خاکەلێوە] دەبێ، ئێمە ئابانی ٣٨ ، ١٠ی ئابانی ٣٨ گیراین بەینی شەهریوەرێ[گەلاوێژ] حەملە بە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان کرا بوو، ئەوانیان گرتبوون. ئێمە وەختێکی قەبل ئەز ١٠ ئابان دە پازدە ڕۆژ ٢٠ ڕۆژ، یا مانگێک بیست ڕۆژ، قەبل ئەز دەی ئابان کە بە مە حەملە بکەن **ڕەحمەتی شەریعەتی** و **دوکتور مەولەوی**، لە تارانێ دەگیرێن، دەو فاسلەیدا کە قاسملو (سمایل) گیراوە، **هاشمی جەلالی** نێوێکیش کە کادری مەنتەقەی ئەترافی چۆمی مەجید خانێ بوو، دەگیرێ. **جەلیل گادانی** کە ئەویش کادری مەنتەقەی شاروێران و ئەو مەنتەقانە بووە و فەعالیەت لەو مەنتەقانە بووە دەگیرێ، تێعدادێکی ١٢٠نێوێکی لە گیرفان دادەبێ، ناوی ئەشخاس. جەلیل گادانی پەس ئەوانە گیراون، ئێمە ئەو خەبەرەمان زانی، ئیحساسی خەتەرمان کرد، ئەسعەد هات بە منی کوت کە وەکوو ئیتلاعم هەبێ دەزانم، وەزعەکە تۆزێک غەیر عادی دەبینم، پێم وایە جەریاناتێک هەیە. کوتم چ نەوع جەریاناتێک، کوتی بە ئیحتمالی زیاد ئێمە بگرن. یانی بگیر بگیرێک ببێت. ئەمنیش کوتم ئەگەر وایە، ئەو خەتەرەی ئیحساس دەکەی، دیقەت بکە بزانە ماجرا چییە. ئەسعەد ڕۆیشت پاش چوار، پێنج ڕۆژان هاتەوە کوتی وەڵا بە منیان کوتوە کە بچم بۆ عێراقێ، ئیتلاعاتێک بێنمەوە بزانم چ خەبەرە لە عێراقێ. ئەسعەد ئەوڵین باری نەبوو، دوو سێ بار بووە، ناردوویانە بۆ عەراقێ پاش هاتنەوەی مەلا مستەفای ناردوویانە بۆ عێراقێ. چوو بوو بە **عەبڵای ئیسحاقی** مراجعە کردبوو، عەبدوڵای ئیسحاقی مقدارێکی ئیتلاعات بۆ فەراهەم کردبوو، مقدارێک ڕۆژنامە و شتی بۆ فەراهەم کردبوو، گومراە کوننده، و داویەتێ. ئەسعەدیش هێناویەتەوە ساواکێ. ئەو سەفەرەش دەیانەوێ بینرنەوە، ئەمنیش بە ئەسعەدم کوت ئەگەر وایە، ئەتۆ دەنێرنەوە بۆ وێ، ئەتۆ و **هاشمی حسێن زادە** و **یۆسفی ڕزوانی** دەگەڵ خۆت بەرە، بۆ عێراقێ و تەحویلی عەبدوڵایان بدە. ئەوانەی کە گیراون ئیحتمالەن ئیعترافێ دەکەن. ئیعترافێ بکەن ئیرتباتیان لە گەڵ ئەو دووانە هەیە، ئیرتبات لە گەڵ سابڵاغ قەتع دەبێ، کە قەتع بوو ئێمە مومکینە لە خەتەر خەلاسیمان بێ. ئەو تەحلیلەی ئێمە دوایە دروست دەرنەهات، ئەڵبەت ئەسعەدی خودایاری، هاشم حسێن زادە و یۆسفی ڕزوانی لە گەڵ خۆی برد بۆ عێراقێ، بردنی بۆ عێراقێ، لەوێ تەحویلی دابوو.مودەتێک کە لەوێ ببوو ساواک موتەجهی فەراری ئەو دوو نەفەرە بوو، ساواک کە موتەوەجهی فەراری ئەو دوو نەفەرە بوو. ئەمن **سولەیمان موعینیم** بانگ کردە ماڵێ کوتم، سولەیمان ئەسعەد کە ڕۆیی، خەبەری بە مندا ئیحتمالەن گرتنمان هەیە، تەعقیبمان دەکەن. ئەو کوڕانەش کە لەوێ گیراون، بە ئیحتمالی قەوی خەتەری لە سەر مە هەیە، وا چاکە ئێمە لە شاری دەرکەوین، بچینە مەنگوڕان. کوتی وەڵا منیش پێم سەڵاحە، حەدی ئەقەل ئیحتیاتی خۆمان بکەین. کوتم ئەتۆ بچۆ، سازبە وەرە با بڕۆین، ئەمن ئەسپم هەیە، لیباسی کوردیشم هەیە، لە بەری دەکەم . کوتی ئەگەر وابێ ئەمن دەچم، لە **ڕەحیمی کابانی** لە **کەریمی کابانی** ببخشە، ڕەحمان کابانی دەستێک لیباسی کوردی وەرگرم بێین بڕۆین و با بڕێک هەوا غروب بێ بڕۆین. باشە، ئێستا بەو لیباسەیەو، دەرکەوین لە شاری مومکینە موراقیبە لە سەر بێ و موتەجە بن، بە تاریکی بڕۆین باشترە. ئەڵبەتە ئێمە خامیمان کرد، دەبوبایە ئەمە لە ماڵە خۆمان دەرکەوین، چووباینە ماڵە ئەسعەدی، لەوێ دانیشتباین، ئەسپەکەشمان بردبا ئەوێ، غروبێ لەوێرا ڕۆیباین، بلاخرە لە ماڵە ئەسعەدی لیباسی کوردی پەیدا دەبوو، ماڵە **ڕەشەی قاچاخچیش** لەوێ دابوو، لەوێش پەیدا دەبوو، بەنابەرئین دەمتوانێ لەوێ هەڵێین نەگیرێن. ئەمن نەگیرێم لە گەڵ سولەیمانی هەڵیم. بەڵام ئەمن ئەوەندەم خامی کرد کوتم باشە تۆ هەتا تەدارەکی دەکەی ئەمن دەچم سەرو گوێیەکی بە ئاو دابدەم لە خەیابانێ، بزانم ئەوزاع و ئەحواڵ لە چ قەرارە، نمایشێکی بدەم. ئەمن ڕۆیشتم و گەیشتمە کافەی ئەرمەناچی لە وێ گیرام، ئەمن کە گیرام و بردیانم، سولەیمان ئەمنی دی، هاتبووە ماڵە مە ئەسپی دەرکێشابوو، لیباسیشی ئامادە کردبوو، بردبووی و دەرچووبوو، بەقیەی کوڕەکانی دیکەش هەڵهاتبوون، ڕەشەی قاچاخچی و ئەشخاسی دیکە ڕەحمانی کابانی و ئەوانەی دیکە کە لە خەتەری ئەوەیدابوون بگیرێن. بەشی زۆری هەڵهاتبوون دەرچووبوون. بەڵام ئەمنیان گرت، چوومە ژێر زەمینی دژبانی تەماشام کرد، **سەدیقی خاتەمی** لەوێ دانیشتووە، سەدیق خاتەمیش تەنیا کەسێکی کە ئیرتباتی لە گەڵی هەبوو ئەمن بووم. دە گەڵ کەس ڕابیتەی نەبوو، سەدیق کوتی وەڵاهی غەنی ئەگەر تۆ لە پێش مندا هاتبایە ئێرە، ئەمنیان دوایە هێنابایە، لە تۆ مەشکوک دەبووم، ئەمما ئەلعان نازانم کێ منی کوتووە! کوتم وەڵاهی ئەسعەد ئیعترافاتێک کراوە، ئەو برادەرانەیان گرتووە، دوایە ئەشخاسی دیکەشیان هێنا، ئێوارێ کە ئێمە تەماشامان کرد، شەوێ ئەمنیان بردەوە ماڵێ بۆ بازرەسی ماڵێ، دیارە چووینە بازرەسی مەدارکێکیان وە چنگ نەکەوتبوو، مەدارکیان وەچنگ نەکەتبوو، ئەمنیان گەڕاندەوە، گەڕاندیانمەوە. ئەمن و سەدیق و ئەو دوو سێ نەفەری دیکە کە لەوێدا بوون، دە ماشێنی جیبیان ناین و تاریک

بوو بانگی شێوان بوو، بردیانینە دەرێ، نەمانزانی بۆ کوێمان دەبن. بردیانین لە شاری خارجیان کردین، ئەگەر چووینە کن **تەکیەی بابە خەڵیفە** تەماشام کرد ماشێنی سەربازی سەر پووشیدە، ڕاگیراوە پڕە لە زیندانی، یەک دەفعە لە سەرتاسەری کوردستان حەملەیان کردووە، یەک دەفعە. حەملەکەشیان وابووە، ئەساميان موشەخەس کردووە، لەو ئیعترافانەدا ئەساميان موشەخەس کردووە، نێوی دێیەکە، و شارەکە و موشەخەس کردووە، بۆ هەر کەس لە دێهاتی، دوو گروبانی دیژبانی ئەرتەش و یەک ژاندارم کە وارید بە مەنتەقەیە، تەعیینیان کردووە، نامەێکیان نووسیوە لە فڵان دێی گوێچکەدەرێ ئەحمەد کوڕی فڵان کەسی، مەشهور بەوە، نێویان نووسیوە چەسباندۆیانە، داویانە بە دەست ئەو سێ نەفەرە، کە بچن لە کەناری دێیەکەی، سەری پاکەتەکەی هەڵپچرن، حەقو نییە هەڵپچرن، هەر سێکتان موشتەرەکەن هەڵیدپچکرن نێوی، هەر کەسی تێدا بوو هەڵیدەگرن دەیهێنن. بەو شێوە سەرتاسەری حەملەیان کردبوو، بانە سەردەست ، نەغەدە مەهاباد، چۆمی مەجید خان تەواوی ئەو مەنتەقانە،حەملەیەن پێکراوە.

**دەرەجەدارەکانی سنە و ئوستوار ڕەجەبی**

دەو ڕابتەی حەملەیەدا، پاشماوەیەکی ٢٥ نەفەر دەرجەداریان لە سنە دەستگیر کرد، کورد ئەوانیشیان بەمەوە چەسپاند، لە حاڵێکی دا **ئوستوار ڕەجەبی** بۆ خۆی سازمانێکی دروست کردبوو ، سازمانێکی دەرەجەداران، ئیرتباتی بە کوڕەکانی ئێمەوە لە سنە نەبوو. بەڵام کوڕەکانی مەی دەناسی، کە ئوستوار ڕەجەبیان گرت و ئیعترافی کرد، کە ئیعترافیان لێئەستاند، بە خاتری ئەوەی کە ئیعترافی کردبوو، ئوستوار ڕەجەبی لۆ چوو بوو، لە حەقیقەت مەعلوم نەبوو ئوستوار ڕەجەبی لۆ چووە، بەڵام ئوستوار ڕەجەبی کە ئێمە لە دژبانی بووین، بە خاتری ئەوەی مەجبور بوو ئیعترافێ بکات، واجبی خواردبووە ،خۆی کوشت.
هەرچی من زۆرم نەوازش کرد کە مەسەلەیەک نییە زیمنی مبارزەیە، ئینسان زەعفیشی دەبێت، لۆی دەدەن و قامکی لە سەر دادەنێن، ئینسان گاهێک مەجبورە، ئێمەش کوتوومانە، ئێمە وەختێکی کە گیراوین بلاخرە، کوتوومانە ڕابیتمان کێیە و عوزووی حیزبین، بەڵام ئێمە لە دەروونی خۆماندا کوتومانە، ئەوە گیراوین ١٢٠ کەسین. ئیمە کە ١٢٠کەس گیراین ئیرتباتمان لە گەڵ یەکتری هەبوو لە زیندانێ، قەرارمان دا خاریج لە خۆمان کەس نەڵێین، شکەنجەیە، لێدانە، کوتانە، ئێمە دەبێ باڵا دەست و ژێر دەستی خۆمان بڵێین. واباشترە ئەمە، لە حدودەی زیندانێ خاریج نەبین و لەوانەی کە فەراریشن، بە عینوانی ڕابیت ئیستفادە بکەین، ئەشخاسی زیندوو کە نێوی نەگوتراوە، نێو نەڵێین، نیوی زیندوو نەڵێین، ئەوانە مردوون، ئەوانە گیراون ئەوی فەراریشە دەسترەسیان نییە و لە عێراقێ دانیشتوون. تۆش بلاخرە نێوت کوتراوە ، کوتووتە. خۆت مەکوژە بە خۆرایی. کوتی نا خواردۆمەتەوە ڕۆیشتووە، یەک واجبی تەواو. (دارووی نەزافەت) دیاربوو هەموو ریخۆڵە و ئەوانەی ئاوری تێبەرببوو، سەعاتی دوو، سێی نیوە شەو هاتن بردیان و لە بیمارستانی مرد.

خولاسە ئەمەیان گرت و بردیانە ساواکی ، لە ماشێنی نایان و بردیانە ساواکی ، حەرەکەتیان کرد بۆ ساواکی تەورێزێ. لە ساواکی تەورێزێ شکەنجە دەستی پێکرد. لەوێ شکنجە دەستی پێکرد و پەروەندەمان بۆ دروست کرا، بەڵام لازمە ئەمن بگەرێمەوە ساڵی ٣٧لە ٤ی ئابانی ٣٧ بوو، نەخیر لە چواری ئابان نەبوو، لە ٢١ی ئازەری بوو پێم وایە.
کتێبەکەی **کەریمی حیسامی** ٢١ ئازەری نووسیوە، ٢١ی ئازەرێ، عیدەیەکیان لە کوڕەکانی سابیقە دار دەعوەت کردبوو روکنی دوو نە ساواک، روکنی دوو دەعوتی کردبوون، کە دەبێ بێن لە ٢١ی ئازەر نوتقێ بکەن، نوتقێ بکەن و دیار بوو **سمایلی حیسامی** و نەفەرێکی دیکە ئەوانەیان دەعوەت کردبو. **عەزیزی فەلاحیشیان** دەعوەت کردبوو، سمایل حیسامی و نەفەرەکەی دیکە نازانم کێیە لە بیرم نەماوە، ئەوانە قەبوڵیان کردبوو کە بێن بیکەن، چوون کارمەند بوون، عەزیز فەلاحیان کارمەندی فەرهەنگ بوو، ئەویشیان دەعوەت کردبوو، قەبوڵی نەکردبوو لە دژبانی ڕایان گرتبوو، پاشان **مەلا عەبلای ماوەڕانی** کە خزمیان بوو، چووبوو زەمانەتی کردبوو، ئەویش کوتبووی باشە دێمەوە دەیلێم و بە زمانەت بەریان دابوو، بەڵام ئەمنیان دعوەت نەکردبوو، چوون ئەمنیان نەدیبووە. لە خەیابانی هەر کەس توش بایە وەدوای خەڵکی نەدەکوتن، لە خەیابانێ هەر کەسیان دیتبایە دەیانگرت، ئەوەی سابقە دارە ، بانگی دەکەن لە روکنی دوو، دەیانبرد، بۆمە نەهاتن. شایەد لە بەرنامەیان دابووبێ، بێن بە دونباڵی مە. کەریم حیسامی یشیان بانگ نەکردبوو، بەڵام کەریم حیسامی لە کتێبەکەیدا نووسیویە کە ساواک ئەمنیشیان بانگ کردبوو ، ببخشە بۆ روکنی دوو، کە بێم نوتقێ بکەم لە سورەتێکدا وا نەبوو. شەوێ ئەمن لە ماڵێ بووم، **کەریم حیسامی** و **عەزیز فەلاحیان** هاتنە ماڵێ، کوتیان غەنی حاڵ و قەزییەیەکی وایە و عەزیزیان گرتووە، کوتویانە دەبێ بێی نوتقێ بکەی ئەویش قەولی داوە، بە زەمانەتی مەلا عەولای ماوەڕانی بەریان داوە. یەک دوو کەسی دیکەشیان گرتووە و بردوویانە و مومکینە بە دونباڵی ئێمەشدا بێن. واباشە ئێمە هەڵێین بۆ عێراقێ، عەزیزی فەڵاحی و کەریمی حیسامی. ئەمنیش کوتم ئەمن موافیق نیم هەڵێن بۆ عیراقێ، بە چ عیللەت! ٢١ی ئازەر، ئەورۆ و سبەی خەلاس دەبێ. مەسەلەیەک نییە، بەنابەرئین هەڵاتن بۆ؟ ئەمە مەیدانی موبارزەی نابێ چووڵ بکەین، عێراق خۆشە خۆشە، بەڵێ مەلا مستەفا هاتۆتەوە خۆشە. هەر کەس دەتوانێ، کوتم ئەمنیش پەرویزی حیکمەت جوو لە رادۆ بەشی فارسیدا کار دەکات پەیغامی بۆمن ناردووە کە وەرە عێراقێ، چ دەکەی لەوێ بۆ دانیشتووی، ئەوە عێراق خۆشە و ئازادە و وەرە ئێرە، لە بەخشی کوری ڕادۆی ئێرەدا کار بکە. وەلی من لێم قوبووڵ نەکردووە، سەنگەری موبارزەی من ئێرەیە، بە نەزەری من ئێمە نابێ دەرکەوین. ئێمە دەبێ مەخفی بین، بچین لە ماڵاندا دانیشین، دەچمە ماڵە

**سمایل تی تی،** کەس شکێ ناکات، ئەنگۆش هەر کەسە ماڵێکی ئینتخاب کەن یا دوو نەفەرتان بچنە ماڵێکی، ئیرتباتو لە گەڵ من هەبێ، لە ماڵە سمایلی.

****

**گێرانەوەی مێژوو و ڕاستیەکان**

گێرانەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات و ڕووداوەکانی ساڵانی پاش تێکشکانی کۆماری کوردستان لە زمانی مامە غەنی بلووریانەوە ئەگەر هێندێکی گێرانەوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانی خۆیەوە بێ، بەشی هەر زۆری گێرانەوەی ڕاستەوخۆ نییە و سەرچاوەی زانیارییەکانیش ڕوون نیین.
مامە غەنی دەڵێ:" ئێمە دەی ئابانی ٣٨ حەملەمان پێکراو گیراوین". کە وایە مامە غەنی لە پاییزی ئەو ساڵەوە هەتا پاییزی ساڵی ١٣٥٧ لە زیندان بووە و دوور بووە لە ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ناو حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوری کوردستان و ئورووپا.
ئەوەی مامە غەنی سەبارەت بە ڕووداوەکانی نێوان پاییزی ساڵی ١٣٣٨ هەتا پاییزی ساڵی ١٣٥٧ باسی دەکات دەبێ لە کەسانی دیکەی بیستبێ، کە لە گفتوگۆکەدا دەستنیشان نەکراوە. هەروەها لە هیچ شوێنێکی گفتوگۆکەدا باس لە بەڵگەنامە ناکرێ، زۆر لەو کەسانەی کە باسیان دەکرێ لە کاتی گفت وگۆکردنەکەدا واتە 1989/7/21 لە ژیاندا نەمابوون.
هەر بۆیە قسەکان ڕاستەوخۆ دەبێتە قسە و بیر وبۆچوونی مامە غەنی.
سەرەڕای ئەم خاڵانەی کە باس کرا مامە غەنی لە زۆر جێگا ڕووداوەکان و قسەی نێوان کەسەکان و بیروڕاو لێکدانەوەی خۆی وا دێنێتە زمان وەک ئەوەی خۆی لە ڕووداوکان و کۆبوونەوەکاندا بووە بۆ وێنە ئەو کارەساتانەی کە لە باشوری کوردستان لە ناو بەرپرسانی حیزبدا ڕووی داوە یان ئەو کۆبوونەوانەی کە کەسانی دیکە جگە لەو بەشداریان بووە وەک کۆبوونەوەی قاسملوەکان لە گەڵ سەرهەنگ زیبایی و پوریا بە ناوی کۆبوونەوەی حیزبی توودە.
ئەم شێوە دەربڕینە لە سەرجەمی گفت وگۆکەدا و لە هەموو بەشەکانیدا بەرچاوە. جیا لەوانە مامە غەنی لە گێرانەوەی مەسایلی دەوروبەر و حاشییەیی وردبیانەنەتر باس دەکات و مەسەلە گرینگەکان ڕوون نابێتەوە بۆ وێنە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپی تەوریز چی بووە، هیچ وەڵامێک ناداتە دەست بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا لە بیری ماوە کە چۆن مامۆستا هێمن تاریفی کوردی نووسینەکەی کردووە و چۆن کوردەکانی باشور و باکور داوای ژمارەی زۆرتریان لێ کردوە.
هەروەها لە وەڵامی پرسیارەکانی کە تایبەت بە کۆبوونەوەکانی ڕەهبەری حیزب و بڕیارەکانی و خەتی سیاسی و بەرنامەکانی، مامە غەنی شتێک ناداتە دەست و خوێنەر سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبی لە ساڵی ١٣٢٦ هەتا ساڵی ١٣٣٨بۆ ڕوون نابێتەوە. بە هەمان شێوە ڕوون نابێتەوە کە ئەو حیزبە وەک ڕێکخراوە چۆن لە دەروەی شاری سابڵاخ ئیشی کردوە. ئەوەش ڕوون نابێتەوە کە ڕەهبەری ئەوە حیزبە ئایا هەر لە بازنەی سابڵاخدا ماوتەوە یان نا!

لە هەموو گفت وگۆکەدا باس لە زیندان و ڕووداوەکانی ساڵانی ١٣٣٨هەتا ١٣٥٧کە مامە غەنی ئازد دەبێ ناکرێ و خوێنەر بۆی ڕوون نابێتەوە کە ئایا مامە غەنی و ئەندامانی زیندانی کراوی حیزبی دێموکرات لە زیندان وەک حیزب و ڕێکخراوەکانی سەراسەری ئێران هەستە و پێوەندی نێوانیان هەبووە یان نا!
زۆربەی زۆری ڕابەرانی سیاسی حیزب و ڕێکخراوەکانی سەراسەری ئێرانی پاش ساڵی ١٣٥٧بە چەشنێکی یەکگرتوویی سیاسی و ئامادەکارییەوە لە زیندان هاتنە دەر، بەڵام ئەو شتە لە حیزبی دێموکرات نەبیندرا. وەک ئەوەی جگە لە عەزیزی یۆسفی و غەنی بلوریان کەسانی دی لە ڕەهبەرانی حیزب لە زیندان نەبووبن و غەنی بلوریان تەنیا کەسێک بووە کە دوای عەزیزی یۆسفی ساڵی ٥٧ لە زیندان ئازاد دەبێ و ڕەهبەری حیزب لەو کەسانە بوون کە لە عێراق و ئورووپا گەڕاونەتەوە. سەرئەنجام ئەوەش ڕوون نابێتەوە کە حزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوان ساڵی ١٣٣٨ هەتا ساڵی ١٣٥٧ لە ناوخۆی کوردستان چیان کردووە.
*****

# هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، بووژانەوی حیزبی دێموکرات و ڕووداوەکانی ساڵی ۱۹۷۹/۱۹۸۰

**مەهاباد و هەیئەتی داریوش فروهەر**

بە سەبەبی ئەوەی کە من ئەو دەم تازە لە زیندان ئازاد بووم. نفوزی کەلامێکەم هەبوو لە وانە بوو کە بتوانم، ئیدارەی ئەمنیەتی شار بە عوهدە بگرین، لە تەرەف شۆرایەوە دیارە هەمزەمان لە گەڵ ئەو جەرەیاناتەی بوو هەیئەتێکی حکومەتی لە مەرکەز هاتن بە سەرپەرەستی داریوشی فروهەر، عەلامەی نووری، دوکتور ئیسماعیلی ئەردەڵان و محەمەدی موکری و غیرە دانیشتنێکمان هەبوو لە سەر ئەو مەسەلە عومدەتەن ئەوانەی لەوێدا شیرکەتیان هەبوو کۆمەڵە بوو، مەسئولینی کۆمەولە بوون، ئەمن و قاسملو بووین شێخ عیزەدین شیرکەتی کردبوو کە ئەویش دیار بوو،لایەنگری کۆمەڵەی بە حیساب دەهات تیعدادێک ئەفرادێک کە تەفەکوری لایەنگری چریکهای فەداییان هەبوو، لە کۆبوونەوەکەدا لە حەقیقەت ئەو دوو جناحەی دیکە بە تایبەت کۆمەڵە مخالفەتیان لە گەڵ حزووری قاسملو لەو جەلەسەییدا دەکرد.

دیارە ئیستدلالێکی مەنتقیشیان نەبوو، بە عیلەتی ئەوەی قاسملو قەبلەن تودەیی بووە، ئەوانە لێی دردۆنگ بوون مخالفەتیشیان بەر ئەو ئەساسەی بوو. کە ئەو نابێ شیرکەتێ بکات. دیارە بە پافشاری من و شێخ عزەدین ئەو مەسەلە مونتەفی بوو قاسملو مایەوە لەو کۆبوونەوەدا، لەو مزاکرەدا، ٨ مادەیەکیان سەپاند لە حەقیقەتدا کۆمەڵە سەپاندی.

٨ مادەکە، کە دەقی ٨ مادەکەم دەقیقەن لە بەر نییە، پیاو دەتوانێ پەیدای کات، فەقەت ئەو مادەی ئاخرم کە لە بیرە کە بۆ من زۆر زۆر جێگای نارەحەتی بوو و ئیعترازم حەتتا کرد لە سەر ئەو مەسەلەیەی بەڵام بلاخەرە ئەوان جەمعێکی زۆرتر بوون و کارەکەیان سەپاند ئەویش مادەیەک بوو کە لە بارەی بارزانییەکاندا گونجابوو. مادەی ئاخری مادەی ٨هەم بوو. کە هیچ تەناسوبی نەبوو لە گەڵ بەقیەی خواستەکان کە بە عینوانی خواستی خەڵکی کورد خواستهای سیاسی خەلکی کورد بوو، ئەویش ئەوە بوو حکومەت دەبێ بارزانییەکان لە ئێران دەرکات. کە پیاو چۆن فکر بکاتەوە بارزانی دەربکرێ بچێتە کوێ. میللەتێکی ئاوارە کەسانێکی کە لە شەڕدا شیرکەتیان کردووە، بە خاتری خواستی خەڵکی کورد لە ئێراق ، ئیشتباهاتێک بووە گوزەراوە، لە ئێرانێ ڕەوابتێکیان لە گەڵ حکومەت و حاکمیەت بووە. دیارە ئیحتیاجیان بە کۆمەک و یارمەتی ئەو حاکمیەتە بوو، ئەو حاکمیەتە پەنای دابوون. وەکوو پەناهەندەیەکی سیاسی ، نزیکیان لە گەڵ حکومەت بووە. ئەو حەساسییەتە لە سەر بارزانییەکان بوو بەو عیللەتە ئەو مادەیان گونجاندبوو، کە ئێستاش بە نەزەری من کارێکی خلاف و خلافی ئوسول بوو، ئەخلاقەن نەدەبوو ئەو کارە بکرێ، ئەوەی کە ماڵ و منداڵێک لێیان قەوماوە، دەربەدەرن ئێمە وەزیفەمان بوو حەتتا کۆمەکیان بکەین.هیچ کە کۆمەکمان پێ نەکردن کارشکەنی بکەین و دەربەدەر بکرێن و ئاوارە بکرێن. بە هەر سوڕەت ئەو موزاکراتی کە لە گەڵ حکومەت کرا، ئەو هەیئەتەی کە گەڕانەوە، نەتیجەیەکی بەبار نەهێنا تەنیا وەختی ڕۆینێ، داریوش فروهەر ئیزهاری کرد کە من پێمخۆشە تەوجوهێکی بدەم بە برا کوردەکان.

من داریوش فروهەرم لە زیندانێ دەناسی، لە زیندانی دیژبانێ تارانێ من لە گەڵی لە زیندانێ بووم. ئەو دەم ئەخباری ڕادیۆ و شتی وای وەگیر دەکەوت، ڕادیۆی هەبوو لە زیندانێ بۆ ئێمەی دەهێنا. لەو بارەو یاریدەی دەداین و ڕابتەمان باش بوو، لە گەڵ کوردەکان لە داخلی زیندانی قەسرێش ڕابتەی باش بوو ، ئیزهاری عەلاقەی بە خەڵکی کورد دەکرد بەو عیلەتەی کوتی لە بەر ئەوەی من عەلاقەمەندم بە خەڵکی کورد ، دیارە داریوش فروهەر بۆ خۆی پان ئیرانیست بوو.

حزبێکی هەبوو بە ناوی حزبی میللەتی ئێران کوتی پێم خۆشە کوردان ئەو تەزەکورەی من موریدی تەوەجوە قەرار بدەن کە تا ئێستا بە دەها جار بە ئەسلەحە دەستیان بە حەرەکەت کردووە بۆ تەحەقوقی خواستەکانی خۆیان ئەو جارە بە سیاسی مەسەلەی موردی بەرڕەسی قەرار بدەن، سیاسەتیش تەجروبە بکەن. خوب ئەگەر لە سیاسەتیشدا شکەست بخۆن بلاخرە تەجروبەیەکە، کە لە تاریخی جونبشی کورددا کراوە. کە سیاسی بۆ مەسەلەکە بچن. بە هەر سورەت مەسەلە شکڵێکی بەخۆی نەگرت. ئەو موزاکرەیە نەتیجەیەکی لێ پەیدا نەبوو.

داریوش فروهەر دەفەعاتی دیکە هاتەوە کە دەفعەیەکیان هەمزەمان لە گەڵ تەقینەوەی پادگانی مەهاباد بوو، ئەڵبەتە پێش تەقینەوەی دە موزاکراتی بەعدیدا، کە پزشکپوریش حزووری هەبوو، لە موزاکرەکەیدا لە ماڵی ڕەحیمی خەرازی شیرکەتمان کردبوو لەو موزاکرەیدا، کۆمەڵە بوو شعاری دەدا، ئیعلامییەی بە دیوارەو دابوو عەلەیەی پزشکپور، بە عینوانی ئەوەی قاتڵ و جەنایتکارە، ئەو دەمی کە لە ماڵی خەرازی موزاکرە بوو، جەوەکەی موغتەش و ئاشوفتە ببوو، لە سەر ئەو مەسەلەی کۆمەڵە ئیعترازیان دەکرد کە پزشکپور هاتۆتە ئێرە، ئەسلەحەی کەمەری پێیە، ئەمنیش بلاخرە مەسئولی شوراو معاونی شورایە بووم، بە حوکمی ئەمنیەت و ئەوانە لە پزشکپوریم تەقازا کرد ئەسلەحەکەی بدا بە من. ئەمن ئەسلەحەکەم لە پزشکپوری ئەستاند ، پاشان موزاکرە بە ئارامی چووە پێشی، لە دەفەعاتی دیکەدا کە داریوش فروهەر بازهەم هاتەوە بۆ موزاکرە، ئەو حەوادسەی پادگانی قەوما، بەڵام پێش ئەوەی بقەومێ، داریوش فروهەریش لە مەهابادێ بوو، ئەو دەم عەلی بابایش ئیزافە کرابوو لە گەڵ هەیئەتەکە هاتبوو، من تەلەفونی لە گەڵ پزشکپوری قسەم کرد راجع بە پادگانی مەهابادێ کوتم وا مەسلەحەتە کە موافقەتێ بکەن پادگان لە تەرەف شورایەوە موشتەرەکەن ئیدارە بکرێ، شوارایەکی موشتەرک بێ لە پادگان موتەمرکوز بێ و ئێمە تعدادێکی پێشمەرگەی موسەلەح کە ئینتزامی هەن لە مەهابادێ دێنین بۆ حفزی پادگان موشتەرەکەن هاوکاری بکەین. پادگا ن با بمێنێتەوە. خومەینیش ئەو دەمیش دەستوری دابوو کە حەملە نەکرێ بە پادگان. حەملە بە پادگان کردن بە مەعنای حەملە بە حکومەت بە حیساب دێ. خوب لە باری سیاسیەوە دەمانویشت موزاکرە ئیدامەی ببێ. خەلع سیلاحی پادگانی دە شەرایەتێکی کە موزاکرە هەیە، دەمانەوەی ڕێگا حەلی سیاسی ببینینەوە. بە نەزەری من خەلعی سیلاحی پادگانی زەروورەتی نەبوو. دە هەر شەرایەتێکیدا مومکین بوو،

بتوانێ پادگانی تەسەروف بکات، کارێکی بکات بەڵام لەو شەرایتەدا کە موزاکرە هەیە، کارێکی دروست نەبوو. من تەوسیەم کرد بە داریوش فروهەر کە پزشکپوری هەمراە عێدەیەک لە ئەفسەرانی ئەرشەدی کە لە پادگان بوون، بە عیلەتی سەوابقێک کە لە شاریدا هەیانە گوایە لە تەزاهورات و ئەوانەدا تیرئەندازییان کردووە، ئەفراد کوژراون لە داخڵی شاردا، و مەسئولیەتی بە عودەی ئەوانە بووە، ئەرتەش ئەو کارەی کردووە، ئەو ئەفرادەی تەقازا بکات مونتەقلیان بکەنەوە بە تارانێ، خەڵکی دیکەیان بە جێگا بێنن. یا لەو پادگانەدا ئەشخاسی دیکە بێن، عوهدەداری پادگانەکەی بن. بەڵام داریوش فروهەر ئیزهاری کرد کە ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی نیزامیە ئەمن وەزیری کارم ناتوانم دەستوری ئینتقالی مقاماتی نیزامی بدەم، دەبێ ئەوان بیکەن لە تارانێ کە بچمەوە، مومکینە لەو بارەیدا سوحبەت بکەم. منیش پێم گوت کوتم ئیحساس دەکەم درانگ دەبێ.

چوونکو، تیعدادێکی سەرباز و دەرجەدار و ئەفسەری وەزیفە، لە مزگەوتی شێخ عیزەدینی تەحەسونیان کردبوو، تەقازای ئیخراجی پزشکپور و عیدەیەک لەو فەرماندانی ئەرشەدی پادگانیان دەکرد. کە من چووم قسەم لە گەڵ کردن، کوتم داریوش فروهەر لێرەیە، ئەورۆ جەلەسە هەیە لە ماڵی شێخ عیزەدینی، ئەویش دێتە ئەوێ لام وایە خواستەکانی خۆتان تەنزیم بکەن، بە سورەتی خواست کەتبی، تەسلیمی داریوشی فروهەری بکەن و بچنەوە پادگانێ. ئیعتساب لێرە لازم نییە. نمایەندەی دەوڵەت و هەیئەتی دەوڵەتی ئیران دەتوانن ئەو تەقازایانە مەترەح بکەن. ئێمەش قەبلەن لە گەڵیان مەترەحمان کردووە.

ئەمن زیمنەن لە گەڵ پزشکپوریش ئەو مزاکرەم کردبوو. حەلی موشکلی پادگانی.کە شورایەکی موشتەرەک تەشکیل بێت. پزشکپور لە تەلیفونیدا لە گەڵ ئەمن موافقەتی کرد. لە گەڵ ئەوەی شیرکەتێ بکات لە شورای مەهابادێ ختوتەکەی ببینینەوە. موزاکرەی لە سەر بکەین. سەعات شەشی ڕۆژێکمان تەعیین کردبوو، ڕۆژەکەم دەقیق لە بیر نییە ، کە پزشکپور بێت ، دەگەڵ هەیئەتێکی عالی ڕوتبەی ئەرتەشی لە پادگانی بۆ موزاکرە لە گەڵ شورایە. لە محەلێکی بوو لە خەیابانی وەفایی. ئێمە بە عوهدەمان گرت ئەمنیەتی ئەوان بپارێزین هاتن و گەڕانەوەیان. دە شورا ئەو مەسەلەیەمان مەترەح کرد کە کارێکی وابکەین، پادگان بە وەسیلەی شورای موشتەرەک ئیدارە بکرێ، کە ئێمەش نەقشمان لە سەرپەرەستی پادگانیدا هەبێ.

دیارە ئەوە پێش ئەوەی شارەبانی مەهاباد ئامادەگی خۆی ئیعلام کردبوو کە بە ئیستلاح شورا تەحویلی وەربگرێ، لە گەڵ دوو نەفەر موسەلەح چوومە شارەبانی، کەلانتەری لە پێشدا، پێم کوتن ئەسلەحەکانتان لە ئەمبارێ نێن، و تەسلیمی شوارای بکەن، دەچمە شارەبانی خوارێش لەوێش ئەو مەسەلەیە حەل دەکەین و ئەوێش تەسلیم بن بە شورا، ئێمە ڕەسیدی دەدین بە ڕەییسی شارەبانی، پاسەبان و مەئمورەکان ئەسلەحەیان بە دەستەوە بوو ئەسلەحەکانمان لە ئەمبارێ نا، ئەمن ئەو دوو تفەنگ چییەم لەوێ بەجی هێشت، لەوێ ئاگاداری لێ بکەن لەو سیلاحانە لە ئەمبارەکەی، دیارە نازانم چەندی تێدا بوو، بەڵام مەعلوم بوو تێعدادێک لە تفەنگەکان ڕاگوێزرابوون، بەڵام مقدارێکی تێدا مابوو، ئەوە بوو سواری ماشێنێ بووم ڕۆیشتم بۆ شارەبانی خوارێ لە خەیابانی ڕووبە جادەی ئورمیە، سەرگوردێک ڕەییسی شارەبانی بوو، ئەگەر من چووم **شێخ عیزەدین** و **سەعید هومایون** و **ڕەحیمی قازیش** هاتن وەکو ئەفرادی موعتەمدی شار و **شێخ عیزەدین** وەکو مەسئولی شورا، ئەمن سورەت جەلەسەیەکم تەنزیم کرد و ئەوان خوێندیانەوە و دام بە **شێخ عیزەدین** ئیمزای کرد **ڕەحیمی قازی** ئیمزای کرد **سەعید هومایون** ئیمزای کرد دامان بە سەرگوردی و ئەفسەرەکان ئەسلەحەکانیان کەمەرییەکانیان دا بە ئێمەو **ڕەحیمی خەرازیش** لەوێ بوو، ئەمە ئەسلەحەکانمان دا بە **ڕەحیمی خەرازی** لە گەڵ کلیلەکەی. کە بچێ ئەو ئەسلەحە کەمەرییانەش لە ئەمباری ئەسلەحە بنێ و کلیلەکەی بێنێتەوە تەسلیمی ئێمەی کات. هەر ئەوەندەم زانی خەبەر هات کە کەلانتەری شار بە دەست خەڵک غارەت کرا، حەملە کرا، دیارە مەعلوم بوو کۆمەڵە نەقشی هەبوو دەو کارەیدا. چوون کۆمەڵە قەبل ئەز ئەوەی شارەبانی ئەمن بێم تەسەروفی بکەم لە مزگەوتی قوبلەی جەلەسەیەکی عومومیان هەبوو لە ئەفرادی خۆیان، ئەمن هەر لەوێ دوو نەفەر تفەنگچی کە دیارە بە زاهیر دە گەڵ **مامۆستا شێخ عیزەدینی** بوون ئەوان ئیحساس نەدەکرا لە گەڵ کۆمەڵەن بەڵام من ئەوانم دەگەڵ خۆم هێنا بۆ شارەبانی دامنابوون، یەکیان **حەمەدەمینی کاک سواری** بوو مەنگوڕ یەکی دیکەش نێوەکەیم لە بیر چۆتەوە. خولاسە کەلانتەری شاری خەلعی سلاح کرا، دوایە هجومیان هێنا بۆ شارەبانیش ئیدی **ڕەحیمی خەرازی** فورسەتی نەکرد بگاتە ئەمبارێ، ئەو ئەسلەحانەی بگەینێتە ئەمبارێ خەڵک هجوومیان هێنا، شایەد زیاتر لە دە پانزدە هەزار کەس بوون، ئێمە کۆنترۆڵمان لە دەست دا. نەمانتوانی خەڵک کۆنترۆڵ بکەین. وە نەشدەکرا بە تەرف خەڵک تیر ئەندازی بکەین، ئینتزاماتیشمان لەوێ نەبوو. ئەوێش غارەت کرا، ئەمە رەسیدەکەمان لە سەرگورد وەرگرتەوە، دڕاندمان. کوتمان شورا چی وە چنگ نەکەوت. هەموو چەک وەچنگ خەڵک کەوت ناتوانین ڕەسید بدەین. بەڵام ئێمە پێشبینی قەبلیمان نەکردبوو، لە شورایە کە جەلەسەیەکی بگرین و تیعدادێک پێشمەرگە بەرین. لە هەر دک لایەن دابنێین و حفزی بکەین. ئەو کارەمان نەکرد. باوەڕمان بەوەی بوو کە شوراین لە تەرف شورایەوە کەلآنتەری و شارەبانی تەحویل وەردەگرین. خەڵک قەبوڵ دەکات ئەوەی شوارای قەبوڵە خەڵک، بەڵام ئەو سونەتە لە کوردستانێ هەر هەیە.

شەهریوەری بیستیش ئەو جەریانە پێش هات، حەملە بە پادگانی مەهابادێ و حەتتا ڕووخاندنی پادگان. حەملە بە پاسگاهای ژاندارمەری لە مەناتقی موختەلف بە عیلەتی ئەوەی خەڵک نیفرەتی لە ڕژیم و لە حکومەت هەبوو، نیفرەتی لە ژاندارم و لە ئەرتەش بوو هەر شەرایتێکی کە دەهاتە پێشێ، ئیمکانی ئەوەی زەربەیەکیان لە مەئمورینی ئینتزامی، خەڵک کوتایی نەدەکرد و پێشگیریش موشکیل بوو، بە هەر سورەت شارەبانی خەلعی سیلاح کرا و بۆ سبەینی ڕا ژاندارمەریش موردی حەملە قەراری گرت، ژاندارمەری بە تەواوی بە دەستی خەڵک خەلعی سیلاح کرا، ڕۆژێک بەعدەئەز شارەبانی

ئەو سەبەب بوو کە ئیمە، تێبکۆشین کە پادگانەکەی شورا بەدەستەوە بگرێ و لە موزاکرەیەکدا موشتەرەکەن ئەمە پادگانی حفزی پادگانی بە عودە بگرین . پزشکپور موافقەتی کرد کە بێ شیرکەتێ بکات ، سەعات ٦ ئیتزارمان کێشا نەهات هەتا سەعات ٧ نەهات تا ٨نەهات، بلاخرە مەئیوس بووین دوایە لە ماڵێ ڕا تەلەفونم لێکرد کە ئیمە ئینتزاری تۆمان کێشا نە هاتی عیلەتی ئەوەی کە نەهاتی چ بوو، قەولت دابوو بێی. دیارە لە پێشدا **سەرهەنگ قادری** و **سەروان جاوید فەریان** ناردبوو، کە من قسەم لە گەڵ کردن کوتمان نەزەرمان ئەوەیە، شورای موشتەرەک بێت. بەڵام ئێوە کوردن، شایەد ئەوان قەبوڵیان نەبن ئەمە موعتەقدین فەرماندەی پادگان و ئەفسەرانی ئەرشەدی ئەوێ بێن دەگەڵ ئێمە موزاکرە بکەن، دیار بوو **پزشکپور** جوابی داوە کە من دەهاتم بەڵام ئیتلاعاتێکم وەدەست هات کە کۆمەڵە تەوتئەی هەیە بەر عەلیی مە و من ناتوانم بێم. ئەمنیەتم نییە و ئیحساسی ئەمنیەت ناکەم کە بێم شیرکەتێ بکەم لەو جەلەسەییدا. وەبوو شەوێ کە لە ماڵێ بووم خەبەریان هێنا کە لە پادگانی تەقە بووە **پزشکپور** زەخمیە، ئەمنیش حەسەنی زاوام کە لە شێروخورشیدێ کاری دەکرد ناردم کوتم بە سورعەت بچوو نێو پادگان و ئەو کابرایە هەڵگرە بیهێنە بیمارستان چون ئێمە موزاکرەمان لە گەڵ دەوڵەتێ هەیە، دەولەت لێرەیە **داریوش فروهەر** لێرەیە. لێرەیە ئەو حادسە قەوماوە. بۆ ئەوەی ڕۆشن بێتەوە قەزییە چییە.
پزشکپوری بگەیینە بیمارستان و خەبەریشم بە داریوش فروهەر دا کە حادسەیەکی وا قەوماوە، پێم خۆشە بچییە بیمارستان شیرو خورشیدێ لە نزیکەوە مومکینە ئەو کابرایە زیندوو بێ، سوئالاتێکی لێ بکەی و جەریانەکە بزانی چییە. بۆ ئەوەی موزاکرە خەدشەدار نەبێ. ئەمن ئەو ئیقدامەم کرد، دیاربوو داریوش فروهەر چووبوو، پاش ماوەیەکی کە پزشکپور، وەهۆش هاتبووە، دیارە گولەکە وەزگی کەوتبوو مقدارێک ریخۆڵەی بردبو لە جێگای خەتر نەکەوتبوو، ئەو چاک بووە خەلاس بوو. نەمرد دوایە بەڕێیان کردەوە بۆ تارانێ. دیارە پزشکپور بە داریوش فروهەری کوتبوو کە من لە خەڵکی مەهابادێ ڕازیم ئەو کەسەی تیرئەندازی لە من کردووەسەربازێکی بروجردی بووە. مەسەلەی موزاکرەش لێرە مونتەفی بوو.
بە تەدریج جەریانی موزکرە شکلێکی تازەی بە خۆیەوە گرت، ئەوجار حزبەکان. موشتەرەک ئامادەگی خۆیان ئیعلام کرد کە لە موزاکرەدا شیرکەت بکەین، دەفەعاتی بەعد کە موزاکرە دەستی پێکرد نمایەندەگانی حزبی دمکرات ، کۆمەڵە و فەدایی بوو، شێخ عیزەدین بوو، داریوش فروهەر و هەیئەتێک بوون کە هاتبوون. موزاکرە دەکرا، دیاربوو دەو موزاکرەیدا ٢٦ مادە یان ٢٤ مادە دەقیق بزانم ٢٦مادە پێشنیار کرا، لە پشتی سەحنەیەوە **سارمئەدینی سادق وەزیری** کە لە مەهابادێ حزووری هەبوو تەدوینی کردبوو، کە مەترەح ببێ، لە هەیئەتی دەوڵەت خودموختارییەکی فوقلعادە گوستەردە، کە هیچ ئینتزار نەدەرۆیشت حاکمیەتێکی کە بە دێموکراسی ئیعتقادی نییە و خوموینی هەموو ڕۆژێ فەریاد دەکات کە دیموکراسی یانی زییدی ئیسلام پیاو تەوقوعی هەبێ بەو گوستەردەیەی موافق بێ، بە ئێمە خودموختاری بدات، ئەو ٢٦ مادەیە دیاربوو ئیشکالی ئیجاد کرد، لە موزاکراتدا، کە بازرگان کە ڕەییسی دەوڵەت بوو، خەبرم زانیوە کە کوتبووی: " ئەو حەزەراتە هەم دەیانەوێ ئیمە حکومەتیان بۆ دروست کەین و هەم پولیشیان بدەینێ بەڵام ئێمە هیچ نەقشمان نەبێ ، حکومەتی مەرکەزی هیچ نەقشێکی لە حاکمیەتی ئەوێدا نەبێ. لە سەر کوردستانی نەبێ، ئەمە فەقەت مەئموری پرداختی بودجەی ئەو شتەی بین کە ئەوان دروستی دەکەن."
ئیختلافی نەزەر کەوتە بەینی حزبی دمکرات و سایری گروهەکانی دیکە، جەریانی موزاکرە بە خاتری ئەو ٢٦ مادەیەی قەتع بوو، ئەو جار حاکمیەت متوجهی حزب دمکرات و قودرەتی حزبی دمکرات بوو، کە بە تەدریج حزبی دمکرات شەقڵی دەگرت قودرەتی دەگرت ، قووەتی پەیدا دەکرد و هەر مەرحەلەی ئەوەڵێ کە داریوشی فروهەر هات بۆ موزاکرە بۆ مەهابادێ و سوحبەت لە ئازادی کرا ئەو ڕەسمەن ئیعلامی کرد کە لە ئێرانێ حزب ئازادە بەنابەرئیین حزبی دمکراتیش دەتوانێ ئازاد بێ، ئەمە لەو بەیانە ئیستفادەمان کرد و مەراسمی عەلەنی بوونی حزبی دمکرات لە ستادیومی وەرزشی ئی مەهابادێ گرت، وە ڕەسمەن حزبمان ڕەسمی ئیعلام کرد، عەلەنی ئیعلام کرد و قەرار بوو ئەو مەراسمە لە شارەکانی موختەلفی کوردستان منجمولە نەغەدەش بەرگوزار بێ، چوونکە نەغەدە ئەهەمیەتێکی خاسی هەبوو. بە عیلەتی ئەوەی کە تیعدادێکی تورکی قەرەپەپاخ تێدابوو. کە لە لحازی جوغرافیشەوە بە کوردستان مەربوتە و کوردستانە. ئەو قەرەپەپاغانە لە دەورانی کۆندا، لە دەورانی سەفەییەرا لە قەفقاز ڕا هاتوون، پەناهەندەی ئێرانێ بوون و لەو مەنتەقەی ساکن بوون. میهمانی ئێمە بوون لەو مەنتەقەی بە هەر سورەت ئەو مەراسمە بەرگوازار بوو. وە بوو ڕەوندی موزاکرە کە دەچووە پێشێ، حاکمیەت موتەوج بوو کە حیزبی دێموکرات عومدەترین نیروی مەنتەقەیە، و موردی پوشتیبانی ئەکسەریتی قاتعی خەڵکی کوردستانە،لازمی زانی کە ئەوی تەرەفی موزاکرەی خۆی قەرار بدات. یانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەرفی موزاکرەی خۆی قەرار بدات. دەفەعاتی بەعد کە گەرانەوە موزاکرەی بکەن، لە موزاکرتی کە لە سەدێ کرا،ئەو موزاکرەیە پاش شەڕی سێ مانگە بوو، ئەو موزاکرەی کە موستەقیمەن لە گەڵ حزبی دێموکرات دەست پێکرا. جەراینی تەهاجوم بە مەهابادێش، قەبەل ئەز ئەوە ئەرتەش حەملە بکات بە مەهابادێ هەیئەتێکی نیزامی لە تاران ڕا هاتن بۆ مەرکەزی حیزبی دێموکرات، لەوێ موزاکرەیەک کرا ئەمن و قاسملو شەرکەتمان هەبوو لە موزاکرەکەیدا لە گەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە هاتبوون لە تارانەوە و بەحس لە سەر پادگانی مەهاباد بوو، قاسملو کوتی ئێمە ئەو پادگانەمان لە نەزەر گرتووە بۆ دانشگای ئازاد، و ئێمە ئەو پادگانە ناتوانین تەخلییەی بکەین، نزیکی شارە و پادگان دەتوانێ بچێتە خارجی شار محەلێکی دیکە دیاری بکەن لە دەرەوەی شار، ئەفسەرەکان دیاە پافشاریان کرد، کوتیان ئێمە قەبولی دەکەین پادگانێ بدەین بە مەعارفی مەهابادێ بیکەنە دانشگای ئازاد بەڵام لە بەر غروری ئەرتەش ئێرە مەنتەقەیەک لە ئێران و جزووی ئێرانێ بە حیساب دێ پێمان خۆشە لە پێشدا پادگانەکەی وەرگرینەوە وئێمە فەقەت واحدێکی موهەندیسی دەهێڵینەوە کە ئەو واحیدی موهەندیسییە بێ بەرڕەسی بکات، جێگایەکی لە خارجی مەهابادێ پەیدا

بکات پاش ئەوەی ئەو کارە کرا، دیارە مودەتی دەوێ زەمانی دەوێ، ئێمە خۆمان یادگانی هەدیە دەکەین بە دانشگای ئازاد. دیار بوو موفقەت نەکرا بۆ تەحویلی یادگانی مەهابادێ، ئەرتەشییەکان ڕۆیشتبوونەوە. بە تەدریج ئەرتەش لە موزاکرەکان مەئیوس دەبوو و ئێمەش موتەوجیە بووین کە حکومەت لە موزاکراتدا سەداقەت نیشان نادات. تاکتیکی بەرخورد دەکات لە گەڵ مەسەلەکەی و ئوسولەن بەرنامەیەکی دەقیقی نییە، بۆ حەللی مەسەلەی فەقەت هەیئەتێک دەستی خاڵی دێ، موشەخەسیش نییە ئیرائەی بدات، ئێمەش مەئیوس بووین لەوەی لە گەڵ حکومەت بتوانین بە تەفاهووم بگەین. خەبەرهای موختەلفیشمان پێدەگەیشتەوە، تەداروکی نیزامی بۆ مەهاباد و مەنتەقەی کوردستان دەگیرێ، ئەوە بوو ئەو خەبەرانە سەحیح دەرچوون و ئەرەتش لە تاریخی موعەین دا حەملەیان کرد بۆ مەهاباد، ئەڵبەتە پێش ئەوەی ئەرتەش حەملە بکات. ئێمە بە عیلەتی ئیتلاعاتێک کە هەمانبوو، دەمانزانی حەملە دەست پێدەکرێ،جەلەسەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات تەشکیل بوو، تەسیمیان گرت مەقەراتی پێشمەرگە لە مەهابادێ خاریج کەین و لە خارجی شاری موتەمەرکزیان بکەین، دەفتەری سیاسیش لە شاری وەدەرکەوێ و ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی دەرکەون بڕۆین بۆ مەنتەقەی ئەترافی سەردەشتێ، مەنتەقەیەکی قابلی دیفاع و ئیستراتیژی بێ لە مەنتەقەی مەرزی. ئەمە ئەو ئیقداماتەمان کردبوو. مقەری پێشمەرگە چووبوونە دەر. دەفتەری سیاسیش مونتەقل ببوو، بەڵام ئەمن لە بەر کاری شۆرایە مابوومەوە، لە شاریدا کە حەملەکە دەست پێکرا، واریدی خەیابانهای شاری بوون، مقدارێکیش موقاوەمەت کرا لە تەرف پێشمەرگەوە، لە شاخەکانی حاشییەی مەهاباد، بە سمتی جادەی ئورمییە، بەڵام ئەو موقاوەمەتە تەسمیمی حیزب نەبوو، فەقەت ئیعدەیەک پێشمەرگە بوون، کە بۆ خۆیان ئەو مقاومەتەیان کردبوو. دیارە ئەو موقاوەمەتە کۆمکی کرد کە ئیمکانات بدات بە خەڵک کە نیگەرانن دەرچن لە شار، خەڵکێکی زۆر جەوانێکی زۆر لە شاری خاریج بوون، حیزبی دێموکرات تەسیمی گرت کە، لە گەڵ جەهەتهای عێراقی کورد ئەوانەی لە حاڵی جەنگی موسەلەحانە لە گەڵ عێراقێ بوون، تەماس بگرێ، و تەڵەبی کۆمەکیان لێ بکات، چوونکوو ئێمە ئەو دەم لە حەقیقەت، ئامادەگی جەنگیمان نەبوو، نەزەریشمان ئەوە بوو جەنگ بکەین، ئعلامی جەهادی خۆمەینی بوو، کە دەستوری حەملە بە کوردستانی سادر کرد، وە ئەوە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی غەیرە موتەرەقبیە بوو، ئەو دەستوری حەملەیە، وە شێوەی فەرمانەکەش تەحریک ئامیز بوو. جیهاد عەلیەی کوفر. وا تەلقی کرا کە لە کوردستانی کافر هەن و پاسداریش دەبێ بۆ جەهاد بێن، سەرکوب بکات. وە ئێمە بە وەزیفەی خۆمان زانیوە، وەکوو حزبی دێموکرات، کە دیفاع لە مەوجودیەتی خۆمان و خەڵک بکەین، وە لە موقابل ئەو جیهادەیدا کوترا ئێمە موقاوەمەت بکەین، بەر پرچی دەینەوە، لە حەقیەتدا ئێمە پێشمەرگەیەکی ئاوا پوختەو و مونەزەممان سازمان نەدابوو، چونکوو ئینتزاری ئەوەمان نەدەکرد شەڕ ببێت و شەڕ بکەین، بەنابەر ئین، پێشمەرگەمان سازماندەهی نەکردبوو، پێشمەرگەیەکی زۆریشمان نەبوو، سیلاحێکی زۆرمان بە دەستەوە نەبوو، شایەد مەجمووعی پێشمەرگەی کە زیاتر لە ٥٠٠، ٦٠٠ کەس کە لە یورش بە یادگانی بۆمان فەراهەم بوو، زیاتر نەبوو. لە موزاکراتیشدا کە لە بن و خەڵەفێ بەینی حزبی دێموکرات و نمایەندەی حزبی کۆمۆنیستی عێراقێ کە لە حاڵی شەڕ دابوو لە گەڵ عێراقێ، لە گەڵ جەلال تاڵەبانی و فکربکەن سۆسیالیستەکانی عێراقیش حزووریان هەبوو، تەقازی یاریدەمان لێکردن، کە موردی هجوومان قەرار گرتووە و خۆشمان ئامادەگێکی کافی ئی جەنگیمان نییە، بەنابەرئین کۆمەکمان بکەن، دیارە ئەوان ئیزهارین کرد کە ئەمە بۆ خۆمان لە حاڵی شەڕداین و ئەسلەحەیەکی ئوتۆمان نییە کە ئەمە بتوانین بەردەوام بین لە کۆمەک کردن بە ئەنگۆ بەڵام لە مەرحەلەی ئێستادا کە موردی حەملە قەرارتان گرتووە، ئیمە خۆمان موتەعهید دەزانین کە دیفاعمان لە ئێوە کردبێ و پشتیوانیمان لە ئێوە کردبێ، تێعدادێک پێشمەرگە و فەرماندەی نیزامیتان لە ئیختیار بنین یاردیدەتان بدەن. دیارە عومدەتەن پێشمەرگەکانی جەلال تاڵەبانی بوون، یەکیەتی نیشتمانی، و ئێمە توانیمان جڵەوی پێشرەوی لە جادەی پیرانشار سەردەشت و جادەی بانە سەردەشت، مەهاباد سەردەشت، پێشگیری پێشرەویان بکەین.و پێشمەرگەکان لە حەقیەقتدا زۆر مەردانە و جەسورانە، مقاومەتیان کرد و پێشیان بە ئەرتەش گرت. و پێشرەوی ئەرتەش سەد کرا، لەو مەنتەقانەدا، لە مەریوانیش هەر بەو شێوەیە پێشی پێ گیرا، ئەو دەم قاسملو لەو جەلەسەی بن و خەلەفێدا مەترەحی کرد، کە ڕژیمی عێراقێ پێشنیاری کۆمەکی بە ئێمە داوە، کە ئەو برادەرانە لە موقابل ئەو مەسەلەیەی دا مەوزعی موخالفەتیان گرت، بەڵام جەلال تاڵەبانی ئیزهاری کرد کە چوونکو ئێوە نیازو هەیە بە سیلاح و ئیمکاناتی دیکە بە ئیحتمالی قەوی عێراق لە مەرحەلەی ئەوەڵدا مومکینە کۆمەکێکی قورس و زۆروو پێبکات، ئێوە دەتوانن لەو فرسەتەی ئیستفادە بکەن، بە شەرتێک چەنگێکی موحکەمی لێداگرن و موردی ئیستفادە خۆتانی قەرار بدەن و بەڵام ئێمە موعتەقدین ئەوە نابێ ئیدامەی هەبێ، ئەو ئیرتباتە و ئەو وەرگرتنە، جەلال تاڵەبانی موشەخەسەن کوتی، ئەمە تەجروبەیەکی تاڵمان لە سەر ئەو نەوعە ئیرتباتانە هەیە، و سەرئەنجامێکی شوومەمان هەبوو، دیارە ئێوەش لەوەی دەبێ دەرس وەربگرن و موتەجوهی ئەو مەسەلەیە بین، ئێمە هاتینەوە لیست بەرداریمان کرد لە سیلاحێکی کە دەبێ بمانبێ، و مقدارێک ئیمکاناتی ماڵی دیارە چنگی قوڵی لێدابگرین، قاسملوش تەعەهودی کرد کە فەقەت ئەو مەوردەی وەرگرین دوایە ئیدامەی نەدەینەوە. مقدارێک پەرەشوت و ئەوانە ناردرا، من ئعترازم بە پەراشوتەکان کرد کوتم ئێمە ناتوانین بە پاراشوتی لە گەڵ ژ،س پێشمەرگە بنێرینە مەیدانی شەڕ، پەرەشوت ٥ تیرە و ژ.س ٢٠فیشەکان دەبات. بە تەدریج مقداری سیلاحەکە موتەنەوعتر بوو، مقدارێک ئارپی جی بوو، ڕەقەمی ئەوەڵ ئەوەی من لە بیرمە ٢٥ هەزار دینار بوو، دیارە ئێمە بۆ خۆشمان مقدارێکی زۆر پەتوو، ئەوانەمان لە عێراقێ کڕی. لە قەڵادزێ و ئەوانە. شەڕەکە بەردەوام بوو. هەتا سێ مانگان، ئەو شەڕە کە بە دەستوری خومەینی هەڵئایسابوو، و ئیعلامی جیهادی کردبوو، هەر بە دەستوری خۆمەینشی پەیامی ٢٦ ئابان ١٣٥٨، بۆ خۆی شەخسەن نارد. دەو پەیامەیدا قەبوڵی کردبوو کە خواستەکانی خەڵکی کوردستان موردی بەرڕەسی حکومەت قەرار بگرێ، وە لەوێدا ئیعترافی کردبوو کە زمنی کە ئیشتبایان کردووە، حەملەیان بە

کوردستانی کردووە، لەوێدا نووسیویەتی بەدخواهان بوون، کە زیهنی مەیان مەشکوک کردبوو لە موردی کوردستان.
ئەوە ئعیترافێکی زۆر جیدی بوو کە کردبووی. بەڵام بەعدها من لە ئوروپا لە **بەعزێک عەواملی نیزامی کە بە حزبی تودەوە ئیرتباتیان هەبوو** و نەخشیان هەبوو لە ئیفشای کودتای نودشە، وامزانی کە **چەمران** و ڕییسی زیدی ئیتلاعاتی ئەرتەش لە بیرم نییە ئەفسەرەکە نێوی چ بوو مهاجری، مهاجرانی شتێکی وا، ئەوانە نەقشیان لە تەداروکی ئەو حەملە بە کوردستانی هەبووە، دیارە جەریانەتی کە. لە بەهاری ٥٨ لە شاری سنە بەوجود هات و ئەو جەریانە و جەریاناتی دیکە سەبەب بوون بەینی کوردستان و حاکمیەت ئاڵۆزتر بێت. ئەمن لە حەقیقەتدا خومەینی لە جەریانی شەری سێ مانگانەدا، تەحتی تەئسیری چەمران و ڕییسی ئیتلاعاتی ئەرتەش ئەوانە لە جەراینی شەڕی سنە و شەڕی نەغەدە، مەخسوسەن دوایە پاوە، چەمران و ئەوانە کەڵکیان وەرگرت بۆ ئیقناعی خومەینی کە ئیعلامی جیهاد بکات عەلیەی خەڵکی کورد.
بەڵام موقامەتی پێشمەرگە و شکستی حاکمیەت لە تەرەفێکی و موتەجە بوونی خومەینی بەو مەسەلەیە، کە گویا ڕژیمی جمهوری ئیسلامی لە داوی شەڕ کەوتووە، هاویشتوویانەتە داوی شەڕ، کە بە ئیعتقادی من پەیامی خومەینی بە نەزەری من پەیامی خۆمەینی بۆ ئەوەی نەبوو کە نەیاندەتوانی موقاومەت بکەن بەڵکو بۆ ئەوە بوو تەداروکێکی زۆرتر ببێنێ، دووهەم موتەوجهی ئەو تەوتئە ببوو کە چەمران و ڕەیسی ئیتلاعاتی  ئەرەتش کردبوویان و با ئیستافادە لە شەڕەکانی سنە و نەغەدەو پاوە واداریان کرد ئیعلامی جیهاد بکات. چوونکوو لە شەڕی سنەیی پێم وابوو لە شەڕی دووهەمی سنە دابوو کە، موزاکرەمان کرد ئەمن لە گەڵ **شێخ عیزەدەین** لە موزاکرە دابووین، لە سنە **تاڵەقانی** بوو، **بەهەشتی** بوو **رەفسەنجانی** بوو، **بەنی سەدر** بوو هاتبوو، لە موزاکرەکەدا ئەمن ئیشارم کرد بە نەغەدە خەتاب بە **تالەقانی** کوتم **مەلا حەسەنی** ئیمام جومعەی ورمێ ٩٠٠ قەبزە ئەسلەحەی بڕنوی پەخش کردووە لە مەنتەقە نێو قەرەپەپاغان لە نەغەدەو سندوسی،  خەریکی تەحریکاتە، کە شەڕ هەڵئایسێنن لە دوایەش مەعلوم بوو کە ڕاستە، شەڕەکەیان هەڵئایساند و بەهانەگیریان کرد لە سەر میتینگی عەلەنی بوونی حیزبی دێموکرات، لە نەغەدە. پس چوونی ئەو هەیئەتەی ئێمە بۆ سنە من و **شێخ عزەدین** پێش شەڕی نەغەد بوو. دەفعەیەکی دیەکش لە سنە پێش شەڕی سی مانگە خەریک بووسنە تێک بچێ و خەبەر درابوو بە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات کە کۆمەڵە سەنگەری گرت و کیسە شنی داناوە لە سەر سەربانان، و ئیحتمالی شەڕ هەیە. کە لە دەفتەری سیاسی منیان دیاری کرد بۆ ئەوەی بچم نەیڵم شەڕ ببێ ٥٠٠ نەفەر پێشمەرگەم هەڵگرت و چووم لە دیواندەر سوحبەتم کرد، ئیختارم کرد کە کەسانێکی ئەمنیتەی شاری سنەی تێک بدەن، سەبەبی کوشت وکوشتاری خەڵک بین بۆ باری چەندووم، ئێمە موقابلە دەکەین و ئەمنیەتی شاری دابین دەکەین، چوومە سنە پێشمەرگە زۆر بە گرمی موردی ئیستقبالی خەڵک قەراریان گرت، بە خەیابانی موختەلفدا تێپەڕ بووین، موردی ئیستقباڵ قەراریان گرت شیرینیان بە سەر پێشمەرگەی هەڵداویشت. ڕۆژی دوایە من لە مەیدانی سوخەنرانیم  کرد، خەڵکێکی زۆر هاتبوو، شەو لە ماڵێکی کە من میوان بووم عیدەیەک لە ڕۆشەنفکرانی شاری هاتن، ٤٨ سەعات لە سنە بووم نەمانهێشت شەڕ هەڵئایسێتەوە، پێشمەرگەم گەڕاندەوە و بۆخۆم ماوەیەک مامەوە و دوایە گەڕامەوە، بە نەزەری من دەستی **چەمرانی** لە هەڵئایساندنی شەڕ لە کودستانی هەبوو، چوون دوای پەیامی ٢٦ ئابانی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان چەمرانیان لە سمەتی ڕەییسی سپای پاسداران یا ستادی ئەرتەشی لابرد، ناردیان بۆ مەئموریەت لە جنووب کە لەوێ نەگەڕاوە و کوژرا، بە نەزەری من لە کوشتنی چەمرانیدا دەستی عەواملی حکومەتی جمهوری ئیسلامی تێدا بوو، چوونکوو دوایە زانیمان کە سەر هەنگەکەش گیرابوو، هەمزامان لە گەڵ ناردنی چەمران بۆ جنوب ئەو سەر هەنگەش دەستگیر بوو و سەرهەنگەکە ئیعترافی کردبوو کە ئەمن تابعی چەمران بووم و ئەو تەرحەی هەبوو کە ئێمە بۆ سەرکوبی کوردستان، نیرویی ئیعزام بکەین کە خومەینیان ئقناع کردبوو، ئیعلامی جەهاد بکات، ئەڵبەتە ئەوە ئیتلاعاتێک بوو کە یەکێک لە ئەفسەرانی نیزامی حیزبی توودە لە ئوروپایە ئەمن کەسبم کردووە.[ مام غەنی ئەو ئیتلاعاتەی لە کەسێک وەرگرتووە بە ناوی خوازراوی <u>ناخودا ئەنوەر</u> کە ناوی خۆی <u>حەمید ئەحمەدیە</u> و لە شاری برلین دەژی] وەلی قەرائین نیشان دەدا کە دەبێ ڕاست بووبێ، پەیامی ٢٦ئابان سەبب بوو شەڕ بکوژێتەوە، و شارەکان دیسان پێشمەرگە تێیاندا موستەقەر بووە و ئەمنیەتی شار بە دەست حیزبی دێموکرات بوو لە مەنتەقە، دیارە کۆمەڵە و چریکیش حزووریان هەبوو . بەڵام نیروی عومدە لە کوردستان حیزبی دێموکرات بوو. بە دونباڵی ئەو ئاتەش بەسە هەیئەتی ویژە هات. چوون هیئەتهای قەبلی بە ناوی حوسنی نیەت دەهاتن. ئەو سەفەرە هەیئەتێکی ڕەسمی هات. بەعدە ئەز پەیام بوو کە هەیئەتی ویژە هاتە مەهاباد، کە ئەمن شیرکەتم کرد لە گەڵ مەلا **عەوڵای حەیاکی، عەزیز مامڵێ، کەریم  حیسامی** بوو، شیرکەتمان کرد لە موزاکرە لە سەدێ، پاش ئەو موزکارە بوو کە تەرحی خودگەردانی کە داریوش فروهەر هاتەوە هێنای. لە موقابل دا حیزبی دێموکرات ترحی ٦ مادەیی مە شهوریی مەترەح کرد و ئێمە عومدەتەن لە سەر تەرحی ٦ مادەیی موزاکرەمان دەکرد، تەرحی خودگەردانی بە شیدەت موردی حەملەی **قاسملو** قەراری گرت. لە سەر تلەوزیۆنی مەهاباد ئیزهاری کرد خودگەردانی یانی سەرگەردانی، منداڵێکی کورد کوتویەتی خودگەردانی یانی سەرگەردانی.

ئیعلامی کرد کە رەد  بووتەوە. دیارە بێ ئەوەی لە سەر خودگەردانی قسەمان کردبێ، و بەرڕەسی بکەین خودگەردانیەکان چییە. ئەو کارەی کردبوو. گەرچی ئەمە لە گەڵ داریوش فروهەر لە سەر خودگەردانیەکەی لە ماڵی **مونتەقەمی قازی**، مەسەلەمان موردی بەررڕەسی قەرار دا، و خودگەردانیەکانە خوێندرایەوە، بەڵام خاسەتەن وەکوو حیزبی دێموکرات بەنەزەری من دەبوو، جەلەسەی موسئولین تەشکیل بێ و کادرەکان و فەرماندەهانی پێشمەرگە تەشکیل بێ و بە دیقەت مەسەلەی خودگەردانی قەرار بگرێ، بەڵام ئەو کارە نەکرا. خودگەردانیەکە هەر وا ڕەدکرایەوە، ئەمەش مەوزعی موشەخەسمان لە موقابلی خودگەردانیدا نەگرت. بە نەزەری من لازم بوو ئەو دەم، مەسەلەی خودگەردانییەکە

بەرڕەسی بکرێ و بە عینوانی، پایەیەک بۆ موزاکرە موردی تەوجە قەرار بگرێ، و ئەرزیابی بکرێ، ئەو شتەی کە کەم و کوڕی تێدا هەبوو، ئەو کەم کوڕییەی لە ئیزافە کرابایە، بەڵکو حکومەتی بازرگان، بتوانێ خودگەردانی ئیجرا بکات، ئەو شتێکی بوو کە ئەمە لە موزاکراتێکیدا لە گەڵ بازرگانی کردمان.
مەسەلەی ٦مادەییمان لە گەڵ هێنایە گۆڕێ، **بازرگان** و **سەباغیان** و **داریوش فروهەر** بوو موتەفاهم بوون لە گەڵ ئەو تەرحەی کە دیارە لە گەڵ **بەنی سەدریش** موزاکرەمان کردبوو. بەنی سەدر لە موزاکرەکەدا کوتی ئەمن حوسنی نییەتم هەیە، ئەگەر ئیحساس بکەین حیزبی دێموکرات و جونبشی کوردستان، وابەستەگی نییە بە هیچ جێگایەکی، ئێمە رووحی تەفاهوم زیاتر نیشان دەدین. گەرچی ئەوە بەهانەیەک زیاتر نەبوو بە نەزەری من ئەگەر ئەوانە واقعەن حوسنی نییەتیان بابیە، ٦ مادەیان قەبوڵ کردبایە، ڕەسمەن قەبوڵیان کردبایە، ئیمکانی ئەوەی خەڵک بۆ خۆی مەوزع بگرێ، ئەوە هەبوو، بەڵام حاکمیەتیش وەکوو حکومەتی بازرگان، کەم کاری هەبوو لە سەر مەسەلەی خودگەردانی، فەقەت تەرحەکەی لە سەتحی ئێمەدا مەترەح دەکرد گەرچی لە ڕۆزنامە، دا مونتەشری کرد بەڵام، تەبلیغێکی وەسیعی نەبوو، و ئێمەش لە مواقبل خوردگەردانیدا، بەحسێکی گوستەردەمان نەبوو لە سەری، کە شیی کەینەوە مەواردی پێ ئیزافە بکەین، ئێمە هاتینە سەر حەدی ئەو ٦مادەیە. لە موزاکراتێکی کە کردمان دیارە بازرگان، قەبوڵی کرد تەرحی ٦ مادەیی، ئەمن پێشنهادم پێکرد ئەتۆ کە قەبوڵی دەکەی موساحبە بکە لە گەڵ ڕۆژنامە عەلەنی بکە، لە وەتاغی دەربەستە بیهێنە دەرێ و ئیعلام بکە کە موافقی، ڕۆزنامەی ئیتلاعاتی دەعوەت کرد و بەو شێوەیەی بەیان کرد کە ئەو ٦ مادەیە کە نمایەندەگانی حیزبی دێموکرات، پێشنیاریان کردووە ئەگەر مەفهومی خودموختاری ئەوە بێ کە لە٦ مادەدا بۆمنیان تەوزیح داوە ئەمنیش لە گەڵ ئەو نەوعە خودموختارییە موافقم، کە من هاتمەوە مەهابد لە گەڵ قاسملو سوحبەتم کرد، و خودی موساحبەی بازرگانم لە ڕۆزنامەیدا دایە، بە نەزەری من لەو موساحبە ئیستفادە بکەین و سەعی بکەین ڕێگا حەلی موسالمەت ئامیز بۆ مەسەلەی کوردستان ببینینەوە، ئیدامەی شەڕ بە قازانجی خەڵکی کورد نییە، ئیدامەی شەڕ ئێمە بە وابەستەگی دەکێشێ، تەجرەبەی تاڵی کوردستانی عێراق لە بەر چاومە، ئەمە خەڵکی کوردستان تووشی دوا ڕۆژێکی ڕەش دەکەین و تاوانەکەی دەکەوێتە سەر ملی ئێمە، لە تاریخی جونبشی کوردستاندا، دەبێ تەوانی خۆمان لە نەزەر بگرین و قودرەتی موقابلیش کە لە گەڵی شەڕمان هەیە و خودموختاری لێ داوا دەکەین، هەم لە باری سیاسییەوە و هەم لە باری قودرەتی نیزامییەوە، موردی ئەرزیابی قەرار بدین و حکومەتی عێراق و نەزەراتی وی و نییاتی وی، بە دیقەت موردی تەوجوە قەرار بدین کە لە دامی وابەستەگی نەکەوین، نەبینە عامل و وەسیلە، دیارە باری چەندووم بوو لە سەر ئەو مەوزوعە لە گەڵ قاسملو قسەمان کردبوو، موزاکرە نەتیجەی نەدا.

## گەڵاڵەی پێکهاتنی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار

نزیک بە دە ڕۆژ بوو کە من لە حیزبی دێموکرات هاتبوومە دەرێ، بەڵام ویژدانم نارەحەت بوو چ بکەم، هەتا ئێستا عومرێک موبارزەم کردوە، ئەو هەموو بەدبەختیەم لە سەر میللەتەکەم کێشاوە، ئایا ئێستا سەنگەری مبارزە چۆل کەم بچم لە ماڵی خۆم دانیشم فەقەت ئیستراحەتێ بکەم، بژیم کام ژیان، ئەوانە فکری منیان ئەشغاڵ کردبوو، ویژدانی منیان موعەزەب کردبوو.
لەو شەرایتەیدا بوو، کە دوو نەفەر لە ڕوفەقای حیزبی دێموکراتمان بە نێوی **حەمەدەمینی سیراجی** و **مەهەندیس فاروق کەیخوسرەوی** ئەمنیان دەعوەت کرد بۆ ماڵی سیراجی، چووم و تەزەکوراتیان پێدام کە تۆ چۆن مبارزەی تەرک دەکەی و چۆن ئەتۆ سەنگەر بۆ **قاسملو** خاڵی دەکەی و پەرچەمی ئەو حیزبە دەدەی بە قاسملو ئەتۆ موئەسیسی ئەو حیزبەی بووی پاش شکستی جمهوری مەهاباد، کۆماری کوردستان.
ئێمە سیغەیەکمان بۆ مبارزە دیتۆتەوە، شتێکمان تەهیە کردووە، بە نێوی ئیعلامی مەوزعی بەخشی ئەز رهبری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە ناوی حیزبی دێموکراتی پێرەوانی کونگرەی چوار، کە ئەمە موسەوەباتی کۆنگرەی چوارەممان قەبوڵە، ئیدامە بدین لە سەر ئەو موسەوباتەی، حەتتا حیزبی دێموکرات باتڵی ئێعلام نەکردووە، کە هەیە بە قووەتی خۆی باقییە، ئێمە بە دونباڵی ئەوەیدا بڕۆین و حەقی خۆمانە و هەموو نمایەندەگانی کونگرەی چوار تەئیدی ئەو موسەوباتەیان کردووە، ئەمە دابنیشین بۆ خۆمان بە دونباڵی ئەو کۆنگرەی چوارەدا بڕۆین، بە دونباڵی موزاکرە بڕۆین و ڕێگای حەلی موسالەمەت ئامیز ببینینەوە، بەڵکم بتوانین ئەو شەڕەی ببڕینەوە، ئەو خوێنە نەڕژێ، شتێکیشمان بۆ میللەتی کورد وەرگرتبێ، بەشکم ئەو حاکمیەتە تەن بدا بە بەعزێک لە خواستەکان.
خولاسە من حەقیقەتەن قانع بووم و قەبوڵم کرد، بەڵام ئیتلاعم نەبوو لە چ جەهەتیکەوە ئەو تەرحە تەهیە کراوە، ئەو ئیعلامی مەوزعە. پاشان بە تەدریج موتەوجیە بووم کە حیزبی توودە و ڕەهبەری حیزبی توودە موستەقیمەن لە باری سیاسییەوە نەقشی هەبووە لەویدا، و **عەلی گەلاوێژ** نەقشی موستەقیمی بووە. لە دوایەدا لە جەلەساتی بەعدیدا لە گەڵ گەلاوێژ دانیشتم، مەعلوم بوو کە عەلی گەلاوێژ لەو تەرحەدا نەقشی هەبووە، دیارە ئەو تەرحە مقدارێک مەسایلی توندتری تێدا بوو، کە ئەو دوو برادەر حەک و ئیسلاحیان تێدا کرد، زۆرتریان قابلی قەبوڵتر کرد، و ئەمن بە تەشخیسی خۆم قەبوڵم کرد کە، کۆنگرەی چوار تەشکیل بدین. بەڵام ئێمە موزاکرەمان لە گەڵ حاکمیەت ئیدامە دا لە تەریقی ڕەحیمی قازییەوە، چوون **دوکتور ڕەحیمی قازی** لە تارانێ عەلەنی بوو. بە عیلەتی ئەوەی لە جەنگی سێ ماهەدا شیرکەتی نەبوو، پەروەندەیەکی ئەوتۆی نەبوو، کە خەتری ئەساسی بکرێ، عەلەنی زیندەگی دەکرد ئەومان بە عینوانی نمایەندە دیاری کردبوو لە گەڵ حاکمیەت تەرح و خواستەکانی خۆمان بدەین بە حاکمیەت بۆ حەلی مەسەلەی کوردستان، لە تەریقی

موسالمەت ئامێزەوە، تەحەققوقی بەخشێک لە خواستەکانی خەڵکی کورد. بۆ خۆمان لە شەرایتی مەخفی دابووین، جێگامان بۆ حاکمیەت مەعلوم نەبوو، هەر ئەوەش بوو لە یورشی ٦٢ئێمە لە ژێر زەربە خاریج بووین، حەتتا یەک نەفەر لە کادرەکانی ئێمە نەگیرا، چوونکو لە شەرایتی مەخفی دا زیندەگیمان دەکرد و کارمان دەکرد. تەنها ڕەفیقێک کە ئێمە لە دەستمان دا ڕەفیق سەید ڕەحیم{سەید **ڕەحیم نادرئەحمەدی**} بوو کە ئەوەڵی کا ر کە دە گەڵ مە بوو ئێستا ئیعلامی مەوزەع نەکرابوو، وەلی هەواداری مە بوو هاوفکری مەبوو. ئەو نەچووبووە دەرێ لە شاری بە دەستی پاسداران ئێعدام کرا، چوونکو عەکسی لە پشت تۆپێک لە حاڵەتی تیرئەندازیدا گیرابوو، ڕەفیقێکی دیکەشمان ئیعلام مەوزعمان کردبوو، عوزووی کۆنگرەی مەرکەزی کۆنگرەی چوار بوو **ناسر خوشکەلام** خەڵکی بانە بە دەستی جمهوری ئیسلامی ئیعدام کرا. بەڵام لە زیندان لە موقابل پاسداراندا زۆر مەردانە، موقاوەمەتی کردبوو، حەتتا وەسیەتنامەیەکی کە نووسیبوو، ناردبوویە دەرێ، لە لای ئێمە هەیە مەحفوزە، کە زۆر مەردانە لە موقابل شکەنجە و عەزاب دا موقامەتەی کردبوو مەردانەش لە پای دار مرد.

بە هەر سورت ئێمە پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە حەقیقەتدا تەسمیمان بوو بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕێگا و ڕەوشەی کە پاش جمهوری مەهاباد، حیزبی دێموکرات گرتبوویە پێش، بۆ ئەمن بۆ خۆم شەخسەن لە تەئسیسی ئەو حیزبەدا نەقشم هەبوو، بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕەواڵی، شێوە مبارزاتی سیاسی، و ئەو پەیوندەی کە سابق لە گەڵ حیزبی توودەشمان هەبوو، ئەو پێوندەی بە خاتری وەی ئێمە باز دوبارە لە چوارچێوەی جەریاناتی حکومەتی میللی و کوردستان و حیزبی دێموکراتی **قازی محەمەدی** فکرمان دەکردەوە، کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئینترناسیونالی پرۆلێتریدا مەترەح بێ، تەرزی تەفەکورمان هەر ئەوە بوو، فکرێکی کۆنەی قەدیمیمان هەر هەبوو، لە سەر ڕەواڵی قەدیم وەختێکی ئەو تەرزی تەفەکورە هەیە حیزبی توودەش بە عینوانی حیزبێکی پرۆلێتری و ئینترناسیۆنالیستی بۆ مە هەمان حیزبی توودە بوو کە، ساڵهای ٣١ و ٣٢ ئیرتباتمان لە گەڵی هەبوو. حیزبی دێموکرات بووین، لە حەقیقەت حیزبێکی موستەقل بووین، کاری خۆمان موستەقلانە دەکرد، وەکوو کۆنگرەی چواریش حیزبێکی موستەقل بووین، کاری خۆی بۆ خۆی دەکرد. ڕەهبەری خۆی بۆ خۆی هەبوو، بەڵام پەیرەوانی کۆنگرەی چوار قەدەمێکیش لە پێشتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ساڵەکانی ٢٨ و ٣٠و ٣٢ بوو. کە کۆنفرانسی تەشکیل دا.

کۆنفرانسێکی کە وەزیفەی کۆنگرەی ئەنجام دا، بەرنامە و ئەساسنامەمان دانا، و دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزیمان هەڵبژارد، بەڵام لە گەڵ حیزبی توودەی چوونکو تەفەکوری شێوە فکر کردنەوەی حیزبی توودە بۆ مە قابڵی قەبوڵ بوو، ئێمە وەکوو دوو حیزبی موتەحید هەمکاریمان دەکرد و لە تەرەف ڕەهبەری حیزبی تودەووە لە لحازی ماڵیشەوە یارمەتمان پێدەدرا و لە لحازی موتولعاتی و ئینتشاراتەوە یاریدەمان پێدەدرا. سابقەن لە زەمانی ئەو دەمی ساڵی ٣١ و ٣٢ حەتتا ئەو دوو مەقالەشمان پێنەدەکرا. بەڵام ئێستا کۆمەکمان پێدەکرا، دیارە حیزبی توودەش لە جودابوونەوی ئێمەش کەڵکی وەرگرت بۆ تەبلیغ بە سوودی خۆی، کە پێش جمهوری ئیسلامی زیاتر مەترەح بکات، کە وای وانمود بکات کە بە ئیستلاح نەقشی هەبوو لە ئەو جودابوونەوەیەدا، وای تەبلیغ دەکرد، دیارە نەقشی خۆی هەروەکو باسم کرد لە پشت سەحنەوە ئەجام دابوو، لە پشتی پەردەوە.

بەڵام ئەوەی حەقیقەت بێ، ئەمن موستەقلانە ئیعلامی جوداییم کرد لە حیزبی دێموکرات، بەلام ئێستاکە ساڵی ٦٨ە کە موسافرەتم کردووە بۆ ئاڵمان، لێرە دانیشتووم وا فکر دەکەمەوە کە ئاوڕێکی بۆ پاشەوە دەدەمەوە **دوچاری ئیشتباهاتێکی عەمیقی تاریخی بووم، وەکوو کۆنگرەی چوار.** ئەوەڵەن پێم وابوو کە دەبووایە لە ڕەهبەری حیزبی دێموکرات بێمە خوارێ، بەڵام عوزووی حیزبی دێموکرات بمێنمەوە. نەیەمە دەرێ لە حیزبی دێموکرات، وەلی هیچگونە مەسئولییەتێکی قەبوڵ نەکەم. یا حەدی ئەقەل ئەگەر لە حیزبی دێموکرات دێمە دەرێ، دانیشتبام لە ماڵی خۆم مونتەزری حەوادس بایەم. باشتر بوو لەوەی ئیشتباهاتی دوایی تیکرار کەمەوە. **ئیشتباهاتی من ئەوەیە کە کۆنگرەی چوارمان کە تەشکیل دا، پاش ساڵی ٦٢ ، پاش یورش لە ساڵی ٦٣دا کۆنگرەی چوارمان تێکدا و بە تەوەری ئینفرادی لە حیزبی توودەدا خۆمان ئیدغام کرد، ئەوەش ئیشتباهێکی تاریخی بوو.**

حەقیقەتەن ئەڵبەتە نەزەری من ئەوە بوو. هەر ئەو تەفەکورەی پێشوو، ئەمنی هان دەدا بۆ ئەوەی کە دەستم بگاتە ئەنترناسیۆنالیسم، دەستم بگاتە شورەوەی، فکرم دەکردەوە کە ئەگەر من بچمە رەهبەری حیزبی توودە، دەتوانم نزیک ببمەوە لە ئەنترناسیۆنالیسم، لە ئەحزابی بەرادەر، دەتوانم دەستم بگاتە شورەوی، پێم وابوو شورەوی و ئەحزابی برادەر مەسەلەی کورد دەرک ناکەن، پێم وابوو وام فکر دەکردەوە، یان کەس نییە پێیان بڵێ کاکە گیان ئەو ٢٠ میلیون کوردە ٢٥ میلیۆنە، لە کوردستان ئەسیرن، لە حاڵی شۆرش دان، دە حاڵی قیام دان، ئێوە شناختو نییە و چاو و نابینێ، پێم وابوو ئەوان عەینەکی ڕەشیان لە چاو دایە، عەمدەن عەینەکی ڕەشیان لە چاو ناون، بچم ئاگایان بکەمەوە ئاگایان کەم، بچمە هەیئەتی {سیاسی} حیزبی توودە و دەستیشم گەیشتە مەقاماتی شورەوی، لە سەر ئەو مەسەلەیە سوحبەت بکەم. **بەڵام ئەلعان ئیحساس دەکەم هەر لە ئەوەڵەوە سەرابێک بیش نەبوو، سەرابێک بوو کە من فکرم لێدەکردەوە،** دەتوانم خزمەت بە میللەتی خۆم بکەم لەو جەهەتەوە.

نییەتێکی سادقانەم هەبوو، بەڵام ئەڵعان بەو نەتیجەیە گەیشتووم کە **میللەتی کورد بۆ خۆی دەبێ لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ، میللەتی کورد دەبێ حیزبی موستەقلی خۆی هەبێ، حیزبی میللەتی کورد دەبێ قودرەتی هەبێ، دەبێ قودرەت نیشان بدات، تەشەکولی هەبێ، ئاگاهی سیاسی بدات بە میللەتی خۆی، میللەتی خۆی نەهێڵێ لەو خامی هەمیشەگیدا بمێنێتەوە، لە مەقتەعێکی زەمانیدا کە حەوادسێک دێتە پێشێ، ڕەهبەرێکی سیاسی هەبێ، بتوانێ**

**هیدایەتی بکات، لە کورانەای سیاسیدا، کورانەای موبارزتایدا،** دیارە ئەمن موافقی ئەوەی نیم ئێستا بە شێوەی سونەتی سابق میللەتی کورد هەر فرسەتێکی بۆ هەڵکەوت، تەنها و تاقە سوارە، دەست بداتە تفەنگ و وەشاخی کەوێت و شەڕ بکات، بەڵکوو موعتەقدم شەڕ قانوونمەندە، دەبێ لە پێشدا حیزبێکی سیاسی هەبێ، دەبێ لە گەڵ نیروهایی دیکەی ئێرانی لە جبهەیەکیدا موتشەکەل بێت. دەبێ لە گەڵ خەڵقهای دیکەی ئێران هەمکاری بکات، موشتەرەکەن ئەگەر حەرەکەتێکی نیزامی قانونمەند بە حکومی زەمان بێت، دەگەڵ هەموو خەڵکهای ئێرانێ، بۆ ئیستقراری دێموکراسی لە ئێرانێ دەست بداتە ئەسلەحەی، دەست بردن بۆ ئەسلەحەی ئاخرین حەربەی موبارزەیە، نابێ هەمیشە بە عینوانی پوانێک ئیستفادەی لێ بکات، وەکوو لە سەد ساڵی گوزەشتەدا ئیستفادەی لێکردووە و نەتیجەی لێوەرنەگرتووە.

قیامهای موسەلەحانەی کورد بە خاتری ئازادی خۆی و ڕەهایی خۆی جەنبەیەکی فوقلعادەی هەبووە، ئەویش ئەوەیە کە میللەتی کوردی لە تووانەوە حیفز کردووە، مەوجودیەتی میللەتی کوردی حیفز کردووە، بەڵام غەیرەئەز ئەوە حاسڵێکی دیکەی بە بار نەهێناوە، بەڵام لەو ڕێبازەشدا لە حەقیقتدا خوێنێکی زۆر دراوە، ئەو حاسڵە موسبەتەشی هەبووە. ئەو مەسایلە بوو کە من بەحسم کرد.

ئێستاش لە ڕەهبەری حیزبی توودەدا هەر ماوم، بەڵام دەر حەقیقەت باوەڕم پێنەماوە بەو حیزبەی و تەغیراتێکی کولی لە تەفەکوراتی مندا بەوجود هاتووە، من موعتەقدم کە بۆ میللەتی خۆم، بۆ حیزبی مەستەقلی میللەتی خۆم حەول بدەم، موبارزە بکەم. وەکوو جەهەتێکی موستەقل دەستی دۆستی بۆ هەر جەهەتێکی کە موتەرەقییە و لە حەقی تەعینی میللەتی کورد تا حەدی جودایی حیمایەت دەکات، دەستی دۆستی، وەحدەتی بۆ تەشکیلی جیبهە و ئیتحادی بۆ درێژ دەکەم. و بەهیچ وەجە موعتەقد نیم حیزبی موتەرەقی میللەتی کورد ، پێشرەوی کورد وابەستە بێ بە هیچ جەهەتێکی جیهانی، لە گەڵ هەر گونە وابەستەگییەیەک موخالفم. بە هەر جەهەتێکی جیهانییەوە بێ. بەڵام ئەوە میللەتی کورد و حیزبی پێشرەوی میللەتی کورد ە دۆستی خۆی دیاری دەکات، دۆست و دوژمنی خۆی دیاری دەکات و دەیناسێ. ئێمە موعتەقدین کە دەبێ دۆستمان هەبێ لە دنیایەدا، دەگەڵ دۆستان مەشوەرت بکەین، حەتتا لە دۆستان یارمەتی وەرگرین، نە بە قیمەتی وەی ئیستقلالیەتی خۆمان لە دەست بدەین، بە قیمەتی ئەوەی کە کیان وکەرامەتی خۆمان فیدا بکەین، ئەوە سوحبەتی من بوو.

**برایم فەرشی**        باسی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە برایمە کرا، ئایا گۆڕینی هەیئەت سیاسی تەنیا خاڵی کۆبوونەوەکە بوو، کە باس کرا یا خود؟

**غەنی بلوریان**        هەر وەک کە عەرزم کردی، وەختێکی ئەو حەوت مادەیان هێنا مەترەحیان کرد و تەسوییبیان کرد، ئەو ئەفرادەی کە نێوم بردن، ئەمن هاتمە دەرێ لە جەلەسە، یانی بایکۆتم کرد، هەیئەتی سیاسیم بایکوت کرد. وەختێکی بایکۆتم کرد، قاسملو مەلا عەوڵای حەیاکی نارد، پاشان نامەی بۆ ناردم، پاشان نامەی حیزبیم بۆ هات، کە مەوزووعی خۆم ڕروون بکەمەوە.

**ئەمن بەو فکرەی کەوتم کە عەرزم کردی، بە شێوەیەکی کودتایی[ئەوانە] لابەرم، بۆ خۆم ڕێگای فکری خۆم عەمەلی بکەم، شەڕ بیرمەوە.** بتوانم موزاکرەی[لە گەڵ حکومەت] ئیدامە بدەم، بۆ پەیرەوی لە موسەوباتی کۆنگرەی چوار.

کۆنگرەی چوار بەو نییەتە تەشکیل بوو کە بلاخەرە زەمان گۆڕاوە، تاحودودێک، دەبێ گۆڕانێکی لە سیاسەتیدا پێک بێ، پێویستە کۆنگرە تەشکیل بێ و ئەساسنامە و بەرنامەی حیزبیش بەر ئەساسی زەمان تەدوین بکرێ، ئەگەر خاڵهایەک لازم بێ ئیزافە بکرێ، یان بگۆڕدرێ، لە حەقیقەتدا موهیمترین مەسەلەی ئێمە مەسەلەی موزاکرە بوو.

عەرزم کردی وەختێ ئەو حەوت مادەیە مەترەح بوو، تەسمیم بەوە گیرا کە ئەمن بچمە برایمەی دانیشم، **لەوێ تەسمیم گرتبوو.هەر وەکوو عەرزم کردی هەیئەتی سیاسی و قاسملو بازداشت بکەم ئەوەی تەئیدی ئەو تەعەهود نامەیان کردبوو.** دوایە پەشیمان بوومەوە، ئەلبەتە ئێستاکانە تەسمیمم نەگرتبوو عەمەلی بکەم، لە پێشدا مەسایلم مەترەح کرد، مەسایلەکانی کە مەترەحم کرد، مەسەلەیەی ئەو وابەستەگیە بوو،کە ئەو وابەستەگیە یەک ، دوو مەسەلەی موسەوباتی کۆنگرەی چواری ژێر پێی خۆی ناوە.

موسەوباتی کۆنگرەی چواری پەخش نەکردووە بۆ خەڵک، سوحبەت لە سەر ئەوەی بوو. پاشان ئیدامەی موزاکرە بەر ئەساسی موسەوباتی کۆنگرەی چوار بوو و هەلئایسانەوەی شەڕ لە دەرەی قاسملو، کە بە چی علیەت کێ بووە ئەو شەڕەی هەلئایساند و بە دەستوری کێ ئەو شەڕە هەڵئایساندراوە. چوون عەواملی ساواکی، ئەشخاسیان نێو دەبرد، بە عینوانی مەسئول ناردرابوون، بۆ ئەوێ. کەسێکی بە عینوان مەسئول لەو لەحزە حەساسەدا ناردیانە ئەو مەنتەقەیە ئەو بووە. پێش ئەو مەسئەلە ، بێجگە لەوێی پێشیان بەو ستوونەی گرتبوو، کەمینیان بۆ ئەو سوتونە دانابوو، پاسگایەکی ژاندارمەریشیان قەبل ئەز ئەو ستونە، وەبەر حەملە دابوو. وەلی حاکمیەت عەکس و لعەملی ئیشان نەدابوو، لە حاڵێکدا پاسگاکەیان خەلعی سیلاح کردبوو. ئەوانە مەسەلاییەک بوو کە لەوێ مەترەح بوون. کە من پێشنهادم کرد کە قاسملو زەعفی نیشان داوە لە موقابل ئەو واقعیەتانەدا، یا ئینکە ئەو حەقایقانەی پێشێل کردووە. ئەو موسەوباتەی پێشێل کردووە و موتەعەهید بووە. بەنابەرئین سەڵاحیەتی ئەوەی ڕەهبەری حیزبی دێموکراتی بە دەست بێ، نییەتی. ئەو هەیئەتی سیاسیەش کە ئەو کارەی کردووە، ئەو تەعوهدەی تەئید کردووە، شایستەگیان نییە کە بمێنەوە. ناڵێم محاکمە، بەڵکوو حەدی ئەقەل لەو مەسئولییەتەی بێنە خوارێ. ئەساسەن، ئەو مەسایلە بوو کە لەوێ مەترەح بوو. کە دەبێ لە سەری بدوێین و تەغییری ئەوانە. گەیشتنە ئەو نەتیجەی کە موافقن کە تەغیرات بدەرێ، وەلی پێویستە تەغیرات بە ڕەیی بدەین. بەڵام دوایە قەراریان دا ئیستراحەتێکی بکەن. دە فورجەی ئیستراحەتەکەدا، دە گەڵ یەکتری موردی بەحسیان قەرار دابوو، دیارە ئەوانیش بۆ خۆیان ئیستدلالیان کردبوو، خۆ هەر وا نەبوو. قاسملو بڵێ، ئەوە حیزبی توودە فێری کردوون، ئەوە یەکێک لە موردەکانە. مومکینە قاسملو ئەوەی نەکوتبێ، کەسێکی دیکە کوتبێتی، نازانم من ناتوانم قاسملو موتەهەم

بکەم چوون هیچ دەلیلێکم نییە. کێ کوتوبووی لە ڕەحمانی کەریمییم بیستەوە کە شایعەیەکیان لەوێ بڵاو کردۆتەوە. لەو جەلەسەیەدا. ئەمن موشاوەرەکانیشم دەعوەت کردبوو بێن. پلۆنۆم بێ دەر حەقیقەت بەڵام موشاوەرەکانیان دەعوەت نەکردبوو. فەقەت ئەعزای کۆمیتە مەرکەزیان دەعوەت کردبوو، کە سەننار و جەهانگیری ئیسماعیل زادە، نەیانتوانی بوو بێنە جەلەسەی. لە ٢٥ نەفەر ٢٣ نەفەر حازر بوون. بە هەر سورەت پێموایە سەنار و ئەوانیش هاتبایەن، ئەوانیش مەوزعی موخالفی قاسملویان هەبوو.
چوونکو مودەتێک بوو سەناری مامدی، مەوزعی موخالفی حیزبی گرتبوو. یانی خۆی جودا کردبووە لە حیزب، ئیعلامی مەوزعی غەییر مودەوەنی کردبوو. سەننار بۆ خۆی و هێزی مەحوی کە نزیک بە ٤٠٠ موسەلەحەی هەبوو لە مەنتەقەی قوتوری خۆی موستەقل ئیعلام کردبوو، و عەمەلەن خۆی جودا کردبووە لە حیزب. پێش کۆنگرەی چوار ئەو کارە کرابوو، ئەو مەسەلە مەترەح بوو کە ئەو تەسمیماتە بگیرێ، هەوەڵێش موافقەتیان کرد کە بە شفاهی گۆڕانکارییەک بکرێ پاشیان ڕەییان دا. دیارە لەو بەحسەی کە لە ئیستراحەتەکەدا کردوویانە ئیستدلایشیان کردوە، خەیلی خوب نەیین لە عێراقێ وەرنەگرین، لە عێراقێ وەرنەگرین، لە کێ وەرگرین، لە کێ وەرگرین! شورەوی نامانداتێ، فڵان نامانداتێ، ئەی ئەسلەحەی لە کێ وەرگرین. ئەسلەحەی دانێین خۆ جمهوری ئیسلامی حەقمان ناداتێ، بەنابەرئین دەبێ لە جێگایەکی سیلاح وەرگرین، خولاسە وا گوترابوو کە شەڕەکە بە سەر ئێمەدا تەحمیل کراوە، ئەو شەڕە یا دەبێ ئیدامەی بدین و بە نەتیجەی نەهایی بگەین یا، دەستئاوەردێکی ببێ، ئەوان ئاوا موردی بەحسیان قەرار دابوو. بەنابەرئین قسەی ئەو برادەرانە عەمەلی نییە. ئاوایان بە گوێی یەکتریدا خوێندبوو، ئەوەی من بیستمەوە لە **ڕەحمانی کەریمی**. دیار بوو کە دوایە پێشنیاریان کرد ڕەیی مەخفی بدەن ، حیزبێکە و کۆمیتەی مەرکەزی هەیە و ڕەیی مەخفی بدەن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکرێ، ڕەیی بدەن بە ئەشخاسێکی کە دەبیری ئەوەل بێ، هەر کەس چۆن تەشخیس دەدا ڕەیی بدات. کێ ببێتە دەبیری ئەوەڵ یان دەفتەری سیاسی. بە حەوت نەفەران ڕیی بدەن یەک نەفەر دەبیر و ٦ نەفەر عوزوو، دوایە کە ڕەییەکان درا، عەیینەن ئەو کەسانە بە ئەکسەریتی ئارا تەعیین کران.

**برایم فەرشی** دەرسەدی ئارا؟

**غەنی بلوریان** دەرسەدی ئارا لە بیرم نییە، ئەوەندەی کە ڕەیی هەبوو، چوون ئەمن ئیعلامم کردبوو کە ڕوفەقای خۆمان بە من ڕەیی نەدەن، مامۆستا هێمن لەوێ بوو ئەڵبەتە، کە ئیفتخاری بوو، بەڵام ئەوانی دیکە موعینی و ئەوانە ڕەییان نەدابوو. ئێمە شیرکەتمان نەکردبوو لە ڕەییدا. دیارە بە خۆمان ڕەیی دابوو بە ئەشخاسی دیکەمان ڕیی نەدابوو، بەلام دەرسەدی ئارای بۆ من مەعلوم نەبوو لە بیرم چۆتەوە. یانی یاداشتمان نەکردبوو. چوون ئەمە شتمان یاداشت نەدەکرد. ئەوە یەکێک لە زەعفەکانی ئێمە بوو، هیچ وەقت لە زیندەگی سیاسی خۆماندا، مەتالبمان یاداشت نەکردووە، سورەت جەلەسەمان نەگرتووە، سورەت جەلەسەکانمان حیفز نەکردووە، یا ئەگەر بووشە لە بەین چووە، ئەوە جەریانی برایمە بوو. وەختێکی دیتمان هەمان ئاش و هەمان کاسەیە، ئەو ڕەوەندە ئیدامەی دەبێتەوە، یا دەبێ لە گەڵ ئەوانە تەوافوق بکەین، چوون ئەقەلییەتین یا دەبێ تەبەعییەت لە ڕەیی ئەکسەریەتی کۆمیتە مەرکەزی بکەین یا لە حیزب بڕۆینە دەرێ. ئەمن تەسمیمی خۆم گرت و هاتمە دەرێ.

**برایم فەرشی** ئەندامانی ئەوەڵیەی کۆنگرەی چوار کێ بوون؟

**غەنی بلوریان** ڕەهبەرانی ئەوەڵییەی کونگرە چوار ئەو حەوت کەسە بوون، ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی بوون، **مامۆستا هێمن** بوو کە عوزووی ئیفتخاری کۆمیتەی مەرکەزی بوو و بە عینوانی شاعیری میللی ئیعلام کرا. هەم بە عینوانی شاعیری میللی ئیعلام کرا لە کۆنگرەی چوار و کە پێشنهادی خودی **قاسملو** بوو کە منیش پشتیوانیم لە پێشنهادەکەی کرد، من بووم، **فاروق کەیخوسرەوی** بوو، **ئەحمەد عەزیزی** بوو، **نەوید موعینی، ڕەحیم قازی، فوزیە قازی**

## کۆنفرانسی پەیرەوانی کۆنگرەی 4ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**برایم فەرشی** ئەو کۆنفرانسە کە باس دەکەن کۆنفرانسی کۆنگرەی چووار بوو، لەو کۆنفرانسەدا چ شتهایەک باس کرا؟

**غەنی بلوریان** ئەو کۆنفرانسەمان مەخفیانە لە تەورێز تەشکیل دا، ئەفرادێکی کە لە مەناتقی موختەلف بوون، دیارە ئینتخابی بوون، گەرچی مەخفی بووین بەڵام ئینتخابی بووین. لە مەناتقی موختەلف کە پەراکەندە بووین ئادەرس درابوو، **ئەحمەدی عەزیزی** تەعیین کرابوو، کە بێن بۆ ئەو ئادرەسەی. کە ئەو **ڕەحمەتی عەتری بەرزەنجەش**، موشاور بوو پێم وایە، ئەویش دەوێدا بوو، دەو کۆنفرانسەدا. دیارە باسی کۆنفرانسەکەی دەویدا نەکردووە، شایەد لە پەروەندەکەیدا باسی کردبێ. لەو کۆنفرانسە چوون ئێمە کۆنگرەی چوار بووین، کۆنگرەی چوار ڕێبازی موشەخسی خۆی هەبوو. لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئیستراتێژی نەهایی، سوسیالیسمی دێموکراتیک یان هەر سوسیالیسمی خاڵی بوو. سوسیالیسمی دادپەروەرانەی قاسملوی ئیختلافاتێک هەبوو، لە پێشووش ئەو ئیختلافاتە هەبوو، ئەو دەم موعتەقدبووین کە دەبێ سوسیالیسمی عیلمی بێ، کە قاسملو نەدەچووە ژێر باری سوسیالیسمی عیلمی، بلاخرە دەفعەیەک هێنایە سەر دادپەروەر و عادلانە و ئاوا کلکیان پێ هەڵاوسی، بەڵام لێرە سوسیالیسمی عیلمی مان دانا. بەرنامەی مە دیارە من بەرنامەکەم هەیە ئێستا لە پراگێ، بەرنامەی کۆنگرەی چوار، ئەو بەرنامەیە تەغییراتێکی تێدا درابوو بەڵام، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی لە گەڵ بەرنامەی حیزبی دێموکرات نەبوو، تەقریبەن هەمان، شیوە بوو با تەغیراتێکی جوزئی. ئەساسنامەی هەبوو،

مەسەلەی مە عومدەتەن ئیدامەی موزاکرە بوو، مەخفی بوونی حیزب بوو. ڕابیتە لە گەڵ سازمانهای دێموکراتیک وەک فیداییانی ئەکسریت و حیزبی توودە بوو. یانی هەماهەنگی سیاسی، دەگەڵ ئەو دوو سازمانەی، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان. هەماهەنگی سیاسی لە سەتحی ئێرانێدا، بەحسی ئەو جورە شتانە کرابوو، موسەوباتەکەی نووسراوە، بەڵام دەقیقەن من هەمووم لە بەر نییە، لە بیر نییە. کونفرانسکە سێ ڕۆژی تول کێشا، کە لەوێ ئینتخاباتی کۆمیتەی مەرکەزی کرا و هەیئەتی سیاسیش هەلبژێردرا، دەبیر ئەوەڵ و دەبیر کولل هەڵبژێردرا.

**برایم فەرشی** یەکەم کۆنگرەی کە لە ئێران گیرا دوای ١٣٥٧ کۆنگرەی چوار بوو؟

**غەنی بلوریان** کۆنگرەی چورا بوو بەڵێ.

**برایم فەرشی** چلونیەتی پێک هاتنی ئەو کۆنگرەیە چۆن بوو، زەروورەتی گرتنی ئەو کۆنگرەیە چ بوو؟

**غەنی بلوریان** زەرورەتی ئەو کۆنگرەی چوارە، جەریانی شەڕ بوو، مەسایلی موزاکرە بوو، دیتنەوەی ڕێگا حەلی موزاکرە، بۆ سوڵح. دیارە ئێمە ئەساسەن ئەو کۆنگرەیەمان بۆیە تەشکیل دا کە جمهوری ئیسلامی، موتەوجی واقعیاتێک ببێ کە، ئێمە کۆنگرەمان تەشکیل داوە، لە حدودی چوارچیوەی قانوونیەتی خۆی خارج نییە. تەفەکوراتی ئێمە لەو کۆنگرەیدا پەخش دەکرێ، نەزەراتی ئێمە لە بارەی حاکمیەتدا مونعەکس دەبێتەوە. کە مونعەکس ببووە بەڵام قاسملو، پەخشی نەکردەوە، حەتتا نوسخەیەکی بۆ حاکمیەت نەنارد، ئەو کۆنگرەیە کە تەشکیل بووە، حاکمیەت بزانێ ئێمە نیسبەت بە حاکمیەت چ مەوزعێکمان گرتووە. کۆنگرەت تەشکیل داوە حاکمیەتی قانع کەی کە ئەمن لە گەڵ تۆ دەمەوێ تەفاهوم بکەم، دەبێ ئەو موسەوباتەی بە خەڵکیش بڵێی، لە خەڵکی نەشارییەوە، بۆ حاکمیەتیشی بنێرێ، کاکە من کۆنگرەیەکم تەشکیل داوە، ئەوە موسەوباتەکەیەتی. دیفاع لە مەرزەکانی ئێرانێ، ئێمە سوحبەتمان ئەوە بوو کە، **ئایەتوڵا حوسینی کەرمانی** کە هاتە مەهابادێ بە نوێنەرایەتی **خومەینی** تام ئولئیختیار دامادی خومەینیش بوو، هات لە ماڵە **ڕەحیم خەرازی** جێگامان دایە، ئەمن و **حەیاکی** و **قاسملو** چووین موزاکرەمان لە گەڵ کرد.

کوتی کاکە گیان حکومەتی جمهوری ئیسلامی ساف و پوست کەندە پێتان دەڵێم، ڕوبەروو بە تاقی تەنێشم، هیچ کەسم لە گەڵ نییە، سەراحەتم هەیە، جمهوری ئیسلامی بە ئێوە دەلێ عاملی عیراق. ناڵێین شتی دیکە. جێگای دیکە ناڵێین. بەڵام موستەقیمەن ئەوەی دەڵێین کەعاملی عێراقن، ئێمە عەکس های زۆرمان هەیە لەوەی کە حەمل و نەقلی سیلاح لە عیراقەوە کراوە، بە هەواپەیما هەڵگیراوەتەوە، هەمانە. مەدارکی زۆرمان هەیە بۆ ئیسباتی ئەوە، ئێوە وەختێکی عاملی عێراقن، ئێمە چۆن خودموختاری بە ئێوە بدەین. بۆ ناچی لە گەڵ عێراق دانیشی و موزاکرە بکەی. بە چ شێوەیەک دەتوانین سابتی بکەین کە ئێمە عاملی عیراق نیین. کوتی دەتوانن بەو جورە ئیسباتی بکەن بۆ یەک ساڵ، تەواوی پێشمەرگەکانی نەواری مەرزی موتەمەرکز بکەن، ئێمە نان و بەرگ و سیلاح دەدەین، ئەرتەشیش نایات بۆ هیچ کۆ، پاسداریش نایات. ئەو شکڵەی کە هەیە هیچ تەحەولاتێک ناکرێ، لە ئەرتەش و سپادا، ئەو جۆرەی کە هەیە دەمێنێتەوە. دیارە لە مەهاباد سپا هەبوو ئەو دەمی، بەڵام پاسیڤ بوون، پێشمەرگە ئێمە ئیدارەی شاریمان دەکرد. ئەرتەشیش هەبوو پادگانیش هەبوو، بەنابەرئین بێنن ئێوە لەوێ دابنێن، موتەمەرکزی بکەن، دیفاع لە مەرزەکان بکەن، بۆ ساڵێک تەواوی خەرج و بە عودەی مەیە، دەتوانن تەعلیماتی بدەن، بە پێشمەرگە هەر لەحزەش کە پاش ساڵێکی ئێمە تەفاهومان لە گەڵ ئێوە نەکرد، ئێوە دەتوانن ئەسلەحەکەی بەرەو رووی ئێمە بگێرنەوە، وەڵا سەدامیش هەمیشە ئیستقبال و لێدەکاتەوە. بەڵام بۆ ئەوە بچم بڵێم ئەوان ئەوەیان قەبوڵ کرد، حاکمیەت بزانێ ئێوە بە چوارچوبی خاکی ئێرانێ ئیعتقادو هەیە، تەجزیە تەڵب نیین، عاملی کەس نیین، فەرموو ئەوەی قەبول بکەن.

دیارە قاسملو و ئەوان پێشنیاریان کرد کوتی ئێمە، وەختێکی ئەو کارەی دەکەین کە ئەو ٦ مادەیە، ڕەسمەن ئیعلام بکرێ، لە قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێ، وەک مودافعێکی مەرزەکانی خاکی ئێرانێ هەین و تەعەهود دەکەین، **مەلا عەوڵا** بە کوردی بە منی کوت خەڵک پێمان دەڵێن جاش، ئەگەر هەمچین کارێکی بکەین.

کوتم کاکەگیان تۆ دەڵێی ٩٨دەرسەدی خەڵکی کوردستان لە گەڵ منە، وەختێکی ٩٨دەرسەدی خەڵکت لە گەڵە لە خەلکی بۆ دەترسێی، ئەگەر خەڵکت لە گەڵە و ڕەهبەری خەڵکی، دەبێ لێت قەبوڵ بکات، ئەگەر ئیدعا دەکەی، خەڵک دەبێ لێت قەبوڵ بکات، و من موعتەقدم خەڵکی کورد سوڵح دۆستە. خەڵکی کورد نایەوێ شەڕی بە هەر قیمەتێکی بکات، شەڕی دەکات بۆ حەقی خۆی، وەختێکی حەقی ئەستاند، ئەوە یەکێک لە حقوقەکانە کە پێشمەرگەی کوردستان مودافعی مەرزەکان بێ لە کوردستان، لە مەرزەکان موستەقەر بێ، ئەوە یەکێک لە خواستەکانە. ئەگەر ئێمە تەفاهوم لە گەڵ ئێرانێ بکەین، یەکێک لە مەوارد ئەوەیە کە ئەو پێشمەرگە موسەلەحەی مە، بەعینوانی نیرویەکی نێوی نابێ پاسدار، پاسدار دەبێ شیعە بێ، حەدی ئەقەل نێویکی لێدەنین، لەو مەرزانەی کوردستان پێشمەرگە بمێنێتەوە، خۆ پێشممەرگەی وەدەر نانین. ئەوە یەکێک لە موردەکانە کە لە مەرزەکان دابمەزرێ ، ئەوە پوانێکە کە حاکمیەت بە ئێمەی دەدا. بلاخرە زەرەیش ناکەین ئێمە، دەچینەوە مەرزەکان، ئێستا لە مەرزەکانیان. لە کوێین، دەچین لە مەرزەکان دادەنیشین و سابلاخیش ئیتزاماتی هەیە. شارەبانی هەیە خۆی، دەچین لە مەرزەکان موتەمەرکز دەبین. با ئەسلەحەی وەرگرین با کۆمەکی وەرگرین. با ساڵێکی نۆکەری ئەوانە بین، لە عێراقێ ئەسلەحەی وەرنەگرین و وا فەرز بکەین لە گەڵ عێراق بەشەڕ دێن لە ئێرانێ ئەسلەحە وەردەگرین. فەرق چ دەکات، ئێمە کە نۆکەری عێراقین ئەلعان، با ساڵێکیش نۆکەری دەوڵەتەکەی خۆمان بین، دوکتور قاسملو ئەتۆ بۆ خۆت لە موساحبەیەکدا کە چاپیش کراوە نەتکوت ئەمن زەهرێکی کە خومەینی دەیدا بە من بیخۆمەوە لە شەربەتێکی کە سەدام دەیدا بە من بیخۆمەوە، پێم باشترە! ئەوە موساحبەی خۆتە خاڵە. فەرموو ئەو جامە زەهرەی تۆ بخۆوە . بە هەر سورەت ڕەد کراوە. بەعد ئایەتولا کرمانی(..............) هاتە سەر تلەوزیۆنی دیفاعی کرد ، قسملوش قسەی کرد ئەوەیش قسەی کرد، کوتی ئەو خواستانەی ئێوە مەترەحی دەکەن حەقو هەیە، ئەمن یەکیک لە

مودافعانی خواستی ئێوەم، نمایەندەی ئیمامیشم. بەڵام ئەو پێشنیارەی کە بە حیزبی دێموکراتیشم کردووە دەبێ قەبوڵی بکەن. بە هەر سورەت کۆنگرە ئیجابی دەکرد کە، خاڵی ئەوەڵی دیفاع لە مەرزەکانی ئێرانێ بێ. خاڵی ئەوەڵیشی ئەوە بوو. کۆنگرە دەبوایە چراغی سەبز نیشان بدات بە جمهوری ئیسلامی کە ئێمە حازرین موزاکرە بکەین، ئێمە موداقعی مەرزەکانین. جمهوری ئیسلامیمان قەبوڵە، پشتیوانی لێدەکەین، ڕەهبەری خومەینیمان لە کۆنگرەی بە ١٢٠ ئارا بدون ئیختلاف قەبوڵ کردوە. دموکراسی بۆ ئێران تێداگونجاوە، خودمختاری بۆ کوردستان تێیدا گونجاوە، ئەوە ئەساسی مەتڵەب بوو، ئەو پۆزەی نیشان بدین بە جمهوری ئیسلامی. کە کۆنگرە خەڵکی کورد پەسەندی کرد نمایەندی ٣٠هەزار نەفەر نمایەندی خەڵکی کوردن ئیدی. حیزبی دێموکرات خۆی بە نمایەندەی خەڵکی کورد دەزانێ، بەنابەرئین ئەو کۆنگرەیە لە تەرف خەڵکی کوردەوە گیراوە، ئەوەش پێشنهاد بۆ حاکمیەت. بەڵام بڵاویان نەکردەوە و نەشیان نارد بۆ حاکمیەت. ئێستاش دیزە بە دەرخۆنەیان کرد بە قەولی مەشهور.

### هەیئەتی بازرەسی حیزبی دێموکرات

**برایم فەرشی** باسی هەیئەتی بازرەسی حیزبی دێموکرات کرا، ئەو هەیئەتە کێ بوون، ئەو کارانەی ئەنجامیان داوە چی بووە؟

**غەنی بلوریان** وەڵا بەداخەوە ئەمن بە غەیرە ئەز یەک نەفەر **فەتاح کاویانم** لە بیرە، پێم وایە **دوکتور خوسرەویی** بوو، پێنج نەفەر بوون ئەوانی دیکە نازانم کێ بوون. لە بیرم نەماوە، بەڵام لە حەقیقەتدا بازرسی بۆ ئەعمال و کردارێکی ڕەهبەری یان کادرهای حیزب، بویژە ڕەهبەری حیزب دەیکا. ئەوان دەبێ ڕەسیدەگی بەوەی بکەن. لە حاڵێکدا ئەوە تەبدیل بوو بە کۆمسیۆنی تەفتیشی عەقاید. دەچوون بازجوییان لە فلان کەسی دەکرد و فلان کەسی دەکرد. کە تۆ کۆمۆنیستی و تەفەکوری کۆمۆنیستیت هەیە، هەواداری فڵان گروە و فلان گروهی، تەرفداری فلان گروهی دەکەی، تۆ ڕۆژنامەی فڵان گروهی دەخوێنییەوە. فلان دەستەی دەخوێنییەوە. تەفتیشی عەقایدییان دەکرد لە باتی ئەوەی بازڕەسی بە مەعنای کەلیمە بێ. کە کۆنگرەی ئینتخابی کردووە بۆ بازڕەسی. بۆ نەزارەت لە سەر ئەعمالی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی مەرکەزی. هاتوونە خوارێ تەفتیشی عەقاید دەکەن. لە نێو ئەفرادی حیزبیدا، پەروندە سازی دەکەن لە نێو ئەفرادی حیزبیدا. بەوی تەبدیل بوو. هەر بەو مەنزورەشیان دانابوو. وەئیلا وەزیفەی هەیئەتی بازرەسی کە کۆنگرەی تەعینی کرد ئەوە نییە. ئەوە لە خوارێ دەتوانێ کۆمسیۆنێکی دیکە بێ، کۆمیتەی مەرکەزی دەتوانێ کۆمۆسیۆنێکی دیکە دامەزرێنێ. بەڵام کۆنگرە ئەوەی دانانێ بۆ تەفتیشی عەقاید.

### ماڵی حیزبی توودە لە ناو حیزبی دێموکراتدا

**برایم فەرشی** باسی سیاسەتی حیزبی توودە لە نێو حیزبی دێموکراتدا، وەک تاریخ تاریخێکی هەیە لە حیزبدا، بەڵام دوای ئینقلاب، موشەخەسەن ئێوەش باستان کرد، خودی سازمانی جەوانانیش کە دروست کرابوو، لە حیزبی دێموکراتدا، زۆرتری ئەو کەسانەی لە ویدا بوونی و لە شکڵ گیری و سمتگیری دا نەخشیان هەبووە بە جۆرێک توودەیی بوون و تەفەکوری توودەییان هەبووە، ئەو سیاسەتە لە نێو حیزبی دێموکراتدا، ئێوە چۆناوچۆنتان دەدیت. یا خۆ ئەلعان چۆناوچۆنی دەبینن. چ نەقشێکی لە ئینشعابی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتدا دا هەبوو. و هەروەها نوێنەرانی موشەخەسی ئەو تەفەکورە کە ئێوەش باستان کرد کێ بوون ، ئەگەر بە ڕۆشنی باسیان بکرێ ، کۆمەک دەکات.

**غەنی بلوریان** ئەرزت بکەم ئەو دەمەی، حیزبی دێموکرات هاتەوە، ئەمن کە لە زیندانێ هاتمە دەرێ، ئەفرادم نەدەناسی خۆ ، کێ کێیە و کێ کێ نییە، کەسیش نەهات موشەخەسەن خۆی بە من موعەرەفی بکات، کاکە ئەمن توودەییم، بەڵام تەفەکورەکەیان نیشان دەدرا. چوونکو ئەمن بۆخۆم فکری تەرفداری شورەویم هەبوو، فکری پەیرەوی لە تیئوری عیلمیم هەبوو. ئیعتقادی بە سوسیالیسمی علمییم هەبوو. بەنابەرئین ئەشخاسێکی کە لە حیزبی دێموکرات دابوون، دە گەڵ من کە بەرخوردیان دەکرد، بەعزە ئەشخاسێک، کە ئەو تەفەکوراتەیان نیشان دەدا، بۆ من دیاری دەکران، بەڵام ئەوانە من نەمدەتوانی دەرک بکەم و تەشخیس بدەم لە نێو چاوانیان نەنوسرابوو ئەوانە عوزووی حیزبی توودەن. هەتا بەعزێک بوون لە سازمانی جەوانان بوون، عوزووی حیزبی توودە نەبوون. بەڵام ئەو تەفکورەیان نیشان دەدا. ئەو شتەی کە بۆخۆم ئەو تەفەکورەم هەبوو، کە لە گوزەشتەڕا هەمە و شتێکی تازە نییە، پاش ئەوەی لە شورەوی گەڕامەوە ئەمن بە تەفەکوری نەوینەوە هاتم لە حیزبی دێموکراتەوە، کە تەئسیس بووە، یانی بە تەفەکوورێکی جەیگرایانە، بەرخەلافی ئەوەی سابق هەمبوو. سازمان جەوانانی کۆمەڵەی ژ. ک. کە عونسورێکی میللی دەژمێردرام و بۆ تەفەکوری میلییەوە هاتم. ئەو سەفەرەی کە گەڕامەوە لە شورەوی حاملی تەفەکورێکی نەوین بووم. کە هاتمەوە. بەنابەرئین ئەشخاسێکی کە هەم فکری من بوون، بۆ من جێگای خۆشبەختی بوو ، وەختێکی دەمناسین.

لە حەقیقەت هەتا ئەوێ ڕۆژێ حیزبی توودەی نەهات ئیعلامی نەکرد کە کۆمیتەی ئیالەتی دروست دەکەین. بە تەوری موشەخەس ئەعزای حیزبی توودەم بۆ موشەخەس نەبوو، بەڵام وەختێکی ئەوانە ئیعلامیان کرد. دیارە ئەعزای کۆمیتەی ئیالەتی حیزبی توودە، لێم مەعلوم بوون **حەسەنی ماوەرانی** بوو، **مینە چیرە** بوو، **سەلەیمان چیرە** بوو و ئەشخاسی دی لەو قەبیلەی بەڵام تێعدادێکی دیکە مانەوە، نەچوون لە کۆمیتەی ئەیالەتیدا. ئەوانە عوزووی حیزبی توودە نەبوون، بەڵکە

حاملی ئەو تەفەکورەی بوون. کە ئەمنیش ئەو تەفەکورەم هەبوو، یانی تەفەکوری پەیرەوی لە تەفەکوری عیلمی و پەیرەوی لە سوسیالیسمی عیلمی و ئیعتاقد بە سوسیالیسمی عیلمی، ئەوە تەفەکوریك بوو كە لەپێشەوەدا هەمبوو، وەختێکی حیزبی دێموکراتمان تەسیس کردەوە ، بەو تەفەکورەیەوە ئەمە حیزبی دێموکراتمان تەشکیل دایەوە. وەلی حیزبی، حیزبی توودەش نەبووین. دەگەڵ حیزبی توودەش رابیتەمان هەبوو، دۆستایەتیمان هەبوو. زۆر زۆر تەنگا تەنگ ئیرتباتمان هەبوو. وە زۆر زۆر زۆر هەماهەنگی سیاسیمان تەواو لە سەتحی ئێران و کوردستاندا هەبوو، ئەڵبەتە دیارە ئێمە بۆ خۆمان وەک سازمانێکی موستەقلی حیزبی دێموکرات عەمەلمان دەکرد. بەڵام تەنگاتەنگیش لە گەڵ حیزبی دێموکرات رابیتە و دۆستایەتیمان هەبوو.

**برایم فەرشی** باتەوجوە بەو رابیتەی کە ساڵی ٣٢ ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە لە گەڵ حیزبی توودە هەیانبووە و زۆر زۆر نزیک بوون، تەنانەت لە ئۆرگانەکانی حیزبی توودەدا بوون وەک رادیۆ پەیکی ئێران یا خۆ ئۆرگانەکانی دیکەیان، ئایا ئەو جەماعەتە کە هاتنەوە ئێران، دیسان هاتنەوە بوونەوە عوزووی حیزبی دێموکرات، یانی تاریخێکی ئاوا هەیە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە بەم چەشنە بوون. لە ساڵی ٥٧یش دا پێش ئەوەی رژیمی شا بڕوخێ جەماعەتێک هەبوون بە نێوی حیزبی توودە کاریان دەکرد، موشەخەسەن هێندێک دانشجو، کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بوون، ئەوانە دوای رووخانی رژیم سیاسەتیان لە لایەن حیزبی توودەوە ئەوە بوو کە بچنە نێو حیزبی دێموکراتەوە، موشەخەسەن لە شارەکانی کە خۆشتان باستان کرد ئێتحادییەی جەوانانیان دروست دەکرد، کە ئەو ئێتحادیەی جەوانانە دەیانویست لەوێدا ئەفرادی جۆربەجوری سیاسی کۆ بکەنەوە، بەڵام مەجموعی ئەو کەسانەی کە لەو ئێتحادیەدا کۆ دەبوونەوە یا تەفەکوری توودەیان هەبوو، یا ئەفرادێک کە نزیک بوون لە حیزبی دێموکرات، هەر بۆیەشە کە بۆخۆتان ئیشارەتان کرد، حیزبی توودە نەزەری ئەوە بوو بتوانێ حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە بۆ لای خۆی رابکیشێتەوە، نەهایەتەن وەک فیرقەی دێموکراتی ئازاربایجانی لێ بکات یانی...

**غەنی بلوریان** یا حەدی ئەقل بیگەرێننەوە سەر دەورانی ئێمە...

**برایم فەرشی** بەڵێ، یا مەسەلەن بە جۆرێک ببیتە بەشی ئیالەتی حیزبی توودەی ئێران لە کوردستان ، هەر بۆیە دەبینین دوای کۆنگرەی چوار تەشکیلاتی موشەخەسی خۆیان وەک حیزبی توودە دروست دەکەن{دوای شەڕی سێ مانگە حزبی توودە رێکخراوی ئیالەتی خۆی لە کوردستان دامەزراند}، ئەوە روون و ئاشکرا بوو کە ئەندامانی حیزبی توودە لە نێو حیزبی دێموکرات دا هەن و دوای کۆنگرەی چواریش کە تەشکیل دەبێ، حیزبی دێموکرات{کوردستانی ئێران} سازمانی جەوانی حیزبی دێموکرات تێکدەشکێنێ، دوایە شتیکی دیکە بە جێگای ئەو دروست دەکات، گەر موشەخەستر لە سەر ئەو بابەتە قسە بکەن باش دەبێ.

**غەنی بلوریان** موشەخەستر ئەوەیە کە، ئەوەندەی کە من بزانم ئی دەورانی پێشووی خۆم، هەروەکوو عەرزم کردی، لەوێشدا کوتم **قاسملو**، عوزووی حیزبی توودە بوو، غەیرەئەز قاسملو هیچ کەسی دیکە عوزوەی حیزبی توودە نەبوو، بە تەوری رەسمی. قاسملوش لە سەرەوە لە گەڵ ئێمە هاوکاری دەکرد رابیت بوو، بەینی ئێمە و حیزبی توودە. پاشان دە مەرحەلەیەکیدا، مەخسوسەن بەعدەئەز ساڵی ٣٣ رەسمەن لە رۆژنامەی حیزبی دێموکراتدا کاری دەکرد، بەڵام عوزوویەتی حیزبی توودەشی هەر هەبوو. لە دەورەیەکی دیکەدا کە ساڵی ٣٧ بوو، هەر وەکوو عەرزم کردی **کەریم حیسامی** عوزووی حیزبی دێموکرات بوو، ئەو دەمی خەتەری ئەوەی هەبوو دەعوەتیان دەکردن بچن لە ٢١ی ئازەرێ نوتقێ بکەن، عیدەیەکیان دەعوەت کردبوو، بۆ ئەو نوتقەی، با ئێنکە کەریم حیسامیان دەعوەت نەکردبوو بەڵام کەریم حیسامی ئەوەی بە عینوانی تەهدیدێک تەڵقی کردبو و ئیستافادەی لەو جەریانەکرد بۆ ئەوەی بچێ بۆ عێراقێ. حەقیقەتن تەجروبە سابتی کرد کە ٢١ ئازەر تەواویش بوو کەسیان نەگرت و **کەریم حیسامی** لە گەڵ **عەزیزی فەلاحی** بێخود رۆیشتن بۆ عێراقێ، یانی ئەوانە لە موجەویزێکی دەگەڕان کە بڕۆن بۆ عێراقێ، ئەو میجوزەش هەر ئەوە بوو کە، لەو دەعوەتەی ئیستفادەیان کرد، با ئێنکە کەریم حیسامی دەعوەت نەکرابوو، با ئێنکە کە قەرامان دانابوو نەچینە دەرێ. ئەمن مەسئولیەتم هەبوو لە مەهابادێ، بلاخرە عوزووی رەهبەری بووم، وەختێکی بەوانە دەڵێم کە نابێ بڕۆن، دەبێ بلاخرە مراعات بکەن، بەڵام بە عیقیدەی من ئەوانە مەیدانی مبارزەیان تەرک کرد و رۆیشتن، بۆ وەزعی خۆشی عێراقێ کە مەلا مستەفا لەوێیە و قاسم لەوێیە، وەزعێکی خۆشیان هەیە. وەدوای ئەوەی کەوتن.

بەڵام کەریم حیسامی ئەو کتێبانەی کە نووسیویەتی بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە نووسیویەتی، سەدی ٨٠دەرجە خیلافی ئەوەی نووسیوە کە هیچی واقعیەتی نییە. ئەو کەریم حیسامیە کە لەوێدا نووسیویەتی کە ئەمن، لە تەرف کۆمیتەی مەهاباد مەئمور کرام بچمە عێراقێ، عیدەیەک کوردەکانی دێموکراتی عێراق کە سازمانیان بدەم کاملەن بێ پایەیە. هەمچین شتێک نییە، چوون مەسئولی کۆمیتەی مەهابادێ یەکیان **هاشم حسێن زادە** بوو، بۆ هاشم حسێنزادە هەمچین شتێکی بە من نەدەگوت، ئەمن عزووی کۆمیتەی مەهابادیش بووم لە گەڵ ئەوان. زمنی ئەوەی عوزووی رەهبەری بووم، لە کۆمیتەی مەهاباد هەمکاریم لە گەڵ ئەوانیش دەکرد. بۆ ئەو مەسەلە بۆ من مەترەح نەبوو، لە کۆمیتەی مەهابادێدا، ئەوە خلافی واقیعە کە کوتویەتی. ئەو شەخسە{کەریم حیسامی} زیاتر لە ساڵ و نیوێک دوو ساڵ نەماوە لە عێراقێ، قولاب کێش کرا بردرا بۆ بولغارستانێ، بۆ ئەوەی لە پەیکی ئێران کار بکات و چوو لەوێ لە پەیکی ئێرانێدا کاری کرد. ئایا کەسێک لە پەیکی ئێرانێدا کار بکات رێگای دەدەن بچێ لە ئورگانێکی کە پەیکی ئیرانە عوزووی حیزبی توودەی نەبێ، رێگای بدەن، ئەوە مومکینە؟ شایەد حیسابیان لە سەر کردووە بە خاتری ئەوەی لە گوزوشتە لە حیزبی دێموکراتدا هەم فکر بوو، هەر وەکوو ئێستای مە، هەم فکر بووین بائێنکە ئەنکێتیشمان پر نەکردۆتەوە، بەڵام هێناوینە رەهبەری.حیزبی توودەش. ئەو میعیارەی بۆ خۆی داناوە، کە ئەو شەخسە عوزووی حیزبی دێموکرات بوو، جیناحی چەپی حیزبی دێموکرات بووە،

بەنا بەرئین ئێستا کە هاتۆتە دەرەوە، دەتوانین بە ناوی عوزوێکی حیزب بیکێشین بۆ لای خۆمان هیانویانە بردوویانە لە پەیکی ئێران دایانناوە. و ساڵها لە پەیکی ئێرانێ لە پەیکی ئێران بە زمانی کوردی قسەی کردووە، بۆ خۆشی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی. ئەوە یەک کەریم حیسامی.
یەکیکش **حەمەدەمینی سیراجی** بوو لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بوو، لە گەڵ قاسملو و ئەوان لە بەغدایە، ڕابیتی حیزبی دێموکرات لە گەڵ حیزبی بەعس بووە لە بەغدا. وەلی ئەو تەفەکوری تەرفداری لە ئەفکاری حیزبی توودەی هەبووە، نەک بڵێم عوزووی حیزبی توودەی بووە، بەڵکە ئەفکاری وەک ئێمە کە چۆن، لە ساڵهای ٣١ و ٣٢ لایەنگری تەفەکوری ئەنترناسیۆنالیستی و سوسیالیستی عیلمی بووین، ئەویش هەر بەو شێوەی بۆ حیزبی توودەی، ئەو ئەرزش و مەقامەی قایل بوو وەکوو حیزبێکی کۆمۆنیستی تەبەقەی کارگەر بیانسێ و هەواداری نەزەری بێ، لە لحازی فکرییەوە هەواداری بکات. بەڵام بە عوزووی حیزبی توودە ناژمێرردرێ، لە حیزبێکی وەکوو حیزبی دێموکراتدا تەیف های موختەلفی تێدایە، دەتوانێ عەناسوری کۆمۆنیستیشی تێدا بێ، دە گەڵ ئەحزابی کۆمۆنیست لە لحازی فکرییەوە، پێوەندی هەبێ، تازە کەریم حیسامیش عوزووی دەفتەری سیاسی بووە لە گەڵ قاسملو و حەمەدەمین سیراجی، ئەشخاسی وەکوو **ڕەسوڵ پێشنماز، سمایل حاجی، سەید ڕوسولی دەهقان،** بە غەیرەئەز **مەلا عەوڵای حەیاکی،** کە عوزووێکی کاملەن میللی ناسیۆنالیست تەنگ نەزەریش بوو. شایەد سەید رەسوڵ دهقان ناسیۆنالیستێکی موتەرقی بوو، مەلا سمایلی حاجی و مەلا ڕەسوڵ و ئەوانە دارای تەفەکوری تەرفداری سوسیالیزمی عیلمی بوون و موخالفی ئەو شێوە سوسیالیزمە بوون کە قاسملو لە نێو حزبی دێموکراتدا جاری دەکرد، سوسیالیسمی دێموکراتیک هەمیشە لە سوسیالیزمی عیلمی فەراری دەکرد. سوسیالیسمی عیلمی نا سوسیالیسمی دێموکراتیک. یا دادپەرەرانە، بەڵام ئەو مەلا سمایلە و مەلا ڕەسوڵە دەگەڵ حەمەدەمینی سیراجی موافقی ئەو تەفەکورەی نەبوون بەڵکە، خۆیان بە تەرفداری سوسیالیسمی عیلمی دەزانی.
دیارە زیبیدیەتیشیان لە گەڵ حیزبی توودە نەکردووە پێشتر. بەڵام زیاتر لەوان حەمەدەمینی سیراجی مودافعی حیزبی توودە بووە، ئەغلەب کتێبی کە هێناویانە مونتەشریان کردووە، لەویدا بڵاوی کەنەوە لە نێو بەدەنەی حیزبدا بیخوێنەوە دیارە حەمەدەمینی سیراجی هیناویەتی، ئەو کتێبانەی کە چاپی حیزبی توودە بووە، کتابی مارکسیستی پەخشی بکات. قاسملو موخالفەتی دەکرد کە تۆ کتێبی حیزبی توودە دێنی پەخش دەکەی، ئەویش کوتویە کاکە کتێبی حیزبی توودە نییە و کتێبی تئۆریکە و حیزبی توودە چاپی کردوە. بەنابەرئین فەرموو ئەوە نێوی حیزبی توودەم خەت کێشا وەلی کتێبەکە کتێبێکی تئۆریکە، با ئەو جەوانانەی کورد بیخوێنەوە، گوناح نییە خۆ، دیارە قاسملو موافقی ئەوەی نەبوو. بەڵام حەمەدەمین سیراجی ئەوەی کردووە، تەفەکوری خۆی نیشانداوە و نەیشاردۆتەوە. ئەوانە بوون ئەو جارەکانە پێش ئەوەی ئینقلاب ببێ، حیزبی توودە دیارە فەعال بووە، گروهای دیکەی مەنتەقەی کوردستان، چریکهای فەدایی فەعال بوون، کۆمەڵە فەعال بووە، ئەوانە فەعال بوون، موشەخەسەن، ئیتحادی کۆمۆنیستها دەویست بە تئوریک خۆی نیشان بدات، فەعالیەت بکات. حیزبی توودەش فەعال بووە و عەناسورێک تەرفداری حیزبی توودە بوون یان عوزووی حیزبی توودەی بوون، پێش ئینقلاب. دوایە پاش ئینقلابیش بوون بە عوزوو. عوزووی حیزبی توودە، ئەوانە لە عەینی حاڵدا عوزووی حیزبی توودە بوون، وەختێکی حیزبی دێموکرت هاتۆتەوە و ئینقلاب کراوە ئەوانە خۆیان بەعینوانی حیزبی دێموکرات مەترەح کردووە و هاتوونە ناو حیزبی دێموکراتەوە، و ئەوەڵین کەسێکی کە لە گەڵ بەخشێک لەوانە لە سەرەوە مولاقاتی کردووە خودی **عەبدوڵای حەیاکی** بووە ، بۆ دامەزراندنی سازمانی جەوانی حیزبی دێموکرات کاریان لە گەڵ بکات، لە گەڵ ئەو ئەشخاسەی کە من ئەو دەمی ئەوانەم نەدەناسی، بە تەوری موشەخەس، حەتتا نێویشم نەدەزانین، هی زۆریان حەسەن ماوەرانیم فەقەت دەناسی، لە بۆ ئیستقبال و ئەوانە هاتبوو من بەرێتەوە، لە گەڵ تیعدادێکی دیکە فەقەت ئەوم لە بیرە بە تەوری موشەخس، لە یادم بێ بیناسم. بەڵام ئەو دەمی **حەسەنی ماوەرانی** کە بارها سوحبەتی دەکات، دەڵێ ئەو دەم عوزووی حیزبی توودە نەبووم، هەوادار بووم، بەڵام هەواداریش بووبێت عوزوێکی فەعال بووە، لە گەڵیان بووە، دەزانم حەسەنی ماوەرانی لە زیندان بووە و زیندانی کێشاوە، بەڵام ئەو دەم موشەخس دەزانم وەختێکی لە زیندانێدابوو، عوزووی حیزبی توودە نەبوو، ئەوندەی موشەخەسەن دەزانم. بەڵام لە زیندان هاتۆتە دەرێ بۆتە عوزووی حیزبی توودە، بووە ئەوەی نازانم. ئەما موشەخەسەن دەزانم ئەفرادی وەک **حوسێنی بەخشی** ، جەوانەکانی دیکە کە پەیرەوی کۆنگرەی چوارەم بوون، ئەوانە عوزووی حیزبی توودە نەبوون. موشەخەسەن ئەوەی دەزانم. ئەوەی کە هاتن لە کۆنگرەی چوارەوە بونیادی کۆنگرەی چواریان دانا ئەوانە عوزووی حیزبی توودە نەبوون. ئەوەی موشەخەس دەزانم بڵکە، حاملی تەفەکوری عیلمی و پەیرەوی لە سوسیالیسمی عیلمی بوون. عەتفیان بۆ حیزبی توودە هەبوو. عەتفیان بۆ ئەفکاری حیزبی توودە هەبووە، بلاخرە ئەفکاری حیزبی کۆمۆنیستیان هەبووە، ئەوانە لە بەدەنەی حیزبی دێموکراتدا بوون.
دوای ئینقلابێ وەختێکی شەڕی سێ مانگە بووە، خودی ئەوانە هەموویان هاتونە دەرێ، تفەنگیان هەڵگرتووە و وەک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هاتوونە دەرێ، لە شاخی بووە، کە حیزبی توودە موتەوجیە بووە ئەوانە نابێ لە شاخی بن، تفەنگیان پێ بێ و لە نێو پێشمەرگاندا بن، سبحەینێکانە جمهوری ئیسلامی موتەوجە بێ و بڵێ ئەعزای حیزبی توودەش ئەسلەحەی هەڵگرتووە، دژی جمهوری ئیسلامی بەشەر دێ، زیانی سیاسی هەیە بۆ ئەوان، دەستوریان داوە بێنە خوارێ ئەسلەحەی دانین. بێنەوە داخڵی شاری، دەمانەوێ کۆمیتەی ئیالەتی دروست کەن. بەو عینوانەی لە نێو پێشمەرگە خارجی کردووە، هاتوونە خوارێ و خۆیان تەرمیم کردۆتەوە. کۆمیتەی ئەیالەتیان لێ درەست کردووە، بەڵام ئەوەی ماوە لە نێو حیزبی دێموکراتدا عوزووی حیزبی توودە نەبوون، دەنا دەستوری ئەوانیان ئیجرا دەکرد، مەگەر ئەوەی بۆخۆیان بەعزە عەواملێێکیان هێشتبێتەوە ،لە نیو حیزبی دێموکرتدا، دیارە لە بەعزە مەناتقێکی لە سنە و ئەوانە، ئەفرادی موشەخەس دیاریە خودی ئەو **رەحمەتی عەتریە** یەکێک لەو عەواملانە بووە، کە هەواداری حیزبی توودە بووە، حیزبی توودە سەوقی

داوە بێتە نێو حیزبی دێموکراتەوە. دیارە ئێستا باسی دەکەن دەڵێن بەو نییەتەی بووە ئەوانە عوزووی حیزبی توودە نەبن، با نەبن بە عوزووی حیزبی توودە، ئەلعان کە حاملی ئەو تەفەکورەن، بچن لە گەڵ دێموکرات تێکەڵ بن، حاملانی ئەو تەفەکورە لە دەروونی حیزبی دێموکراتدا تەقویت بکەن، بەو نییەتەی ئەوانەیان ناردووە بۆ نێو حیزبی دێموکرات. دیارە لەوێش حەتمەن ئیتلاعاتێکی بێ وەریگرن، دەتوانی ئەوەی حیساب بکەی. وەلی نە بە عینوانی حیزبی توودەی هاتبن بەڵام ئەشخاس هەبووە، کە وەکوو کادر ئەمە عوزووی حیزبی توودە بووە ڕەسمەن و بەڵام وەکوو کادر ئەمە قەرزمان کردووە، کە لە لحازی ئاموزشی و کاری سیاسی و ئەوانە پایەکێان هەبووە بۆ ئەوەی بێنە لە نێو وێدا بە عینوانی ئاموزش کۆمەک بکەن. ئەوەش بووە موشەخەسەن یەک دوو نەفەر بووە، زیاتر نەبوون.کە ئێستاش عوزووی حیزبی توودەن.

**گەڵاڵەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە**

**برایم فەرشی** باسی پلاتفۆرمی نووسەرانی حیزبی دێموکراتان کرد کە **فاروق کەیخوسرەوی** و **حەمەدەمین سیراجی** هاتن بۆ لای ئێوە، دوای باسی ئەوەتان کرد کە موتەجە بوون لە شکڵ گیری ئەو جەریانەدا **عەلی گەلاوێژیش** نەخشی هەبووە، ئەو پلاتفۆرمە موشەخەسەن لە لایەن کێوە نووسرابوو؟

**غەنی بلوریان** ئەو پلاتفۆرمە خودی **حەمەدەمینی سیراجی** و **فاروق کەیخوسرەوی** تەدوینیان کردبوو، دوایە دابوویان بە **عەلی گەلاوێژ** دەستکاری کردبوو، ڕازاندبوویەوە و دوایە بردبوویەوە تارانێ و دیارە کیانوری و وان دیتبویان. دوایە مەعلوم بوو، تەغییراتێکی کە تێدا دراوە، هیناویانە گەڕاندویانتەوە بۆ حەمەدەمینی سیراجی و فاروقی کەیخوسرەوی، ئەوانەش بۆ خۆیان موجەدەدەن ویراشکارییان تێدا کردووە، دەستکاری جزئیان تێدا کردووە، نە عومدە. بەو شێوەیەی کە مونتەشیر بوو، هێنایان بۆ من، بەڵام دە مەرحەلەی ئەوەڵدا بە مەیان نەکوتووە کە ئەو دەورانەی تەی کردووە، ئەو پلاتفۆرمە. وەکوو پلاتفۆرمێکی بۆ خۆیان تەهییەیان کردبێ، بۆ منیان هێناوە، پاش ئەوەی ئیمزا کراو کۆنگرەی چوار تەشکیل بوو بە تەدریج موتەجهی، حەوادسەکەی بووم و ساڵهای بەعد جوزئیاتی زیاترم زانی، لە شکڵ گیری ئەو پلارفۆرمەدا، بەڵام چوون بۆ خۆم ئەو پلاتفۆرمەم قەبوڵ بوو، ماهییەتی پلاتفۆرمەکەم قەبوڵ بوو، لە گەڵ ئەفکاری من دەیخوێندەوە، ئەمن پلاتفۆرمەکەم ئیمزا کرد. تەئیدم کرد، کە مامۆستا هێمنیش ئیمزای کرد. دوایە بردیانەوە هەر حەوت نەفەرەکە ئیمزایان کرد.

**میعماری پەیرەوانی کۆنگرەی چوار، ئەندامێکی سادەی حیزبی دێموکرات بوو**

**برایم فەرشی** چۆناوچۆنە لە نێو ئەو حەوت نەفەرەدا نێوی خودی حەمەدەمینی سیراجی نییە؟

**غەنی بلوریان** حەمەدەمینی سیراجی بەو عیلەتەی نێوی نییە، چوون ئەوانەی ئەو پلاتفۆرمەیان ئیمزا کردووە، ئەعزای کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون مونتەخەبی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، حەمەدەمین سیراجی لە کۆنگرەیدا ئیتخاب نەکرا بە عینوانی ...

**برایم فەرشی** دەکرێ بپرسم بۆچی ئەو کە عوزووی هەیئەتی سیاسی حیزبی دێموکرات بووە.....

**غەنی بلوریان** عیلەتی ئەوەیە کە لە کۆنگرەی چواردا ئەو نەیتوانی خۆی چاک مەترەح بکات، قسەیەکی کرد کە بەعزێک ئەفراد ئارایان لێوەرگرتەوە، هات سوخەنرانی کە کرد ڕاجع بە ئینقلابی ئێران قسەی کرد کوتی ئەو پێشمەرگانی حیزبی دیموکرات لە باتی ئەوەی شەڕ لە گەڵ پاسدارن بکەن دەبێ، دوش بە دوشی پاسداران لە ئینقلابێ دیفاعێ بکەن، لە حاڵێکدا ئێمە لە حاڵی شەڕ دابووین، و ئەو قسە زیانی پیگەیاند، دیارە خۆی لۆ دا دەقیقەن، دروست خۆی لە خەتی حیزبی توودەدا نیشان دا. ئەوە سەبەب بوو ڕەیی نەهێنێتەوە. ڕەیی هێنابوو بەڵام بەحەدی نیساب نەگەیشتبوو.

ئەو ئینتخاب نەکرا، بەڵام ئەفرادی دیکە مامۆستا هێمن ئینتخابی بوو، ئیفتخاری ئینتخاب کرا بوو بە ئیتفاقی ئارا. ٦ نەفەرەکەی دیکە ڕەسمەن لە کۆنگرەی هەڵبژێردرا بوون بە عینوانی ئەندامانی کۆمیتەت ناوەندی. بۆیە ئەو ئیمزای نەکردووە، ئەوە بەخشێک لە کادرهای ڕەهبەری حیزبی دێموکرات ئیمزایان کردووە، سیراجی عوزووی ڕەهبەری نەبوو عوزووی سادەی حیزب بوو، ئەوە قەبلەن عوزووی هەیئەتی سیاسی بوو ئەو دەمەی لە عێراق بووە.

**پێوەندی نێوان پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی ئێران**

**برایم فەرشی** مام غەنی لە ئیعلامی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار، هەتا ئەو دەمەی حەملە بە حیزبی توودە دەکرێ، تەشکیلاتی کۆنگرەی چواریش لە کوردستان دەێتە دەرێ، کۆنگرەی چوار چ کارهایەکی کرد دوایە، ڕابیتەی لە گەڵ حکومەت چۆناوچۆن بوو، حەرکەتی سیاسی چۆن بووە و چی کردووە؟

**غەنی بلوریان** عەرزت بکەم، کۆنگرەی چوار کە تەشکیل بوو ئەوەڵین کارێکی کە کردی، ڕۆژنامەی کوردستانی باز بە عینوانی ئورگان ئینتخاب کرد و مونتەشری کرد، کە وەزنی کوردستانی کۆنگرەی چوار زۆر باڵاتر بوو لە وەزنی کوردستانی جناحی دیکەی قاسملو مونتەشریان دەکرد. دیارە ئێمە ، هەدەفی ئێمە لە جودا بوونەوە و تەشکیلی کۆنگرەی چوار ئەوە بوو کە ئێمە موسەوباتی کۆنگرەی چوار کە بە ئیتفاقی ئارایی حازران دەر کونگرە کە ١٢٠ نەفەر بوو و ئەوە

خەدشەدار کرابوو لە تەرەف جناحی قاسملو و ئەوانەوە و ئێمە موعتەرز بووین بە خەدشەدار کردنی ، موعتەقد بووین ئەو موسەوباتە موحتەرم بژمێردرێ. موردی ئەهمیەت قەرار بدرێ، و بەو ڕیبازییدا بڕون، کۆنگرەیەکمان تەشکیل داوە و موسەوباتی هەیە دەبێ بۆ ئەو موسەوباتە حەرەکەت بکەی هەتاوەکو عەکسی ئەوی سابیت دەبێ، حەتتا حاکمیەت نیشان دەدا، ئەو موسەوباتە ئەرزشی نییە بۆی و موزاکرەی ڕەد دەکاتەوە. هەتا ئەو دەمی موسەوباتی کۆنگرەی چوار ئێعتباری هەیە، حیزب دەبێ بۆ ئەو موسەباتە ئیعتبار قائیل بێت، ئیحترام بۆ ئیمزای خۆی دابنێ، بەڵام ئەوان موتەئسفانە ئیحترامیان بۆ ئیمزای خۆیان دانەنا، غەلەت یا دروست، بلاخرە ئەوە تەسویب کراوە، دەبێ پێیدا بڕۆی . لەغوی بکەی دەبێ کۆنگرە لەغوی کاتەوە، ئەگەر دەتەوێ موعەلەقی ڕابگری دەبێ ئیستدلالت بۆی هەبێ، بۆ تەعلیقی نەک پێشیلی بکەی مونتوشری نەکەی و بۆحاکمیەتیشی نەنێرێ. لە حاڵێکد تەشکیلی کۆنگرەی چوار بۆ نیشاندانی پۆزی موسبەت بە حاکمیەت بوو. بەنابەرئین ئەمە بەو ڕێگایەییدا ڕۆیشتن کە کۆنگرەی چوار تەسویبی کردبوو. بۆ حەلی موسالمەت ئامیزی مەسەلەی کوردستان و تەحەقوقی بەخشێک لە خواستەکانی خەڵکی کورد. ئەمە پلاتفۆرمی موختلفمان داوە بە حاکمیەتی جمهوری ئیسلامی، بە عینوانی کۆنگرەی چوار بە عینوانی کۆنگرەی چوار، کە حەلی موسالمەت ئامیزی کوردستان با ئەهمیەتە، حەلی مەسەلەی کوردستان ڕێگای شەڕی نییە، لە تەریقی جەنگەوە حەل نابێت، بەڵکە لە تەریقی موزاکرەوە حەل دەبێ، و بەوەسیلەی نمایەندەگانی خۆمان، ئێمە تەوزیحمان داوە بۆ حاکمیەت کە خەڵکی کورد سەوابقێکی هەیە، تاریخێکی هەیە، بەنابەرئین ئەو لایحانەی کە ئێمە تەقدیممان کردووە، مەوردی ئەرزیابی حاکمیەت قەراری گرتوو تەسویبی کۆمیتە مەرکەزی ئێمە بووە، هی پەیرەوانی کەنگرەی چوارەم، هەیئەتی سیاسی. موزاکرە کراوە حەتتا ئەمە نمایەندەمان تەعین کردووە حەمەدەمینی سیراجی و ڕەحیم قازی ، دوکتور رەحیمی قازی کە ڕەسمەن لە گەڵ ڕییسی مەجلسی ئێرانێ هاشمی ڕەفسەنجانی موستەقیمەن چوون موزاکرەیان کرد، لە سەر حەلی مەسەلەی کوردستان ئەو پلاتفۆرمەی ئیمە دەبێ بیدەین، قسەیان لە گەڵ کردووە. کوتویانە کاکە گیان، مەسەلەی کوردستان ڕێگای شەڕی نییە، دەبێ بە وەسیلەی موزاکرە حەل بکرێ، تەوزیحاتێکی ئوسولی و حەتتا مونتەبق لە گەڵ قانوونی ئەساسی ئێرانێ بۆ هاشمی ڕەفسەنجانیان داوە. ڕەفسەنجانی گەڕاوەتەوە کوتیەتی من هەتا ئەورڕۆکە لە بارەی مەسەلەی کوردستان لە شورای ئینقلابدا مەوزعی موخالفم هەبووە، و حەتتا لە سەر مەسەلەی خودگرانی موخالف بووم. ئەوە نیشانی دا بە مە کە ئەوەی داریوش فروهەر لە شورای ئینقلاب دەیگوت مەلاکان موخالفی تەرحی خودگەردانین کە ئێمە تەهیەمەمان کردوە ، جناحی حکومەتی بازرگان و بەنی سەدر و داریوش فروهر سەباغیان و جناحی نیهزەتی ئازادی و جبهی میللی بوون، ئەوانە موخالفی ئەو پلاتفۆرمە بوون، موخالفی ئەو موسەوبانە خودگەردانییە بوون. ئێمە باوەڕمان نەدەکرد بەڵام وەختێ هاشمی ڕەفسەبجانی بە سەراحت دەڵێ یەکێک لەوانە بووم، کە مخالفەتم حەتتا لە گەڵ خودگەردانی کوردستان کردوە و موخالفەتم لە گەڵ موزاکرەکردن کردەوە، دیارە هاشمی ڕەفسەنجانی یەکێک لە گەردانەندەگانی شورای ئینقلاب بوو. قەتعەن مەلاکانی دیکەش موخالفەتیان کردووە، ئەمما ئێستا بەو تەوزیحاتەی کە ئێوە بۆ منو دا ئەمن لەو فازەی هاتوومە خوارێ، موعتەقدم مەسایلی کە مەترەحی دەکەن، قابلی تەوجوە. ئێوە دەتوانن بینووسن وەکوو تەرحێک بیدەن بە حکومەت. کە هاتەوە ئێمە تەرحەکەمان تەهیە کرد، بۆخۆشمان تەرحەکەمان تەهیە کردووە، هیچکەس نەقشی لە تەرحەکەدا نەبووە، پەیرەوانی کونگرەی چوار بوون. ئەمە تەرحەکەمان تەهیە کردوە و داومانە، ئەوانە بەرڕەسیان کردووە، پاش بەرڕەسی تەلەفونی بە دوکتور قازیان کوتبوو ، ئەو تەرحەی کە ئێوە داوتانە ئێمەش تەرحێکمان بەرنبەری ئەو تەرحە تەهیە کردووە، کە تەقریبەن زۆر نزیکایەتی هەیە بەو تەرحە. بەڵام مەتنەکەیان بەو نەکوتبوو. بەڵام دیار بوو ئەوانە باوەڕیان بە مە نەبوو، ئێمەیان بە چەپ دەزانی، لە حاڵێکدا ئەوانە لە عەواملێک دەگەڕان کە ئەوەڵەن موسڵمان بێ، و بتوانن تەحتی تەئسیری قەرار بدەن، دەیانزانی ئەوان ناتوانن ئێمە تەحتی تەئسیر قەرار بدەن و نەشیاندەویست چیهرەی ئێمە بە عینوانی، مودافعانی دێموکراسی بۆ ئێران و خۆودمختاری بۆ کوردستانین، لە تەریق موزاکرەوە دەمانەوەێ مەسلەی کوردستان حەل بکەین، نەیاندەویست ئەو چیهرەیەی ئێمە لە کوردستان موشەخەس بێ، یانی ڕەسمەن لە گەڵمان موزاکرە بکات، لە ڕۆزنامەدا بنووسن، لەوی فەریاریان دەکرد. نەیاندەویست ئەمە مەترەح بین. دیارە سیاسەتیان ئەوە بوو ئێمە لە کوردستان مەترەح نەبین. خودی قاسملوش ئەو سیاسەتی هەبوو، کە نەهێڵی ئێمە مەترەح بین، و مورەتەب ئیتهامی لە ئێمە دەدا، و نیگەرانی ئەوەی بوو ئێمە بتوانین ڕێگایەکی تەفاهوم ببینینیەوە. ئەوە ئێستا سابت بووە، قسەی تێدا نییە، ئەوانەی کە هەن لە حیزبی دێموکرات جودا بوونەتەوە باس دەکەن وەختێکی موزاکرات بەینی کونگرەی چوار و حاکمیەت بوو قاسملو وەحشەتی کردبوو. دەیگوت ئەوانە عاقیبەت ڕێگایەکی دەبیننەوە، ئێمە دەبێ موشەخەسەن جلوگیری لەو تەفاهومە بکەین، ئێستا هەن ئەشخاس بەنابەر ئین ئەمە موتەجە بووین ئەوانە لە گەڵ ئێمە بە تەفاهوم ناگەن. ئێمەیان موردی قەبوڵ نییە، ئێمە ڕێگایەکی دیکەمان دیتەوە بۆ حەلی مەسەلەی کوردستان، ئەوەی کە لە مەلاکانی سالمی کورد ئیستفادە بکەین، ئەو مەلایانەی کە لە حەقیقەتدا دەمێننەوە و خوت فرۆش نیین، دەنێو ئەوانەدا موشەخەسەن چێهرەیەکی وەکوو مەلا کەریم شاریکەندیمان دیتەوە کە ئیقتادمان پێی بوو کوردێکی سالمە، و ئینسانێکی موستەقلە و ئینسانێکی شوجاعیشە. دیارە ئەوایلی کار لە گەڵ زەمزەمەی موخالفەتیان بڵیند کردبوو جمهوری ئیسلامی، پاسدارەکان بە تایبەت، کوتبوویان ئەو شخەسە دەفعەیەک لە پیرانشار لە سوخەننرنییەکیدا لە مزگەتێکیدا بەر زییدە ئیمام حسێن و جەریاناتی کەربەلایە قسەی کردووە، کوتویە جەریانی کەربەلایە جەریانێکی سیاسی بووە نە مەزهەبی، حوسێن ویستوویەتی قودرەت بە دەستەوە بگرێ، لە جێگای معاویە بۆخۆی بێتە حکومەت. جەریانێکی مەزهەبی نییە. ئەوە پوانێک بوو مەنفی بۆ مەلا کەریم، بەڵام چوون بۆیان موشەخەس بوو کە، مەلا کەریم لە نێو مەلاکاندا نفوزی هەیە، لە کوردستان ئیحترامی دەگرن، سەرفنەزەریان لەو پوانە مەنفیە کرد. بە

حیسابی خۆیان، مەلا کەریم دە گەڵ مەلاکانی دیکە مەلای شنۆ و پیرانشار و ئەترافی ئورمیە جەلەسەیەکیان گرتبوو و تەرحێکی کە ئێمە دابوومانێ ، موردی ئەرزیابیان قەرار دابوو بەڵام کوتبوویان، ئەو تەرحە دەبێ بگۆڕدرێ و بە شێوەی ئیسلامی بنووسرێ، ئینشاکەی شێوە مەلایانە بێ، زۆر ڕۆشنفکرانەیە. چەند ئایەتی قورئانی تێدابێ و ئیستناد بە قانوونی ئەساسی و ئەوانەی تێدا بێ، عەینی هەمان خواستەکان بەڵام بە شێوەی و سەبکی ئینشاییەکی دیکە. لە ئیختیاری مەلا کەریم و ئەوانمان نا. کوتبوویان ئێمە سەوادمان نییە تەرح و شتی بدەین. ئێمە قەبوڵمانە، ئێوە تەرحەکەتان جوانە، ئێمە قەبوڵی دەکەین بیبەین بۆ ئەوێ، دیارە ئەوان لە گەڵ ئێمە نەبوون لە کۆنگرەی چوارەمدا، هەواداری کونگرەی چوارمیش نەبوون، ئەوان بۆخۆیان ئینسانهای موستەقل بوون. عەناسوری مەزهەبی بوون لە عەینی حاڵدا کورد بوون. دڵسۆز بوون. مەخسوسەن مەلا کەریم و مەلا سەعدوڵا، کە موشەخەسەن لە گەڵ ئێمە لە زیندانێ بوو، بە عینوانی دێموکرات گیرابوو، ئەو تەرحەیان بردبوو موزاکرەیان کردبوو لە گەڵ مەقامات. لە گەڵ کێ مەلاقاتیان کردبوو، ئێمە دونباڵی ئەو مەسەلەمان نەگرت، وەلی دەمانزانی چوونەتە لای مونتەزری و گولپایگانی. مونتەزری نەزری موساعیدی نیشان دابوو پێیان، بەڵام گولپایگانی کە کوتبوویان مونتەزریش موافقی ئەو تەرحەی مەیە، گولپایگانی کوتبووی مونتەزری کۆمۆنیستە و بێخودی ئەو قسانەی کردوە، ئیسلام فەرقی نییە و بەینی ئیسلام تەفاوەت نییە ،ئەو قسانەی خومەینی دەیکرد. کە ئیسلام بە چاوی برا تەماشای هەموو ئەقوام و قەوم و قەبیلە دەکات. ئەو قسانەی خومەینی دەیکرد ئەویش تیکراری کردبووە، مەلا کەریم کە بەرخوردیان لە گەڵ کردبوو، کوتبووی ئێمە لە موزاکراتێکی کە کردوومانە، بۆمان دەرکەوتووە کە کۆنگرەی چوار زەمینەیەکی موساعدی فەراهەم کردبوو بۆ موزاکرەی ئێمە. تەرحێکی کە ئەوان داویانە تەرحێکی مەعقول بووە، تەئسیری داناوە لە سەر بەخشێک لە حاکمیەت، کە بە ئێمەیان کوتووە، ئەگەر ئێوە ئەو تەرحەتان هێناوە بتوانن جەمعێکی زۆرتری لە مەلایانی مەنتەقە و شەخسییەتهای ڕدێن سپی مەنتەقە، کە موردی قەبولی خەڵکی کورد بن، بیانهێنن وەکوو نمایەندەگانی خەڵکی کورد، ئێمە وەکوو جەهەتێکی دەوڵەتی لە گەڵیان دابنیشین. ئەوە ئەهمیەتی زۆرە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ موزاکرە لە گەڵ ئێوە بکەین دەبێ لە گەڵ جناحێکی موزاکرە بکەین کە ساحب ئیعتبارن و ساحەب نامن و دەمانەوێ شەڕ بکوژێتەوە، ئەگەر شەڕ ئیدامەی هەبێ و شەڕ نەکوژێتەوە، ئەو شەڕە بەنگۆ ناکوژێتەوە، دەبێ جناحێکی زۆر ، نمایەندەگانێکی زۆرتری خەڵکی کورد بێن بە شەرتێک وابەستە بو گروهایی سیاسی نەبن، ئەوەیان مەترەح کردبوو. کە مەلا کەریم و ئەوان گەڕابوونەوە ، لە تەدارەکی ئەوەی دابوون کە هەمچین کارێکی بکەن. لە ئیلام و کرماشان و قەسری شیرین و شارەکانی شیعەش و شارەکانی سوننیش مەلاکان و نوێنەرانی هەڵبژێرن و لە گەڵ خۆیان بیانبەن بۆ تارانێ. کە ئەوە بوو مەلا کەریمیان تیرۆر کرد، شایعە بوو کە کۆمەڵە تیرۆری کردووە، بەڵام کۆمەڵە دوایە ئیعلامیەی دا و تەکزیبی کردەوە، قاسملو و ئەوانیش لە ڕادیۆیدا حەملەیان بە مەلا کەریم کردبوو، کە مەلا کەریم دەیەوێ سازش بکات لە گەڵ حکومەت. ئەوە بوو ئیقداماتی کۆنگرەی چوار.

لە لحازی سازمانیەوە کارمان دەکرد، ئێمە حەوزەمان هەبوو، ئێمە جەلەساتمان هەبوو، لە مەناتقی موختەلفی کوردستانی، بەرە بەرە خەریک بووین کارمان گوستەرشی پەیدا دەکرد. کلاسی ئاموزشیمان هەبوو، کتێبمان دانابوو، مەسئولی ئاموزشمان هەبوو، کە **ڕەحمەتی بەرزەنجی** یەکێک لەونە بوو مەسئولی ئاموزش بوو، ئینسانێکی موتەلع بوو. کتێبمان دیاری کردبوو چ کتێبهایەک بخوێندرێتەوە، کە بیدەن بە جەوانان و ئەو کەسانە کە تەمایولاتیان هەیە بەسەمتی ئێمە. دیار بوو ئێمە کارمان دەکرد و موعتەقد بووین دەبێ تەفەکوری نەوین بدین، تەفەکوری عیلمی بدەین بە جەوانان. زمنی ئەوەیش ئەشخاسێکی موسڵمانیشن بێن ، وەکو سابق عوزووی حیزبی دێموکرات، دەتوانن پیرامونی ئەو حیزبەی هەمکاری بکەن، بەڵام زیاتر تەلاشمان دەکرد بۆ ئەوەی کە ئەو جەوانانە لە دەوروبەری خۆمان خڕکەینەوە کە، دەتوانن هەواداری سوسیالیسمی عیلمی بن، کارەکانمان ئەوانە بوون. شەرایتمان شەرایتی کاملەن مەخفی و نهێنی بوو. ڕۆزنامە و نەشریاتمان هەبوو. ئێعلامیەمان بە موناسبەتها بلاو دەکردەوە. دیارە جەهەتی قاسملو کە حەملەیەکیان دەکرد ئێمە جوابمان دەدانەوە، و ئەسناد و مەدارکێک کە هەمان بوو لە ڕابتە لەگەڵ وابەستەگی قاسملو و ئەوان بە بەعسی عێراق بۆ تەئیدی ئەو حەوت مادەیەش ئەساند و مەدارکمان هەبوو ، دەدا دەرێ ، دیارە ئەو دەمی **ڕەحمان کەریمی** لە ڕەهبەری حیزبی دێموکرات دا بوو فەرماندەی نیزامی بوو، گاە و گودارێکی ئەو ئەو ئەسناد و مەدارکانەی بۆ ئێمە دەنارد. فۆتۆکۆپیەکانی کە ئێمە ئیستفادەمان لێ دەکرد. چاپمان دەکرد.

**پەیرەوانی کۆنگرەی چوار حیزبی دێموکراتی کردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامی ئێران**

**برایم فەرشی** مامە غەنی بۆ کۆنگرەی چوار نەیتوانی لە گەڵ جمهوری ئیسلامی بە تەوافوق بگات؟
**غەنی بلوریان** عیللەتی ئەوەی کە بۆ نەیتوانی بە تەوافق بگات،ئەوە بوو کە ئەوان لە حەقیقەت ئێمەیان قەبوڵ نەبوو، ئێمەیان وەکوو عەناسوری چەپ تەلەقی دەکرد و شایەید فکریان کردبێتەوە کە حیزبی توودە بۆ خۆی کە هەیە ئەوەش باسکێکی حیزبی توودەیە، لەولایە ڕا عەمەل دەکات. شایەد وایان تەلەقی کردبێ چوون تەبلیغاتێکی وایان دەکرد، وایان تەبلیغ دەکرد کە ئەوانە ساختەی دەستی حیزبی توودەن. کە من باسم کرد جەریان چۆن بووە، حەتتا من لە سەر مەسایلی نیزامی لە گەڵ کیانوری شەڕمان لێ پەیدا بووە. کە ئەمە ٥٠٠ نەفەر پێشمەرگەمان هەبووە، کە کیانوری مخالفی ڕاگرتنی پێشمەرگە بوو، دەیکوت ئەمن نامەوێ لە گەڵ حیزبێکی پێشمەرگە بازییە بکات، نامەوێ ڕابیتەم هەبێ، ئەمن لە گەڵ حیزبێکی سیاسی ڕابیتە بگرە، ئەگەر ئێوە حیزبێکی موسەلەحەن، ئەمن ناتوانم لە گەڵ ئێوە ڕابیتە بگرم. ئەو قانون

هەیە فەرموون بچن تفەنگی دانێن و تەقازای قانوون بکەن تەقازای عەلەنی بوون بکەن. ئەو دەمی ئێمە ئیرتباتمان دەبێ، لە عەینی حاڵدا کە ئەو قسەی دەکرد کۆمەکیشی دەکردین، کۆموکی ماڵیان بە ئێمە دەکرد کە بتوانین لە سەر پێی خۆمان ڕابوەستین، چوون ئێمە ماڵێکمان دەویست جێگایەکمان دەویست. پەنایەکمان دەویست، زیندەگی بکەین خۆمان حەشار بدەین، ئێمە ئیمکاناتی ماڵیمان نەبوو، ئێمە کۆمەکمان دەویست. بلاخرە موخالفەتی جیدی لە سەر ئەو پێشمەرگانە لە گەڵ ئێمە دەکرد. ئەمە کۆمەک ناکەین بە پێشمەرگە و کۆمەکیشی نەکرد، ئەمن ناگوزیر بووم بۆ ڕاگرتنی ئەو کۆمەکە بچم لە سازمانی فیداییانی ئەکسەریت سەت هەزارتمەن پوڵ کۆمەک وەرگرم، کە مەرحومی جەواد کە ئیعدامیان کرد ئەو پوڵەکەی بۆ هێنام، ئەمە پێشمەرگەکانمان بەو کۆمەکە ڕاگرتبوو، موتەئەسفانە حیزبی توودە هیچ کۆمەکی بە ئێمە نەکرد، و بە شیدەت موخالفەتی کرد، و ئێمە لە موقابل ویدا عەکسولعەمەلمان نیشان دا، کوتمان ئێمە پێشمەرگەی خۆمان ڕادەگرین، ڕەسمەن پێمگوت ئێمە توودەیی نین. ئەمە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارین و حەقی خۆمانە کە بۆ خۆمان موستەقیمەن تەسمیم بگرین و پێشمەرگەی خۆمان ڕابگرین. لە زۆر مەواردان دا ئێمە بەرخوردمان دەکرد و تەفاهومان نەبوو دە گەڵ یەکتری. یا بەعزە ئیتهاماتێکیان لە حیزبی دێموکرات دەدا(بەشی قاسملو)، کە ئێمە مەوزعمان دەگرت لە موقابلیاندا، دەمانگوت کارێکی غەلەتە ئیتهامێکی غەڵەتە، نادروستە، شتی نادروست ئەمە ناکەین. ئەمە بەر ئەساسی سەند قسە دەکەین...

**برایم فەرشی** بەڵام...

**غەنی بلوریان** گەرچی من بۆخۆم دەزانم ئیتلاعم هەبووە، کە میقدارێک <u>چەندە هەزار دۆلارە ، چەند سەد هەزارە</u> نازانم ئەوەی دەقیق بەڵام دەمزانی لە سەنندوقی هۆلەندێ داندرابوو، بە عینوانی کۆمەک بە حیزبی دێموکرات. کە من ئەو دەمی لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات دابووم. جودا نەببوومەوە، وەدەر نەکەوتبووم ئیستعفام نەدابوو، مخالفەتم کرد لە گەڵ ئەو پوڵەی. کوتم ئەو پوڵە مەعلوم نییە بە چ قەسدێکی دانداراوە، سەنندوقی خەێریە بۆ بە گەداگۆشنەکانی خۆی کۆمەک ناکا بۆ بە حیزبی دێموکرات کۆمەک دەکات. دیارە حیساب کیتابێک هەیە، ئەمن ئەو پوڵە مەشکوکانە وەرناگرم، شتێکی بۆ من موشەخەس نەبێ نەزانم کێ دەیدا، و جیهەتەکەی نەناسم و قەبوڵم نەبێ ئەو جەهەتە کۆمەک وەرناگرم، نامەوێ وابەستە بە جەریانێکی بم، مغایری تەفەکوری خۆم. ئەگەر لە جناحێکی دیکەش پوڵ وەرگرم، بە تەعەهود وەرناگرم، هەر جناحێک بێ وەلۆ جناحی باوەڕپێکراوی خۆم بێ. ئەوەندەم زانی بەڵام ئەوەی ٩ ملیۆن دۆلارە هەیە کە دەڵێن، بۆ من ئێستاش مەحکومە، و ئیتهامێکە کە حزبی توودە ئێستاش نەیتوانیوە بە ئیسباتی بگەیێنێ، ئەو سەفەرەش <u>تەقریبەن ساڵ و نیوێک لەوە پێش ساڵی ٦٦ کە قاسملو یەک بار لە گەڵ عەلی خاوەری لە یەکێک لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی دانیشتبوو بۆ موزاکرە</u> ، ڕەهبەری حیزبی توودە ویستبووی قاسملو بێ موزاکرەیان لە گەڵ بکات. ئەڵبەتە قاسملوش بێ تەمایل نەبوو، کە دە گەڵ ئەحزابی کۆمۆنیست نەوعێک ڕابیتەی هەبێ، بە حیفزی ئیستقلالی خۆیەوە، لە گەڵ ئەو ڕابیتەی موخالفەتی نەدەکرد، پێشی خۆش بوو تەلاشیشی دەکرد، حەتتا تەلاشی دەکرد لە گەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی ئیرتبات بگرێ، نەشریاتی ئەخیری جیناحی شۆرشگێر جودا بۆتەوە موتەهەمیان کردبوون جناحی شۆرشگێر کە ئەوانە حیزبی دێموکراتیان لە وڵاتانی سۆسیالیستی دوور کردۆتەوە و ئەحزابی شۆرشگێر، جناحی قاسملو ڕەدیان داوەتەوە، نووسیویانە لە ڕۆژنامەکەیاندا ئێمە نە تەنیا ، ئەوانە درویە دەکەن و ئیتهام لە ئێمە دەدەن هەتا ئێمە ئیقداماتمان کردووە دە ڕابتە لە گەڵ ئەحزابی سۆسیالیستی. ئەحزابی موتەرەقی. و پێشرەفتهاییەکیشمان کردووە، ئەو نەشرییەکەیان لە سەتحی جیهانیدا بڵاو بۆتەوە. بەنابەرئین قاسملو بێ عەلاقە نەبووتەماس بگرێ لە گەڵ ئەحزابی کۆمۆنیست و لە گەڵ حیزبی توودەش. بەڵام ئەوە حیزبی توودە بوو کە قاسملوی دەعوەت کردبوو. قاسملو شەرتی ئەوەلی تەفاهوم لە گەڵ حیزبی توودەی مسئەلەی ئیعلامی ئەوەی لە ڕۆژنامەیدا، ڕەدی ئەو ئیتهامەی بوو، کە ئەو ئیتهامە حیزبی توودە ڕەدی کاتەوە ڕەسمەن. بڵێ ئەو ئیتهامە ئیشتباە بووە، ئێمە ئەو ئیتهامە پەس وەردەگرینەوە. ئەوە دەتوانێ ڕێگای وەحدەت و نزیک بوونەوەی ئێمە بوو، نە تانها ئەوەی کوتبوو قاسملو بەڵکوو ئەوەشی کووتبوو کە بۆ منی گێڕاوە، بۆ خۆی کوتی لە دەفتەری سیاسی حیزبی توودەش مەترەح نەکرا بەڵام خاوەری بە تەوری جەنبی کە سۆحبەتمان لە گەڵ دەکرد، خارج لە جەلەسەی تەئییدی کرد کە قاسملو کوتبووی حەتتا، ئەگەر ئەنگۆ ناتانەوێ ئەوەی تەسویب بکەن ڕۆفەقای شورەوی بە من بڵێین کە سەرفنەزەرێ بکەم، لەو خاڵەی ئەمن حازرم سەرفنەزەر بکەم لەو خاڵەی، لە ئەنگۆ نزیک بمەوە. حەتتا ئەوەشی پێشنهاد کردبوو. کە دیار بوو حەولی بۆ ئەوەش دەدا. دەستێک بهاوێتە شوورەوی دیارە نمایەندەشی ناردبوو بۆ شورەوی حەتتا نمایەندەی ناردبووە ئەفغانستانێ. مەلا عەوڵای حەیاکی نمایەندەی بوو کە چووبووە بۆ ئەفغانستانێ موزاکرەی کردبوو لە گەڵ دەوڵەتی ئەفغانستانێ. نمایەندەی ناردبوو بۆ شورەویش. ئەوی کە قاسملو لە نەشریاتی خۆیدا دەڵێ ئەمە ئیقداماتمان کردبوو دیارە درۆیە ناکا، دروستی کوتووە. وەلی ئیقداماتەکانی هیچی نەتیجە بەخش نەبووە. لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسەی نێوانی نزیک بووە، لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالیا ئیرتباتی نزیک بووە، بۆ ئەوەی ئیعتباری خۆی بەوجوود بێنێ، زمنی ئەوەی لە گەڵ ئەحزابی سۆسیالیست ئیرتباتی هەبوو ، سۆسیال دێموکراسی دە کۆنگرەهای ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستەکانیش ئەغلەب بەشداری کردووە و ڕەسمەن دەعوەتی لێکراوە. قاسملو لە یەکێک لە کۆنگرەکانی خۆیاندا پێم وایە ٦ یان ٧ بوو ڕەسمەن گۆڕانی ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەترەح کردبوو، کە نێوی بگۆڕن بە سۆسیال دێموکراسی کە بتوانێ ببینە عوزووی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیست. ئەوەی مەترەح کردبوو کە موردی ئیعترازی شەدیدی حازران قەراری گرتبوو، و قاسملوی قەهری کردبوو لە سەر ئەو مەسایلەی و دوایە مەسەلەی کورتە باسی مەترەح کردبوو، لە موقابل کورتە باسیدا ڕاوەستابوون، کە ئەویش مەسەلەی تەقریبەن سۆسیال دێموکراسی باس دەکات. پاشان **جەلال تاڵەبانی** ئاشتی کردبوونەوە.

قاسملوی گەڕاندبووە. ڕەوشی قاسملوی لە ئەوەڵ ڕا دیار بوو، بەڵام ئێمە لە سەر ئەوەی ئەو تەفەکوری سۆسیال دێموکراسی هەیە مەوزعمان نەگەرتووە. لە هیچ جەلەساتی حیزبیدا. ئێمە لە سەر ئەو تەعەهودو پەیمانەی کە لە گەڵ عێراقی بەستووە ، وابەستەگی حەتتا ئێمە مخالفی وەی نەبووین کە دەگەڵ عێراقیّ ڕابیتە هەبێ، دەبێ ئەوەی بە سەراحەت بڵێم، بە شەرتێک ئەو ڕابیتەیە بە تەعەهود مونجەر نەبێ، گرتنی کۆمەک لە عێراقیّ حەتا لە گەڵ ئەوەش موخالفەتمان نەکردووە، بەڵام لە گەڵ تەعەهود سپاردن ، لە گەڵ فرۆشتن دەگەڵ معاملە کردن بۆ سەرنوشتی میللەتی کورد و حیزبی دێموکرات ئێمە موخالفەتمان کردووە و مەوزعمان گرتووە. مخالفەتی ئێمە لە گەڵ قاسملو ئەوە بووە. نە ئەینکە لە گەڵ تەفەکوری قاسملو موخالفەتمان کردبێ، ئەمن موعتەقد بووم حیزبی دێموکرات تەیفەهای موختەلفی تێدایە ، حیزبێکی دیموکراتە نێوی، تەیفەهای موختەلفی دەتوانێ هەبێ منجوملە قاسملو و عەناسوری سوسیال دێموکرات. عەناسوری موعتەقد بە سوسیالیسمی عیلمی هەن، عەناسوری ناسیۆنالیست، مەزهەبی، بەڵام کورد بن و دڵسۆزی بۆ کوردیان هەبێ، بۆ کورد موبارزە بکەن. موعتەقد بووین و لە ئەوەڵیشەوە کە مبارزەمان کردووە بەوە موعتەقد بووین. بەشی زۆری ئەفرادی میللی و مەزهەبیمان لە گەڵ بووە نمونەی زۆر زیندووی ئەوە بوو وەختێکی ئێمە گیراین ١٢٠ نەفەر دەستگیر بووین ئەقەلەن ٢٠ نەفەرمان مەلا لە گەڵ بوو، ئەوانەشمان هەبوو.

**ئیتهام لێدان لە حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملو لە بڵاڤۆکی "پاسخ بە ضد انقلاب"دا**

**برایم فەرشی** مامە غەنی ئێوە هەر لەو ڕابیتەیدا، کە ئیتهاماتی زۆرتان لە حیزبی دێموکرات و قاسملو دەدا، نەشرییەکتان دەدا دەرێ بە نێوی **پاسخ بە زیبدی ئینقلاب**...
**غەنی بلوریان** ڕۆژنامەی کوردستان
**برایم فەرشی** پاسخ بە زیبدی ئیقلاب لە گەڵ حیزبی توودە و سازمانی ئەکسەریەت کە عومدەتەن ئەو نەشرییەیە بۆ موخالفەت و ئیفشا کردنی حیزبی دێموکرات بوو.
**غەنی بلوریان** ئێمە لەو نەشرییەدا شیرکەتمان نەبوو. ئەسڵەن.
**برایم فەرشی** ئەو نەشریە...
**غەنی بلوریان** کێ شیرکەتی هەبوو
**برایم فەرشی** بە سێ قۆڵی حیزبی دێمکرات..
**غەنی بلوریان** ئاخە کێ، ئەمن کۆنگرەی چوارم بووم، من ئاگام لەوەی نییە، کەسێک عوزووی ئەو مەجەلەی بووبێ و مەقالەی نووسێبێ ئەمن ئەوەی نازانم، مەگەر بە دزیی نووسیبێتی، ئەو مەجەلەیە ئەسڵەن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیرەوی کۆنگرەی چوار مەترەح نەبووە و ئەمن ئێستا لە تۆی دەبیستم حەتتا،
**برایم فەرشی** پاسخ بە زیبدی ئینقلاب کێ دەیدا دەرێ؟
**غەنی بلوریان** پاسخ بە زیبدی ئینقلاب مومکینە حیزبی توودە و ئەکسەریەت من نازانم، ناتوانم لە تەرەف ئەکسەریەتەوە قسە بکەم. وەلی ئێمە نەقشمان نەبووە لەویدا. واقعیەتە من لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بە قاسملومان کوتووە زیبدی ئینقلاب، باندی قاسملو، ئەوەمان کوتووە بزانە کوردستان، مەدارکی کەتبی سەندی دەستخەتی قاسملومان چاپ کردووە، بێ سەنەد قسەمان نەکردووە، بە سەنەد قسەمان کردووە، خەتی قاسملو بووە سەنەدەکانمان هەرچی سەنەدمان هەیە خەتی قاسملو چاپمان کردووە، بەڵام ئەمە لەو مەجەلەیدا نەقشمان نەبووە و ئیتلاعمان نەبووە هیچ یەک لە ئەفرادی ئێمە عووزوی ئەو مەجەلەی نەبووە و ئیتلاعی دەقیقیشم نییە کێ مونتەشری کردووە.
**برایم فەرشی** بێنە سەر ئەو پرسیارەی پێشوو، دەلیلی ئەوەی لە گەڵ جمهوری ئیسلامی بە تەوافوق نەگەیشتوون، هەر ئەوە بووە جمهوری ئیسلامی ئێوەی بە چەپ زانیوە یا خۆ، نا دەلایلی ئەسڵی لە ئیرتبات لە گەڵ ماهییەتی خودی جمهوری ئیسلامی بووە، کە خودموختاری و خود گەردانی و..
**غەنی بلوریان** خوب، ماهییەتی جمهوری ئیسلامی بۆ ئێمە ڕوون بوو، ئێمە موعتەقد بووین لە گەڵ قاسملوش بارها لە سەر ماهییەتی جمهوری ئیسلامی سوحبەتمان کردووە، بۆ خۆشمان بە عینوانی کۆنگرەی چوار ئیعتقادمان لە سەر ئەوەی بووە، کە حاکمیەتی جمهوری ئیسلامی دەماهییەتیدا نییە خودموختاری بە کورد بدات، ئەمن ئەوەم بارها لە گەڵ قاسملو پێش ئەوەی جودا بینەوە و ئیستعفایە بدەم، بەحس کردووە. بارها کە کاکە قاسملو خومەینی هەر ڕۆژە هات و هاوارێ دەکات کە دێموکراسی یانی زیبدی ئیسلام، دیموکراتیک، دیموکراتیک یانی زیبدی ئیسلام، کەسێکی ئەوەی دەڵێ هاوار دەکات، چۆن ئەتۆ تەوقوعی لێدەکەی لە کوردستانی فەقەت دێموکراسی بدات. ئەتۆ ئینسانێکی عالمی ئنسانێکی ئیقتساددانی، دوکتوری ئیقتسادی ئەتۆ ئەهلی سیاسەتی، ئەتۆ سابقەی عوزویەتت لە حیزبێکی کۆمۆنیست دا بووە، لە حیزبی توودەییدا هەبووە، ئینسانێکی ئاگاه بووی، ئینسانێکی ناشی و بێسەواد نی. چۆن حاکمیەتێکی بە دێموکراسی موعتەقید نەبێ، لە کوردستان لە بەخشێک لە ئێران دێموکراسی پێ تەحمیل کەی، ناتوانێ ئەو کارە بکات.ئێمە دەبێ خواستهاییەکی مەترح کەین کە مونتەبق لە گەڵ قانوونی ئەساسی بێ و لە حەقیقەتدا ئەو حاکمیەتە بتوانێ بۆی هەزم بێ، وەئیلا شەڕ نابڕێتەوە. تۆ دەتەوەێ خودموختاری بسەپێنی، ئێمە ناتوانین خودموختاری وەرگرین لەو حکومەتەی. قەتعی ئەوە بارها من بە قاسملووم کووتووە. بەنابەرئین ئێمە دەبێ لە سەتحێکیدا کە مەعقول بێ، وەریگرین. ئەمە دەعوەتمان لە قاسملو کردووە، خودگەردانی بکاتە پایە بۆ موزاکرە، دابینێن بڵێین ئەوەندەی کەمە ئەوەندەی زۆرە، ئەوەی خراپە ئەوەی چاکە، دابنیشین شی بکەینەوە، موزاکرەی لە سەر بکەین. ئەتۆ چووی بدونە ئەوەی لە هەیئەتی

سیاسیدا دانیشی مەترەحی بکەی خودسەر یەک جانبە چووی لە پشتی تەلەوزیۆن ئیعلامت کردووە کە خودگەردانی یانی سەرگەردانی، ئەویش منداڵێکی کورد کوتوویەتی. کوتمان قاسملو ئەوە بۆ تۆ شایستە نییە، دەبێ لە حیزبێکی بدونە هەیئەتی سیاسی بدون ئەوەی شی کاتەوە، ڕەدی کاتەوە لە جەلەسەی هەیئەتی سیاسیدا، ئەتۆ چووی پشتی تەلەوزیۆن ئەو قسانەت کردووە، هەر وەکوو ئەوەی کە ئێستا تیرۆر کراوە. خودی نمایەندەی دوکتور قاسملو لە فەرانسە قسە دەکات دەڵێ قاسملو موزاکرەی کردووە بدونە ئەوەی بە ئیتلاعی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕابگەینێ، نەشرەیەی خۆیان چاپی کردووە، یانی قاسملو ئەو سیستمە کارەی هەبووە، ئەو ڕەوشەی هەبووە، تەک ڕەویی هەبووە قاسملو، لە سەر تەک ڕەویی بارها و بارها لە حیزبی دێموکراتدا، چ ئەو دەمەی لە عێراق بووە چ ئەو دەمەی لە ئێران بوو شەڕ بووە لە سەر تەکرەویی قاسملو، تەکرەویی قاسملو فەرهەنگێکە کە لە حیزبی توودە وەرگیرابوو، قاسملو کە لە ڕەهبەری حیزبی توودە دا بوو، لەو ڕەهبەری حیزبی توودە ئەو تەکرەوییە فێر ببوو، ئەو سیستمە فکرییە، سیستمە تەشکیلاتیە، لە حیزبی توودە فێر بووە، ئێستاش ڕەهبەری حیزبی توودە دارایی موشەخەسایەتێکیە کە تەکرەوییە. و ئەسڵەن بە خیرەدی جەمعی ئیعتقادی نییە. حیزبی توودەی ئێران ئێستاکە کە ئەمن لە گەڵیان نزیکم، دەقیقەن دەزانم لە ئەوەڵ بیدایەتی تەئسیسیەوە تا ئەورۆ حیزبی توودە هیچ وەخت بە خیرەدی جەمعی عەمەلی نەکردووە و هەمیشە تەکرەویی کردووە و هەمیشە تەکرەوییانە عەمەلی کردووە. قاسملوش ئەو فەرهەنگەی هەبوو. موتەئەسفانە ئەوەی فەرهەنگی توودەئیسمیان هەیە و بەوەی گەورە بوون و ڕوشدیان کردووە، لە ئەوەڵەوە ئێستاش هەر ئەو تەفەکورەیان لە جەوهەریدا هەیە، کە بە تەدریج دەیانەوێ لە خۆیان دووری کەنەوە. ئەوانەی کە بە ماهییەتی ئەو ڕەهبەرییەی پەیان بردووە و دەزانن، کە ڕەوش و کاری غەڵەتە عەلەی سیستمەکەی موبارزەیان کردووە وردە وردە خۆیان ئیسلاح دەکەن. ئێمە خۆشبەختانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بووین ڕەوشێکی خاسمان هەبووە، ئێمە دارایی ئەو فەرهەنگەی بەو شێوەیە نیین. ناڵێین موتەئەسر لە سیستمی حیزبی توودە نەبووین لە کاری خۆماندا، برای نمونە تەنیا حیزبی چەپ لە ئێران حیزبی توودە بووە، ئەو دەمی ئێمە مبارزەمان کردووە، حیزبێکی موتەرەقی دیکە لە ئێرانێ نەبووە. بەقیە ئەحزابی بورژوازی و سەلتەنەت تەڵەب ، فاشیست بوون، جبەهەی میللی بەڵام حیزبی چەپ ئەو بوو. ئێمە ئەگەر ئولگو بەرداریمان کردوە فکرمانکردۆتەوە لەوان، سیستمی تەشیکلاتی خۆمان لە گەڵ ئەوان مونتەبق کردووە، مومکینە تا حدوودێک، وەلی بە تەواو مەعنا تەحتی تەئسیری ئەو فەرهەنگە نەبووین. ئێستا ئەو سیستم و ئەو فەرهەنگەی ئێمە ناتوانین تەحەمولی بکەین. ئێستا شورش دەکەین و موقامەت دەکەین.

**برایم فەرشی** ئێوە کە بەر ئەساسی قانونی ئەساسی تەرحێکتان دروست کرد بۆ حەلی مەسەلەی کوردستان ، جمهوری ئیسلامی ئەوەی بۆ قەبوڵ نەکرد؟

**غەنی بلوریان** تەرحی قانوونی ئەساسی نەبوو مونتەبق، ئەوەی کە هی شورایە

**برایم فەرشی** باشە یانی ئەوەی کە ئێوە ئێستا باسی دەکەن، کە قاسملو ئەو شتانەی قەبوڵ نەکردووە، ئەو شتانە بە جێ خۆی...

**غەنی بلوریان** خوب ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ...

**برایم فەرشی** ببورە، قسە لە سەر ئەوەیە کە ئێوە یەک حەرەکەتی سیاسیتان بە نێوی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار وەڕێ خست بۆ ئەوەی کە مەسەلەی کوردستان ڕێگا حەللی نیزامی نییە، ڕێگا حەللی سیاسی هەیە، پێتان وابوو جمهوری ئیسلامی دەتوانێ لە گەڵ ڕێگا حەللی سیاسی ئێوە بێ، بەڵام تەواوی تەلاشەکانی ئێوە کردتان، حەتتا ئەوەی خۆشتان وەلا نا و بەلکو مەلا لە کوردستانیش هاتنە پێشێ بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بە ئیستلاح حەل بکات، بۆ ئەوەش نەکرا جمهوری ئیسلامی بێتە پێی، یانی ئایا ئەم حەرەکەتە سیاسییەی کە ئێوە دەستتان پێ کرد سەرئەنجامێکی یەکجار ناخۆش و بەر ئەساسی تەحلیلێکی یەکجار غەڵەت و نادروست نەبوو؟

**غەنی بلوریان** بەلێ، ئەڵعان بەو نەتیجەیە گەیشتووین، ئەڵبەتە نە ئەڵعان بەو نەتیجەیە گەیشتووین قەبلەن بەو نەتیجەیە گەیشتووین، قەبلئەز یورش بەو نەتیجە گەیشتبووین، قەبل ئەز ویش بەو نەتیجە گەیشتبووین، چوون وەختێکی تەرحی مەلاکان ، وەختێکی مەلا کەریم شاریکەندی کوژرا، تیرور کرا و پاش ئەو جمهوری ئیسلامی حەتتا پایگای هەمزەی تەشکیل دا بۆ سەرکوبی کوردستان، ئێمە ئەو دەمی بەو نەتیجەیە گەیشتین، کە ئەو حاکمیەتە حەتتا کوچکترین تەفاهومی ناتوانێ لە گەڵ ئێمە بکات. لە گەڵ ئێمە و کۆنگرەی چوار، بە عیللەتی ئەوەی لە ماهییەتی دا نییە. لە ماهییەتی دانییە حکومەتێکی سەرکوبگەرە، حکومەتێکە کارێکی کە دەیکات دەیەوێ نۆکەری هەبێ بۆی بکات، بەنابەرئین ئێمە ناتوانین ببین بە عەواملی نۆکەری، ناشتوانین ئیدامە بە موزاکرە بدەین. لە حەقیقەت ئێمە لە موزاکرە شل بووینەوە، پاش تیرۆری مەلا کەریم. چوونکو دیتمان ئەوانە بە سەرکوب موتەوەسیل بوون. لە حاڵێکیدا ئەگەر جمهوری ئیسلامی لە ماهییەتیدابایە، ئەوخواستانەی گویا بە مەلا کەریمیان قەول دابوو کە ئەگەر ئەنگۆ هەیئەتێکی بێنن دابیمەزرێنن فڵان بکەن، ئێمە دەتوانین موزاکرە بکەین و ڕێگای موزاکرە ببینینەوە. پاش مەلا کەریم کە تیرۆر کرا، مەگەر مەلاکانی دیکە زیندوو نەبوون، مەگەر نەدەبوو جمهوری ئیسلامی مەلاکانی دیکە بانگ کات. بڵێن عەلارەغمی تیرۆری مەلا کەریم لە باتی ئەوەی حیزبی جمهوری ئیسلامی عەکسی مەلاکەریم گەورە کاتەوە بە دیواری دات و شەهیدی نێو بنێ، بچێ خواستەکانی موردی تەئید قەرار بدات. دیار بوو بۆ ئێمە سابیت بوو، پاش ئەوەی تەوجوهی بەوەی نەکرد، ئیستفادەی تەبلیغاتی لە تیرۆری مەلا کەریم کرد.بۆ مان سابیت بوو ئێتر ئینتزارمان نابێ، لێی بێت. بە عیللەتی ئەوەی ئێمەش هەمیشە مەخفی بووین، خۆمان عەلەنی نەکرد، لەوانە بە خاتری ئەوەی بوو، ئیعتمادمان بەو حاکمیەتە نەبوو. حیزبی توودە، دەفتەری هەبوو لەوێ دایناببوو، سازمانەکانی دیکە هەموو دەفتەریان لەوێ دانابوو، کۆنگرەی چوار مەخفی بوو.

قەت جێگامان موشەخەس نەبوو بۆ حاکمیەت، عیلەتی ئەوەی ئیعتمادمان بە حاکمیەت نەبوو. بەڵام تەلاشمان دەکرد، **چ بکەین ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو** دەمانزانی ڕێگا حەللی موسەلەحانەی نییە، بە موسەلەحانە ئێمە وابەستە دەبین، بە خەیانەت دەکێشرێن، نامانەوێ شەریکی ئەو خوێنانە بین. یەک ئەو ڕێگایەیە، یەک گەیشتن بەو نەتیجەی پاش کوشتنی مەلا کەریم، کە ئەو حکومەتە هیچی لە باراندا نییە بۆ میللەتی کورد. لێرە مابوویەنەوە، چ بکەین؟
**بۆمان سابیت بوو ئەسڵەن موزاکرە بەو شێوە کە ئێمە کردوومانە لە گەڵ حاکمیەت، شێوەیەکی غەڵەتە، بەو نەتیجە گەیشتین کە ئەمە، دەبوویاییە ڕۆژی ئەوەڵ لە حیزبی دێموکراتیش ئیحیانەن جیا بووینەوە، پێش ئەوەی کونگرەی چوار دانابوو دەبوایە، پەیرەوانی کۆنگرەی چوار موسەلەح بمێنێتەوە لە شاخی وەکوو نیروو، بەڵکە هێزێکی زۆری خۆی کۆکاتەوە، و حەول بدات پوڵێک پەیدا کات لە کەلێن و کولێنێکی بەڵام ئەو دەمی موتەوجهی ئەوی نەبووین حەقیقەتەن.** کە بچین ئەو کارەی بکەین، موتەکی بین بە کوردەکانی کە لە کێوین، بچین دابنیشین گۆشەیەکی حەدی ئەقەل بە نان و پەنیری بمێنینەوە لەوێ، ئەوە واقیعیەتە ئێمە ئەوەمان دەرک نەکرد، **ئەوە گەورەترین ئیشتباهی ئێمە بوو** کە ئێمە، هاتین لە شارەکانی تاران و تەورێز و ڕەزاییەو سەنندەج و ئەوانە خۆمان موخفی کرد، لە ئەترافی ڕەزائیە خۆمان مەخفی کردبوو. مەقەرمان دروست کرد. لەحاڵێکیدا ئەو مەقەرەی لە ئەترافی ڕەزاییە دروستمان کردبوو، دەبووایە بە عومدەترین مەقەری ئێمە تەبدیل بێ، لە کێوەکانەکانی ئەترافی ورمێ، کە بەخشێ شکاکانی کوردستان بوو.
دەبووایە لەوێ کۆ بینەوە هێزێکی دابنین، موزاکرەش بکەین، و بمێنینەوە و ئیعتبار و حورمەتی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار حفیز کەین، ئێمە دەمانتوانی حەتتا لەو یاستایەدا **ئەورۆکە مەترەح بین لە** کوردستانێ، **بەڵام بەداخەوە دەرکمان نەکرد، و ئیشتباهمان کرد نەمانتوانی، تەشخیس بدەین.** ئەڵبەتە، دەتوانم ئەوەی بڵێم تەبلیغاتی حیزبی توودە، بۆ ئێمە کە ئەوە دەوڵتێکە قانوونێکی داناوە، حیزب ئازاد تەبلیغات دەکات و قانونی ئەحزابی داناوە. ئێوە بڕۆن بە تەرەفی قانونی کردن و حەتتا تەقازاشمان دا، حەوت نەفەرەکەشمان دیسان معرفی کرد، کە ئەمە ئەو حەوت نەفەرین تەقازا دەکەین حیزبی دێموکرات پەیرەوی کۆنگرەی چوار قانوونی بێ، لایحەمان دا بۆ قانوونی کردن، یانی تەحتی تەئسیری ئەو تەبلیغەی، فکرمان بۆ وەی نەچوو کە بچین وەکوو نیرویەکی موسەلەح لە شاخی بمێنیینەوە و خۆمان حفیز کەیەن. یانی نەمانتوانی ماهیەتی ئەو حاکمیەتەی ، دروستە ئیعتمادمان پێی نەبوو، دروستە کە تەشخیسمان دابوو ئەوانە، بە دێموکراسی موعتەقد نیین، دروست تەشخیسمان دابوو ئەوانە پاش کوشتنی، مەلا کەریم گامێکیان هەڵنەهێناوە و ئیعتقادیان بەو مەسەلە نییە، بەڵام ئێستاکانەش ئیعتقادمان بەوەی هەبوو کە، بچین تەقازا بدەین بۆ عەلەنی بوونی حیزب. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە هەنوز ئیقرارمان بەوەی نەکردبوو، کە ئەوە ماهییەتەن دەبێ سقوتێ بکات. ماهییەتەن دەبێ شوعاری سەرنگوونی هەڵگری. ماهییەتەن دەبێ موبارزەی لە گەڵ بکەی. نەگەیشتبووینە ئەو حەدەی ئێستاکە، ئەوە پاش[ساڵی] ٦٢ کە زربەکە وەشا، خەڵک عالەم، دەکوژراو دەبڕا، بە نەزەری **من ئەوەش تەحتی تەئسیری تەبلیغات و ڕەوندو و شێوەی بەرخوردی حیزبی توودە لە گەڵ جمهوری ئیسلامی بوو. کە ئێمەش دەو دامەی کەوتین.** دەبێ ئەوەش قەبوڵ بکەین.
**برایم فەرشی** مامە غەنی باسی ئەوە دەکەن کە دەمانزانی ئەو حکومەتە موعتەقد بە دێموکراسی نییە، حەلی..
**غەنی بلوریان** گەیشتین
**برایم فەرشی** حە..
**غەنی بلوریان** بەڵێ
**برایم فەرشی** لە چ مەقتەعێک گەیشتن؟
**غەنی بلوریان** ئەمە لە ئەوەڵەوە لە گەڵ قاسملو ئەو قسەمان دەکرد کە خودموختاری نادا، بەڵام مومکینە ئیمتیازاتی دیکەی لێ بستێنی. لە گەڵ قاسملو ئەوەمان مەترەح دەکرد. لە سەر ئەو هەوایەش هاتین موزاکرەمان کرد. کە موزاکرەمان کرد نە بۆ خودموختاری ئەسڵەن ئێمە خودموختاریمان مەترەح نەکردووە، لە گەڵ حاکمیەت. مەسەلەی حەقی تەعینی سەرنوشت لە چوارچێوەی ئێرانێدا بە شێوەی شوراییمان مەترەح کردووە، کە ئەمە کوتمان کاکە گیان لە قانوونی ئەساسی خۆتاندا بە شورا موعتەقدن، قورعانەکە و دینەکەتاندا، بە شورا موعتەقدن، چ ئیشکالێکی هەیە شورایەکی سەرتاسەری کوردستان تەشکیل ببێ، وەکوو مەجلسێکی بچکۆلە، چ ئیشکالی هەیە لە هەموو شارستانەکان شورا هەبێ، ئەنگۆ ئەڵحان لە هەموو دێهاتی شورا دادەنین، لە هەموو شارەکان شورا دادەنین، کارخانەی شورا دادەنین، چی ئیشکالی هەیە لە کوردستانێ ئەو شورایە بێ، بە شێوەیەکی قانوونی، و شورایە دابندرێ و مەجلسێکی قانوونی دانبدرێ. شورایەکی سەتاسەری کوردستانت هەبێ، کوردستان ببیتە چوار ئوستان مەهابادیش بکەنە مەرکەزی ئوستانێک با شورایەکی، ئوستان سەرپەرەستی ئەوە بکەن. ڕییسی شورای ئوستان نێوی بنینن معاونی نوخست وەزیر، چ ئیشکالی هەیە بەو شێوەیە عەمەل بکەن. ئەمە بەو شێوەیە حەرەکەتمان دەکرد، چوونکو لە موزاکراتێکی کە لە گەڵ ئەوانە کردبوومان، دەمانزانی کەلیمەی خودموختاری بۆ مەلاکان قابلی قەبوڵ نییە، ئەسڵەن تێیناگەن یا تێدەگەن و خۆی لێ لادەدەن. ئیعتقادیان نییە بە دێموکراسی. ئەوەی نادەن بەڵام بە تەحمیل دەتوانین پوان هایەکی وەرگرین. بە قاسملو بارها سوحبەتمان دەکرد، خودموختاری نادات با سیغەیەکی بۆ ببینینەوە. دەبێ ئەو خودگەردانیە بهێنین بیکەینە پایەی موزاکرە، چوونکو بە خودموختاری موعتەقد نییە لە بەر ئەوەی بوو. دەمانگوت بە ڕێگای خودموختاریدا نابێ بەڵام قاسملو پافشاری دەکرد دەیکوت خودموختاری دەبێ هەڵنەگیرێ، لە موحتەوایی کەم کەنەوە و بەڵام خودموختاری نێوەکە دەبێ هەر بمێنێ. کوتم قاسملو ئەو تەشبیهەم هێنایە پێشێ، کوتم ئەتۆ گوێزت دەوێ، کاکڵەکەت دەوێ بیخۆیی یان پێستەکەت دەوێ، یا کاکڵەکەت بەشێک دەوێ پێستەکەشت بەشێک دەوێ؟ ئاخە ددانت دەشکێ ماڵوێران! ئەوە قسەی من بۆ قاسملو

بوو. عەینەن. کوتم وەختێکی ماهیەتی ئەو حکومەتە دەناسی، خودموختاری نادات، بیکە خودگەردانی، بیکە شوورا، بە شێوەیەکی دیکە بەرخورد بکە، پێ فشاری مەکە لە سەر خودموختارییەکە، دەیگوت نا، میللەتی کورد عاشقی خودموختارییە، خودموختاری شوعارێکە چووە لە نێو خەڵکدا جێگای کردۆتەوە، خەڵک بە خودموختاری نەبێ ڕازی نابێ، دەمکوت کاکە ئەتۆ دەڵێی نمایەندەی خەڵکم ، ۹۸ دەرسەی خەڵک ئەمن قەبوڵ دەکات، ئەتۆ پێشەنگی خەڵکی ، ئەمن ئیمانم هەیە کە قەبوڵ دەکا. حەتتا پێم کوت کاکە هەیئەتی سیاسی تەسمیم بگرێ ئەمن لە تەرەف خەڵکەوە دەچمە سەر تەلەوزیۆنی بۆ خەڵک قسە دەکەم. لە سنەی لە مەهابادێ قسە دەکەم، دەڵێم ئەمن ڕوفەقای خۆم وادار کردووە خودموختارییان نەوێ خودگەردانیان بوێ. فەرموو تەئیدی بکەن هەتا بچم بیڵێم. با قسان بە من بڵێن، ئەمن ئیعتقادم هەیە خەڵک قەبوڵی دەکات. حیزبی دێموکرات ئیعلامی کات خەڵک قەبوڵی دەکات، کوتم کاکە ئەمن نمایەندەی حیزبی دێموکراتم.

ئیعلامیە کرا کە غەنی غەنی بلوریان کاندیدی مەجلسە، ئەمن نەچوومە هیچ جێگایەکی نوتقێ بکەم، ئیلا ڕەحیم خانێ نەبێ کە تورکی تێدا بوو، تەنها جێگەیەک کە چووم ڕەحیم خان بوو، یەک جێگا نەچووم نوتقی ئینتخاباتی بکەم بە عیلەتی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمنی تەعیین کردبوو. موعتەقدم ئەگەر منیش نەبایەم کەسێکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان معرفی کردبایە دیسان ئەوندەی ئارا من هێنامەوە ئەویش دەیهێنایەوە. شایەد هەم، ئەڵبەتە ئەمن کە لە ئینتخاباتێ مەترەح کرام ، ڕەحیمی قازیم پێشنهاد کرد، کوتم پێمخۆش نییە کاندید بم، ئەمن حەوسەڵەم نییە ئەو مەلایانە من لە زیندانەوە دەیانناسم پێمخۆش نییە. لە مەجلسێکێدا دەگەڵ ئەو هەموو ڕیش و عەمامەی دانیشم، ئەمن عمرێکی لە زیندان لە گەڵیان دانیشتووم بەسمە. یەکی دیکە بنێرن، دوکتور ڕەحیم قازی دیاری کەن قاسملو کوتی کاکە غەنی گیان وەختێکی شێخ عیزەدین نمایەندەی کۆمەڵە و چریکەکان حمایەتێ دەکات، ئەگەر ئەتۆ لە مقابلیان ڕانەوەستی وەڵا قسەی شێخ عیزەدین بەرەندە دەبێ مومکینە ئەوان رییەکەی بەرنەوە. ئەمە نەیبینەوە، ئەمن کوتم باوەڕم نییە بەوە ، ئیعتقادم بەوەی هەیە ڕەحیمی قازی و غەیری ڕەحیمی قازیش حیزبی دێموکرت ئیعلامی کا و پشتیوانی لێبکات، ئەکسەریەتی ڕەیی دەهێنێتەوە، وە راستیش بوو، ئێستاش موعتەقیدم. بەنابەرئین قاسملو قەبوڵی نەکرد، ئەوە بەحسێکە دوکتور ڕەحیمی قازیان نارده ورمێ، چوونکی دوکتور ڕەحیمی قازی کوردان موعەرفیان کرد، نمونەی زۆر زیندووە، بە کەمترین ڕەیی ئەویش بە تەوتئەی حەسەنی بردییەوە، دەنا شان بەشانی حەسەنی ڕەحیمی قازی ڕەیی هێنابووە، لە ئورمیە، ئورمیەیەکی کە ترکیشە و کوردیشە. جا بزانە تۆ لە کوردستانی ڕەحیمی قازییت دانابایە حەتمەن، ئەو ۸۵ دەرسەدەی دەهێناوە، بەڵام قاسملو نەیدەویست، پێ فشاری دەکرد، ئەمن ئیستا کە دوکتور قاسملو مردووە، نامەوێ بەحسی ئەوەی بکەم کە بڵێم قاسملو بۆچی نەیدەویست. با خەڵک قەزاوەتێ بکات، تاریخ قەزاوەت بکات.

**برایم فەرشی**      پێتان وانییە موسەوباتی کۆنگرەی چوار، نە پەیرەوانی کۆنگرەی چوار، موسەوباتی کۆنگرەی چوار پێتان وانەبوو موسەوباتێکی نادروست و ڕاست ڕەوانە بوو، لە ئێرتبات لە گەڵ مەسەلەی کوردستان و حاکمیەت؟

**غەنی بلوریان**      وەڵاهی وەختێک ئیمە حاکمیەت تەحلیل دەکەین، بەستە بەوەیە حاکمیەت چۆن تەحلیل کەین و لەو حاکمیەتە چمان بوێ، وەختێکی ئەمە حاکمیەتی تەحیلیل دەکەین کە مەلان، ئەوە ئەسڵەن تەزادی هەیە لە گەڵ ئەو خواستەی کە ئێمە هەمانە، وەکو دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان، خودی موسەوباتی کۆنگرەی چوار، دەگەڵ ئەوەی تەزادی هەیە، چوونکو خودموختاری و دێموکراسی حکومەتێک دەیدا کە لە مەهیەتدا بە دێموکراسی ئیمانی هەبێ، و دێموکراسی ڕایج بکات لە نێو جامعەدا. ئەمما ئێمە دێنین لەو حکومەتی کە ئەوەی ڕایج ناکات ، حکومەتێ کە زیبیدی دێموکراتیکە، عەمەل دەکات، ئەو حکومەتەی بە دێموکراسی ئیعتقادی نییە، ئەو حکومەتەی کە بە قانوونی ئەساسی ئیسلامی خۆی داناوە ئیعتقادی نییە، ئێمە دێنین موسەوباتێکی بە حەدێک ئابەکی، مەترەح دەکەین، بە حەدێک ڕاسترەوانە مەترەح دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو حاکمیەتە ڕازی بکەین کە خودموختاریمان بداتێ، یەکێک لەوەی کە ئێستا دیارە، ئەو دەم ئێمە دیدمان شتێکی دیکە بوو، بە دیدێکی دیکە تەماشای جمهوری ئیسلامییمان دەکرد، ئەگەر ئێمە ڕۆژی ئەوەڵێ دەرکمان ئەوە بایە کە ئەو حاکمیەتی جمهوری ئیسلامی، زیبیدی ئینقلابە، ئەسڵەن لە گەڵ جمهوری ئیسلامی ڕازی بە موزاکرەش نەدەبووین. بەڵکە شوعاری سەرنگونیمان هەڵدەگرت. ئەما بێنین ئەو واقعیەتی قەبوڵ بکەین جمهوری ئیسلامی ئەمن کە لە زیندانێ دابووم، خومەینی ئێستا نەهاتبووە ئێرانێ، جمهوری ئیسلامیش تەشکیل نەببوو، ئەمن لە زیندانێدا دەمدی کە موجاهیدنی خەڵک چەندە تەرفداری خومەینین، و لە مەنبەعی خومەینی چ تەغزیە دەکەن، چ ئیمکاناتێک دەستغەیب کە لە زیندانی شیرازێ بووم، ۱۲۰، ۱۳۰ نەفەر موجاهیدی تێدا بوو، بە ملیۆنها پوڵیان هەبوو لە لایەن دەستغەیبەوە بۆیان دەهات. وەختێکی هاتینە دەرێ، مەگەر موجاهید و حیزبی توودە و گروهای سیاسی موشەخەس تەواوی عالەم نەرژانە خەیابانێ، بۆ دەرهەم شکاندنی ماشینی جەنگی و سیاسی ڕژیمی سەڵتەنەتی ئێران، هاتنە مەیدان بە نەوارەکانی خومەینی پشتیوانیان لێدەکرد و لە تەواوی شارەکانی ئێرانێ تەزاهورات بوو، بۆ پشتیوانی لە خومەینی، مەگەر لە سەردەشت و مەهاباد و سنە، و شارەکانی کوردستان چەند کەس کوژران بە خاتری تەزاهورات عەلەیهی حکومەت و عەلیەی حاکمیەت برای پیروزی ئینقلاب، ئینقلابێک کە بە تەدریج خومەینی لە ڕەئسی دابو، و تەبلیغاتێکی بۆ خومەینی دەکرا. **ئەو واقعیەتەی دەبێ بڵێین، هەموو میللەتی ئێرانێ، نە تەنها فریویان خوارد بەڵکو هەموو دونیا فریوی جمهوری ئیسلامی و خومەینیان خوارد، ئەوە قەبوڵ بکەین شەرق و غەرب فریوی ماهیەتی ئەو کابرایەیان خوارد، عیلەتەی ئەوەی فریویان خوارد چ بوو؟ لە بەر ئەوە بوو ئێمە تاریخی قرونی وستامان فەرامۆش کردبوو.** کە وەختێک ڕوحانیانی مەزهەبی دێنە سەرکار، چ جنایەتێکی دەکەن. **ئێمە تەوجوهمان بە قرونی تاریخی نەکردبوو، فەرامۆشمان کردبوو، تاریخمان فەرامۆش کردبوو،** هەموو نیروکانی ئێرانێ فەرامۆشیان کردبوو، ئەغلەب میللەتی

ئێرانیّ ئەوەی تاریخ خوان بوون، فەرامۆشیان کردبوو. ئێمە قەبوڵمان کردبوو، کتێبی خومەینی پەخش کرابوو من نەمخوێندبووە، ئەوەی ماهییەتی ولایەتی فەقی لەوێدا نیشان داوە، ئەوان فریوی زاهری خومەینیان خوارد، دەیگوت لە جهموری ئیسلامیدا، لە حکومەتی ئیسلامیدا، کۆمۆنیستیش دەتوانن ئازادیان هەبێ، ئەوە یەک. دووهەم بە عیلەتی ئەوەی کە سازمانێکی ساواک وەکوو سازمانێکی سیاسی هی حاکمیەتی ئەو دەمی فشاری زۆر لە سەر خەڵک بوو، خەڵک نارەزایەتییەکی زۆری لە ڕژیمی سەلتەنەتی هەبوو، لە فەرجێکی دەگەڕا. میللەت هاتنە مەیدانێ، ئەو ڕژیمەیان رووخاند، بە ئومێدی وەی حکومەتێکی چاکتر بێت، لە دوای خومەینی کەوتین. ئێمە لە زیندانێ بووین خەڵک تەزاهوراتی بۆ خومەینی دەکرد، هاتینە دەرێ ، خەڵک تەزاهوراتی دەکرد ئەڵبەتە تەزاهورات بۆ ئازادی دەکرا، تەزاهوراتیان دەکرد بۆ ئەوەی حکومەتی دیکتاتوری فاشیستی ئێرانێ بڕوا حاکمیەتێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار، فەزاییەکی ئازاد هەبێ خەڵک بتوانێ، نەفەس بکێشێ، بەڵام کەس نەیدەتوانی تەحلیل بکات مەلایەک بەو تەرزی تەفەکورەیەوە، ئەویش مەلایەکی شیعەی موتەعەسب، بەو تەفەکورەیەوە، کە کتێبی ولایەتی فەقهی مونتەشر کردووە، ماهییەتی ولایەتی فەقیهی تێدا نووسیوە، ناتوانێ ئەو شتەی بدات. ئەو وە دوای ئەو کەوت ، ئەو وەدوای ئەو کەوت. ئەو وەدوای تەبلیغاتی ئەو کەوت، مەسەلە وا شێوا، تەبلیغات وا کرا، لە حەقیقەت خەڵک مونحەرف بوو، خەڵک نێردرا بۆ تەرەفی پشتیوانی لە جمهوری ئیسلامی، لە خومەینی لە شەخسی خومەینی. مەخسوسەن. **لە حەقیقەتدا کەس ئەوایلی ئینقلاب، ئەو نفرەتەی کە لازم بوو لە خومەینی نەبوو، ئێستا هەیە، خومەینیان بە عینوانی کەسێک کە لە موقابل ڕژیمی شایدا ڕاوەستاوە ، ئێستا حیزبی دێموکرات ئێستا، ئەوەتا ڕۆژنامەکەیانم لە گیرفاندایە کە بیخوێنمەوە ، چ بەهایەکی بە مقاوەمەتی خومەینی لە موقابل شایدا داوە. ئێستا بەعدەئەز کوشتاری قاسملوی کە دەبیری ئەوەڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئێستا دەنووسێ.** بە نەزەری من ئەگەر تیکەیەکی لێ بخوێنینەوە جالبە: کە ئێستاش کە ئێستایە ئێمە دەمانەوێ خۆمان بە فریو بەرین:

*" به مناسبت درگذشت آیت الله خمینی. این است کارنامه ده سال فرمانروایی فردی که هنگامی در میان موج عظیمی از امید و آرزوی مردم بپاخواسته ایران زمام قدرت را به دست گرفت وعده میداد که ایران را به گلستان معطر تبدیل خواهد نمود، اثری از ظلم و تعدی و بی عدالتی باقی نخواهد گذاشت، استثمار را ریشه‌کن خواهد کرد و کار و نان و رفاه و سعادت به ارمغان خواهد آورد نام ایت الله خمینی به عنوان کسیکه در پیروزی قیام یکپارچه مردم و سرنگون کردن، نظام منسوخ سلتنطی نقش بسیار موثری داشت بدون شک در تاریخ باقی خواهد ماند."*

ئەوە نەزەری ئێستای ڕەهبەری حیزبی دێموکراتە، کە بەعدئەز کوشتنی دەبیر کولی حیزب بەو شکڵە قەزاوەت دەکات، ئەوە جێگای تەئەسفە، کە پیاو دەبێ بگریی. بۆ ئەو جورە تەحلیلانە. ئێستا ئەوەی دەکەن.

ئێستاش جەنابی ئاغای مەلا عەولا کە ڕەهبەرەکەیان کوشتووە و تیروریان کردووە ناجەوانمەردانە ، تەوتئەیان کردووە تیروریان کردووە و ئەوە نەک قاسملویان کوشتووە ، بەڵکو گلولەیان لە خواست میللەتی کورد داوە، ئەویش بلاخرە نمایەندەیک بووە لە جەهەتی خۆیدا کە خواستی میللەتی کوردی مەترەح کردووە، بۆی شەڕ کردوە بە خەتی **خۆی بە** بیروڕای خۆی ، ئەمن کارێکم نییە ، بەڵام پاش ئەو تیرۆرە ش دیسان نمایەندەی ئەو لە فەرانسەی وەکوو مەلا عەوڵا حەیاکی بێ یا ئەوانی دیکە بن، **<u>دەڵێن ئێمە ڕێگای وی ئیدامە دەدین ، موزاکرەی ئیدامە دەدین</u>**. ئەوە ئێستاش فەرموو. چۆن جوابی ئەوە بدینەوە.

**بەنا بەر ئین موعتەقدم کە ئەو موسەوباتەی کۆنگرەی چوارم کە ئێستا تەماشای دەکەین ئێستا دێین و بەراوەردی دەکەین، و ئێستا بە ماهییەتی ئەو حاکمیەتە پەیمان بردووە، چەندە ئیرتجاعییە. چەندە ڕاسترەوانەیە، چەندە خام فکرانەیە، چەندە خلافکارانەیە.**

**ئەوە لە ڕەئسی ویدا قاسملوش بوو، کە ئەو کۆنگرەی چوارە تەسویب کرا ، دە ڕەئسیدا ئەمنیش بووم، بەو دیدەوە تەماشامان کردووە، و ئەو موسەوبە هەم قاسملو و هەم من هەم هەموو ئەعزای کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕیبمان پێ داواە، تەدوین کونندەی ئەو بەرنامەیە و موسەوبەیە خودی قاسملو بوو. کە دیارە ئێمەش پامان ئیمزا کردووە،**

بەنا بەرئین شناختی مە لە حاکمیەتی جمهوری ئیسلامی تەحلیلی ئێمە لە جمهوری ئیسلامی لە ئەساس و بونیان ڕا غەڵەت بووە. بە دونباڵی ئەو تەحلیلە غەڵەتەش ئەو تەسمیمە غەڵەتە دێتە دەرێ. ئەوە قانونمەندە.

**برایم فەرشی** یانی با تەوەجوە بەوە، موسەوباتێکی ئێوە لە کۆنفرانسێک کە بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە تەورێز گرتووتانە، زۆر لە موسەوباتی کۆنگرەی چوارە ڕاستتر بووە؟

**غەنی بلوریان** بەڵێ، ئێمە دەبێ ئەوەش قەبوڵ بکەین کە ئێمە موسەوباتێکی کە لەوێ تەسویبمان کردووە لە کۆنگرەی چوار حەقیقەتەن هەر ئەو موسەوباتی کۆنگرەی چوار بووە، نە موسوباتێکی جەدید، شتێکمان لێ زیاد نەکردووە، ئێمە خۆمان نێو ناوە پەیرەوانی کۆنگرەی چوار ، پەیرەوانی کۆنگرەی چوار پەیرەوانی موسەوباتی ئەو کۆنگرە بووە. بەڵام ئێمە تەرحێکی مولایمترمان داوە، لە تەرحی حیزبی دێموکراتی کە ئەو دەم دوکتور قاسملو بوو، بە ئیستلاح خودموختاری ئیسرار دەکات لە سەری ئێمە کەلیمەی خودموختاریمان هەڵگرتووە، مونتەبقمان کردووە لە گەڵ قانوونی ئەساسی کە بیکەین بە شورا. بە جێگای خودموختاری . دیار خودموختاریمان بە نەوعێک لە نێو جوملەیدا هێناوە، بەڵام ئەساسەن ئەوە بووە، <u>یا ئینکە خۆمان بە پەیرەوانی لە لحازی فکرییەوە لە لحازی ئیدئۆلۆژییەوە، موتەریقتر لە جناحی</u>

قاسملو دەزانی بەڵام عەینی ئەو ڕێگایەی قاسملو ئیتخابی کردبوو ، موسەوباتی کە قاسملو پێی موعتەقد بوو ، قاسملو تەسویبی کردبوو ، تەدوینی کردبوو، هەر ئەو موسەوباتی کونگرە ی چوار عەینی بەو خەتەیدا ڕۆیشتووین.
یانی ئەوە مغایر بووە لە گەڵ ئەو دیدەی ئێمە کە دەبوایە بە شێوەیەکی دیکە بەرخورد بکەین لە گەڵ مەسەلەی. دەتوانم بڵێم قاسملو لە لحازی دیدەوە لە بەرانبەری جمهوری ئیسلامی هیچ فەرقێکمان نەبوو. نە تەنیا فەرقێکمان نەبوو بەڵکو تەفاوتمان ئەوەندە بووە، مەقاموتیان کرد شەڕیان کرد، وەڵۆ ئیشتباە بەڵام ئێمە دڵمان بەوەی بەست کە چ بکەین، بچین تەقازای عەلنی و قانوونی بوونی حیزب بکەین. **یانی واقعەن دەبێ بە خۆمان پێبکەنین.**
ئەوە دیدێکە کە ئێستا هەمانە ئەو دەمی پێمانوابوو، دروستە.

## هاوکاری نیزامی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران

**برایم فەرشی** مامە غەنی ئێوە هەر لەو ڕابتەیەدا هاوکاری نیزامیتان لە گەڵ پاسدارەکانی جمهوری ئیسلامیش هەبوو، لەو ڕابتەیەدا ئەگەر ئەو واقعەیە کە لە شنۆ ڕووی دا، هاوکاری پیشمەرگەکانی ئێوە لە گەڵ پاسدارەکان لە جەریانی کوشتنی **ڕەحمانی کەریمی** باس بکەن. زەرەری نییە.
**غەنی بلوریان** عەرزت بکەم، ئەو پێشمەرگانەی کە ئێمە حیسابیان لە سەر دەکەین و دەڵێین پێشمەرگەی مە بوون. بەو عیلەتەی بوو کە ئەوە هێزی نەحوی بوو، هێزێک لە هێزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزێکی زۆریش دڕ و قەوی بوو، و مەوقعیەتیشی فەوقولعادە حەساس بوو. مەنتەقەی بازرگان بوو، کە هات ئەمن ئەوەم لە گەڵ کیانوری مەترەح کرد، کوتم کاکە گیان ئەو هێزە لە گەلوگای بازرگان پشتی ئاراراتە، مولاحزە دەفەرمووی. ئەو دەم ئەو هێزە ٦ مانگ پێش ئەوەی ئەمە ئیعلامی مەوزع بکەین ، ئەوان ئیعلامی مەوزعیان کردبوو، کیشەیان هەبوو، قاسملو لە گەڵ سەننار مامەدی ، سەننار مامەدی خۆی موستەقل ئیعلام کردبوو. جوابی حیزبی دێموکراتی نەدەداوە، و دەعەوەتی پلۆنۆم کە لە برایمەی کرا قوبووڵ نەکرد و بەهانەی هێناوە کە من ناتوانم مەنتەقە بەجێ بهێڵم. ئەو جودا بوو، ئەسڵەن خۆی جودا کردبووە، و حەتتا ئێمە ئیتلاعاتێکمان هەبوو، کە سەننار مامەدی، بەوەسیلەی حیکمەت بە وەسیلەی چەنگیزی کوڕی دەگەڵ سفارەتی ئامریکا لە تورکیا ئیڕتباتی هەیە، ئەمە ئەو ئیتلاعەمان هەبوو، بەڵام سەننار مامەدی مونتەخەبی کۆنگرەی چوار بوو، کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە قاسملوش دەبیر کولی ئەو بوو، ئێمە وەختێکی ئەو هات دەگەڵ حاکمیەتی جمهوری ئیسلامی موزاکرەی کرد، موستەقلانە موزاکرەی کرد. لە گەڵ ڕەحمان کەریمی پێکەوە هاتن، ئیعلامی مەوزعیان کرد، و ئیعلامی مەوزعیان نووسی بدونە مەشوەرەتی ئێمە، وەختێکی ئایەتوڵا ئیشراقی هات چوو لە ڕاژانێ لە گەڵ ئەوانە موزاکرەی کرد. ئێمە ئەحمەدی عەزیزیمان نارد بچیتە ڕاژانێ، لە موزاکرەدا شیرکەتێ بکات، ئێستا هێزەکانیان بە ئێمە مولحەق نەببوون، تێکەڵاو نەبووین، ئێمە بە وەسیلەی ئەحمەدی عەزیزی ڕابیتەمان لە گەڵ ڕەحمانی کەریمی لە دەرەجەی ئەوەڵدا هەبوو کە، ئەودەم کە ڕەحمانی کەریمی فەرماندەی نیزامی لە گەڵ حیزبی دێموکرات بوو، لە گەڵ قاسملو بوو ئەمە لە بنەوە لە گەڵی ئیڕتباتمان هەبوو، هەم فکری ئێمە بوو، وە ئیتلاعات و ئەسنادی دەدا بە ئێمە، ئەو ئەسنادەی کە دەڵێم چاپمان کردووە، ئەسنادێکن کە ڕحمان کەریمی لە قاسملوی هێناوە لە ڕابیتە لە گەڵ مەسایلی عێراقیدا. ئەو دووانە کە موزاکرەیان کردووە و ئەمە ئەحمەد عەزیزیمان ناردووە پاسدارەکان، ڕێگایان نەداوە ئەحمەد عەزیزی وەکوو نمایەندەی کۆنگرەی چوار لە موزاکرەدا بەشداری بکات، قەبوڵیان نەکردووە. کوتویانە ئێمە لە گەڵ ئێوە موزاکرە ناکەین. ئێوە شتێکی جودان، ئەحمەدی عەزیزیان وەدەرناوە لە وەتاغی. بەڵام ئەحمەد عەزیزی چووە لە بەر پەنجەرە دانیشتوە گوێ بداتە قسەکانیان، لە خارجی وەتاغ. ئەوان موزاکرەیان کردبوو ئایەتوڵا ئەشراقی گریابوو بە قەولی خۆی. سەننار دەیگوت ، ئەوان خۆیان موستەقل ئیعلام کرد. بەڵام چوون عوزووی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات بوو، ئێمە هەم ڕەحمان کەریمی، هەم سەننار مامەدی ، هەم ئیسماعیل جەهانگیری، کە لە گەڵ سەنناری بوو ئەویش، ئەوانەمان بە عینوانی عوزووی کۆمیتەی مەرکەزی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار قەبوڵ کرد، چوونکو عوزووی کۆمیتەی مەرکەزی بوون، ئێمەش عوزووی کۆمیتەی مەرکەزی کۆنگرەی چوار بووین. ئوسولەن و قانوونە و شەرعەن دەبووایە ئەوانیش بێن لە کۆنگرەی چوارەوە. بێن بە ئێمە مولحەق بن، کۆمیتەی مەرکەزی بن، ئێمە نەماندەتوانی بڵێین ئێوە وەرن لە گەڵ مە تێکەڵ بن بەڵام لە خوارەوە قەرار بگرن، ئەوانە بە ماهیەتی کۆمیتەی مەرکەزییەوە تێکەڵ بە ئێمە بوون. وەختێ هاتن لە گەڵ ئێمە تێکەڵ بوون، سەننار لە جێگای خۆی لە شوێنی خۆی بوو. قاسملو نیروییکی نارد بۆ خەلع سیلاحی سەنناری، ئەو شەخسانەی کە ناردی **کەریم خاڵدار** فەرماندەهی دەکرد، کە هێزی ١٥٠ نەفەری بوو. سەننار شەڕی نەکردبوو لە گەڵ قاسملو ، ئەو هێزەی قاسملو ناردیە سەر سەنناری ، سەننار شەڕی لە گەڵ کرد، بلاخرە کابرا هاتووە خەلعی سیلاحی بکات، هات دیفاعی لە خۆی کرد سەننار، ئەڵبەتە کوتم من مەحکومی دەکەم بە عیللەتی ئەوەی ئیسانێکی ئەگەر ئەمە دەمانزانی ئیڕتباتی هەیە سەنەدم نەبوو بۆ ئەوەی بەڵام دەمانەویست سەنناری ڕابکێشین . کادرەکانی خۆمان بنێرینە ناو پێشمەرگەی، پێشمەرگەکان سازمان بدات، بیکەین بە کاری تەشکیلاتی لە شکڵی عەشایری دەربێنین، چوون شکڵی هێزی نەحوی شکڵی عەشایری بوو. چوون هەنوز شکڵی شێوە عەشایری ئێستاش لە مەنتەقەی شکاکان بەردەوامە، لە سایری مەنتەقەی کوردستان شێوەی عەشایری مەنسوخ بووە. ئەلعان کە من قسان دەکەم لە مەنتەقەی شکاکان لە بەعزێک شوێن هە بەردەوامە شێوەی عەشیرەیی. سەننار بە عینوانی ڕییسی عێل مەترەح بوو. پێشمەرگەکانی کە لەوێ بوون، عەواملی و کەسانی ئەو زیتر قودرەتیان هەبوو هەتا عەواملێکی کە بە عینوانی کۆمیتە مەترەح بوون، نەتیجە ئێمە وامان تەشخیس دا ئەو هێزە نابێ لە دەست سەنناریدا بمێنێ،

ئێمە دەبێ ئەو هێزە لە دەست سەنناری دەربێنین، ئەمن ئەوەم لە گەڵ ڕەحمانی کەریمی مەترەحم کرد، لە ڕاژانێ چوومە ملاقاتی ڕەحمانی کەریمی. کوتم ئێمە بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ ئەو هێزە لە دەست سەنناری دەربێنین. ئەتۆ تەنیا کەسێکی کە دەتوانی ئەو کارەی بکەی ، ئەتۆ ئینسانێکی ڕەشیدی پێشمەرگە دەتناسێ شناختیان لە سەرت هەیە، کادرێکی ئاگاهی، ئینسانێکی باسەوادی. فەرماندەی چاکی، دەتوانی لە نێو ئەوێدا بی، ئەو چەند نەفەر کادرانەش ئەمە دەنێرین کاری سیاسی بکەن، کاری تەشکیلاتی بکەن، بە تەدریج تەشکیلاتەکەی لە دەست دەربێنین. سەننار مامەدیش هەوای ئەوەی لێدەدا کە نەخۆشە ، ئێمەش جێگامان بۆ خۆش دەکرد کە تۆ نەخۆشی بۆ معالجە دەتوانی بچییە خارج، ئەوە بەرنامەی مە بوو، ئەوەی کە ئێستا هاتۆتە سوئێدێ، ئەو دەم بۆی مەترەح بوو کە بێتە دەرێ، ئەمە ئەوەمان تێدا دەدی و تەشویقمان دەکرد، کە بڕوا لە مەیدان خارج بێ بڕواتە سوئێدێ. ئەو چووبایە مەنتەقە بەتەوری کولی لە ئیختیاری مە قەراری دەگرت، شکڵی سازمانیمان پێدەدا، ئەڵبەتە سازمانمان دابوو. گروهمان دروست کردبوو، حەوزەمان دروست کردبوو. کادرمان ناردبوونە نێویان کاریان دەکرد، بەڵام قاسملو کە حەملەی پێکردن، لەو مەنتەقە پاسگای پاسداران هەبوو، وەختێکی کەریم خاڵدار حەملەی کردبوو بە مەنتەقە ، کە مەنتەقەیان لە دەست دەربێنێ ئەوان تەقەیان لێپەیدا ببوو.

کە تەقەیان لێ پەیدا دەبێ سەننار بۆ فیشەک وەرگرتن دەنێرێتە لای پاسدارەکان، پاسدارەکان بۆ خۆیان چووبوون شیرکەتیان کردبوو، دوو سێ نەفەریان چووبوون شیرکەتیان کردبوو، ڕەحمان کەریمیش لە شەڕدا شیرکەتی کردبوو، لەو شەڕەدا ١٥٠ نەفەرەکەی قاسملو شکا، کە دوایە کەریم خاڵداریان موجازات کرد، ئێمە لە تاران بووین کە خەبەرمان پێگەیشت کە قاسملو حەملەی کردووە بە مەنتەقەی. کە دوایە ئەمن هاتمەوە مەنتەقەی، کە هاتمەوە شەڕ خەلاس ببووە.

چوومە ڕاژانێ، کە چوومە ڕاژانێ ٦٠ نەفەر پێشمەرگەیان ڕاگرتبوو، ئەمن چووم ٦٠ نەفەر پێشمەرگەکەم ئازاد کرد کە مەبادا پاسدار بزانن. ئەوانە گیر پاسداران نەکەون، کوتمان کاکە گیان دوو دوو و سێ سێ بڕۆن، بەڕێمان کردنەوە ڕەدمان کردن. ئەو شەڕە دەر حەقیقەت شەڕی ئێمە نەبوو، شەڕی ئیختلافاتی سەنناری دەگەڵ قاسملو بوو. وە ئیختلافاتی دیرینە بوو. ٦ مانگ قبل ئەز ئێمە ئەو ئیختلافاتە بوو، و ئیعلامی مەوزعی کردبوو. بەڵام بە هەر سورەت ئەو هێزە مولحەق بوو بە کۆنگرەی چوار، هێزی کۆنگرەی چوار بوو، چ بتەوێ و چ نەتەوەێ، بە عینوانی کۆنگرەی چوار مەترەح بوون، وە بە کۆنگرەی چوارەوە دەچەسپێ. ئێستاش قاسملو و ئەوان کە لێرە قسەمان لە گەڵ قاسملو کرد بە ئێمەی نەکوت کە لە گەڵ ئێمە بەشەڕ هاتوون، ئەسڵەن. فەقەت ئەوەندەی کوت کە ئەنگۆ لە دوای سەنناری کەتوون. <u>سەننارێک کە ڕابیتەی لە گەڵ سفارەتی ئامریکا هەیە.</u> کوتم ئێمە دەمانزانی، کوتی ئەمنیش لە سەر ئەوە ئیختلافم لە گەڵی هەبوو، دەمگوت ئەتۆ بدونە ئیجازە دەچی ئێرتباتات دەگری، پوڵێکی کە وەریدەگری دەبێ تەحویلی ئێمەی بدەی، کوتم پەس ئیختلافات لە سەر ئەو پوڵانە بوو کە ئەو وەریدەگرت.

دیارە کوتی ئەمە نەماندەزانی کە پوڵ وەردەگرێ، دەمانزانی کە کوڕەکەی ڕابتەی هەیە، وە وەختێکە ڕابتەی هەبێ پوڵیش وەردەگرێ، ئەوەی سەننار ڕاوەستابوو لە شاخی ٥٠٠ پێشمەرگەی نانی دەدا و ئاوی دەدا. فیشەکی دەدا و ئیمکاناتی دەدا حیسابمان دەکرد لە کوێی دەهێنێ، کێ دەیداتێ، خۆ ئەودەمی لە گەڵ جمهوری ئیسلامی تەفاهومی نەکردبوو، ئەو شەش مانگە ئەوانەی چۆن ڕاگرت لەوێ، ئەو ٦ مانگە پوڵی لە کوێ هێنابوو، ٥٠٠ پێشمەرگە بە نان و ئاو و جل و پێشمەرگە، مەقەر و هەموو شتێک تەئمین بکات. ئیمە دەمانزانی بلاخرە دەبێ پوڵێکی هەبێ، دەبێ ئێرتباتاتێکی لە گەڵ جێگایەکی بێ، و خەبەرم بوو ئەو ئێرتباتە هەیە، بەنابەرئین ئێمە مخالفەتمان دەکرد کە جەهەتێک ناتوانێ ئێرتباتاتی خارجی بگرێ، قسەکەی قاسملو دروست بوو. حەقی ئێرتباتی نەبوو. کابرایەکی مالک و فئۆدال چی لە گەڵ دەکەی. ئەو جەریانە بە ناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار لە قەڵم درا ئەوەی ناتوانین منکیر بین، بەڵام شەڕیش شەڕی ئێمە نەبوو. شەڕی سەننار و قاسملو بوو. لە سەر ئیختلافاتی خۆیان. لە تاریخدا بە عینوانی شەڕی کونگرەی چوار لە گەڵ حیزبی دێموکرات بە حیساب دێ. کۆنگرەی چوار لە موقابلی قاسملودا مەوزعی شەڕی نەبوو. کۆنگرەی چوار ئەسڵەن بە تفەنگ موعتەقد نەبوو. <u>ئەمن ئیشتباهاتی خۆمان دەڵێم یەکێک لە ئیشتباهات ئەوە بوو کە ئێمە ئەسلەحەمان دانا هەستاین چووینە، تاران و تەوریز و سنە و ئەوانە مەخفی بووین،</u> یەکێک لە ئیشتباهەکەمان ئەوە بوو، بەنابەر ئین ئەمە سیلاحمان نەبوو لە گەڵ قاسملو بەشەڕ بێین. ئەوان برادەری ئێمەیان تیرور کرد کوشتیان، ئێمە ئینتقامی تیرۆرمان نەستاندەوە. جەعفەری کەروبیان کوشت، براکەیان کوشت، برادەرێکی دیکەیان لێ کوشتین، سەید ڕەسوڵی بابی گەور ئیعدامی کرد، خەڵکی لای قەسری سیرین و ئەوانە بوو. وەلی با وەسفی ئەوەی ئێمە، دوو نەفەر برادەریان لێ گرتین دوو ساڵ سێ ساڵ. زیندانیان کردن. ئێمەش دەمانتوانی عەکس ولعەمەل نیشان بدەین. کارێکی هاسانە. ئێمە دەمانتوانی لە سابلاخێ ٤ نەفەر لەوانە تیرۆر کەین، زۆر بە ڕاحەتی دەمانتوانی. هاسانە تیرۆر هیچ نییە، کابرایک لە تاریکایی ڕاوەستێ چوار نەفەر تەرەفداری قاسملوی دێن سێ دەمانچەی پێوەنێ. بەڵام ئێمە وەکوو دەستوری حیزبی دەستورمان دابوو. کە هیچ یەک لەمە حەقی ئەومان نییە، لیگەڕێ جامعە قەزاوەت بکات، لە بارەی ئەو ئەعمالەی ئەوان. حەتتا ئەوەم بە **جەلیل گادانی** ئەوان کوت. ئەو سەفەری کە پارەکە کە من هاتمە ئیرە، خوشکەزایی جەلیل گادانی کە ئیستا لە ئوتریشە،خوسرەو، دەتوانن لیی بپرسن، پیم کوتن قاسملو مومکینە شەڕو پی بفرۆشێ ، قاسملو لە وانەیە، چوون خۆی بە حاکمی مەنتەقە دەزانی، ئیجازە نادا هیچ گروە و دەستەیەک لە مەنتەقەی کوردستان فەعالیەت بکەن. ئیدعای دێموکراسی دەکات بەلام موعتەقد بە دیموکراسی نییە، موعتەقد بە دیکتاتۆریە، قودرەتی موتلەقەیە لە مەنتەقەی، شەڕی کۆمەڵەی لە گەڵ قاسملو لە سەر ئەو قودەرەتە موتڵەقەیەیە، کە ڕێگا نادا بە کۆمەڵە لەوێ فەعالیەت بکات، دەلێ کۆمەڵە چەپە ئەفکاری چەپ دەبا، دەتوانێ فەعال بێ و دیهاقانان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. شعارەکانی زیبەندەیە، جوانە بۆ دیهقانان، کۆمەڵەش فەعالە، قاسملو ڕێگای نەدەدا. پێم کوتن ئێوە مەبادا ئەگەر قاسملو حەملەی پیکردن، شەڕی کرد چەند نەفەری لیکوشتن ئەنگۆ عەکسولعەمەل

نیشان بدەن. لیگەڕی دوو کەڕەت سێ کەڕەت، چوار کەڕەت حەملەتان پێبکات. خەڵک قەزاوەتێ بکات، پاشان حەقی دیفاع بە خۆتان بدەن. ئەو قسەی من بوو بۆ ئەو خوسرەوەی کە ئێستا لیرەیە.

**زەربەی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە جوڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات**

**برایم فەرشی** مامە غەنی دوای ئەو هەموو بەسەرهاتە، ئیستا کە تەماشا دەکەن، پێتان وانییە با تەوجوە بەو حەرەکەتە سیاسیەی کە کردوتانە، بە نێوی کۆنگرەی چوار، زەربەتێکی جیدیتان لە خەڵکی کورد داوە؟

**غەنی بلوریان** نا ئەمە هیچ عەقیدەمان ئەوە نییە، زەربەمان لە جونبشی کورد داوە، بۆچی؟ چوونکوو ئێمە کە جودا بووینەوە ، کادری سیاسی جودا بووینەوە، نە کادر نیزامی پیشمەرگە، وەختێکی ئێمە جودا بووینەوە لە حیزبی دێموکرات، پێشمەرگە لە گەڵ ئێمە نەهاتووە، پێشمەرگە لە گەڵ قاسملو بووە، **تازە بە کۆمکی قاسملو نیروی ئەرتەشی عێراق واریدی ئێران بووە، لە مەنتەقەی خوزستان بەخشێکی لێ داگیر کردووە،** ئەوە نیروی کۆمەک کوننەدەی عەمەلی بۆ قاسملوی بوو، کە هێزەکانی جمهوری ئیسلامی موتەوجهی شەڕ لەوێ بن، سەنگینی لە سەر شەڕی قاسملو لاچێ، ئێمە تەزعیفمان نەکردووە. ئەسڵەن ئەتۆ ئەگەر ئەو سوئالەی دەکرێ، کە ئایا ئێمە تەزعیفمان کردووە ، دەبێ ئاوا فکر بکەیەوە کە ئێمە ئەگەر دەگەڵ قاسملوی مابایەنەوە، جمهوری حەقی بە مە دەدا، ئەگەر ئێمە جودا نەبایەنەوە قاسملو ئەو حەقەی وەردەگرت؟ یا ئەو هێزە هێندە زەعیف ببوو، نە شتی وا نییە، ئەمن بەوەی ئەسڵەن ئیعتقادم نییە.

**برایم فەرشی** لە لحازی سیاسیەوە.

**غەنی بلوریان** بەڵێ لە لحازی سیاسییەوە، چ سیاسەتێکی قاسملو لە کوردستان تەئسیری هەبوو! لە کوردستان پایگای قاسملو لەق بوو، ئێمەش بۆ خەڵکی کورد موبارزەمان دەکرد.

ئێمە شوعارمان ئەوە نەبوو بچین تفەنگ هەڵگرین، لە گەڵ قاسملو شەڕ بکەین. <u>ئێمە لە لحازی سیاسیەوە مەحکوممان دەکرد، کە میللەتی مەی فرۆشتووە بە سەدامی.</u> <u>ئێستاش ئەمن لە سەر ئەوەی سوورم، کە عەمەلی قاسملوی، تەعەهودی قاسملو، بە سەدامی لە٧ مادەیەدا خیانەت بە جونبشی کورد بوو.</u> بە حیزبی دێموکرات بوو، <u>ئێستاش ئەوەی دەڵێم و تەئکیدی لە سەر دەکەمەوە، لە سەری ڕۆیشتووم لە سەری ئیستعفام داوە، ئەگەر ئەوە تەبرەئەیە مەلا مستەفاش کەس حەقی نییە باسی بکات، هیچ کەس حەقی نییە باسی مەلا مستەفا بکات.</u>

ئەگەر ئەو ڕەوشە مەحکوم نییە هیچ کەس حەقی نییە، ئەگەر کوردێکی دیکە کوردی تورکیە کە ئێستا حەرەکەتێ دەکات لە جمهوری ئیسلامی ئەسلەحەی وەرگرێ ، کۆمەک ورگرێ نابێ کەس ئەوەش مەحکوم بکات، بەڵام تەواوی ئەوانە لە نەزەر منەوە مەحکومن. **بەڵکە ئەوە معامەلەگەرییە، تیجارەت کردنە بە خوێنی میللەتی کورد، ئەمن لە گەڵ ئەوەی نیم.**

ئەمن لە گەڵ ئەو قسەی عەزیز محەمەدی موافقم لە موساحبەی لە گەڵ ڕۆژنامەی ئەکسەریەتدا کردویەتی. کوتویەتی کۆمەک وەرگرتن بە مەفهومی ئەوەی موتەعەهد بی، کارێکی خراپە نابێ ئەو کارە بکرێ، کۆمەک وەرگرتن لە گەڵ تەعەهود وەرگرتن فەرقی هەیە، ئەوە موساحبەی دەبیر کولی حیزبی کۆمۆنیستێکە، کە ئەمنیش ئیعتاقدەم ئەوەیە.

بەنابەر ئین ئەمن بە نەزەری من ئەوەی ئەسڵەن ڕەد دەکەمەوە، کە کاری ئێمە تەزعیفی حیزبی دێموکراتی کردووە. کاری ئێمە تەسادوفەن ئێمەی تەزعیف کردووە، نە قاسملوی تەزعیف کردووە، بەڵکو ئێمەی تەزعیف کرد. ئەوەی دەبێ بڵێین، ئەگەر ئێمە ئەوەمان نەکردبایە، لە حزبی دێموکرات بە عینوانی ئیعتراز هاتباینە خوارێ دانیشتباین، ئێمە ئەو دەمی تەقویەت دەبووین، لە داخلی پێشمەرگاندا، لە نێو ئەوێدا کارمان دەکرد و نیرومان دەگرت، نیرومان جەزب دەکرد، وەلی <u>ئیشتبامان کرد، جودا بووینەوە.</u> <u>ئیشتبامان کرد کە لە حیزب جودا بووینەوە،</u> بەڵام دروستمان عەمەل کرد کە لە ڕەهبەری هاتینە خوارێ، بەڵام دەبوو لە بەدەنەی دا بمێنێنەوە. لە حەقیەت خروجی مە لە حیزبی دێموکرات، سەبەبی تەزعیفی ئێمە بوو. نە تەزعیفی قاسملو، قەزییە بەرعەکس دەگەڕێتەوە.

**برایم فەرشی** مەبەست ئەوە بوو نە قاسملو بەڵکو، خەباتی کوردستان جوڵانەوی کوردستان، جونبشی کوردستان تەزعیف کردنی جونبشی کوردستان، نە لایەکی.

**غەنی بلوریان** جەنبشی کوردستان تەزعیف نەبووە، جەنبشی کوردستان فەقەت قاسملو نییە، جونبشی کوردستان کۆمەڵەش بوو، ئەویش بەخشێکە.

**برایم فەرشی** جونبشی خەڵکی کورد.

**غەنی بلوریان** ئاخە جونبشی خەڵکی کورد لە چ بارێکەوە تەزعیف دەبێ؟

**برایم فەرشی** لە باری سیاسیەوە...

**غەنی بلوریان** کامە سیاسی؟

**برایم فەرشی** لە باری نیزامیەوە...

**غەنی بلوریان** لە باری نیزامیەوە ئێمە پێشمەرگەمان هەبووە؟ئەمە پێشمەرگەمان هەبوو، پێشمەرگەمان لێکردەوە؟ پێشمەرگەمان لێنەکردۆتەوە، پێشمەرگەی سەننار، ساڵێک ، ٦مانگ پێش ئێمە ئیعلامی مەوزع بکەین، لێی ببووە، جودا بوو لێی، بەڵام بۆخۆی شەڕی نەدەکرد لە گەڵ جمهوری ئیسلامیش. مەوزعی گرتبوو، لەوێی دانابوو. ئەمن ئەوەم قەبوڵ نییە ئەسڵەن، تەزعیفی سیاسی نیزامی، ئێمە تەزعیفی نیزمای سیاسیمان کردووە.

**برایم فەرشی** ئەو ئینشعابە....

**غەنی بلوریان** ئینشعاب، هەر جێگایەکی دا بێ نادروستە، ئەوە دروستە، ئەو تیکەیە قەبوڵ دەکەم..
**برایم فەرشی** ئەو ئینشعابە..
**غەنی بلوریان** ئینشعاب، تەزعیفە، بەڵێ
**برایم فەرشی** ئەو ئینشعابە، لە سەرەوە هەتا خوارەوی گرتووە، یانی ڕەنگە پێشمەرگە لە گەڵ ئێوە نەهاتبێ، بەڵام پێشمەرگە وەختێ ئەو وەزعەی دیوە ئەسڵەن لە خودی پێشمەرگایەتی هاتۆتە دەرێ. جەماعەت وەختێ هاتوون حەرەکەتی سیاسیان لە گەڵ حیزبی دێموکرات بووە، وەختێ دیتوویانە بەو چەشنەیە ، لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات هاتوونەتە دەرێ. خەڵکی کورد دوێنێ وەختێک دەچوو بۆ مەسایلی یەک حزبی دێموکراتی واحدی هەبوو، کە ئێستا لە گەڵ دوو بەر تەرەفە، کە تەرفێ موبارزەی نیزامی لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دەکات، تەرەفێک موبارزەی نیزامی ناکات . ئەویش بەو شێوەیە کە باسی کرا، دەبیاتە پێشێ کە نەهایەتن " مونجەر بە تووانەوەی خودی کونگرەی چوار دەبێ"، ئەوە تەزعیفی جونبشی کوردستان بووە یان نەبووە؟
**غەنی بلوریان** نا بەوەی ئیعتقادم نییە، عەرزم کردی! تەزعیفی پێشمەرگە، ئێمە ئیعلامی مەوزعی ئێمە روحییەی پێشمەرگەی تەزعیف نەکردووە! بەڵکە ڕەوشی نادروستی خۆیان بووە، ئێستاش دەستە دەستە پێشمەرگە دەچن خۆیان تەسلیمی جمهوری ئیسلامی دەکەن. تەفسیری کۆنگرەی چوارە؟ کۆنگرەی چوار ئەسڵەن نەماوە، تەفسیری حیزبی توودەیە، تەفسیری ئەکسەریتە؟ تەفسیری کۆمەڵەیە؟ نەخێر ئەوەی کۆمەڵەش دەچێ خۆی تەسلیم دەکاتەوە، ئەوەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کادرەسیاسییەکانی حیزبی دێموکرات دەچن خۆیان معەرفی دەکەنەوە. کۆنگرەی چوار بوون نەخێر، ئەوە کۆنگرەی چوار نییە، ئەوە ڕەوشی قاسملوویە لە دەروونی حیزبی دێموکراتدا. ئینشعابی جەهەتی شۆرشگێر تەفسیری کۆنگرەی چوارە؟ نە تەفسیری ئیستبدادی قاسملویە! تەفسیری فەردگەرایی قاسملوویە! تەفسیری فەرد عەمەل کردنی قاسملویە، ئەو ئینشقاقە دەبێ. بەنابەرئین ئینشقاقەکان دەبێ لە خودی قاسملو و فەرهەنگێکی کە ئەو هەیبووە لە داخڵی حزبی دێموکراتدا، بەرڕەسی بکرێ. کە ئەو جەماعەتە جودا بوونەوە. ئەوە ئەگەر تەزعیف بێ ئەوە تەزعیفە، چوون پێشمەرگەشی هەیە، شەڕیش دەکەن لە گەڵ یەکتری موسەلەحانە، بەنابەرئین قاسملو ئێمە کە لێی جودا بووینەوە، پاش جودابوونەوەی ئێمە، ساڵهای ساڵ خۆی تەسلیم نەکردۆتەوە. ئێمە واریدین ، ئێمەش لە مەنتەقەدا بووین، ئێمە ئاگادارین مەتەلعین، پێشمەرگە ساڵێکیس پاش ئەوەی جودا بووینەوە، ئەسڵەن جودا نەبۆتەوە، کەس نەهاتووە خۆی تەسلیم کات، تەک و تووک ئەشخاسێکی کە بوریدە بوون، ئەشخاسێکی کە تەوانی نییە. لە موبارزاتی ئەحزابی دیکەشدا هەیە، لە زیندانیشدا هەیە، کەسێک تەوانی نییە ناتوانێ بیکێشێ. بەڵام ئەوەی کادر و پێشمەرگەیەک تەوانی نییە و نائومێد دەبێ ، چەند ساڵە شەڕ دەکرێ ، لەوەی بۆمبارانی شیمیایی دەکرێ، لە کوردستانی عێراقێ دەکرێ، بەڵام ئەو حیزبەی ئەوان بە پشتیوانی لە سەدام هەڵدەستن، دیسانەکە بە کۆمەکی سەدامی ئۆمێد دەبەستن، بە کۆمەکی سەدامی بۆ حەقی خۆیان موتەوجهی ئەو نوکاتانە دەبن کاکی خۆم. ڕوحیە لە دەست دەدەن، ئیعتبار و ئیمانی ئەو حیزبە لە بەین دەچێ، بەنا بەرئین کاری قاسملو لە دەروونی حیزبی، عەدەمی ڕوحییەی دێموکراتیک لە کۆنگرەکانی بەعدی بروزی کردووە. ئیختلافی دەروونی حیزب عومدە بۆتەوە، مورەتەب سەبەبی تەزعیفی دەروونی حیزبی دێموکرات بووە، سەبەبی تەزعیفی جونبشی کوردە، ئێمە بەو شێویە نەماندەتوانێ لە حیزبی دێموکراتیکی دابین، حەقمان نەبێ ئیزهاری نەزەر بکەین، حەقمان نەبێ بۆ خۆمان عەمەل بکەین، حەقمان نەبێ بڵێین ئەو کارە غەڵەتە. **ئێمە دەبێ تابعی ئەکسەریەتێک بین بۆ کوێمان دەبا بەرێ.** وەکوو ئەڵعان وایە کە من لە حیزبی توودەی ئێراندا جودا نەبمەوە، هاتنە دەرێ لە حیزبی توودەی ئێران تەزعیفە، ئایا تەزعیفە نەخێر تەزعیف نییە، بە نەزەری من هیچ تەزعیف نییە، چوون ناو حیزبی توودەی من تەزعیف بوو، تەزعیفی من بوو، دیسان دەڵێم هاتنە دەری من لە حیزبی توودەی ئێران تەقویەتە. بەنابەرئین ئەوە ناتوانێ لە هەموو جێگایەکی سادق بێ.[ئەو دەمەی ئەو قسانە دەکرا مامە غەنی ئەندامی هەیئەتی سیاسی حیزبی توودە بوو ،پاشان جیابووە]
**برایم فەرشی** ئەڵبەتە موقایسەی ئەو دووانە شایەد دروست نەبێ، پرسیارەکە ئاوا دیار بکەین کە، ئێوە وەختێ ئەڵعان دێن تەماشا دەکەن، ئەو سیاسەتەی کە ئینشعابی ئیجاد کردووە، یانی ئینشعاب بووە، ئەو سیاسەتەی کە کۆنگرەی چوار بردویەتە پێشی، سیاسەتێک نەبوو خزمەت بە جونبشی خەڵکی کورد بکات!
**غەنی بلوریان** کامە سیاسەتە ئەو سیاسەتە ؟
**برایم فەرشی** ئەو سیاسەتەی کە کۆنگرەی چوار بردویەتە پێشی.
**غەنی بلوریان** باشە عاملی ئەو سیاسەتە کێ بووە؟
**برایم فەرشی** ئێمە...
**غەنی بلوریان** عاملی ئەوسیاسەتە کێ بووە، کە عاملی جودابوونەوەی حیزبی دێموکرات بووە،ئایا عاملی وابەستەگی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە عێراق نەبووە، ئایا فرۆشتنی نیرووی میللەتی کورد نەبووە بۆ عێراقێ، ئەوە تەزعیفی جونبشی کورد نییە؟ عاقبەتەکەی ئەو لایە دروستە؟
**برایم فەرشی** لە سەر ئەوە قسە دەکەین مام غەنی، لە سەر ئەوە کە دەڵێین، ئەم سیاسەتەی ئەڵعان بۆخۆتان باستان کرد.
**غەنی بلوریان** من لە مەجموعدا دەڵێم، ئینشعاب لە هەر جێگایەکی بێ عەمەلێکی خراپ و نادروستە.
**برایم فەرشی** وانییە، ئەڵعان، بۆ خۆتان...

**غەنی بلوریان**      نانا ئینشعاب، ئینشعاب لە حیزبێکی کە دارایی فەرهەنگ و سیستم و ئوسولی یەتێک بێ غەڵەتە. ئینشعاب نابێ بکرێ، ئەگەر ڕێگات بدەن مبارزەی دەروون حیزبی بکەی، ڕێگات بدەن قسەی خۆت مەترەح بکەی، وەلی وەختێکی کە ڕێگا نادەن، وەختێکی بۆ خۆی دەیەوێ ئەکسەریەت ئەوەی دەکات، وەکوو لینین دەڵێ ، دەڵێ ئاغا ئەمن تابعی پرنسیپم وەختێکی ڕەهبەری دەبینم ئەوەی کە ئەمن دەڵێم خلافی مەسڵەحەتی حیزب عەمەل دەکات وەلی ڕەهبەری دەیکات ئەمن بەر عەلیەی ڕەهبەری شورش دەکەم ، بە خەڵک مراجعە دەکەم، دێمە دەرێ لەو جەریانە، قەبوڵم نییە ئەو ئەکسەریەتە، بەنابەرئین ئێمە لە داخڵی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا مەجبور بووین بە عینوانی نۆکەری بەعس عەمەل بکەین، ئەگەر دە ڕەهبەریدا بووباین. ئێمە نەماندەویست ئەو کارە بکەین، **ئێمە بە قیمەتی ئینشعابەکەی ئەگەر تەزعیف بووبێ ئێمەوە ئەوەمان کڕیوە بە گیان، ئێستا ئەمن دەڵێم قەبوڵی دەکەم، ئەگەر هاتنە دەری ئێمە باعسی تەزعیف حیزبی دێموکرات بووە ئەمن ئەوەی قەبوڵ دەکەم.**

**برایم فەرشی**      مامە غەنی

**غەنی بلوریان**      بەڵێ، بەڵام ئەوە بە قیمەتی ئەوەیە، کە ئەمن شەریکی تەواوی ئەو خوێنانەی کە ڕژاوە ، شەریکی معامەلەی کورد بە سەدامی نیم، ئەوە دوو پوانم هەیە. یەک ئەو پوانەم هەیە و یەک ئەوە. شەریکی ئەوەی نیم. کەسێک دێ ئینتقادم لێدەکات دەڵێ کاکە ئەتۆ هاتییە دەرێ، ئەمنیش ئەو سوئالەی دەکەم، ئایا ئەمن هاتمە دەرێ تەزعیف بوو، ئایا معاملەگەری لە گەڵ سەدامی پەیوەستەن بە سەدامی، بە خاتری مەسالحی سەدامی، عەمەل کردن، ئەوە تەزعیفی میللەتی کورد نییە؟

**برایم فەرشی**      کەس تەئیدی ئەو شتە ناکا مامە غەنی، یەک پرسیار.

**غەنی بلوریان**      باشە ئەوە ڕێک کەوتین

**برایم فەرشی**      کەس تەئییدی ئەوە ناکات

**غەنی بلوریان**      باشە، ئیدی خەلاس

**برایم فەرشی**      کەسیش دیفاعی لەوە نەکردوە

**غەنی بلوریان**      ئێمەش دەڵێین

**برایم فەرشی**      هیچ هێزێکی سیاسی لە ئێران دیفاع لەو خەتەی حیزبی دێموکرات ناکات

**غەنی بلوریان**      باشە ئێمەش دەڵێین، پەس ئەگەر وابێ، چوون ئەمە ئەوەمان دیوە، ئەو خەیانەتەمان دیوە، ئەو زەعفەمان نیشان داوە کە ئەو تەزعیفەی بکەین، بە قیمەتی ئەوەی دەو خەیانەتەی نەکەوین، **تەزعیفەکەمان قەبوڵە خەیانەتەکەمان قەبوڵ نییە. قوبولمە.**

**پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات چ خزمەتێکیان بە جوڵانەوەی کوردستان کرد؟**

**برایم فەرشی**      پەیرەوانی کۆنگرەی چوار چ خزمەتێکیان بە جونبشی کوردستان کرد؟

**غەنی بلوریان،** حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەجموعدا چ خزمەتێکیان بە خەڵکی کوردستان کرد؟

**برایم فەرشی**      باشە ئەوە پرسیارێکی دیکەیە، کە لە جێگای خۆی دەبێ جوابی بدرێتەوە.

**غەنی بلوریان**      وەڵا ئێمە لە دەستمان نەهاتووە، ئێمە فەقەت ئەوەندەمان لە دەست هاتووە هاواری خۆمان کردووە، هاوارەکەشمان بە هیچ کوێ نەگەیشتووە. **ناتوانین ئیدعا بکەین خدمەتێکمان کردووە، بە میللەتی کورد نا ئەمن هەم چین ئیدعاییەکی ناکەم** و **ئەوەش ئیدعا ناکەم حیزبی دێموکرات توانیوە خزمەت بە میللەتی کورد بکات. ئەوەش ناکەم چوون خدمەتێکم نەدیوە.** بە غەیرە ئەز خوێن و خوێنڕێژی چی دیکەم نەدیوە. خاڵێک پوانێک، ئەمما لە مەجموعدا بێنین بەرڕەسی بکەین، بلێین چی، بە قیمەتی ئەو هەموو خوێنانە، بە قیمەتی ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی، هەر ئەوەیە کە سروە مونتەشر بووە ! ئەو ئیمتیازە کە قاسملو و ئەوان دەیانگوت ئەگەر سروە مونتەشر دەبێ نەتیجەی موبارزەی پێشمەرگەیە، ئایا ئەوە ڕاستە؟ یا ئینکە جەمهوری ئیسلامی، دەیەوەێ لە تەریقی مەتبوعاتی کوردی و سروەیی خۆی مەترەح بکات، بە زبانی کوردی، سەری تۆ ببرێ؟ دوینێ بە زبانی فارسی دەیبڕی، ئەمرۆ بە زمانی کوردی، دەیبڕێ. بەڵام یەک باری موسبەتیشی هەیە ئەوە، هەموو شتێک باری موسبەت و مەنفی هەیە، بەنابەرئین ئەو تەبلیغاتەی کە جەمهوری ئیسلامی، بە کوردی دەیکات بە نەفعی خۆیەتی ئەوەش کە کورد زمانی خۆی فێر دەبێ باری موسبەتێتی. یانی شت دوو سەری هەیە. ئێمەش دوو سەری هەبووە بارێکی مەنفی هەبوو کە جودا بووینەوە، لەو جونبشەی جودا بووینە تەزعیف بووە، ئەمما باری موسبەتی هەیە کە ئێمە شەریکی ئەو فرۆشتن و معاملەگەرییەی خەڵکی کورد نەبووین، ئەو دوو شتەمان هەیە، حەقێکمان بلاخرە دەبێ بدەنێ، ئیقرار دەکەین کە ئەوە ئیشتباه ئەوەشمان حەقە.

که ئەمە ناتوانین خۆمان بفرۆشین، ئەمن ناتوانم خۆم بفرۆشم، ئەمن نامەوێ خۆم بە ئیتحادی شورەوی بفرۆشم، چۆن خۆم بە سەدامی بفرۆشم، نایکەم ئاخر.

ئەلعان ئەمن هاتوومەتە سەر ئەو خاڵەی کە حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبێکی موستەقل بێ، حیزبێک بێ نابێ وابەستە بێ بە کەس، وابەستەگی خیانەتە. هەر کەس دەبێ ببێ. هەر کەس و هەر جەهەتێک هەر مەرامێک، هەر دەوڵەتێک هەر حیزبێک وابەستەگی خیانەت هەتا ئێستا ئەگەر بووە خیانەتە. چ ئێمە کردوومانە، وابەستە بووین چ ئەوان کردوویانە وابەستە بوون خەیانەتە، بەنابەرئین با ڕابوەستین بچین میللەتی کورد تەبلیغی بکەین، فەرهەنگێکی بدینێ کە لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ، بە ئیستقلالی خۆی ئیحترام دابنێ، و بە ئەفرادی

کۆمۆنیست یا موتەرەقی، پێشرەو، حاڵی بکەین کە کاکەگیان لە سەر پێی خۆت ڕابوەستە، ئێمە وابەستەگی زەرەرمان لێدیوە، ببە موستەقل.

**برایم فەرشی** مام غەنی، یەکێک لە سەردەمدارانی پەیرەوانی کۆنگرەی چوار کە جزووی ئەو دوو نەفەرە بوو کە پلاتفۆرمی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری نووسی، **فاروقی کەیخوسرەوی** بوو، کە دوایە بە دەستی حیزبی دێموکرات قاسملو و ئەوان گیرا، دوای ئەوەی کە لە زیندان هاتە دەرێ لە گەڵ جمهوری ئیسلامی کەوت، لە سەر ئەوە ئێوە دەڵێن چی؟ چۆنا و چۆن بوو ئەو جەریانە؟

**غەنی بلوریان** وەڵاهی عەرزت کەم ئەو کابرایە، بە دەستی قاسملو و ئەوان گیرا و لە زیندان کرا، لە زیندان مقابلی ئەوانە موقاوەمەتی کردو تەسلیمی نەزەراتی ئەوان نەبوو. پاش ئەوەی تەسلیمی نەزارەتی ئەوانە نەبوو، تەسلیمی جمهوری ئیسلامیان کردەوە، لە پاسگایەکی مەرزی، چەند نەفەر پێشمەرگەیان لە گەڵ ناردن. هەر فاروق کەیحوسرەوی نەبوو چەند نەفەرێک بوون، ئەو کابرایەیان تەحویل داوە. لە بەر پێشمەرگەکان پارابوونەوە کە کاکە گیان ئێوە بۆ خۆتان ئێمە بکوژن تەحویلی جمهوری ئیسلامیمان مەدەن، ئەو قسەیە یەکێک لە قسەکانی فاروقی کەیخوسرەویە، پێشمەرگە پەشیمان بوونەوە، گەڕاندویانەتەوە، دەفعەی ئەوەڵ. کە گەڕاندویانە بردویانەوە، قاسملو و ئەوانە دەستوریان بە عیدەیەک پێشمەرگەی دیکە داوە ، پییان کوتوون بچن تەحویلی پاسگایان بدەن، ئەگەر نەچوون بۆ لای پاسگایە بە تفەنگی لێیان دان بیانکوژن. دەستەی دووهەم پێشمەرگە هێناویانن بەر پاسگایە پێیان کووتون نەچنە ناو پاسگا دەستورمان هەیە، لێتان دەدەین دەتانکوژین. <u>وەختێکی چوونە ئەوێ، فاروقی کەیخوسرەوی مەسایلێکی هەیە کە من نامەوێ لێرە باسی بکەم</u>، کە چی کردووە لە گەڵ جمهوری ئیسلامی. چ پەروەندە و سەوابقێکی هەیە، نامەوێ بەحسی ئەوەی بکەم، ڕووو بکرێت شایەد وەزعی باش نەبێ. بەنا بەرئین بەحسی ئەوەی نەکەم باشە. بەڵام فاروق کەیخوسرەوی وەختێک تەحویلی دەدەن، بەو گوزەشتە کە هەیەتی، مەلا بیەکەی سەقزی دەبێتە پارتی کە تەلاشێ بکات ئازادی بکەن، بلاخرە قەولی لێدەستێنن کە کار بکات لە گەڵیان. ئەوە زەعفێکە، و ئەو زەعفە نەتەنیا فارق کەیخوسرەوی ، بە هەزران زیندانی سیاسی لە دەها گرووە ئەو زەعفەیان نیشان داوە. بلاخرە زەعفە گیانە شیرینە نەیتوانیوە، شاید بیکوتبا نەیکەم بیانکوشتبا، ئەو دەمی ئەگەر بیانکوشتبا، فاروقی کەیخوسرەویان کوشتبایە، ئەڵحان قاسملو زۆر بەدهکار بوو، بە کۆنگرەی چوار. زۆر بەدهکار بوو بە خانەوادەی فاروقی کەیخوسرەوی. بەلام فاروقی کەیخوسرەوی زەعفی نیشان داوە و بە عینوانی زەعفیش حیساب دەکرێ. ئەلعان دەیەوێ بە قیمەتی ئەو زەعفەی نەشریاتی دانێ، ئۆمێدوارم هەر ئەوە بێ، هەر ئەو نەشریاتە بێ کە بە زمانی کوردی دەینووسی و کارێکی دیکە نەکات. دیارە ئەگەر کارێکی دیکەی لێ سەر هەڵبدا و بزانین دیارە مەحکومی دەکەین، بەڵام ئێستا کارێکمان لێ نەدیوە. مونتەها ئینسان دوچاری تەردیدیش هەیە، لە گەڵ ئینسانی ئاوا ناتوانێ تەماس بگرێ. چوونکوو وەزعی ئاوا شەرایتی ئاوا، کە ئینسانێک تێیدەکەوێ هەر چەند باشیش بێ، جێگای متمانە نیە. گەرچی مومکینە زۆر زۆر پاکیش بێ. مامۆستا هێمنیش ئەو کارەی کرد لە گەڵ سروە. بەڵام ئەمە لە گەڵ مامۆستا هێمن تەماسمان هەیە. ئینسانەکان فەرق دەکەن. **ڕەحمەتی شەریعەتی** ئینسانێک بوو ئەئاوا برا، کوتی ئاغا نایکەم، خوداحافز ماچی دەکەم . بەڵام هەتا پای داریش چوو، وەک مەردێکی وەک کوردێکی ڕاوەستا. نەچووە باری حەتتا سەر ڕادۆش، بەشەر فەرق دەکات. فاروق کەیخوسرەوی چوو بۆ ئەو لایەو ڕەحمەت چوو بۆ ئەو لایە. بەڵام وەختێکی بردیانە زیندان عەفوەکەیان بۆ خۆیان شکاند، چووە زیندان و سێ ساڵ پاشان لە گەڵ جەمعیک ئازاد بوو، هاتە درێ، سێ ساڵی کێشا، کابرای ئیعدامی سێ ساڵ زیندانی کێشا، دیارە شێخ عوسمانیش کۆمەکی بوو، بۆخۆشی شیرکەتی دەکرد لە مەراسم و نووسین و جێژن و فلان و ئەوانە، بەڵام زەعفە. بە عینوانی زەعفی دەزانین، بەڵام فاکتی دیکەم لە سەری نییە. لە سەر مەسەلەی دیکە.

### هەڵوەشانەوەی پەیرەوانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات و توانەوە لە حیزبی توودەدا

**برایم فەرشی** مامە غەنی دوای زەربە بە حیزبی توودە، ئێوە هێزەکانتان بردە شاخی، چەند ساڵ لە شاخی مانەوە، لەوێوە واریدی حیزبی توودە بوون و چوونە هەیئەتی سیاسییەکەیەوە، ئەو ڕەواندە چۆناوچۆن بوو؟

**غەنی بلوریان** وەڵاهی ئەو ڕەوندە، بەو جورە بوو ئێمە وەختێک چووینە شاخی، تێعدادێکی زۆر بوو، ئەکسەریت و حیزبی توودە و پەیرەوانی کۆنگرەی چوار شاید ٤٠٠ کەسێک بووبێ. ئەمن بە نییەتی ئەوەی کە، جەلەسەیەکمان گرت، بە نییەتی ئەوەی نەهاتم کە لە ئوروپا ، بە نییەتی ئەوەش نەهاتبووم ببم بە حیزبی توودە. نییەتەکە ڕۆژی ئەوەڵ ئەوە نەبوو، ئەو مەسەلە ئەسڵەن بۆ من مەترەح نەبوو، نییەتی ئەوەش نەبوو کە ئیدغام بکرێ، بەو نییەتە هاتمە دەرێ، کە ئەمن حیزبی توودە کە لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لە گەڵ دەوڵەتی یەمەنی جنووبی ئیرتباتی هەیە لە تەجروبەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەو دەم قاسملو و ئەوان لە عێراقێ بوون لە تەجروبەی ئەوان ئیستفادە بکەم وەکوو سەید **ڕەسوڵی بابی گەورە و مەلا حەسەنی شێوەسەڵی** و ئەوانەیان ناردبوو بۆ یەمەنی جنووبی تەعلیماتی نیزامیان دیبوو، ئەوەم لە زیهنی دابوو، نەقشی ئەوانەم لە نێو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا دیبوو، کە ئەوانە چە نەقشێکیان لە حیزبی دێموکراتدا بازی کرد، مەخسوسەن سەید ڕەسوڵ بابی گەورە. چەندیان تەعلیماتی نیزامی دا بە پێشمەرگە و تەواوی ئەوانەی ئارپیجی فێربوون. زیبیدی هەوایی فێربوون، ئینفجارات فێربوون. سەید ڕەسوڵ نەقشێکی گەورەی لە حیزبدا هەبوو، زەعفیشی هەبوو، ئیرتباتی لە گەڵ عێراق هەبوو، وابەستەگی لە گەڵ عێراق هەبوو. **لە گەڵ موخابراتی عێراق و سازمانی ئەمنیەتی عیراق ئیرتباتی هەبوو.** ئەوانەشەی هەبوو. و **زۆر ئەفرادی دیکە لە حیزبی دێموکراتدا نەقشیان**

**هەبووە لە گەڵ موخابرات ، وابەستە بوون ئێستاش لە رەهبەریاندا هەیە، کە وابەستەن،** موشەخەسەن ئەمە دەزانین چ کەسانێکن. بەڵام ئێمە لە سەر ئەو فیکرە، بتوانین ئەو جەماعەتە نەک پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، کولی ئەو جەماعەتە بە عینوانی کادری میللەتی کوردمان بە حیساب دەهێنا، ئەوە ئەکسەریت بوو، ئەوە حیزبی توودەیە و ئەوە کۆنگرەی چوارە مەترەح نەبوو. بە عینوانی ئینسانهای کورد کە تێگەیشتوون، ئەگەر ئەوانە لە گەردوونە خارج بن. میللەتی کورد زەرەرر دەکات، ئەگەر ئەمە بتوانین ئەوانە دەستیان بگەیێنینە وڵاتێکی کە بتوانن تەعلیم ببینن، و حیفز بن، بۆ مە ئەرزشی هەیە. یەک ئەوە یەکیش ئەوە مەشوەرەت بکەین، کە بلاخرە ئێمە لە گەڵ حیزبی توودە پەیوەندمان هەبوو، بەوەسیلەی حیزبی توودە، دەستمان بگاتە جێگایەکی دیکە، جەریاناتێکی دیکە بتوانین، خۆمان مەترەح کەین، وەک کۆنگرەی چوار دەتوانی چ حەرەکەتێکی بکەی. کێ کۆمەک و یاریدەمان دەدا بتوانین شتێکی بکەین، ئێمە ناتوانین لە عێراق و ئیران و تورکیەی ورگرین. ئێمە چاومان لە هاوفکرانی خۆمان لە سەتحی جیهان بوو. چ لە داخڵ و چ لە خارج. بچین ئەوە مەترەح کەین بزانین چێمان پێدەکرێ، موتەسفانە، موتەئەسفانە ئەوەی کە ئەمە لە شاخی فیکرمان دەکردەوە، ئەوەی کە ئەمە لە گوزەشتەدا فکرمان دەکردەوە، ئەوەی ئەمە لە سەر ئەحزابی برادەر حیسابمان دەکرد.ئەو شتانە باس ناکەین چوون چووینە شاخی...

**برایم فەرشی** حەرەکەتە سیاسییەکەتان

**غەنی بلوریان** حەرەکەتی سیاسی نەبوو هەستاین چووینە شاخی. هەستاین چووین بۆ دمیشق، لەوێ ڕا چووین بۆ ئوروپا. لە یەکێک لە وڵاتانی سوسیالیستی دەگەڵ خاوەری کە مەسئولی برون مەرزی حیزبی توودە بوو، تەماسمان گرت. چووین ئەو مەسەلەمان لە گەڵ مەترەح کرد، کە ٤٠٠ نەفەر ئینسان لەو کێوەی هەیە، هەموو کادری کوردن، ئینسانی باشن، ئینسانی شەریفن، بۆ دواڕۆژی جونبشی کارگەری ئێرانیش، و بۆ خەڵکی کوردیش ئەرزشیان هەیە، پێشنهادی ئێمە ئەوەیە، کە حیزبی توودە کۆمەک بکات، کە دەوڵەتی یەمەنی جنووبی، ئەمن ناناسێ مومکینە بە ئیسم بمناسن، بەڵام پرنسیب فەرق دەکات. کاشکی کاشکی ئێمە ئەوەمان لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ئەوەمان مەترەح کردبایە، بەڵام چوون ئێرانی بووین لە داوی حیزبی توودە کەوتین. کاش ئەو دەم ئەو مەسەلەیەم لە گەڵ عەزیز محەمەد باس دەکرد، بەڵام پیاو وەختێکی ئەو شناختەی نەبوو، شناخت مەسەلەیەکی موهیمە وەختێک شناختت نییە ئیشتبا دەکەی. ئیشتبای ئێمە بەر ئەسەری شناختی نادروستی ئێمە بوو. کوتم ئەو هێزە ئەم بە شوێنێکیدا هاتووم، هێزێک ئەمنی هێناوە، بە جێگایەکیدا هاتووم، بە شوێنێکی دا هاتووم، بە ٢٠ ڕۆژان، بە سڵامەت گەیشتووم. ئێستا دەبێ ٥،٥ و دە دە لەو شوێنە ڕەدکەین واریدی سورییەیان بکەین. لەوێرا بە عینوانی پێشمەرگەی حیزبی کۆمۆنیست یان پێشمەرگەی فلستین بیانهێنینە یەمنی جنووبی. با ئەوانە مونتەقل بن بە وێ، لەوێ ئەو هێزە بمێنێتەوە. هەم تەعلیماتی نیزامی دەبێنێ، ئەمن بۆخۆم دەچم لە تەنیشتیان دادەنیشم، سەرپەرەستیان دەکەم، واداریان دەکەم بخوینن و بنووسن، کار بکەن، پەروەردە بن بۆ دوارۆژی ئەو میللەتەی زۆر زۆر ئەهمیەتی هەیە. بۆ جونبشی کۆمۆنیستی ئێرانیش ئەرزشی هەیە.خاوەری کوتی فکرێکی فوقلعادە بکرە و ئەمن یەکێک لە کارەکانم ئەوەیە ئەو کارە بکەم پێش پلۆنۆمی ١٨. جارێ فێعلەن برون مەرزین، لە موردی سەرنویشتی خۆماندا مەشوەرتمان لە گەڵ کرد کە چ بکەین. کۆنگرەی چوارەم چ بکات؟ لەو شاخەی ماوینەوە، ئیشتبامان کرد، کۆنگرەی چوارمان تەشکیل دا، بەڵام ئێستا چی بکەین؟ ئەگەر ئەوانە بێنە یەمەنی جنووبی، ئەگەر ئێمە نەزەرمان ئەوەیە موسەلەح بین لە کوردستان، بەرنامەیەکی دیکەی دەوێ، ئیمکاناتی دەوێ، بەنابەرئین ئێمە ناتوانین لە جەهاتی دەوروبەر ناتوانین ئەسلەحە وەرگرین، ئەگەر ئەو کارە بکەین دەبینە هەمان کە خۆمان ئینتقادیان لێ دەکەین. کوتی "حرف این را نزن، اینکە ما اینهارا مصلح کنیم" دیارە حیزبی توودە هیچ وەخت لە فکری پەروردەکردنی ئەفرادی موسەلەحدا نییە. هیچ وەخت لە فکری کادری ئیزامیدا نییە. چوون کاری ئەوە نییە. ئەسڵەن روحیەی ئەوەی نەبوو، لە تاریخدا سابتی کردووە. ئەمە دیتمان چی بکەین، مودەتها لێی گوزرا و چەندین بار لێی تیکرار کراوە بەڵام نەیکرد، نەیکرد، ئیقدامی نەکرد. هەتا جەنگی کوردەکانی تورکیا لە گەڵ تورکیە دەستی پێکرد. کە دەستی پێکرد کاک حەمەدەمین و نەویدیش نەیانتوانی بگەڕێنەوە، چوون ئێمە ئەوانەمان ناردەوە، ئەوانە مودەتێک مەحتەل و سەرگەردان مانەوە، بۆ ئەو تەسمیم گیرییەی کە چ دەکات ئەو کابرایە. بلاخرە ئەوانەمان ناردەوە. ناردمانەوە ڕوفەقا کوتیان لە سوریە ڕێگا نییە، ڕێگا بەستراوە ئێمەش ناتوانین هات و چۆ بکەین. هەم ئەو لامان چوو هەم ئەم لامان چوو. نەتیجە چ بکەین سەرگەردان ماینەوە لەو حەوایە. ئەو عالەمەش لەو شاخە سەرگەردانن، کۆمەکێک ئیمکاناتێک، هیچ. پاشان پلۆنۆمی ١٨ تەشکیل بوو ئەوانە لە ئێمەیان داوا کرد، ئێوە کە ئێستا لێرەن و ماونەتەوە بە عینوانی کۆنگرەی چوار مەسئەلەیەکن سەدێکن لە ڕێگای نزیکبوونەوە، ئێمە لە گەڵ حیزبی دێموکرات و قاسملو ، بۆ رەفعی ئەو موشکلە ئێمە پێشنهاد دەکەین ئێوە وەرنە ناو حیزبی توودە. ئێمە کوتمان ئیمکانی تەفاهومتان لە گەڵ حیزبی دێموکرات هەیە، کوتی ئیمکانی تەفاهوممان زۆرە، کوتم ئەگەر ئیمکانی تەفاهوم زۆرە ئێمە بۆ جوبرانی ئەو ئیشتباهاتی خۆمان، دەتوانین بێن لە نێو حیزبی توودەدا بین. و حەتتا ئەگەر تەفاهوم بکرێ ئێمە بچینەوە نێو حیزبی دێموکرات، بۆ ئێمە مەسەلەیەک نییە، ئیعتراف بە ئیشتباهاتی خۆمان دەچینەوە، هیچ ئیشکالی نییە. کوتی"آفرین روحیە عالیە" ئێمە قوبوڵمان کردو هاتین تێکەڵاوی ئەو جەریانەی خۆمان کرد. دیارە ئەوان ئیقدامیان کرد لە گەڵ قاسملو، بەڵام شوجاعەتی ئەوەیان نەبوو کە ئەو ٩مادەیە ڕەد بکەنەوە. دیارە باوەڕیان بە قاسملو نەدەکرد. دیارە فکریان دەکردەوە کە قاسملو دەیەوێ، شادوئیمانیان پێ بینێ لە پێشدا، ئەوە کە لە ڕۆژنامەی مردم دا کە تەکزیب بکەنەوە، پاشان لێیان لە هەرا دەن. چوونکوو ئەوانیش قاسملویان دەناسی، قاسملوش ئەوانی دەناسی. چوون قاسملو کە هاتە ئێرە بە منی کوت ئەتۆ لە گەڵ ئەوانەت پێناکرێ، ئەمن دەیاناسم ئەمن لە گەڵیان بووم، وەرە بچینەوە کن مە، هەرچی تۆ دەڵێی وا دەکەین، ئەوەش ڕەفیق عەزیز محەمەد بانگی دەکەین، دەینووسین

هەرکمان لە سەر دەستی عەزیز مەحەمەد ، هەرچی تۆ دەڵێی وادەکەین. کوتم بە ئیمزاو سەند کار ناکەم قاسملو، ئەتۆ چاک دەناسم ئەتۆ هیچ وەخت لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەرچی ئەمن کوتوم نەتگوتوە نا، وەلی هەمیشە چووی لە بنەوە خراپت کردووە. بەرعەکسی ئەوەت کردووە کە تەسویبمان کردووە. نمونەی سپای ڕزگاریم بۆ هێناوە ، کوتم مەگەر لە جەلەسەی هەیئیەتی سیاسیدا تەسویب نەکرا کە سپای ڕزگاری خەڵع سیلاح بکرێ، ئەتۆ لەو لا فەتاحی خولەست لە پیرانشار کە موریدی خاندانی تەوێلی بوو لەوێرا ناردت لە گەڵ **مەداحی نەقشبەندی** ئیڕتباتت گرت لەولایەش تەلەفونی بە مەلا محەمەدی جەوانرودیت کوت لێیانگەڕێ، ئاخە تۆ موسەوباتی هەیئەت سیاسیت ژێر پی نا، بە هەزاران شتی وات هەبوو قاسملو، دەگەڵ عیراق قەرار بوو ئیڕتبات نەگری، گرتت. کوتی ئەلعان من نیروەکانی خۆم کشاندۆتە دوواه لە گەڵ جەلال تاڵەبانی، لە لای جەلال تاڵەبانیم داناوە. لەوێ خەریکە هەموو رۆژێکیش **جەلال تاڵەبانی** دەعوەت دەکەین، لە کن مەیە، ئەوە پێشبینیم کردوە خۆم نەجات دەم. کوتم برۆ لە عەمەلدا نیشانی بدە کە ئەو کارەی دەکەی، دە عەمەلدا نیشانی بدە کە ئیستقلالت هەیە. ناڵێم دوژمنایەتی لە گەڵ عیراق بکە، ئەمن ئینسانێکی سیاسیم موخالفی دوژمنی کردن لە گەڵ هەر کەسم، کە ئێستا ئێوە لە حەرەکەتدان. بەڵام خۆت لە ژێر تەعەهود بێنە دەرێ، یەک . دوو لە گەڵ بارزانیەکان ئاشت بەوە.

زۆرت لیکوشتن قاسملو، پێشمەرگەی بارزانی، دە شەڕی دەگەڵ سەدامی دا، بە بریندار ی ۵۰،٦۰ بە کەلاکی کامیۆن. دەیانهێنانەوە ، پێشوو پێدەگرتن دەتانکوشتن، بە برینداری لە ماشێنەکاندا تفەنگەکانتان دەبرد، خانەوادەی بارزانیەکانتان بۆ خۆم نازر و شاهد بوو، چواردانە لەندەرور بۆمبوو بۆ دانانەوە هەر چوار مونفەجر کردن، ژن و منداڵ و پیاویان تێدا نەبوو. ئەو کارەت کردووە، ئەوە بەر ئەساسی ئەو حەوت مادەیە بوو کە مادەی یەکیان، مبارزە عەلەیی ئەوانە بوو، برۆ لە گەڵ بارزانیەکان ئاشت بەوە. چوون ئەمن لە گەڵ بارزانیەکان نێوانم خۆشە، زۆر دۆست و سەمیمیم، دەتوانم کۆمەکیشت پێ بکەم لەو ڕابیتەیەدا، کوتی ئێستا لە گەڵ ئەوانە ئیختلافم نییە، ئاتەش بەسی غەیر مودەوەنمان هەیە، پیشمەرگەمان بە کن یەکتردا دێن دەڕوون، کاریان بە یەکتری نییە. کوتم ئەوە کافی نییە دەبێ دۆست بی. چوون بۆ دواڕۆژێ پشتی تۆن. ئەگەر ڕاست دەکەی دەیەوێ لە سەدامی جۆێ ببیەوە. بە جەلال تاڵەبانی مولحەق بووی. ئەوانیش نیروون، نیرویان قەویترە لە بارزانیەکان، دەتوانن کۆمەکی تۆ بن، کوتی من بۆ ئەوە حەول دەدەم، کوتم برۆ تۆ حەول بە، حەرەکاتەکەت بکە، ئەگەر ئەمن بۆم ئیسبات بوو ئەتۆ موستەقلی واقعەن، فەقەت دۆستی عێراقی ئیستقلالت هەیە، ئەمن زۆر بە ڕاحەتی دێمەوە کنت، هیچ ئیمزاشی ناوێ، بەڵام باوەڕت پێناکەم، برۆ ببینی لە جەریانی عەمەلدا.